تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

مراد حەکیم محەمەد

٣٤٠٠

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عیراق لەسەردەمی بەعس دا



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

مراد حەکیم محەمەد

ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەعیراق لەسەردەمی بەعس دا

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
سلیمانی ٢٠٠٤

- مراد حەکیم محەمەد.
- ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی راگواستنی کورد لەعیراق لەسەردەمی بەعس دا.
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان.
- سلێمانی ٢٠٠٤.
- تیراژ: ٢٠٠٠ دانە.
- ژمارەی سپاردن: (٤٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٤.
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی سەنتەر: ٧/٢٥/٤.

پێشـــەکی

هەڵبژاردنی هەر بابەتێك بـۆ نووسـین، وێـڕای چـەند هۆکـارێکی بابەتی زۆرجار پێویسـت دەکـات پەیوەندیـەك لـە نێـوان بابەتەکـە و نووسەرەکەدا هەبێت. کەم وا ڕێدەکەوێ تۆژەر بابەتێك هەڵبژێرێت بـۆ تۆژینەوە، هیچ پەیوەندیەکی بەخۆیەوە نەبێت. ئـەو بابەتـەی ئێمـەش (ڕاگواستن) هەڵمانبژاردووە، لەم ڕێسایە بەدەر نییە. ڕاگواستن بابەتێك نییە تەنیا لەبەر ئەوە هەڵمانبژاردبێت کە زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان بایەخ بە بابەتـەکانی کـۆچ و ڕاگواسـتن دەدەن، یـاخود کـۆچ ئـەمڕۆ باسێکی گەرمی نێوەنـدە تۆژینـەوەیی و زانسـتیەکانە لـە جیـهاندا، هەروەها تەنیا لەبەرئەوەش نییە کە ڕاگواستن ستەمێکی دیکەیـە لـە کورد کراوە، هەروەکو هۆیەکـە تـەنیا ئـەوەش نییـە تـا لـە ڕێگـەی ڕاگواستنەوە زێتر ستراکتوور و پێکهاتەی بەعس بناسین و سـتەمەکانی بەرجەستە بکەین. جگە لەم هۆکارانەی لەسەرەوە ریزکران، ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی لە ئـەنجامی ڕاگواسـتنی سـەرتاپاگیر و درێژخایـەنی کوردەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا دروسـت بـوو هۆکـارێکی دیکـەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو. سەرباری ئەو هۆکارە بابەتیانەی لەسـەرەوە ناویان هات، هۆکاری زاتیش ڕۆڵێکی بـەرچاوی لـەم نێـوەدا هـەبوو- ئەویش کورت دەبێتەوە لەو پەیوەندییـەی تـۆژەر لەگـەڵ ڕاگواسـتندا هەیەتی. تۆژەر تەمەنی تەنیا سێ سـاڵان بـوو کـاتێك لـە لادێیـەکی (ستۆپێ) سەر سنووری نێوان تورکیا ـ عێراق ڕاگوێزرا، جگە لە وردە بیرەوەریەکی زۆر کەمی ژیانی گوند تا تەمەنی بە ١٦ ساڵان گەیشـت

نەیتوانی زێدەکەی ببینێتەوە ـ ئەو شوێنەی دایـك و بـاوکی ١٣ سـاڵ بەحەسـرەتەوە چاوەڕێیـان کـرد تـاکو دووبـارە رەز و بـاغ و کانیـاو و کێوەکانیان ببیننەوە. تۆژەر لە دێیەکەوە راگوێزرا کە زسـتانان چـەند مەتر بەفری لیٚ دەبـاری، بـۆ شـوێنێك کـە بەدەگمـەن لـە ساردترین رۆژەکانی ساڵدا پڕوشکە بەفر ببینێت، هەروەها لە جەنگەلستانێکەوە بۆ دەشتێکی رووتەن، وێڕای جیاوازی نێـوان شـێوەزار و دابونـەریت و رێورەسمە کۆمەڵایەتییەکان. هەموو ئەمانە بـوون بـەهۆی ئـەوەی وەك رەسووڵ هەمزاتۆڤ دەڵێت: نـە تـەنیا تەپلـە ببێتـە شـەبقە، بـەڵکو مێشکی ژێر سەرپۆشی لاوانیـش بگۆڕێـت و گـۆڕی کوڕەکـانیش لـە گوندی باوکانیان دوور دوور بکەونەوە.

ئەو گۆڕانەی روویدا ئەو جیاوازیەی نێوان نەوەی خـۆی و بـاوکی و لێکچوونی دوو نەوەی باوك و باپیری پاڵنەرێکی بـەهێزی هـەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو.

لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بـەوە بکـەین کـە لـە توانـای ئـەم تۆژینەوەیەدا نییە وەکو پێویست باس لە سروشتی ئەو دوو جۆر ژیانـە (ژیانی پێش راگواستن و ژیانی دوای راگواستن) بکات، یاخود پرۆسەی گۆڕانەکـە و میکانیزمـەکانی روونبکاتـەوە و راڤەیـەکی وردی ئـەو ئاکامانەش بکات کە لە راگواستنی کوردەکـان کەوتوونەتـەوە. هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ: کـەمی سـەرچاوە و ئامارەکـان، فرەوانـی بابەتەکـە، کـەمی مـاوە، نائـارامی و پەشـێوی بـارودۆخی عـێراق، گیروگرفتی دارایی و هاتووچوو، لە هەمووشی گرنگتر زۆربـەی جـاران نووسـین لـە گێڕانـەوەی ئـەزموونـدا کـورت دەهێنێـت، چونکـە ئـەم تۆژینەوەیـە هەرچـەندەش زانسـتی بێـت، دواجـار لــە ئــەزموونێك دەکۆڵێتەوە، ئەزموونی ژیانی ئەوانەی بـەبێ ویسـتی خۆیـان راپێچـی ناوچەی دیکە کران و فێرە شێوازی ژیانی دیکە بوون.

بە چاوپێداخشـاندنێکی سـەرپێیانە بـە ناوونیشـانی تۆژینەوەکـە (ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لـە سەردەمی بەعسدا) جۆرێك ناتەبایی‌ی لە ناوونیشانەکەدا تێدا بەرچاو دەکەوێت چونکە لەماوەی ساڵانی ١٩٦٣ـ٢٠٠٣ تەنیا رژێمی بـەعس فەرمانڕەوایی عێراقی نەکردووە، بەڵکو دوو برا (عەبدولسەلام عـارف و عەبدولرەحمان عارف) کە لە سـاڵانی نێـوان ١٩٦٣ـ١٩٦٨ سـەرۆك کۆماری عێراق بوون بەعسی نەبوون، کـەچی لـە مـاوەی ئـەم پێنـج ساڵەشدا راگواستنی کوردان لە عێراقدا هـەر هـەبووە. بۆیـە دەکـرێ ئەوە چاوەرێ بکرێت کە لە جیـاتی ئـەوەی لـە ناوونیشـانەکەدا نـاوی رژێمی بـەعس بێـت، نـاوی رژێمـەکانی عـێراق هاتبـا، بـەڵام ئێمـە پێمانوایە ئەوەی یەکەم راسـتترە، واتـە سیاسـەتی راگواسـتنی کـورد لەلایەن رژێمی بەعسەوە چونکە تەنیا بەعسیەکان وەکـو سیاسـەتێك راگواستنیان پیادە کردووە، نەك رژێمەکانی عێراق.

تۆژینەوەکەمان بۆ حەوت بەش دابەش دەبێت. لە بەشـی یەکـەمدا (میتۆد و رەهـەندەکانی تۆژینـەوە) هـەوڵدراوە ئـەو میتۆدانـەی لـە تۆژینەوەکەدا پەیرەو کراون، هـەروەها ئامـانج و پـرس و گرفتـەکانی تۆژینەوەکە وێـڕای چـەند مەسـەلەیەکی دیکـە کـە پـەیوەندیان بـە شێوازەکانی لێکۆڵینەوەوە هەیە، بخرێنەڕوو.

لە بەشـی دووەمـدا: چـوار چـەمك، کـە چەمکـە سـەرەکیەکانی تۆژینەوەکـەن راڤـەکراون. ئـەو چەمکانـەش بریتـین لـە: راگواسـتن، ئاکامی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەعسیزم. لە راڤەی هـەر یەکێك لە چەمکەکاندا تۆژدر مەبەستی بووە ئـەوە روون بکاتـەوە کـە ئەم چەمکانە لـەم تۆژینەوەیـەدا چ دەلالـەتێکیان هەیـە و مەبەسـت چییە لێیان.

بەشی سێیەمی تۆژینەوەکە تایبەتە بە رەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بەر لە ساڵی ١٩٧٠، زێتریش جەخت کراوەتە سەر ئەو ماوەیەی لە ماوەی زەمەنی تۆژینەوەکەمانەوە نزیکە، واتە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو. ئەم بەشە بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، یەکێکیان لادێی کوردی و ئەویتر شاری کوردی. لە هەر یەکێك لەم دوو باسەدا چەند بابەتێك کە بە پێویست زانراون باسیان کراوە. مەبەست لەم بەشە ئەوەیە تیشکێك بخرێتە سەر کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەی کە هێشتا زۆر سادە بوو. بۆ ئەوەی کاتێك لە بەشەکانی دواتردا باس لە کاریگەری راگواستن لەسەر کۆمەڵگای کوردی دەکەین، باشتر هەست بەو ئاکامانە بکرێت کە لە سیاسەتی راگواستن کەوتوونەتەوە.

بەشی چوارەمی تۆژینەوەکەمان تایبەتە بە راگواستن و قۆناغەکانی راگواستنی کورد لە عێراقدا. ئەم بەشەش دیسان بەسەر چەند باسێکدا دابەشکراوە. باسی سێیەمی ئەم بەشە تایبەتە بە سێ قۆناغی راگواستن: ١٩٦٣ـ١٩٧٤، ١٩٧٥ـ١٩٩٠ و ١٩٩١ـ٢٠٠٣. ئەم باسە لە دوو باسەکەی دیکە درێژترە و بەپشت بەستن بەو داتا و ئامارانەی دەستمان کەوتوون (وێڕای ئەوەی کەموکووڕیان زۆرە) بەپەیڕەوکردنی خرۆنۆلۆگیا راگواستنی لادێنشین و شارنشینە کوردەکان روونکراوەتەوە.

بەشی پێنجەم، یەکەم بەشی لایەنی مەیدانی تۆژینەوەکەیە، ناوونیشانەکەی بریتیە لە: ((دوای راگواستن: ئوردووگای زۆرەملێ، شار و لادێ))، سەرەتا لەم بەشەدا هەوڵمانداوە بەکورتی چەند ئاکامێك دەستنیشان بکەین کە زۆر گشتین و نەدەکرا لە یەکێك لەو سێ باسانەدا جێگەیان بکەینەوە کە ئەم بەشەیان لێ پێکدێت. دواتر لە باسی یەکەمدا باس لە ژیانی نێو ئوردووگا کراوە. ئۆردووگاکان

فۆرمێکی نوێی نیشتەجێبوونن لە کوردستانی خوارووی. لە باسی دووەمدا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەری ڕاگواستن لەسەر شارەکانی کوردستانی خواروو کارکراوە. لە دوا باسیشدا تیشکێك خراوەتە سەر گوندی سەر لە نوێ ئاوەدانکراوە.

درێژترین بەش لە تۆژینەوەکەدا، بەشی شەشەمە. لە دوو باس پێکهاتووە. لە باسی یەکەمدا خەسڵەتە گشتیەکانی نموونەی تۆژینەوەکەمان خراونەتەڕوو، لە باسی دووەمیشدا هەوڵدراوە خەسڵەتە تایبەتییەکانی نموونەی تۆژینەوەکە راڤە بکرێن. دوابەشی باسەکەشمان خستنەڕووی ئەنجامەکانی تۆژینەوە و راسپاردە پێشنیارەکانن.

لەکۆتاییشدا هیوادارین ئەم تۆژینەوەیە توانیبێتی کەلێنیکی بچووك لە کایەی لێکۆڵینەوە لە کوردستانی خوارووداپڕ بکاتەوە.

دانەر

دەروازەی یەکەم

لایەنی تیۆری

بەشی یەکەم

میتۆد و رەهەندەکانی تۆژینەوە

باسی یەکەم: پرس و ئامانج و گریمانەکانی تۆژینەوە

١- پرسی تۆژینەوە

کوردستانی خواروو لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەیەکی بەرفرەوانتر و سیستماتیکتر لە جاران لەلایەن رژێمی بەعسەوە رووبەڕووی سیاسەتی راگواستن بووەوە. راگواستن وێڕای سیاسەتەکانی دیکە (بەعەرەبکردن، پاکتاویی رەگەزی، کیمیاباران و ئەنفال) کردەیەکی دوژمنکارانە بوو و لە میانەیدا دانیشتووانی کوردستان لەڕووی دەروونییەوە شۆکی گەورەیان بەرکەوت و لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دووچاری زۆر دەردی کۆمەڵایەتی هاتن. هەروەها لەڕووی کولتووری و ئابووریشەوە زیانێکی زۆریان پێکەوت. زۆرترین ژمارەی کوردەکان لە سەر ئاستی وڵاتی عێراق جێگۆڕکێیان پێکرا، بەشێکیان بەرەو باشوری عێراق و بەشێکی دیکە بەرەو ناوەڕاست بەلای سنووری رۆژئاوادا و بەشێکی زۆریشیان هەر لە کوردستانی باشور نیشتەجێکرانەوە. وێڕای ئەوەی بەشێکی بەرچاوی کوردەکانیش بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران راپێچ کران یاخود ناچارکران بەرەو ئەو دوو وڵاتە کۆچ بکەن. بەکورتی زۆربەی دانیشتووانی کوردستانی باشور راگواستنیان بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەزموون کردووە.

جێگۆڕکێی دانیشتووان لە جیهاندا پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، هەروەها لەمێژیشە سەرنجی توێژەر و باسکارانی راکێشاوە، چونکە تەنیا بە گۆڕانی شوێنی نیشتەجێبوون ناوەستێت، بەڵکو تاکە راگوێزراوەکان رووبەڕووی گۆڕانکاری گەورە دێن لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، دەروونی، ئابووری و... هتد.

پرسی ئەم باسە لەو ئاکامە کۆمەڵایەتییە جیاجیایانەدا کورت دەبێتەوە کە لە ئەنجامی راگواستنی کوردەکان لە عێراقدا لەلایەن رژێمی بەعس لە چل ساڵی رابردوودا سەریان هەڵداوە. چونکە هەموو شوێنگۆڕکێیەکی دانیشتووان چ بەویستی خۆیان بێت یاخود بە زۆرەملێ ئاکامگەلێکی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ئەو ئاکامانە و بەشێوەیەکی روون و شەفافتر بیانخاتەڕوو، چونکە هێندەی ئێمە ئاگادارین بەشێوەیەکی زانستی لێیان نەکۆڵراوەتەوە و هیچ هەوڵێکی شیلگیر نەدراوە بۆ ئەوەی ئەو ئاکامانە بە وردی دەستنیشان بکرێن.

٢ـ ئامانجی توێژینەوە

هەموو باسێکی کۆمەڵایەتی ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، توێژەری کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات بیهێنێتەدی. ئەم توێژینەوەیەی ئێمەش چەند ئامانجێکی هەیە کە دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١ـ دەستنیشانکردنی بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ئەو ئاکامە کۆمەڵایەتیانەی لە سیاسەتی راگواستنی کوردان کەوتوونەتەوە. ئەویش بەسەرنجدان لە بونیادی کۆمەڵگا و شێوەی گوند و شارەکان و ستراکتووری خێڵی کوردی و بەپشت بەستن بە چاودێریکردنی رەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان. هەروەها لەمیانەی ئەو داتایانەی لە رێگەی پرسیارنامەکە دێنەدەست و بەشێوەی ژمارە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی راگواستن روونده‌کەنەوە.

٢ـ بەپشتبەستن بەو ئامار و زانیاری و سەرچاوانەی لەبارەی راگواستنەوە هەن، دەمانەوێ قۆناغەکانی راگواستنی کوردان لەلایەك و جۆرەکانی راگواستن لەلایەکی دیکەوە روونبکەینەوە، وێڕای هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزمەکانی ئەو سیاسەتە و هەوڵدان بۆ خستنەڕووی زانیاریی ورد لەبارەی ژمارەی گوندە خاپورکراوەکان و راگوێزراوان.

٣ـ دەمانەوێ لە کۆتایی تۆژینەوەکەدا بگەینە چەند ئامانجێك و لەمیانەیدا زۆرتر روونده‌بێتەوە راگواستن چ گۆڕانکارییەکی لە کوردستانی باشوردا دروست کردووە و هەوڵدەدرێت ئەو دیاردە و ئاکامە نێگەتیڤانەی بەهۆی راگواستنەوە دروست بوون دەستنیشانیان بکەین و لە رێی پێشنیار و راسپاردەی تایبەتەوە هەوڵبدرێت بۆ کەمکردنەوەی کێشە و گرفتەکانی راگوێزراوان.

٤ـ زێتر تیشك خستنە سەر بابەتی راگواستنی کوردەکان و راکێشانی سەرنجی باسکار و تۆژەرە کورد و بیانییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە جیاجیاکانی راگواستنی کوردان، بەوەی بابەتێکە ئەوە دەهێنێت لەلایەنی زانستیەوە بایەخی پێبدرێت.

٣ـ گریمانەکانی تۆژینەوە

گریمانەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو پرسیارانەن کە لە سەرەتای هەر باسێکدا لەلای تۆژەری کۆمەلایەتی گەلالە دەبن. دارشتنی گریمانە لە ناوەندەکانی باس و تۆژینەوەدا بایەخێکی تایبەتیان پێدەدرێت، چونکە تۆژەر سوود لە گریمانەکان وەردەگرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تۆژینەوەیەی ئەنجامی دەدات. گریمانەکان تۆژەری کۆمەلایەتی ئاراستە دەکەن بۆ ئەو راستیانەی کە پێویست دەکات لێیان بکۆڵێتەوە، هەروەها یارمەتی تۆژەر دەدەن بۆ دەستنیشانکردنی

ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان دیاردەکاندا دروست دەبن.[1]

دەکرێ گریمانەکانی ئەم تۆژینەوەیەش لەم چەند خاڵانەی خـوارەوەدا ریز بکەین:

١ـ لە کوردستانی باشور لە ئەنجامی راگواستنی کوردانـدا رێـژەی لادێنشینەکان زۆر کەم بووەوە، لە بەرامبەریشدا بەشێوەیەکی بـەرچاو رێژەی شارنشینان زێدە بوو.

٢ـ لە ئەنجامی راگواستندا خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی باشـور زۆرتـر تێکـەڵاوی یـەکتر بـوون و بۆچوونیـان سـەبارەت بەیەکتر گۆڕا.

٣ـ لـەدوای راگواسـتن بـەها کۆمەڵایەتییـەکان، داب و نـەریت و رەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا گۆڕانیـان بەسەردا هاتووە.

٤ـ بە شوێنگۆڕکێی رێژەیەکی زۆری خەڵك و دوورخستنەوەیان لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونیان و تێکـەڵاوبوونیان لەگـەڵ یـەکتر دابونەریتەکانیشیان رووبەڕووی گۆڕان هاتن.

٥ـ لە کۆمـەڵگای کوردیـدا کێشـە و گرفتـە کۆمەڵایەتییـەکان لەدوای راگواستن پەرەیان سەند.

٦ـ کەسایەتیی تاکە راگوێزراوەکان هەمان کەسایەتی جاران نییە.

٧ـ لەگەڵ راگواستن و خاپوورکردنی گوندەکان ئابووری کوردستانی باشور رووبەڕووی تەنگژەیـەکی گـەورە هـات و ژێرخانـە ئابوریەکـەی لەبەریەك هەڵوەشایەوە.

---

1 عبدالباسط محمد حسن، اصول البحث الاجتمـاعي، مكتبـة الانجلـو المصريـة، الطبعـة الثالثة، القاهرة، ١٩٧١، ص٣٧.

باسی دووەم: میتۆدی تۆژینەوە

زاناکانی کۆمەڵناسی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵناسی وەك زانستێك، داوایان لە تۆژەر و باسکاران کردووە لە باسە کۆمەڵایەتییەکاندا میتۆدە زانستیەکان بەکاربهێنن.[2] میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە، تەکنیکە راستەقینەکانی تۆژینەوەن کە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێن.[3] گرتنەبەری میتۆدێکی زانستی یان زێتر، بەپێی پێویستی تۆژینەوەکە دەبێت. دەشێ لە میتۆدێك زێتر لە لێکۆڵینەوەی بابەتێکدا بەکاربهێنرێت، ئەویش بەپێی ئەو پرەنسیپەی داوادەکات لە لێکۆڵینەوەی هەر دیاردەیەك یاخود گرفتێکدا تەنیا پشت بە تاك میتۆدی نەبەسترێت.[4]

پێمانوایە تۆژینەوە لە ((ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعسدا)) پێویست دەکات لەسەرێکەوە بگەڕێینەوە بۆ پێش ئەو ماوەیەی دەستنیشانمان کردووە، هەم بۆ زانینی پێشینەکانی راگواستنی کوردان لە عێراقدا و لە سەرێکی دیکەشەوە بپرژێینە سەر چۆنییەتی پیادەکردنی سیاسەتی راگواستن و دیارخستنی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی لەو ماوەیەدا روویداوە، وێڕای باسکردنی شێوە نیشتەجێییەکانی کۆمەڵگای کوردی و ئەو گەشەسەندنەی بەخۆیانەوە بینیویانە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویست دەکات زێتر لە میتۆدێك لەم تۆژینەوەیەدا بگرینەبەر.

لەم باسەدا لەبەر ئەوەی هەولدەدەین ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی

---

[2] لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: هەمان سەرچاوە، ل ٨٣ـ١١٣.

[3] انتونی گیدنز، جامعەشناسی، ت: منوچهر صبوری، نشر نی، تهران ١٣٧٣ (١٩٩٤)، ص ٧٠٩.

[4] د. غریب محمد سید احمد، تصمیم و تنفیذ البحث الاجتماعی، دار المعرفة الجامعیة، القاهرة، ١٩٨٩، ص ٩٥.

راگواستنی کوردان بخەینەڕوو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانـــەی لە بونیادی کۆمەڵگای کوردی و شار و لادێدا دروست بووە، هـــەروەها چۆنییەتی تێکەڵاوبوونی خێڵەکان و ئەو ئاکامانەی لـــەم تێکـەڵاوی و شوێنگۆڕکێ جوگرافییە کەوتوونەتەوە، ئەوا دەبێت سوود لە میتۆدی وەســفی (Descriptive Method) وەرگریــن، چونکــە بەکارهــێنانی ئــەم میتۆدە لەو جۆرە باسانەدا کە پێویستیان بە زانیاری زۆر و فــرە هەیـە بەسـوود و گونجـاوە. لــەو لێکۆڵینەوانەشـدا کـە ئـەم جـۆرە میتــۆدە بەکاردێت هەوڵدەدرێت پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بدۆزرێتەوە.

میتۆدێکی دیکە کە وادەخوازرا بەکاربێت، بەتایبـەتی لـە بەشـی ســێیەم و چوارەمـــی تۆژینەوەکـــەدا میتـــۆدی مێژوویـــــە (Historical Method)، چونکــە ئــەو دوو بەشــە زێـتر پــەیوەندیان بـــە رابــردووی کۆمەڵگاکەمانــەوە هەیــە. تــۆژەرە کۆمەڵایەتییــەکان بــۆ لێکۆڵینەوە لە بزاڤ و گۆڕانکاری و شۆڕشەکان، لە رێی ئەم میتۆدەوە هەوڵدەدەن لە چۆنییەتی لایەنە جیاوازەکانی ژیان تێبگــەن و فاکتــەر، پەیوەندی، هــۆ و ئاکــامی ئــەو رووداوانــەی بوونەتــە هــۆی گۆڕانــی کۆمەڵگا درك بکەن.[5] لەم رووەوە سوود لە سەرچاوە یەکەمــەکانی وەك ئامارەکان و کتێبە مێژوویـەکان لەلایەك و ســـەرچاوە دووەمینــەکانی وەك چاوپێکەوتنی تاکەکەسان لەلایەکی ترەوە وەرگیراوە.[6]

سێیەم میتۆد، میتۆدی بەراوردکاریــە (Comparative Method). لــە دوو بەشی سێیەم و پێنجەمدا سوود لەم میتۆدە وەرگیراوە. بەتایبــەتی لــە بـــەراوردی نێـــوان شـــار و لادێـــی کـــوردی لـــە دوو مـــاوەی زەمەنی جیاوازدا.

---

5 د. مهدی طالب، شیوهای عملی مطالعات اجتماعی، انتشــارات دانشــگاه تــهران، تهران ١٣٨٠ (٢٠٠١)، ص ٢١.

6 پەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، و: جەواد مستەفا ستۆپەیی، زنجیرەی هزر و کۆمەڵ، هەولێر ٢٠٠٣، ل ٦٣.

میتۆدی ئاماری (Statistical Method)، تەنیا لە لایەنی مەیدانیدا بەکارهاتووە. هەروەها میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی (Social Survey Method) ش هەر لەو لایەنەدا بەکار هاتووە. ئەم میتۆدەی دوایی بەیەکێك لە میتۆدە سەرەکیەکان دادەنرێت لە لێکۆڵینەوە وەسفیەکاندا.[7]

لەلایەنی مەیدانیدا تەنیا پشتمان بە زانیاری ناو خشتەکان (ئەو داتایانەی لەرێگەی پرسیارنامەوە بەدەست دێن) نەبەست، چونکە پێمانوایە شێوازی چەندێتی (Quantitative) بە داتا ئامارییەکانییەوە بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی. بۆیەش رێچکەی ئەو توێژەرانەمان گرتەبەر کە پەنا دەبەنە بەر شێوازی چۆنییەتی (Qualitative) لەپاڵ شێوازی چەندێتیدا.[8] شتێکی نوێ نییە کە توێژەران بەبەکارهێنانی شێوازی مەیدانی لە کۆمەڵگاکانیان بکۆڵنەوە. واتە توێژەر خۆی داتا و زانیاری کۆبکاتەوە بە گرتنەبەری تەکنیکی چاودێریکردن بەبەشداربوون (الملاحقە بالمشارکە)، ئەم بایەخدانی توێژەران بە کۆمەڵگاکانیان لە شەستەکانی سەدەی رابردوو گەشەی سەند.[9]

هەرچەندە ئەو پێشکەوتنانەی ئەمرۆ لە شێوە جیاوازەکانی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا روویانداوە، ئەگەری ئەوەیان رەخساندووە

---

7 عبدالباقی عبدالجبار الحیدري، الاثار الاجتماعیة و الدیموغرافیة للنمو الحضري فی العراق، اطروحة دکتوراه، کلیة العلوم الانسانیة والاجتماعیة، جامعة تونس، ٢٠٠١ـ٢٠٠٢، ص ١٩.

8 د. حسن الساعاتی، تصمیم البحوث الاجتماعیة، دار النهضة العربیة، بیروت ١٩٨٢، ص ١٩٦.

9 لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ:د. کامیلیا فوزی، الصلح والاخریات، في وطني ابحث- المرأة العربیة في میدان البحوث الاجتماعیة، ت: اسعد شریف، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ١٩٩٣، ص ١٨ـ١٩.

زۆر لەو گۆڕاوانەی لـــە ڕواڵـــەتدا چۆنیـــەتین، لـــە شـــێوەی چـــەندێتیدا دەرکـــەون و ئـــەمڕۆ زۆرینـــەی تۆژینـــەوە کۆمەڵایەتییـــەکان بەشـــێوەی تۆژینەوە چەندێتییەکان دەخرێنەڕوو، بەڵام هێشتاش هـــەندێك دیـــاردە یاخود هەندێ لە لایەنـــەکانیان ئەگـــەری گۆڕانیـــان بـــۆ نەرەخســـاوە و ناکرێ بە ژمارە دەستنیشانبکرێن، وەك ئەو دیاردانەی ئەتنۆگرافیســـت و ئەنترۆپۆلۆجیستەکان بایەخیان پێدەدەن.[10] لە بیست ساڵی رابـــردوودا جۆرێك لە پەرچە کردار لەدژی شێوازە چەندێتییەکان لـــە تۆژینـــەوەی رەفتاری مرۆییدا سەریهەڵدا، ئەم پەرچەکردارە تا ئێستاش لەدژی ئـــەو بانگەشە گەورانەی بۆ ئەم شێوازانە دەکرێـــن لـــە ئارادایـــە. لەلایـــەکی دیکـــەوە ئـــەتنۆگرافیا کـــە هەمیشـــە شـــێوازە چەندێتییـــەکان کـــەم لەبارەیەوە بەکارهێنراون، بووەتە مۆدێلێك و هەندێ لە کۆمـــەڵناس و مێژوونووسان دەیانەوێ ئەو ڕێچکەیـــە بگرنـــە بـــەر.[11] ئێمـــە نـــەك بـــۆ پەیڕەوی کردن لە ئەتنۆگرافیا پشتمان بـــە شـــێوازی چۆنیـــەتی لـــەپاڵ شێوازی چەندێتیدا بەستووە، بەڵکو ئێمـــە لـــەو بڕوایـــەدایین لـــە ڕێـــی بەکارهێنانی دوو شێوازەکە بە ئەنجامی وردتر دەگەین.

---

10 لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: مهدی طالب، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

11 پیـــتر بـــرك، تـــاریخ و نظریـــة اجتمـــاعی، ت: دکتر غلامرضـــا جمشـــیدیها، انتشـــارات دانشگاه تهران، تهران، ١٣٨١ (٢٠٠٢)، ص ٤٨ـ٤٩.

بەشـــی دووەم

چـــەمکەکـــانی تـــوژینەوە

باسی یەکەم: ڕاگواستن

لە زمانی کوردیـــدا ڕاگواســـتن لــە بەرامبــەر زاراوەی ئینگلـیزی ((Deportation)) دێــت کــە لــە بنــەڕەتدا لـــە زاراوەی ((Deportatio))ی ڕۆمـانی وەرگیراوە. ئەمـــەی دواییـــان شـــێوەیەکی ســـزادان بـــوو، جـــۆری سزایەکەش نەفیکردن یاخود تاراوگە (ســـرگوون) بـــوو، ئـــەو کەســـەی حوکمـــی Deportatioی بەســـەردا بدرایـــە مـــافی هـــاوولاتیبوونی لێ دەسەندرایەوە.[1]

لـــە ئینســـکلۆپیدیای بـــەریتانیدا ((Deportation)) بریتییـــە لـــە: دەرکردنی بێگانەیەك کە هەبوونی ئەو لە ولاتـــدا لەگـــەڵ بـــەرژەوەندی گشتی ڕێـــك نایەتـــەوە. ڕاگواســـتن زۆربـــەی کـــات مانایـــەکی فرەوانـــتر دەبەخشێ و نەفیکردن و دوورخستنەوە و گواســـتنەوەی تاوانبـــاران بـــۆ مۆڵگەی سزادانیان دەگرێتەوە.[2] هەروەها ئەنیسکلۆپیدیای ئەمریکیش پێناسەیەکی وەك ئەمەی سەرەوە بـــۆ ڕاگواســـتن دەکـــات. بـــەم پێییـــەش دەتوانـــین بلێـــین ڕاگواســـتن لـــە زۆر لـــە ناوچـــەکانی جیـــهان تـــەنیا

---

1 THE ENCYCLOPEDIA AMERICANA, Vol.. 5 , International Edition, 1975, p. 746.

2 ENCYCLOPEDIA BRITTANICA,Vol. 4, U.S.A,1979, p. 474.

دوورخستنەوەی تاوانباران، بێگانەکان و یاساشکێنان دەگرێتەوە، واتە ڕاگواستن وەك سزا پیادەدەکرێت و هیچ سزایەکیش بێتاوانان ناگرێتەوە. بۆیە لە سەردەمی مۆدێرندا کە ڕاگواستن بە بەرفرەوانی ئەنجام دەدرێت، جیاوازی لە نێوان تاوانبار و بێتاواندا ناکرێت. پێویستە پێناسەیەکی دیکە بۆ ڕاگواستن بکرێت.

هەندێ تۆژەر Deportation بە ڕاگواستنی بێگانەکان پێناسەی دەکەن، واتە پرۆسەی ڕاگواستنی کەسێکی بیانی لە وڵاتێکەوە دوای ئەوەی فەرمانی دەرکردنی لە وڵات دەردەچێت بەوەی کە کەسێکی نەویستراوە لە وڵاتندا.[3] بەڵام نووسەر و تۆژەری دیکەش هەن کە وشەکانی ((Displacement or Expulsion)) لە جیاتی Deportation بەکاردەهێنن،[4] کەچی لە پێناسەکردنی ڕاگواستندا جەخت لەسەر گواستنەوەی تاکەکەس دەکەن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە.[5]

ئەمڕۆ Deportation تەنیا بەمانای ڕاگواستنی هاووڵاتیان بۆ وڵاتێکی دیکە نایەت، بەڵکو Deportation دەکرێ لەناو چوارچێوەی سنووری وڵاتێکیشدا بەفرەوانی ئەنجام بدرێت. بەعس لە کوردستانی خواروو لە هەردوو گەڕی گرتنە دەستی دەسەڵات لە عێراقدا (١٩٦٣ و ١٩٦٨) بە هەردوو ماناکە پیادەی کردووە.

3د. عبد الوهاب الكيالي و كامل الزهيري، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٤، ص ١٥٠.

4 عامر رشيد المبيض، موسوعة الثقافة السياسية الاجتماعية العسكرية، دار المعارف، دمشق، ١٩٩٩، ص ٣٤٧.

5 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە. هەروەها بگەڕێوە بۆ: عامر المبيض، معجم مصطلحات التنمية الاجتماعية والعلوم المتصلة بها، الامانة العامة لادارة العمل الاجتماعي، بلا، ١٩٨٣، ص ٤٩.

Deportation به كورتی واته راگواستنی زورەملێی دانیشتووان.[6]

هەروەها دەشێ بڵێین راگواستن: ((گواستنەوەی جوگرافی یا شوێن گۆڕینی بەزۆر دەگەینێ لەڕێی بەكارهێنانی توقاندن و فشار خستنەسەر و هێز بەكارهێنانەوە، كە گۆڕینێكی هەمیشەیی لەجێی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەكەیەكی جوگرافی بۆ یەكەیەكی جوگرافی تر لەخۆ دەگرێت.))[7]

لەم باسەدا مەبەست لە راگواستن: راگواستن و كۆچپێكردنی دانیشتووانی كوردە بە دەستی رژێمی بەعس لەناو سنووری دەوڵەتی عێراقدا، بۆ ناوچەیەكی دیكە لە ناوەوەی عێراق یان دەرەوەی. بەم پێیە ئێمە لە كوردستانی خواروو زێدەتر لە جۆرێكی راگواستنمان هەیە. بۆ ئەوەی خوێنەر لە مەبەستی ئێمە باشتر ئاگادار بێت بە پێویست دەزانین ئاماژە بەم جۆرانەی خوارەوە بكەین:

١ـ حكومەت بە هۆیەكانی گواستنەوەی خۆی راگوێزراوەكان دەگوازێتەوە و رێگەیان پێدەدات كەلوپەلەكانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، وەك ئەوانەی لە ساڵی ١٩٧٥ راگوێزران.

٢ـ حكومەت بە هۆیەكانی گواستنەوەی خۆی راگوێزراوەكان دەگوازێتەوە و جگە لەوەی رێگەیان پێدەدات هەموو كەلوپەلەكانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بەجۆرێك لە جۆرەكان قەرەبووشیان دەكاتەوە، خانووی نوێیان لە ئوردووگای نوێ دروست كراودا بۆ ئامادە دەكات، وەك ئەوانەی لە ساڵانی ١٩٧٧ـ ١٩٧٩ راگوێزران.

٣ـ حكومەت بە هۆیەكانی گواستنەوەی خۆی راگوێزراوەكان

---

6 مجدی وهبة و وجدی غالی، معجم العبارات السياسية الحديثة، الطبعة الثانية، مكتب لبنان، بيروت، ١٩٩٢، ص ٨٧.

7 سلێمان عەبدوڵڵا، راگواستنی گوندنشینەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، سەنتەری برایەتی ، ژمارە ١٢، هەولێر حوزەیرانی ١٩٩٩، ل ٤.

دەگوازێتەوە، بەڵام ڕێگەیان پێنادات کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن. هەروەها ناچاریان دەکات خاکی عێراق بەجێ بهێڵن، وەك کوردە فەیلییەکان یاخود کەسوکاری پێشمەرگەکان لە ساڵانی ١٩٨٥، ١٩٨٧.

٤ـ حکومەت بە هۆیەکانی گواستنەوەی خۆی ڕاگوێزراوەکان دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو و ڕێگەیان پێدەدات کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن و بڕێك پارەشیان پێدەدات بۆ ئەوەی بۆ خۆیان خانوو دروست بکەن، وەك دانیشتووانی شارۆچکەی قەڵادزێ و دەوروبەری ساڵی ١٩٨٩، هەروەها دانیشتووانی ناوچەی مێرگەسوور ساڵی ١٩٩٠.

٥ـ حکومەت ڕاگوێزراوەکان ئاگادار دەکاتەوە کە دەبێت شوێنی نیشتەجێ بوونیان بەجێ بهێڵن و لەو شوێنانەشدا نیشتەجێ نەبن کە ئەو دیاریان دەکات و جگە لەوەی کە پێویستە بەرەو باکور یان بەرەو باشور کۆچ بکەن هیچ شوێنێکیان بەوردی بۆ دەستنیشان ناکات. لەم جۆرە ڕاگواستنەدا، ڕاگوێزراوان هەندێ کات بۆیان هەیە هەموو کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، هەندێ کات هیچ کەلوپەلێك و هەندێ کاتی تر بەشێك لە کەلوپەلەکان، وەك ڕاگوێزراوەکانی شاری کەرکوك، مەخموور، مووسڵ و ...هتد لەساڵانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١.

٦ـ ڕاگوێزراوەکان لە ئەنجامی ترس لە پەلاماری حکومەت زۆربەی زۆری کەلوپەلەکانیان بەجێدەهێڵن و ملی ڕێگا دەگرنەبەر بۆ ڕزگارکردنی گیانیان لە دوژمن، وەك ئەوەی لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، ئەنفالەکان یان کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١دا ڕوویدا.

٧ـ دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەلایەن سوپاوە دەگیرێن بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەن هیچ کەلوپەلێکی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن لە شوێنێك بەند دەکرێن، هیچ شتێکیشیان پێ نابەخشن، نە پارە،

نەکەرەستەی خانووبەرە و نەهیچ شتێکی دیکە وەك ئەوانەی لە ئەنفالەکان دەستگیر کران و دواتر لە ئوردووگاکانی بەرحوشتر، جێژنیکان لە پارێزگای هەولێر یان ئۆردووگاکانی گەرمیان نیشتەجێ کران ساڵی ١٩٨٨.

ئێمە بۆ ئەوەی بزانین راگواستن چییە یان راگوێزراو کێیە، ئەم دوو مەرجەی خوارەوە رەچاو دەکەین:

١ـ راگواستن مەرجە کردەیەکی بە کۆمەڵ بێت، واتە راگواستن ناکرێ تاکەکەسی بێت، بەڵکو پێویستە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە راگوێزرا بن.

٢ـ حکومەت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی لە چۆڵکردنی شوێنێك یاخود راگواستنی کۆمەڵە کەسێکدا هەبێت. مەبەست لە وشەی ((راستەوخۆ)) واتە حکومەت بڕیاری راگواستنی راگوێزراوەکان بدات و پیادەی بکات. هەروەها مەبەست لە ((ناڕاستەوخۆ)) ئەوەیە کە راگوێزراوەکان لە ئەنجامی رەفتاری دوژمنکارانەی حکومەت یان ترس لە گرتن و مردن بڕیاری چۆڵکردنی ناوچەیەك دەدەن یاخود بە کۆمەڵ کۆچ دەکەن واتە "کۆچی ناچاری".

هەر لێرەدا پێویستە ئێمە جیاوازی لە نێوان دوو جۆر ((کۆچ))دا بکەین، کۆچی زۆرەملێ و کۆچی ناچاری. مەبەست لە کۆچی زۆرەملێ ئەو کۆچەیە کە کۆچەردکان راپێچدەکرێن و دەگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە. لەم جۆرە کۆچەدا لایەنێکی بڕیاردەر هەیە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا حکومەت یان دەوڵەتە. حکومەت بە مەبەستێکی سیاسی، گەشەپێکردنی و... هتد بڕیاری گواستنەوەی کۆمەڵە خەڵکێك لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی دیکە دەدات. کۆچپێکراوەکان هیچ ویستیان لەم کۆچەدا نییە، بەڵکو لە سەرووی ویستی ئەوانە. ئەوان جگە لە

ملکەچ کردن بۆ بڕیارەکە هیچ مافێکی دیکەیان نییە و پێویستە بۆ ئەو شوێنە بکەونەڕێ کە بۆیان دیاری کراوە.

لە بەندی ٩ی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە: نابێ هیچ مرۆڤێك بە شێوەیەکی زۆردارانە دوور بخرێتەوە. لە بەندی ١٣ شدا هاتووە کەوا هەموو مرۆڤێك بۆی هەیە شوێنی نیشتەجێبوونی لەناو سنووری هەر دەوڵەتێکدا هەڵبژێرێت، هەروەها مافی جێهێشتنی هەر وڵاتێکی هەیە تەنانەت وڵاتی خۆی، وێڕای ئەوەی مافی گەڕانەوەشی هەیە بۆی.[٨]

ڕەنگە ڕاگواستنی لادێنشینانی کوردستان لە ساڵانی ١٩٧٥، ١٩٧٧ـ ١٩٧٩ دیارترین نموونەی ئەو کۆچە زۆرەملێیە بن لەناو سنووری وڵاتێکدا کە عێراقە. لە یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی جۆزێف ستالین، ملیۆنان کەس دووچاری ڕاگواستن بوونەوە، هەر لە جووتیارەکانەوە بگرە تا زیندانییە سیاسییەکان، بەڵام زۆربەیان بێ تاوان بوون، لە کەمپەکانی دەست بەسەری سیبیریادا و بە لەڕولاوازی لە بارودۆخێکی ترسێنەردا ژیانیان دەبردەسەر. زۆر لەمانە هەرگیز نەگەڕانەوە. هەرچەند دوای مردنی ستالین کەمپەکان داخران، بەڵام سێبیریا* هەر وەك مەنفایەك بۆ زیندانییە سیاسییەکان مایەوە، بەڵام سەبارەت بە جێگۆڕکێی دانیشتووان لە نێوان دوو وڵات یان زیاتردا کە هەمان ئەو کۆچە زۆرەملێیەیە، ئەوا بەپێی ڕێکەوتنێك یان پەیمانێك کە لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر دەبەسترێت، بەئەنجام دەگات. بۆ نموونە لەدوای شەڕەکانی بەلقان (پەیمانی بۆخارست، ١٩١٣) و شەڕی

---

[٨] جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٨ و ٩.

* سێبیریا هەر لە سەردەمی قەیسەرەوە مەنفا بووە، واتە ستالین سێبیریای نەکردە مەنفا، بەڵام لە سەردەمی ستالیندا زۆرترین خەڵك بەرەو ئەوێ ڕاپێچ کران.

یونـان ـ تورکیـا (پـەیمانی لـۆزان، ١٩٢٣*) یـاخود لـەدوای چـەند پەیمانێکی تایبەتی لە ١٩٢٥، ١٩٣٦ لە نێوان تورکیـا، بۆلگاریـا و رۆمانیا، ٢٧٠ هەزار بۆلغار، ٥٥٠ هەزار تورك و ٣\١ ملیۆن یونـانی ئیجە، ئەنادۆڵ و پۆنتی جێگۆڕکێیان پێکرا.[9]

ژمارەی پەناهەندەکان بۆ ئـەورووپا لـە نێـوان سـاڵەکانی ١٩١٤ ـ ١٩٢٢، نزیکەی ٥ ملیۆن کەس مەزەند دەکرێن. لە ئەنجامی جـەنگی نـاوخۆیی ئیسپانیاشـدا نزیکـەی ٥٠٠ هـەزار کـەس ئـاوارەبوون و جێگۆڕکێیان پێکرا.[10]

بەدرێژایی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەم شێوازە هەر بەردەوام بـوو: لە یەکـەم بزاڤـی لـەم جۆرەدا، ٧٠٠ هـەزار ئـەڵمانیایی ئـەورووپای رۆژهەڵات لە ساڵانی ١٩٤٠ـ ١٩٤١ بۆ ئـەڵمانیا راگوێـزران، پاشـان نۆرە بە ٤٠٠ هەزار فنلەندی کارلی ـ کـە لـە ١٩٤١دا بـە سـۆڤیەت راسپێردرابوون ـ گەیشت، ئـەو کـات کـە گۆڕانکاریـەکانی پێکـەوە بەسـتنی نەمسـا لەگـەڵ ئـەلمانیا لـە سـاڵانی ١٩٣٩و ١٩٤١ کـە سـنوورەکانی بـەلقانی گۆڕیـن، ٢٣٠ هـەزار مەجـەری، ٣٢٠ هـەزار رۆمانی، ٦٠ هەزار بۆلگار، ٣٠٠ هەزار سربی، ٧٠ هـەزار کرواتـی و ٩٠ هەزار یونانی جێگۆرکێیان پێ کرا.[11]

---

*هەرچەند ئەمانە لـە ئـەنجامی پـەیمانی نێـوان دوو دەوڵـەت یـان زیـاتردا شـێوەیان وەرگرت، بەڵام چونکە مـەرج نییـە بـە خواسـتی خەڵکەکـە بێ، ئـەوا بـە ڕاگواسـتن لەقەڵەم دەدرێ.

9 رولان برتون، قـوم شناسـی سیاسـی، ت: نـاصر فکوهـی، نشـر نـی، تـهران ١٣٨٠ (٢٠٠١)، ص ١٩١

10 ایو میشو، خشونت دست اموز، ت: بابك سید حسـینی، مرکـز چـاپ و انتشـارات صحیفه وزارت امور خارجه، تهران ١٣٨١ (٢٠٠٢)، ص ٣٨.

11 رولان بارتون، هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

ئیۆڤ میشۆ پێی وایە جێگۆڕکێی دانیشتووان بە یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی توندوتیژی لە سەدەی بیستەمدا لەقەڵەم دەدرێت. پاکسازی نەتەوەیی و جێگۆڕکێی دانیشتووان کە لە ئەنجامی ئەم پاکسازیەوە دێتە پێش لە ڕەنگدانەوە بەرجەستەکانی ئەم جێگۆڕکێیانەن. ئەمە قەیرانێك نییە لە سەردەمی تەنگەژەی یۆگۆسلافیا یاخود تەڤکوژیەکانی ڕوەندا دەستی پێ کردبێت. سەدەی بیست سەدەی ڕاگواستنی دانیشتووان و گواستنەوەیان بووە بۆ ئوردووگاکان.[12]

لە کوردستانی خواروو جێگۆڕکێی دانیشتووان هەمیشە تەنیا بە گواستنەوە و چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکان کۆتایی نەدەهات، بەڵکو شوێنەکەیان پڕدەکرایەوە بە هێنانی عەرەب بۆ شوێنی کوردەکان لەو ناوچە کوردنشینانەی کە هاوسنووری ناوچە عەرەبنشینەکانن یاخود هەردوو نەتەوەکە لێی نیشتەجێن. ئەمەش هاوشێوەی ڕاگواستنی فەلەستینیەکان و نیشتەجێکردنی جوولەکە بوو لە شوێنیان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێك ١,٣ ملیۆن فەلەستینی ئاوارەبوون.[13]

دووەم جۆری کۆچ کە ئێمە دیسان بە ڕاگواستن لەقەڵەمی دەدەین، کۆچی ناچاریە، واتە ناچارکردنی تاکەکەسان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە بۆ بەجێ هێشتنی شوێنی نیشتەجێ بوونیان بەمەبەستێکی سیاسی نەك بۆ مەبەستی گەشەسەندن و پەرەپێدان، یان لەبەر کارەساتێکی سروشتی وەك لافاو یان گڕکان. لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە: ئەم جۆرە کۆچکردنانە تایبەتن بەو

---

12 ایو میشو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.
13 هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

کەسانەوە کە لە ڕێگەی کۆچکردنەکانەوە لە وڵاتەکانیان ڕاپێچ دەکرێن، یان کراون بە کۆیلە و گیرودەی گواستنەوە ناچاریەکانی دانیشتووان هاتوون؛ یاخود وابەستەیە بەو کەسانەوە کە لە ئەنجامی دژایەتی ئایینی و سیاسی ڕێگەی پەناهەندەییان گرتوتە بەر.[14] ئێمە تەنیا دوابڕگەی ئەم پێناسەیە بە ڕاست دەزانین سەبارەت بەم جۆرە ڕاگواستنە، بڕگەی یەکەمی پێناسەکە هەمان ڕاگواستنی زۆرەملێیەکە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. ئەم جۆرە ڕاگواستنە (کۆچی ناچاری) لە فەلەستین[15]، لوبنان[16] و لە کوردستانی خواروودا بەباشی دەردەکەوێت کە بەزەبری هێز خەڵکەکە ناچار دەکرێن شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێ بهێڵن. لە کوردستانی خواروودا ئێمە چەندین حاڵەتی لەو شێوەیەمان هەیە وەك ڕژانی بە لێشاوی دانیشتووانی کوردستانی خواروو بۆ ناو سنووری ئێران لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، ئەو خەڵکانەی شار و لادێی کوردستان کە لە ساڵەکانی نێوان ١٩٨٠ـ ١٩٨٧دا ماڵ و حاڵیان بەجێ دەهێشت و روویان دەکردە ناوچە قەدەغەکراوەکان (ئەو شوێنانەی بەدەست هێزی پێشمەرگەوە بوون) یاخود وڵاتی ئێران، کۆڕەوی بەهاری ساڵی ١٩٩١. ئەم نموونانە و چەند حاڵەتێکی دیکە لەم باسەدا بە ڕاگواستن لەقەڵەم دراون، چونکە ناڕاستەوخۆ دەستی حکومەتی عێراق لە ڕاگواستنیاندا

---

14 جولیوس گولد و ویلیام ل. کولب،.فرهنگ علوم اجتماعی، ت: باقر پرهام ودیگران، انتشارات مازیار، تهران، ١٣٧٦ (١٩٩٧)، ص ٢٢٦

15 لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ:د. منصور الراوی، دراسات فی السکان والعمالة والهجرة فی الوطن العربي، دار الکتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل ١٩٩١، ص ٢٧٢.

16 لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: د. زهیر الحطاب، الانعکاسات الاجتماعیة والنفسیة لمشکلة التهجیر، دراسات عربیة، العددان ٨ - ٩، السنة الثالثة عشر، حزیران و تموز، بیروت ١٩٧٧، ص ٧٤ ـ ٧٦.

هەیە؛ ئەوان بەناچاری کۆچیان کردووە.

ئێمە بەر لەوەی هەولّبدەین ژمارەی گوندە خاپوورکراوەکان و دانیشتووانی راگوێزراو بدەینە دەست، پێمانوایە باشترە ئاماژەیەك بەو هەولاّنە بدەین کە لەو پێناوەدا دراون. دەشێ بلّێین ئەو هەولاّنە تا ئەمرۆ دوور نین لە کەموکووڕی و نەیانتوانیوە ژمارەیەك بدەنەدەست کە دوور بێت لە گومان. یەکەم هەولّ لەم بارەوە کتێبی ((ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل، تەعریب، تەبعیس))ە، نووسینی ((ئەمین قادر مینە)).[17]. بەشی دووەمی ئەو کتێبە (ل ١٣٧ـ ٢٢٥) تایبەتە بە راگواستن، وێڕای ئەوەش ناوی زۆربەی گوندە راگوێزراوەکانی کوردستانی خواروو لەدوای سالّی ١٩٧٥ تاکو سالّی ١٩٨٦ لەخۆ دەگرێت. ئەم کتێبە ئێستاش نرخی خۆی هەر ماوە، ئەگەرچی هەندێك کەموکووڕیشی هەیە، لە دیارترین ئەو کەموکووریانەش: یەکەم، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەم جار لە سالّی ١٩٨٧ چاپ بووە، تەنیا ئامارەکانی راگواستنی نێوان سالّەکانی ١٩٧٥- ١٩٨٦ لەخۆ دەگرێت. دووەم، ژمارەیەکی زۆری ناوی ئەو گوندانەی لەو ماوەیەدا راگوێزراون نەزانراوە و تۆمار نەکراون. بەداخەوە لەچاپی دووەمیشدا ئەم کەموکووڕیانە چارەسەر نەکراون، هەر بۆیە لەڕووی ئامارەوە کەموکووڕی هەیە.

دووەمین سەرچاوە لەم بارەیەوە کتێبی ((وێرانکردنی ولاّتێك)) لە

---

17 ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجیی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان: تەرحیل تەبعیس تەعریب، چاپی دووەم، بلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلّینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩. ئەم کتێبە لە سالّی ١٩٨٧ وەك سێیەم کتێبی زنجیرەی لێکۆلّینەوەی دەزگای رۆشنبیری کۆمەلّەی رەنجدەرانی کوردستان بلاّوکرایەوە. هەروەها دوای ١٢ سالّ سەنتەری لێکۆلّینەوەی ستراتیجیی کوردستان بۆ جاری دووەم بەبێ دەسکاری لە چاپیدا.

نووسینی شۆڕش ڕەسوله[18]، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٩٠ لە ئەمەریکا چاپ بووە. لەم کتێبەدا وەك نووسین و ڕاڤە لەمەڕ ڕاگواستن هیچ نەنووسراوە، بەڵکو تایبەتە بە خستنەڕووی ئامارەکانی گوند، بنکەی تەندروستی، قوتابخانە، مزگەوتە خاپوورکراوەکان لە کوردستانی خواروو لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٣ـ١٩٨٩، ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هەروەها لە سەر ئاستی دەرەوەش باوەڕپێکراوە. ئەم سەرچاوەیە لەڕووی داتاکانەوە زۆر لە کتێبەکەی پێشتر دەوڵەمەندتر و وردترە، بەڵام دیسان ئامارەکانی ناو ئەم کتێبەش کەموکووڕیان هەیە و نووسەر تەنیا ناوی ٣٨٣٩ گوندی ژماردووە، لەکاتێکدا ژمارەی گوندە ڕاگوێزراوەکان لەوە زێترە. ئامارەکانی ئەم کتێبە لەبارەی ژمارەی گوندە خاپوورکراوەکان لە کوردستانی خواروو بووە بە یەکێك لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان، تەنانەت هەندێ نووسەر و تۆژەر بڕوای تەواویان پێ هەیە و وەك تاکە سەرچاوە لە خستنەڕووی زانیاریەکاندا پشتی پێ دەبەستن. لەوانەش بۆ نموونە نوری تاڵەبانی، خەلیل ئیسماعیل، هەروەها سلێمان عەبدوڵلا لە باسەکەیدا ((ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا)) (سلێمان عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوە) وەك تاکە سەرچاوە وەریگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ڕەنگە گرنگترین لێکۆڵینەوە لەمەڕ ڕاگواستن ئەوەی ((شۆڕش ڕەسووڵ)) بێت لە بەیاناتی ژمارەیی لەبارەی گوندە خاپوورکراوەکان و... درێژەی پێدەدات و دەڵێت: ((ئێمەش لێرەدا لەبەر گرنگی و وردیی بەیاناتەکان پشت بەو زانیاریانەی کە لەخشتەکانی ئەو ئامارانەدا هاتوون دەبەستین، پاش ئەوەی لە ڕاستی هەندێ لەو زانیاریانەمان کۆڵیەوە)). هەروەها لە

---

18 Shoorsh M. Resool. Statistics of Atrocities in Iraqi Kurdistan, U.S.A. 1990.

باسێکی دیکەشدا بە ناوی ((گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق)) (سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٧، پایزی ٢٠٠٠، ل ١٥٩ ـ ١٨٣) لە خستنەڕووی داتاکان زۆرترین پشت بەم سەرچاوەیە دەبەستێت. بە پێی ئەم کتێبە بێت دانیشتووانی تەنیا ٤٠ گوند لە ساڵەکانی ١٩٧٧ـ١٩٧٨ لە پارێزگای دهۆك راگوێزراون. لەکاتێکدا ئێمە لە کتێبی ((ئەمین قادر مینە))دا دەخوێنینەوە کە لەو دوو ساڵەدا زیاتر لە ٢٠٧ گوند لە پارێزگای دهۆك خاپوورکران لە کاتێکدا ئەم ژمارەیەش ژمارەیەکی ورد نییە و گوندە خاپوورکراوەکان لەم ڕێژەیەش زیاترن. لە راستیدا دوای ئەوەی ئێمە لە زانیاریەکانی ناو ئەم کتێبەمان کۆڵیەوە، بۆمان دەرکەوت ئەو زانیاریانە لەبەر چەند هۆیەك لە هەندێك رووەوە کەموکوڕیان هەیە.* بۆیەش ناکرێت هیچ باسکارێك تەنیا پشت بەم کتێبە ببەستێت بەتایبەتیش ئەو بەشەی کە تایبەتە بە پارێزگای دهۆك و مووسڵ، هەروەها هەردوو ناوچەی مێرگەسوور و سیدەکان. لە هەموویشی خراپتر ئەوەیە کە ئەم تۆژەرانە گەیشتوونەتە ئەو راستیەی کە ئەم کتێبە زۆربەی هەرە زۆری گوندە راگوێزراوەکان لە خۆی دەگرێت، لە ئەنجامی ئەوەشدا خوێنەران و چاودێرانیش دەگەنە ئەو باوەڕە هەڵەیە.

پێمانوایە ئەو ژمارەیەی شۆڕش رەسووڵ تۆماری کردووە ژمارەیەکی کەمە بۆ گوندە خاپوورکراوەکانی کوردستان. میدل ئیست وۆچ ئاماژە بە ئامارێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی** حکومەتی هەرێمی

---

*ئەم کتێبە سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەکانی تا ئێستاش متمانەپێکراوترین و تەنانەت وردترین سەرچاوەیە.

** ئەو ئامارەمان دەست نەکەوت.

کوردستان کردووە، کە لەو ئامارەدا ناوی ٤٠٤٩ گوند تۆمار کراون.[١٩] لە بەرامبەر ئەوەشدا ئەو ژمارەیەی کە دەسەڵاتی کوردی زۆربەی جاران ئاماژەی پێدەکات بەبێ ئەوەی ئامارێکی رەسمیان هەبێت هێندەی ئێمە ئاگادارین، واتە ٤٥٠٠ گوند، راستە.

وەك ئامارێکی سەرەتایی دەتوانین هەندێك ئامار بخەینەڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

- لە ساڵەکانی ١٩٧٥ـ ١٩٧٦ نزیکەی ٦٨٠ گوند خاپوورکران.
- لە ساڵەکانی ١٩٧٧ـ ١٩٧٩ نزیکەی ٩٠٠ گوند خاپوورکران.
- لە ساڵەکانی ١٩٨٠ـ ١٩٨٦ نزیکەی ٤٠٠ گوند خاپوورکران.
- لە ساڵی ١٩٨٧ نزیکەی ٨٤٠ گوند خاپوورکران.
- لە ساڵی ١٩٨٨ نزیکەی ١٦٧٠ گوند خاپوورکران.
- لە ساڵەکانی ١٩٨٩ـ ١٩٩٠ زیتر لە ٧٠ گوند خاپوورکران.*

کەواتە بەپێی ئەم ئامارە سەرەتایەی ئێمە نزیکەی ٤٥٦٠ گوند لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٥ـ١٩٩٠ خاپوورکراون،** جگە لەم حاڵەتانەی خوارەوە: یەکەم، ئەو گوندانەی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٣ـ١٩٧٥دا خاپوورکراون. دووەم، شاروچکە راگوێزراوەکان، هەروەها ئەو ئوردووگایانەی کە دانیشتووانەکانیان بۆ جاری دووەم راگوێزران. سێیەم، دانیشتووانە راگوێزراوەکانی ناو شارەکان.

---

19 میدل ئیست وۆچ، جینۆساید لەعێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: سیامەندی موفتی زادە، چاپ و پەخشی خاك، سلێمانی ١٩٩، ل ٥٣٠.

* بۆیە سەرچاوەکان ناخەینە ڕوو، چونکە یەکەم، سەرچاوەکان زۆرن جێگەیان نابێتەوە لێرەدا. دووەم، لە بەشی سێیەمدا هەوڵدەدەین بەدرێژی و وردی هەموو ژمارەکان و هەروەها سەرچاوەکان بخەینە ڕوو.

** تۆژەر ناوی نزیکەی ٤٢٥٠ گوندی هەیە.

هەڵبەت ئەم ئامارەی سەرەوە ئامارێکی ورد نییە و ئێمە پێمانوایە لە توانادا نییە هیچ ئامارێکی ورد لەبارەی راگواستنەوە لەم دۆخەی ئێستادا بکرێت، چونکە مەسەلەکە زۆر ئاڵۆزترە لەوەی کە بیری لێ دەکەینەوە، سیاسەتی راگواستن زێتر لە ٣٥ ساڵ بەردەوام بوو، خەڵکی هەندێك ناوچە چەندین جار و بۆ چەندین شوێنی جیاواز راگوێزراون...هتد. ئێمە لەو بڕوایەداین لە داهاتووشدا ئەگەری ئەوە زۆر کەمە ئامارێکی وردی راگواستن بکرێت. ئەوەی ئەو ئامارە زەحمەت دەکات جگە لەو هۆیانەی لەسەرەوە باسکران، هۆی دیکەش هەن، لەوانەش: ئەو گوندانەی بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٧٥ یاخود کۆتایی حەفتاکان خاپوورکران، هەروەها هەمان ئەو گوندانە دووبارە لە ساڵانی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ خاپوورکرانەوە، ئێمە بە زۆری بەیەك گوند لەقەڵەمی دەدەین، بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکەین بەزۆری ئەمەی دوایی هەمان ئەو خەڵکە نییە ئەو گوندەی ئاوەدانکردووتەوە، دەشێ تەنیا چەند خێزانێك بن دوای چەند ساڵێك ئەوێیان ئاوەدان کردبێتەوە. هەروەها ئەو خەڵکە دوو جار زیانی بەرکەوتووە. هۆیەکی دیکە ئەوەیە بەدرێژاییی هەشتاکانی سەدەی رابردوو ئێمە بۆ ئاماری گوندە خاپوورکراوەکان بەزۆری پەنا دەبەینە بەر نەخشە و ئامارە رەسمیەکان، لەکاتێکدا بەدرێژایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەدان گوندی کوردی لە ناوچە *قەدەغەکراوەکان* ئاوەدانکرانەوە. بەشێکی زۆریان لە شوێنی جاران ئاوەدان نەکرانەوە لەترسی فرۆکە جەنگیەکان و بۆمباباران، هەروەها زۆر لەم گوندانە ناوی نوێیان هەبوو. ناوی ئەم گوندانە لەهیچ ئامارێکدا تۆمار نەکراوە و لەسەر هیچ نەخشەیەکیش ئاماژە بەم گوندانە نەکراوە.

باسی دووەم: ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان

ئاکام واتە ئەو ئەنجامەی لە کردە، پرۆسە، مامەڵە و هەڵسوکەوت، هەڵوێست، رووداو، وتووێژ، بڕیار یاخود سیاسەتێك دەکەوێتەوە. ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئاکامانەن کە کۆمەڵایەتین یاخود رەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە.

پێمانوایە بۆ باسکردن لەو ئاکامە کۆمەڵایەتیانەی لەهەر بارێك لەوانەی لەسەرەوەدا ناویان هات، پێویستە چەند خاڵێك لەبەرچاو بگرین:

١ـ مەرج نییە لەهەر یەکێك لەو بارانەی سەرەوە تەنیا ئاکامێك بکەوێتەوە، بەڵکو بەزۆری لەهەر یەکێك لەو بارانە ئاکامگەلێکی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن و ئەو ئاکامانە پەیوەندیان بەیەکەوە دەبێت.

٢ـ دەکرێ لەسەرهەڵدانی هەر ئاکامێکدا زێتر لە فاکتەرێك ئامادە بێت، یان فاکتەری دیکە لەپاڵ فاکتەری سەرەکیدا راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ رۆڵی لە دەرکەوتنی ئاکامەکەدا هەبێت.

٣ـ مەرج نییە هەموو ئاکامەکان لەهەمان ماوەدا یاخود لەگەڵ بەکۆتاهاتنی ئەو بارەی ئاکامەکانی لێکەوتوونەتەوە دەرکەون. دەشێ هەندێ ئاکام لەسەرەتای بارەکەدا و هەندێکیان لەگەڵ بەکۆتاهاتنی و لەهەمان کاتدا هەندێکیان تاڕادەیەك درەنگتر سەرهەڵدەن. واتە مەرج نییە هەموو ئەو ئاکامانەی لەبارێك دەکەونەوە هاوکات و پێکەوەبن.

٤ـ ئەو ئاکامانەی لەبارێك دەکەونەوە مەرج نییە هەموویان نێگەتیڤ یاخود هەموویان پۆزەتیڤ بن، دەشێ زۆرتریان نێگەتیڤ و هەندێکیان پۆزەتیڤ بن یاخود بە پێچەوانەوە.

٥ـ هەروەها هەر یەکێك لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان لە یەکێك

لەم بوارانەشدا کولتووری، دانیشتووانی، پەروەردەیی، تەندروستی... جێگەی دەبێتەوە، واتە ئێمە ئاکامە کولتووری، دانیشتووانی، ئابووری... یەکان بە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان لەقەڵەم دەدەین.

٦ـ دەشێ ئەو فاکتەرەی ئاکامی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە، بارێکی سروشتی یاخود مرۆیی بێت.

٧ـ ئاکامەکان لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتیانەوە پشت بە کۆمەڵێك فاکتەری وەك شوێن، کات، باری کۆمەڵایەتی دەبەستن.

لەم باسەدا مەبەست لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان، دەستنیشانکردن و ئاماژەکردنە بەو ئاکامانەی کە کۆمەڵایەتین یان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە و لە ئەنجامی پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی کوردان لە عێراقدا سەریانهەڵداوە. ڕاگواستن وەك سیاسەتێك کە بەشێوەیەکی بەرفرەوان هەم لەڕووی دانیشتووان و هەم لەڕووی ڕووبەری زەویەوە وێڕای درێژی ماوەی ئەنجامدانەکەی، دەرهاوێشتە، ئاکام یاخود ئەنجامگەلێکی هەیە. زۆربەی ئەو ئاکامانەش کۆمەڵایەتین یاخود ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە... بەدەستەواژەیەکی دیکە: هەندێك لە دیاردەکان تەواو کۆمەڵایەتین، بۆ نموونە گۆڕینی شوێنی حەوانەوەی دانیشتووان، تێکەڵکردنی خەڵکی چەند گوندێك یان زێتر لە عەشرەتێك لە ئوردووگایەکدا و... بەشێکی تری ئاکامەکان بۆ نموونە زۆربوونی بێکاری یاخود گۆڕانی پیشە لە مەڕداری و جووتیاریەوە بۆ کارمەندی کەرتی گشتی. هەروەها دروستکردنی قوتابخانەی زۆر و هەوڵدان بۆ خوێندەوارکردنی زۆرترین ژمارەی ڕاگوێزراوان. وێڕای ئەوەی کە بێکاری و گۆڕانی پیشەی هاوڵاتیان دیاردەی کۆمەڵایەتین و ئەنجام و ئاکامی کۆمەڵایەتیان هەیە پەیوەندیەکی پتەویان هەیە بە کایەی ئابووریەوە و ئابووریناسان بە چاوێکی دیکەوە سەیری دەکەن، بەهەمان شێوەش سەبارەت بە

بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و زۆربوونی قوتابخانەکان کە دیاردەی کۆمەڵایەتین، پەیوەندیەکی راستەوخۆ و توندوتۆڵیان بە بواری پەروەردەوە و فێرکردنەوە هەیە... لەهەمان ئەو سەروبەندەدا دەکرێ ئاماژە بە ئاکامی دیکەش بکەین وەك کەمبوونەوەی مردن بەتایبەتی مردنی منداڵان یاخود گۆڕانی باری دارایی راگوێزاوان. دیسان دەکرێ بڵێین راگواستنی دانیشتووان و تێکەڵبوونیان بە خەڵکی ناوچەکانی دیکە و هاتنی توخم و رەگەزی نوێ بۆ ناو ژیانیان ئاکامگەلێکی کولتووری خۆی هەبوو، لەوانە گۆڕانی دابونەریت، سەرهەڵدانی بەهای نوێ و لاوازبوونی بەهای دیکە...

ئێمە لەم باسەدا بەپێی توانا هەوڵدەدەین پەنجە بخەینە سەر ئەو ئاکامە کۆمەڵایەتیانەی لە ئەنجامی کردەی راگواستن لە کوردستانی خواروودا دەرکەوتن. بۆ نموونە کۆکردنەوەی خەڵکی لە چەند ئوردووگایەکی نزیکداو دوورخستنەوەیان لە گوندە دوورەدەستەکان و کەمبوونەوەی ئیش و کاری راگوێزراوەکان و بوونی قوتابخانە لە هەموو ئوردووگایەکدا دەشێ بڵێین ئەوەی لێ کەوتەوە کە زۆربەی زۆری منداڵەکان ئەگەر نەڵێین هەموویان دەرفەتی خوێندنیان بۆ بڕەخسێت. کەمبوونەوەی نەخوێندەواری لەنێوان منالاًندا لە پشتێنەی سنووری راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئاکامێکی سیاسەتی راگواستن بوو. هەروەها راگواستنی گوندنشینەکان و دوورخستنەوەیان لە زەوی و زاری خۆیان پیشەی زۆربەی راگوێزراوانی گۆڕی لە شوانکاری و داچاندنی زەویەوە بۆ کارمەندی یاخود کرێکاری و...هتد

بەکورتی لە رێی دەستنیشانکردن و پەنجەدانان لەسەر ئاکامەکان دەتوانین بسەلمێنین کە گۆڕانێك رووی داوە و ئەم گۆڕانە چەندە ریشەیی بووە.

باسی سێیەم: گۆڕانی کۆمەڵایەتی

چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەوانەیە یەکێك بێت لەو چەمکانەی زۆر بە فرەوانی لە زانستی کۆمەڵناسیدا بەکاردێت، بە رادەیەك کە رەنگە هیچ زانایەکی کۆمەڵناسی نەبێت بە جۆرێك لە جۆرەکان کاری لەسەر ئەم چەمکە نەکردبێت. هەر بۆیەشە دەبینین تیۆرگەلێکی زۆر لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمەڵناسە هەرە بەناوبانگەکانەوە دارێژراون.

کۆمەڵگا بە پێکهاتەکەیەوە هەروەها کایە جیاوازەکانی، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، بەها و نۆرمەکان، دابونەریت... بەردەوام لە گۆڕان دایە. هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی وەستاو و جێگیر نیە، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش. رەنگە نەتوانین هیچ یاسایەك لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە بگشتێنین و جەختی لە سەر بکەینەوە، وەك ئەوەی کە گۆڕان خۆی پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەڵام ئەوەی کە چەندە بەردەوامە، خێراییەکەی چەندە، بە چ ئاراستەیەکدا هەنگاو دەنێت، هۆیەکانی چین و کوسپ و تەگەرەکانی بەردەمی کامانەن، ئەو هۆکارانە چین کە گۆڕان دروست دەکەن و گۆڕانەکە چەندە بەرفرەوان و سەرتاپاگیرە ... هتد؟ ئەمانە هەموویان لەلای کۆمەڵناسێکەوە بۆ کۆمەڵناسێکی دیکە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر، یاخود لەنێوان کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگایەکدا بە جۆرێك لە جۆرەکان جیاوازن.

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبینین باوکان گلەیی لە کوڕەکانیان دەکەن بەوەی لەسەر رێچکەی ئەوان ناڕۆن و رەفتاریان لە رەفتاری ئەوان جیاوازە؛ خەڵکێکی بەتەمەنی زۆر دەبینین گازەندە لە زەمەن دەکەن و پێیانوایە زەمەنی ئەمڕۆ لەگەڵ زەمەنی ئەوان جیاوازە؛ خوێندنەوەی رۆمانێك کە مێژووی رووداوەکانی لە سێ دەیە

زێدەتر نیە، یان بیرەوەری نووسەرێك یاخود مێژووی شۆڕشێکی کوردیی زوو، بینینی فیلمێکی عەلی ئەفەندی، سەیرکردنی ئەلبۆمێکی فۆتۆگرافی برادەرێك لە دەیەی حەفتاکان ـ هەموویان باس لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن کە بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا هاتووە.

پێموایە باسکردن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەك ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا روویداوە، لە قورسترین کارەکانە، لەبەر ئەوەی یەکەم، هیچ تۆژینەوەیەك کە شیاوی باس بێت لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا نەکراوە، یاخود ئێمە لێی ئاگادار نین. دووەم، کتێبخانەی کوردی خاوەن سەرچاوەگەلێك نییە کە لە توانایان دابێت تیشك بخەنە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، رەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان بەر لەوەی دووچاری ئەو گۆڕانە بێنەوە کە ئێمە مەبەستمانە لێی بکۆڵینەوە. سێیەم، گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەنجامی تاکە فاکتەرێك نیە، بەڵکو وەك هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان چەند فاکتەرێك پێکەوە بەرێژەی جیاواز دەستیان لە دروست کردن یاخود خێراکردن و رەخساندنی بواری ئەو گۆڕانەدا هەبووە. لێرەشدا ئەرکی ئێمە زەحمەتتر دەکەوێت کاتێك دەمانەوێت بپەرژێینە سەر رۆڵی تەنیا هۆکارێك (راگواستن)، چونکە راگواستن لە کوردستانی خوارووە بە هیچ شێوەیەك تاقە هۆکاری ئەو هەموو گۆڕانە گەورانە نییە کە کۆمەڵگای کوردی بەخۆیەوەی بینیون. کۆمەڵگای کوردی دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەلێ زێتر لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیوە، کەچی راگواستن زێتر لەهەشتاکاندا پیادە کراو و رووبەرێکی زۆر زێتری گرتبووەوە. بۆیە دەستنیشاکردن و جیاکردنەوەی تەنیا ئەو دیاردەو ئاکامانەی کە بەرهەمی سیاسەتی راگواستنن کارێکی قورسە. دواجاریش ئەوەی

ئەرکی ئێمەی قورستر کردووە ئەوەیە کە ئەگەرچی کوردستانی خواروو تاکە خاڵێك نییە لە جوگرافیای جیهاندا ڕاگواستنی تێدا ئەنجامدرابێت، بەڵام هیچ لێکۆڵینەوەیەکمان دەست نەکەوت کە شیاوی ئاماژە پێ کردن بێت لەبارەی ڕۆڵی ڕاگواستن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا لە کوردستانی خواروو.

دەکرێ بڵێین مەبەست لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو جیاوازییەیە کە لە بارەکانی پێشوتری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، دامەزراوەکان، دابونەریت... کۆمەڵگایەکدا دەردەکەوێت تا شوێنێك کە ئەو گۆڕانکارییە یەکەم، ئەنجامی یاسادانان یاخود هەنگاوگەلێك بێت بۆ کۆنترۆڵ و ڕێنوێنی کردنی کۆمەڵگا؛ دووەم، ئەنجامی گۆڕان بێت لە کایەیەکی تایبەتی، یاخود بەشی زۆری کۆمەڵگا؛ یان لە سروشت یان ژینگەی کۆمەڵایەتی.[20] لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێت کە مەرجی گۆڕانی کۆمەڵایەتیبوونی جیاوازییە لەنێوان بونیادی کۆمەڵایەتی، دامەزراوەکان، دابونەریت... لەنێوان دوو بار یان زێتردا. دەکرێ بڵێین ئەم جیاوازییە لە ماوەیەکی زەمەنیدا دەردەکەوێت، هەروەها ئەم جیاوازییە ئەنجامی یەکێك لەم دوو هۆکارەیە: یاسادانان، ئەمە لەلایەن ئەو شوێنانەوە دەبێت کە دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە، بۆ نموونە کاتێك ڕژێمی ئەتاتورك یاساگەلێکی جیاواز بەسەر گەلی تورکیادا دەسەپێنێت. ئەویتر بوونی هەنگاوگەلێکە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن و ڕێنوێنی کردنی کۆمەڵگا، ئەم دوو حاڵەتە لە دەسەڵاتەوە هەڵدەقوڵێن، چونکە لە کۆمەڵگادا جگە لە دەسەڵات هیچ لایەنێك توانای بڕیاردان و کۆنترۆڵکردنی نیە. ئەویتر ئاکامی گۆڕانکارییە لە یەکێك لە کایەکاندا یان لە ژینگەی فیزیکی یان کۆمەڵایەتیدا. هەڵبەت گۆڕان لە هەر کایەیەك لە کایەکانی (سیاسی، کۆمەڵایەتی،

---

20 جولیوس گولد و ویلیام ل. کولب، سەرچاوەی پێشوو. ل ٢٢٦.

ئابووری...) کۆمەڵگادا رووبدات کار لە کایەکانی دیکەش دەکات بە پلەی جیاواز. ئیبن خەلدون پێی وایە هەر گۆڕانێك لە سروشتی ژینگە، شێوازی کار و بەرهەمهێناندا دەبێتە هۆی گۆڕان لە ئاکاری مرۆڤەکانیشدا، واتە دابونەریت، بەها و شێوازەکانی ژیان.[21] هەروەها مارکس لەم بارەیەوە وای بۆ دەچێت گۆڕان لە هێزەکانی بەرهەمهێنان، بەتایبەتی لە هۆکار و ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، گۆڕان لە سروشتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگادا دروست دەکات چ دامەزراوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بن یاخود کۆمەڵە چینایەتیەکان لە کۆمەڵگادا.[22]

ئەحمەد زەکی بەدەوی پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات بەوەی بریتیە: ((لە هەموو گۆڕانێك کە لە رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا روودەدات، بونیادەکەی یاخود وەزیفەکەی لە میانەی ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا. گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەم پێیە بەسەر هەموو گۆڕانێکدا دەچەسپێت کە لە پێکهاتەی دانیشتوانی کۆمەڵگا یاخود بونیادی چینایەتی یان سستەمە کۆمەڵایەتییەکان یان شێوازەکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان یاخود لەو بەها و پێودانگانەدا روودەدات کە کار لە رەفتاری تاکەکەسان دەکەن و رۆڵ و پێگەیان لەو رێکخراوانەدا دیاردەکەن کە سەر بەوانن)).[23]

ماکیڤەر و بیدچ وای بۆ دەچن کە گرنگی پێدانی کۆمەڵناسی لە گۆڕاندا، یاخود گۆڕان لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی

---

21 ا. د. مجد الدين عمر خيري خمش، علم الاجتماع بين الموضوع والمنهج، دار المجدلاوي للنشر، عمان، ١٩٩١، ص ١٩٣.
22 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.
23 د. احمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٨٢، ص ٣٨٢.

تایبەتی پێویست دەکات لە فرەیی هۆکارەکان بکۆڵینەوە. ئەم هۆکارانە خۆیان بەشێوەیەك لە شێوەکان کۆمەڵایەتی نین، بەڵام بە جۆرێك کاریگەری دەنوێنن کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکەن.[٢٤]

ئەگەر لە پێناسەی بەدەوی و ڕای دوو کۆمەڵناسان (ماکیڤەر و بیدچ) وردبینەوە، دەبینین ئەوانەی دوایی پێیان وایە تەنیا هۆکارێك نییە گۆڕان دروست دەکات، بەڵکو فرەهۆکارێکن کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕن. کەواتە ئەوان تاك هۆکاری ڕەتدەکەنەوە؛ زۆر لە رەخنەگرە نوێخوازەکان لەمەدا لەگەڵ ناوبراوان هاوڕان، لەوانەش ئایزیا بێرلین کە رەخنە لە تیۆرەکانی کونت، سبنسەر و مارکس لەمەڕ گۆڕان دەگرێت و پێی وایە تیۆری حەتمین و گۆڕان بە ئەنجامی تاکەهۆکارێك لەقەڵەم دەدەن. لەو ناوەدا ئەوەی زۆر بەوردی دیراسەی هۆکارە بەنێویەکداچووە جیاوازەکانی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا کردووە((سورۆکین))ە.[٢٥] جێگەی خۆیەتی باس لەوەش بکەین کە کۆمەڵناسی فەرەنسی ((گی روشێ)) لە کتێبەکەیدا ((گۆڕانی کۆمەڵایەتی)) وای بۆ دەچێت کە کۆمەڵناسە کۆنەکان (*کونت، سبنسەر و مارکس* ...) باسیان لە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی Social Transfomation کردووە، کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان زێتر پرژاونەتە سەر باسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی Social Change لێرەشدا دەبینین دژایەتییەك لەنێوان ((گی روشێ)) و ((بۆتۆمۆر)) ،((ماکیڤەر)) ، ((بیدچ))دا هەیە لەبارەی پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی.[٢٦]

---

24 ا. م. ماكيفەر و شارلز بيدچ ، المجتمع، الجزء الثالث، ت: د. سمير نعيم احمد، مكتبة النهضة المصرية، قاهرة، ١٩٧١، ص ١٠٩٠.

25 بوتومور، تمهيد في علم الاجتماع، ترجمة و تعليق د. محمد الجوهري و الاخرون، الطبعة الثانية، دار الكتب الجامعية، اسكندرية، ١٩٧٣، ص ٤٦٦.

26 گی روشه، تغيرات اجتماعی، ت: دكتر منصور وثوقی، چاپ هشتم، نشر نی، تهران، ١٣٧٧ (١٩٩٨)، ص ٢٦.

لە پێناسەی ئەحمەد بەدەوی دا زۆر راشـــکاوانە بـاس لەماوەیـەکی زەمەنی دیاریکراو، کراوە. واتە ناوبراو بوونی ماوەیـەکی زەمـەنی کـە ناکرێ زۆر کورت بێت بەمەرجی دروستبوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لـە یەکێك یان زێتر لەو توخمانەی کە ئەو ناوی بردن دەزانێت. هۆکارەکانی گۆڕان وەك تەکنەلۆجیا، شەڕ، وشـکە سـاڵیەکی تاڕادەیـەك درێـژ ... یەکسەر گۆڕان لە بونیادی کۆمەڵگادا دروست ناکـەن، بـەڵکو کـات پێویستە تا گۆڕانەکە هەست پێدەکرێت.

بونیـادی کۆمەڵایـەتی دەگۆڕێـــت، گەشـــە دەســـەنێت و خـــۆی دەگونجێنێت لەگـــەڵ هـــەر هەڵوێســتێکی گـــۆڕاو بەمـــەرجێك گـــۆڕان لەشـێوەکانی بیرکردنـەوەی زۆر لەدەسـتەو گرووپـەکانی کۆمـــەڵگادا دروست بێت. گۆڕان و گەشەسەندنی کۆمەڵگا لــە جەوهــەری خۆیــدا بریتیــە لــە پرۆسـەی خۆگونجـاندنی ئـەقڵی لەلایـەن تاکەکەســانەوە لەئەنجامی گوشاری بارودۆخێکدا کە چیــتر ئـەو شـێوازەی بیرکردنــەوە پەسەند ناکـــات کـــە بـــەهۆی هەلومـــەرجێکی جیـــاواز لـــە رابـــردوودا شێوەیان وەرگرتبوو.[27] شێوازەکانی ژیـــان و رەفتـــارە کۆمەڵایەتییـــەکان هەر لە خۆیانەوە ناگۆڕێن، وێڕای ئەوەی کە هۆکارە مادیەکان فەراهەم دەبــن پێویســتی بــەبوونی کــاتیش هەیــە تــا جـــۆری بیرکردنـــەوەی فۆرمولەبوو بەجۆرێك لە جۆرەکـــان گۆڕانـــی بەســـەردا دێـــت. هـــاتن و بڵاوبوونەوەی تەلەڤزیۆن لە کوردستانی خـــواروو یەکســـەر شـــەوچەرە و کۆبوونەوەی شەوانی لادێنشینەکانی نەخستە پەراوێزەوە، هەروەکو چۆن کۆچ لــە لادێــوە بــۆ شـــار لەماوەیـــەکی کـــەمدا خەڵکەکـــەی نـــەکردە شارستانی، بەڵکو دوای مانەوەی ماوەیەکی درێژ لەشـــار تـــا ئێســـتاش ئاژەڵە شیردارەکان لەماڵەوە بەخێو دەکەن.

---

27 ا. م. ماکیڤەر و شارلز بیدچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩٠.

ئێمە لە باسەکەماندا جەخت لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە دەکەینەوە کە لە ئەنجامی کۆچی زۆرەملێی کوردەکان لەلایەن رژێمی بەعسەوە، لەماوەی چل ساڵی رابردوودا روویدا. ئەم کۆچە زۆرەملێیە لە رووبەرێکی بەرفرەوان و دانیشتووانێکی زۆری لە ماوەیەکی تارادەیەك درێژدا گرتەخۆ، بەپێی هەموو ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ گۆڕان دەبێ گۆڕان لە کۆمەڵگای کوردیدا روویدا بێت، و ئەمەش لە کایە جیاوازەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەها، دابونەریت، شێوازەکانی بیرکردنەوە و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و... بەرجەستە بووە. بە چ ئاراستەیەکە؟ خێراییەکەی چەندە؟ چەندە بونیادی کۆمەڵگای کوردی گۆڕیوە؟ کامانەن ئەو هۆکارانەی دیکە کە شان بەشانی راگواستن بەشداریان لە گۆڕاندا کردووە؟ سیاسەتی راگواستن چەندە بەسوودو چەندەش بەزیانی کوردەکان شکاوەتەوە؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە کە نە ئەم لێکۆڵنەوەیە و چەند لێکۆڵینەوەی دیکەش دەتوانن وەڵامی هەموویان بدەنەوە، لەسەرەتای ئەم باسەماندا رووبەڕوومان دێن.

گی روشێ پێی وایە لەکاتی توژینەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا شەش پرسیار خۆیان دەسەپێنن:

١ـ یەکەم پرسیار ئەوەیە چ شتێك دەگۆڕێت؟ ئەوە گرنگە پیشان بدەین گۆڕان چ بەشێك دەگرێتەوە، ئایا لە توخمە بونیادیەکان یان لە کولتوور یاخود لە شێواز، بەها و ئایدۆلۆژیادا دروست دەبێت؟

٢ـ گۆڕان بە چ شێوەیەك بە ئەنجام دەگات، چ رێگایەك دەگرێتە بەر، ئایا بە رێگەی رێکخراو یاخود نارێکخراو و نابەردەوام شێوە وەردەگرێت؟ ئایا رووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەیەکی توند دێتەوە؟

٣ـ پێویستە سەرنجی شێوازی گۆڕانەکە بدەین؟ ئایا ئارام و لەسەرخۆ و پەیتاپەیتایە یاخود گۆڕانێکی توند و خێرایە؟

٤ـ دوای ئەوەی چۆنایەتی گۆڕان دەردەکەوێت، دەست دەکەین بە ڕاڤەی هۆکارەکانی گۆڕان و هەلومەرجە گونجاو و نەگونجاوەکانی.

٥ـ ئەوانەی گۆڕانیان دروست کردووە، خستوویانەتە گەڕ و هانیان داوە، هەروەها ئەوانەی کوسپ و تەگەرەیان بۆ دروست کردووە دەناسێنرێن.

٦ـ دوای هەموو ئەمانە پرسیارێك لە بەرامبەر کۆمەڵناسدا قوت دەبێتەوە ، ئایا دەشێ ڕەوتی داهاتووی ڕووداوەکان و ئەو ڕێگایانەی کە کۆمەڵگا دەتوانێت لە ئایندەیەکی دوور یان نزیکدا هەڵیانبژێرێت، پێشبینی بکرێن.[28]

دوای ئەوەی بە گشتی لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە شتێکمان باسکرد و پرسیارگەلێکمان ورووژاند، پێویست دەکات پێناسەی خۆشمان هەبێت بۆ ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی کە مەبەستمانە لەم تۆژینەوەیەدا تیشکی بخەینە سەر؛ بۆ ئەوەش دەڵێین لەم باسەدا مەبەست لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی: ئەو گۆڕانەیە کە ڕاگواستن وەك سیاسەتێکی دوژمنکارانە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە بونیادی کۆمەڵگای کوردی: دامەزراوەکان، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریت، ڕەفتار و هەلسوکوتی تاکەکەساندا و لە ئەنجامی گۆڕینی ژینگەی فیزیکی و کۆمەڵایەتیی بەشێکی زۆری دانیشتووان لە چل ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەم لە کوردستانی خوارووادا دروست بوو.

باسی چوارەم: بەعسیزم

ئەگەرچی لەم باسەدا دەمانەوێ لە بەعسیزم بدوێین، بەڵام لێکۆڵینەوەو باسکردنی بەعسیزم لێرەدا نەك باسێکی ناتەواو و پێنەگەیشتوو دەبێت، بەڵکو پێمانوایە بە هیچ شتێکمان ناگەینێت،

---

28 گی روشە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

جگە لەوە کە سەرەداوێك دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو سستەمە سیاسیەی کە بێ بوونی ئەو بەم هەموو دەسەڵاتەیەوە لە عێراقدا، نەدەکرا ئەم هەموو خوێنە برژێت و میللەتانی عێراق ئەو هەموو رۆژە رەش و تاڵانە تاقیبکاتەوە. بە دەستەواژەیەکی تر، بەعسیزم بەوەی کە سستەمێکی زۆر ئاڵۆزە و، بەپێچەوانەی فاشیزم و ستالینیزم کەمترین لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، رێژەیەکی زۆری نهێنیەکانی ناو ئەم سستەمە هێشتا شاراوەن، مومکین نییە ئێمە بتوانین وێنەیەکی بەرجەستەی بەعسیزم بەم نووسینە کورتە بخەینەڕوو. ئەم نووسینە لەمەڕ بەعس تەنیا پێویستییەکی ئەم تۆژینەوەیەی بەردەستمانەو، هەر بۆیەشە ناکرێت چاوەڕێی زێتری لێبکرێت.

بەعسیزم پێکهاتووە لە دوو بڕگەی ((بەعس)) کە مەبەست حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستە، هەروەها پاشگری ئیزم ((ism))، کە ئەگەر ئەم پاشگرە بخرێتە سەر هەر ناوێك ئەوا مانای رێباز، ئاراستە یاخود قوتابخانە دەگەیەنێت. کەواتە، کە ئەم پاشگرە بۆ حزبی بەعس زیاد دەکەین، ئەوا پێمانوایە بەعس چیتر تەنیا حزبێکی سیاسی نییە وەك زۆربەی حزبەکانی دیکە، بەڵکو رێباز یاخود قوتابخانەیەکە. سەرەڕای تەمەنی تاڕادەیەك درێژی، خەسڵەت و پرەنسیپگەلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە هەم جیای دەکاتەوە لە سستەمەکانی دیکە و هەمیش سستەمێکە بەهرەمەند لە هەموو ئەو دیسپلین و دەکترینانەی کە پێویستە سستەمێك خاوەنیان بێت. ئەندام و پەیڕەوەکانی بەشێوەیەك وێنە دەکات کە جیاوازن لە خەڵکانی دیکە، یان پەیڕەو و ئەندامانی دەستەو گرووپەکانی تر. هەر ئەمەشە وای کردووە کۆمەڵە کەسێك لە کۆمەڵگادا بەهۆی بوونی هەندێك خەسڵەت و رەفتارەوە بە بەعسی ناوزەد بکرێن (بوونی جۆرێك لە

سمێل، ڕەفتاری تاکڕەوانە، تێخوڕین و فەرماندان لەجیاتی بانگ کردن و قسە لەگەڵ کردن...). واتە بەعس کولتوورێکی تایبەتی بەرهەمهێناوە، ئەم کولتوورەی بەعس کاریگەری لەسەر کولتوورەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە و پێکهاتەی فیکری و ڕۆشنبیری تاکەکان هەبووە. بوونی ئەو کولتوورەشە وای کردووە سەرەڕای نەمانی بەعس وەك ئیدارە لە کوردستانی خواروو، وەك ئەخلاقیات و سستەمی ڕەفتار ئامادەیی لەناو ئێمەدا هەبێت و، ڕەگەزەکانی کولتووری ئەو خۆیان پاراستبێت. تەقریر نووسین کە بایەخێکی تایبەتی هەیە لەلای بەعسیەکان*، وەك ئەوەی سەمیر ئەلخەلیل** باسی دەکات، یەکێکە لە چالاکیە گرنگەکانی هەر ئەندامێکی حزبی بەعس، هەروەها دەڵێت تەنانەت ئەو شتانەی کە هاوڕێیەك یاخود هاوکارێك دەیانڵێت پێویستە بکرێنە تەقریر،[29] ئەمڕۆ بۆتە ئەرکێکی ئەندامەکانی حزبەکانمان و کارمەندە ئیدارییەکان. ئەمە کاریگەرییەکی کولتووری بەعسە لەسەر کولتووری سیاسی ئێمە کە دواجار لە کایەی سیاسی پەڕیوەتەوە بۆ کایەکانی دیکەو، پێویستە ئەم دیاردەیە بە دیدی دیکە بخوێنرێتەوە.

((حزبی بەعس حزبێکی سیاسی نەتەوەیی سکۆلاریستی شۆڕشگێڕە، خاوەن تیژی هزری جیاجیایە کە هەندێ کات زەحمەتە پێکەوە کۆبکرێنەوە، چ جای ئەوەی بڕوایان پێ بکرێت...کەلێنێکی فرەوان لەنێوان گوتەو کردەکانیدا بەر لە هاتنە سەر دەسەڵات و گوتە

---

* بۆ زێتر درك کردنی بایەخی ڕاپۆرت نووسین لەلای حزبی بەعس بگەڕێوە بۆ: المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الاول، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ص١١٣-١١٧.

** سەمیر ئەلخەلیل ناوی خوازراوی ((کەنعان مەکیە))یە.

29 سمير الخليل، جمهوری وحشت، سياست عراق امروز، ت: احمد تدين، انتشارات طرح نو، تهران ١٣٧٠ (١٩٩١)، ص ١٠٨.

و کردەکانیدا دوای هاتنە سەر دەسەڵات، دەبینریت.)) [30] لە پێناسەی سەرەوەدا باس لەوە دەکرێت کە گوتە و کردەوەکانی بەعس زۆر لێك جیاوازن، واتە بەعس شتێك دەڵێت، لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانیدا بڕیارێك دەردەکات، بەکردەوە پێچەوانەکەی ئەنجام دەدات. بەعس بە گوتە هەمیشە باسی پێکەوەژیانی کورد و عەرەبی کردووە، بەڵام بە کردەوە کوردی رادەگواست و جینۆساید دەکرد. باسی لە رزگارکردنی فەلەستین دەکرد وەك وڵاتێکی عەرەبی، بەڵام بەکردەوە وڵاتێکی عەرەبی دیکەی داگیر و تاڵان دەکرد.

ئاراس فەتاح پێی وایە ((بەعسیزم دەسەڵاتدارییەکی زۆر تایبەتی ناو زەمەنی پۆست کۆلۆنیالییە و قانگدراوە بە کولتووری شەڕانگێزی ناسیۆنالیستی ـ ئیسلامی عەرەبی.)) [31]

وردبوونەوە لە واتای ناسیۆنالیزم لای کۆنسێپتی بەعسیزم رووبەرووی لۆژیکی ناعەقلانیمان دەکاتەوە، بەر لەوەی وابەستەی ئەقڵ بێت، وابەستەیە بە کەینونیەتی مرۆڤی عەرەبییەوە. بەڕای عەفلەق تاکەکەس ناتوانێت خۆی لە نەتەوە رزگار بکات، پێی وایە عەرەبەکان بیانەوێت و نەیانەوێت هەموویان ناسیۆنالیستن. لێرەشدا چارەنووسی تاك بە چارەنووسی نەتەوە دەبەستێتەوە، تاك لای ئەو تاکێکی پاسیڤە. [32] سەبارەت بە ئیسلامیش، بەعسیزم ئیسلام بە بناغەی عەرەبێتی دادەنێت، واتە عەرەبێتی ئیسلام لەخۆ دەگرێت و بەشێکی

---

30 الندوة العالمية للشباب الاسلامی، الموسوعة الميسرة فی الاديان والمذاهب المعاصرة، الطبعة الثانية، رياض ١٩٨٩، ص ٨٢.

31 ئاراس فەتاح، هەشت قۆناغ لە سیستمێکی کوشتن و سێ بۆچوون، گوڤاری رەهەند ، ژمارە ٧، سوید ١٩٩٩، ل ١٣٤.

32 کاکەڕەش، فاشیزم یان بەعسیزم؟ سەرەتایەك دەربارەی گیوگرفتی میتۆدی لێکۆڵینەوەی بەعسیزم، گوڤاری یەکگرتن، ژمارە ١٤، دانمارك ١٩٩١، ل ٣٨.

دانەبراوێتی. هەڵوێستی بەعسیزم بەرامبەر بە ئیسلام وەك ئەوەی تەنیٚ کولتووری عەرەبان بێت، دەردەکەوێت. بەشداری نەتەوەکانی دیکە لە ئیسلامدا ڕەتدەکاتەوە.[33] لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو کەدوای مردنی میشێل عەفلەق ناوی دەگۆڕن بۆ ئەحمەد و، بانگەشەی ئیسلامبوونی ئەو لە سەرەمەرگدا دەکەن.

سەبارەت بە نەتەوەی کورد و کیشەکەی، بەعس دیدێکی تایبەتی هەیە، دیدێك کە زۆر ڕەگەزپەرستانەیە و کورد وەك نەتەوەیەك نابێت داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات. لە نووسینەکانی میشێل عەفلەقدا هاتووە کە نەتەوەکانی وەك کورد، بەربەر و قبتییەکانی میسر پێویستە خۆیان لەگەڵ ئامانجەکانی حزبی بەعس بگونجێنن و لە دژی دوژمنەکانی بەعس بجەنگن. ناوبراو ئەو نەتەوانە بە کەمینە ناودەبات و لە ڕوانگەی ئەوەوە تاکەکانی ئەو نەتەوانە هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ برا عەرەبەکانیان نییە، هەروەها لە نووسینەکانیدا لەوانەش لە کتێبی((خالّی سەرەتا))دا دەڵێت: بە درێژایی مێژوو هیچ جیاوازیەك لە نێوان کورد و عەرەباندا نەبووە.[34]ساڵی ١٩٧٤یش لە سمینارێکدا لە شاری کەرکوك هەمان گوتە دووبارە دەکاتەوە.[35] عەفلەق بەوەندە ناوەستیٚ بەڵکو لە شوێنێکدا کورد بە عەرەب لە قەڵەم دەدات و دەڵێت : کوردەکان بە درێژایی چەند سەدەیەك هاوڵاتی عەرەب بوون وەکو برا عەرەبە موسلمانەکانیان و هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا نییە.[36] ئەو پێی وایە ئەوەی لەسەرەتادا جیاوازی لە نێوان کورد و عەرەبدا دروست کرد یاخود ئەو جیاوازییەی

---

33 هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

34 میشیل عفلق ، نقطة البداية ـ احاديث بعد الخامس من حزيران ، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤، ص ١٠٥.

35 میشیل عفلق، البعث والعراق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت،، ص ٧٤.

36 میشیل عفلق، نقطة البداية، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.

دۆزیەوە دەوڵەتە ڕۆژئاواییە داگیرکەرەکان بوون.[37] هەر لێرەشەوەیە کە بەعسیزم بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بە بزاڤێکی نارەوا لە قەڵەم دەدات و ئەم هەڵوێستەیان تا لەناوچوونی ڕژێمی بەعس نەگۆڕا. هەمیشە سەرکردە کوردەکانیان بە ئەلقە لەگوێی ئیمپریالیزم و زایونیزم ناوبردوون.

لە ڕوانگەی بەعسیزمەوە ئەو خەباتەی لە کوردستان لەدژی بەعس دەکرا، خەبات نەبوو بۆ ڕزگاری بەڵکو ئەمە دژایەتی شۆڕشی عەرەبی بوو، ئەو شۆڕشەی مۆژدە هێنەری ئاشتی جیهانی بوو و بەعس لەدژی ئیمپریالیزم هەڵیگیرساندبوو، کوردیش بە نوێنەرایەتی ئیمپریالیزم لە کوردستان لەدژی ئەو شۆڕشە دەجەنگا.[38] عەفلەق بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: چۆن دەبێت بزاڤی نەتەوەیی میللەتێکی بچووك بکەوێتە دژایەتی لەگەڵ کاروانی شۆڕشی عەرەبی، ئەم بزاڤە هێشتا ئەو ڕاستیە ڕوونەی بۆ دەرنەکەوتووە کە نابێت لەگەڵ شۆڕشی دایك کە شۆڕشی عەرەبیە بکەوێتە دژایەتییەوە.[39]

لە دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ ساڵی ١٩٧٤ لە نێوان بەعس و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردیدا، عەفلەق زۆر ڕاشکاوانە دەڵێت ئەمە شەڕی نێوان ئەقڵیەتێکی مرۆڤانەی هاوچەرخی کراوە کە ئەقڵیەتی بەعس و ئەقڵیەتێکی ڕەگەزپەرەستی فیودالی پاشکەوتووی نائەخلاقیە کە هیچ ڕێز لە وەفا و ئازادی و سەربەخۆیی ناگرێت.[40] هەروەها دەڵێت: شەڕی کورد بەشێکە لە شەڕی ئیمپریالیزم و زایونیزم و لە

---

37 هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨.

38 عطاب سالم الطاهر، معالجات في الطريق الخاص، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٩، ص ٤٨ .

39 میشیل عفلق، البعث والعراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

40 هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.

دژی عەرەب.[41] ناوبراو وای بۆ دەچێت کە دەبێت بزاڤی نەتەوەیی کوردی بەشێکی ڕەسەنی شۆڕشی عەرەبی بێت لەدژی ئیمپریالیزم و زایونیزم و چەوساندنەوەی چینایەتی دواکەوتوویی و هەموو ئەوانەی دەیانەوێت ئەم بزاڤە بەلایەکی دیکەدا بەرن پێویستە پەنجەیان بۆ درێژ بکرێت و وەکو پیلانێك لەدژی شۆڕشی عەرەبی دیاربکرێت.[42] ئەمە تەنیا بۆچوونی عەفلەق نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیای بەعسە. سەدام لەمبارەیەوە دەڵێت: پێویستە عێراق بکرێتە بنکەیەکی بەهێز لە هەموو بوارێکەوە تاکو خەباتی عەرەبی لە پێناو نەتەوەدا پشتی پێ ببەستێت ، ئەمە بەرپرسیاریەتی هەموو عێراقیەکە سەرەڕای جیاوازی ئینتیمای نەتەوەییان ، بۆ ئەوان باشترە نەتەوەی عەرەب بەهێز بێت و عێراقیش بەشێك بێت لە عەرەب.[43] هەروەها سەدام حوسێن لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ دوژمنەکانی شۆڕشی عەرەبی کە بەعس ئاڵا هەڵگریەتی سێ خاڵ دیار دەکات، لە سێیەمین خاڵدا دەڵێت: ڕاستە تاکە ئامانجێکمان هەیە، کە ئەویش سەرکەوتنی شۆڕەشە، بەڵام شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمندا یەك شێواز نییە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەگۆڕێت بەپێی هەلومەرجە خودی و بابەتییەکان .[44] واتە سەدام و بەعس بەپێی بارودۆخی تایبەتی خۆیان ڕووبەڕووی دوژمنەکانیان دەبنەوە.

کەنعان مەکیە کە نوسەرێکی عێراقییە و دوژمنێکی سەرسەختی بەعسە، یەکەمین کتێبی خۆی لەبارەی بەعسەوە بە ((کۆماری ترس)) ناوناوە. ئەو لە کتێبەکەیدا کە لە ٤٠٠ لاپەڕەی

---

41 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

42 میشیل عفلق. نقطة البداية، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

43 عطاب سالم الطاهر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

44 هەمان سەرچاوە، ل ٤٤.

قەبارە ناوەندی پێکهاتووە باس لە سیاسەتی بەعس دەکات، ئەو پێی وایە ئەوەی لەم وڵاتەدا باڵا دەستە ترسە. ترس لە بەعس یان ئەو ترسەی بەعس بەهۆی دامودەزگا ترسێنەرەکانیەوە بەناو میللەتدا بڵاوی دەکاتەوە. ترسێك کە هەموو شوێنێکی تەنیوەتەوە و هیچ کون و کەلەبەرێکی نەهێشتووتەوە سەری پێدا نەکردبێت. بە کورتی کەنعان مەکیە باس لە ترسی میللەت لە دەسەڵات دەکات، باس لەو ترسە دەکات کە دەسەڵات بەرهەمی دەهێنێت. بەڵام ئاراس فەتاح پێی وایە کە بەعسیزم سستەمێکە هەموو گیانی بە ترس قانگدراوە، نەك تەنیا ترس لە کورد و شیعە، بەڵکو ترس لە خودی ئەندامەکانی خۆیشی.[٤٥] رەنگە هەر ئەم ترسەی دەسەڵاتیش بێت وای کردبێت هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی تەنانەت بچووکترین و سادەترین کێشەش پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت، و هەمیشە بە زمانی هەڕەشە رووبەڕووی بەرامبەرەکانی ببێتەوە و لە هەوڵی توقاندنیاندا بێت. واتە ترس لە کۆماری ترسدا (عێراق) تەنیا ترسی هاووڵاتیان نییە لە دەسەڵات، بەڵکو ترسی دەسەڵاتیشە لە هاووڵاتیان و تەنانەت لە دڵسۆزانی خۆی و نزیکترین کەسانیش لە سەرۆکەوە. بۆیەش دەبینین هەر ماوەماوە کۆمەڵە کەسێکی دڵسۆزی بەعس بە بەهانەی خیانەت و خۆفرۆشی لە سێدارە دەدرێن. گەورەترین هەنگاوی سەدام حوسێن لەو ناوەدا لە ناوبردنی سەرۆك و هاوکارەکەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بوو، دواتریش نزیکەی بیست لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی حزبە لە کاتی گرتنە دەستی دەسەڵات لە ١٩٧٩دا لە سێدارەدران.[٤٦]

هەروەها زۆر کەس پێیوایە ئەم بەسستەمکردنەی ترسە بوو بەعسی لە دەسەڵاتدا هێشتووتەوە، بەڵام بێگومان سەرەڕای بوونی

---

45 ئاراس فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧.

46 عبدالحميد العباسي، صفحات سوداء من بعث العراق، الجزء الاول، ط ٢، بدون مكان الطبع، ١٩٨٤، ص ٣٥.

هاوكێشه نێو نەتەوەیی و هەرێمیەكان كه دەستیان هەیه له مانـــەوەی بەعس و له هەموو ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بەعسیش ئـــەنجامی دان، كـــه ئەمـــه هۆكـــاری دەرەكیـــه، هۆكـــاری نـــاوخۆییش هـــەن كـــه یارمـــەتی بەعسـیان داوه لـــه مانـــەوەی و لـــه درێـــژەدان بـــــه شــــەڕانگێزیەتی. گوتارەكەی دۆلابۆتی له ناوەراستی سەدەی شـــانزەیەم دەتوانێـــت ســـوود بەخش بێت یاخود بەرچاو روونیەك بێت لەم بـــوارەدا. ئـــەو پێـــی وایـــه ئـــەوەی وا دەكـــات دەســــەلاتێكی زۆردار و چەوســـێنەر لـــه دەســــەلاتدا بمێنێتەوە زێتر راهاتنی جەماوەره لەســـەر قبوولكردنـــی زۆرداری، واتـــه خووگرتنـــی تاكـــەكانی كۆمەلگایـــه بـــه زۆرداریيـــەوە، زۆرداری چیـــتر شتێكی نامۆ نییه بـــۆ ئـــەوان.[٤٧] ئەمـــەش لـــه عـــێراقی بەعســـدا كـــه نزیكەی ٣٥ ساڵ فەرمانڕەوایی كرد، جگـــه لـــه راهـــاتنی هاوولاتیـــان لەسەر توندوتیژی و درندەیی بـــەعس، چ شـــتێك بـــەردەوامی ســـەدام ـ ی له دەسەلاتدا دەهێشتەوە؟ تەنیا ئەوەندە كەسەی لـــه هـــەر خولێكـــی شەڕی سەدامدا دەبنه قوربانی بەس بوون بۆ ئەوەی ببنـــه قوربـــانی بـــۆ لەناوبردنی سەدام و حزبەكەی له دەسەلاتدا. لەبەر ئەوەی زۆربەی گەلی عێراق ئەوانەی له خوار چل ساڵیەوەن بۆ رۆژێكیـــش هـــەوای ئازادیـــان نەمژیوه و تـــەنیا چەوســـاندنەوەیان بینیـــوه، چەوســـاندنەوه لای ئـــەوان شتێكی سەیر و نامۆ نەبوو. دۆلابۆتی ستەمكاران بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەكات، شـــوێنی بـــەعس لـــەناو گرووپـــی ســـێیەمدا دەبێتـــەوە، ئەوانەی بەزەبری چەك دەسەلات دەگرنه دەست. لابۆتی له وەســـفی ئـــەو دەستەیەدا دەلێت: ئەوانه وا رەفتار لەگـــەڵ هاوولاتیانیـــان دەكـــەن وەك

---

47 اتین دولابوتی، بردگی اختیاری، رساله درباره سیاست اطـاعت، ت: علـی معنـوی، نشر نی، تهران، ١٣٧٨، ص ٨٨.

ئەوەی داگیر کەری بێگانە بن.[48]

لێکۆڵینەوەی بەختیار عەلی ((لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئـارەزووی فەرامۆشکردن))، گـەلێك خـاڵی گرنـگ لەمـەڕ بەعسـیزم لـە خـۆ دەگرێت. نووسەر لە باسکردن لە مەرگدۆستی بەعسیزم سـەرکەوتووە. ئەو پێی وایە، بەعس هیچ بەهانەیەك بۆ کوشـتن دانـاڕێژێت، چونکـە نایەوێت ئەو بەهانەیە ببێتە رێگر لـە بـەردەم کوشـتن و هـەڵبژاردنی قوربانیـانی دیکـەدا.[49] بـەعس کوردێـك بـە بەهانـەی کوردبوونـەوە ناکوژێت، هەر وەك چۆن بەهانەی کوشتنی شیعەیەك شیعە بوون نیـە، چونکە دیارکردنی ئەم بەهانانە، رێگەی لێ دەگرن عـەرەبێکی سـونی یـاخود دەسـتەیەك ئەفسـەری خـۆی بکاتـە قوربـانی... بـەعس سستەمێکی بە شەڕوشۆڕ و خوێن تینووە، بەبێ خوێـنڕێژی نـاتوانێت بەردەوام بێت.

هەروەها بەختیار عەلی لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەمەڕ بەعس دەڵێـت: ((بۆ تێگەیشتن لە بـەعس، دەبێـت لـە بەعسـەوە خـۆی دەسـت پـێ بکەین، نەك لە مۆدێلێکی تیۆریانەی دەرەوە. دەبێت لێگەڕێین بـەعس خـۆی وەك دیـاردە و سسـتەم چەمکـە تیۆریـەکانمان پێشـکەش بکات...))[50] ئێمە تا ئەوێ لەگەڵ نووسەرداین ئەگەر مەبەستی بێـت بەعسیزم نەکەینە هاوواتای ستالینیزم، فاشیزم و... یـاخود بـەعس و پێکهاتەی بەعس نەکرێنە تاکـە سـەرچاوەی تێگەیشـتن لـە بـەعس. پێمانوایە بۆ تێگەیشتن لە بەعس پێویستە پـەنا بەرینـە بـەر راڤـەی سسـتەمە تۆتالیتارەکـان، بـۆ خوێندنـەوەی بـەعس و راڤـەکردنی

---

48 هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.

49 بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن، گۆڤاری رەهەند، ژمارە ٧، سوید ١٩٩٧، ل ١٨٣.

50 هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣

بەعسیزم، پێویستە بزانین ستالینیزم چیە و فاشیزم لە ئەورووپا چۆن سەریهەڵدا، کەمالیزم لە تورکیا چۆن خۆی چەسپاند، چۆن مەیلی تاکڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵات مۆسۆلینی و هیتلەری پەلکێش کردنە ناو خوێناویترین جەنگەکانەوە، بزانین تۆتالیتارەکان بە چ شێوەیەك هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکەن. وێڕای جیاوازییە زۆرەکانی بەعسیزم لەگەڵ سستەمە ناوبراوەکان. بەعس بەرهەمی هەر هەلومەرجێك بێت، دەردراوی ناخی چ کۆمەڵگایەك و لە چ قۆناغێکدا گەشەی سەندبێت، سستەمێکی تۆتالیتارە. تۆتالیتاریزمیش شتێك نییە نەگۆڕبێت، تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆ تەواو جیاوازە لە تۆتالیتاریزمی کلاسیك. هەروەها لە کۆمەڵگایەکیشەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە بە هەندێك جیاوازییەوە دەردەکەوێت، بەڵام هەر تۆتالیتاریزمە. هەر بۆیەشە ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە بۆ نموونە، سەدام حوسێن بە سەرنجدان لە ئەزموون و پێشینەی فاشیزم و ستالینیزم لە ساڵەکانی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا، چاولێکەر بوو، نەك داهێنەر.[51]

هەموو خەسڵەتەکانی دیکتاتۆرە تۆتالیتارەکان هەر لە بوونی ئایدیۆلۆژیای رەسمی، دیکتاتۆری تاکڕەو، سستەمی کۆنترۆڵی پۆلیسی، پاوانکردنی هۆیەکانی پەیوەندی، پاوانکردنی هۆیەکانی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە و کۆنترۆڵی تەواوی ئابووری،[52] لە بەعسیزمدا بوونیان هەیە. هەروەها بەپێی دەستەواژەی بەناوبانگی مۆسۆلینی ئەرکی حزب وەك ئەرکی دەمارەکانە لە لەشدا، حزب نە

---

51 سمیرالخلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

52 گیلبرت الاردیس، جایگاه فاشیسم در تاریخ اروپا، ت: حشمت الله رضوی، مؤسسة کیهان، تهران ١٣٧١ (١٩٩٢)، ص١٢٣.

سەرەو نە دڵ، بەڵكو كارەكەی بە كاری دەمارەكانی لەش دەچێــت...[53] ئەم وەسفەی حزب كە سەركردەیەكی تۆتالیتار بۆ حــزب كردوویــەتی، كتومت مەسەلەی بەعس و سەدام بوو لە عێراقدا. نــە حكوومــەت و نە بەعس لەلای سەدام جگە لە دەزگایەكی راپەڕاندن شــتێكی دیكــە نەبوون. ئەو وتەیە زۆر ناسراوە كە دەڵێــت: ((ئەگــەر ســەدام گوتــی، عێراق گوتی.))

((هانــا ئــارێنت)) لــە كتێبێكیــدا بــە نــاوی ((هەلومـــــەرجی مرۆیی))، لە سروشتی مۆدێرنیتەدا بە دوای رەگوڕیشــەكانی گوتــاری تۆتالیتاریزم دەگەڕێت.[54] هەروەها هەر سێ بیریار ((برینگتۆن مۆر))، ((ئێرنســت نولتــە)) و ((وێلفگــانگ ســـور))، كــە لــە دەیــەی شەستەكاندا لە فاشیزمیان كۆڵیەوە فاشیزمیان بە شۆڕشێك لــەدژی مۆدێرنیزم ((MODERNISM REVLOT AGAINST)) ناساند.[55] ئەوان پێیان وایە فاشیزم لە پەیوەندیدایە لەگەڵ سەردەمی قەیران و تــەنگژە لە پرۆسەی مۆدێرنیتەدا، بەڵام بەعس وەكو كــەمالیزم موژدەهێنــەری مۆدێرنەیە. ئەگەر فاشیزم لە ئەوروپا لە ئەنجامی شكســتی مۆدێرنــە لە بەدیهێنانی پێداویستیە مەعنەوییەكانی مرۆڤەوە ســەریهەڵدابێت، و لەوێوە بكەوێتە جەمسەری بەرامبەر بــە مۆدێرنــە، ئــەوا مۆدێرنــە دیسان رەخســێنەری ئــەو هەلومەرجەیــە كــە بــەعس لێیــەوە ســەری دەردەهێنێت. بەڵام بەپێچەوانەی فاشیزم، بەعس ناكەوێتە جەمســـەری دژی مۆدێرنــە. ((مۆدێرنــە بــە هــەموو هــێزە گــەورە و توانـــا بـــێ

---

53 هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.

54 حسین بشیریە، دولت و جامعە مدنی، گفتمانهای جامعەشناسی سیاسی، كتاب نقد و نظر، تهران ١٣٧٨ (١٩٩٩)، ص ٩٢.

55 گیلبرت الاردیس، سەرچاوەی پێشو، ل ٢٢٥ـ ٢٥٥.

سنووره‌كانیه‌وه ده‌رگایه‌كی نائاسایی و گه‌وره له به‌رده‌م به‌عسدا ده‌خاته سه‌رپشت، ئه‌وه مۆدێرنه‌یه كه هۆكانی بونیادنانی سوپایه‌كی گه‌وره و ده‌وڵه‌تێك ده‌داته به‌عس كه هێزی سه‌ره‌كین بۆ ركێف كردنی شته‌كان و دروست كردنی رووداوی گه‌وره.))[56] به‌عس نه‌ك ته‌نیا له ناو مۆدێرنه‌دا له دایكبوو ، به‌ڵكو ئه‌وه‌ی بووه هۆی مانه‌وه‌ی به‌عس و ئه‌وه‌ی توانای ئه‌و هه‌موو تاوانه گه‌ورانه و دروست كردنی كولتووری به‌عسیشی ره‌خساند مۆدێرنه بوو. كاتێك ئێمه باس له په‌یوه‌ندی مۆدێرنه و به‌عس ده‌كه‌ین، مه‌به‌ستمان ره‌تكردنه‌وه‌ی پرۆژه‌ی مۆدێرنه نیه ، به‌ڵكو وێرای ئه‌وه‌ی كه ده‌زانین ئه‌قلانیه‌ت، ئۆمانیزم، لیبرالیزم، ئازادی ... هتد پێكهاته‌ی ناو هزری مۆدێرنه‌ن، ده‌بێت ئاگاداری ئه‌وه‌ش بین كه له به‌رامبه‌ر ئه‌م چه‌مكانه‌ی له سه‌ره‌وه‌دا ناویان هات، مۆدێرنه ره‌خسێنه‌ری سه‌رهه‌ڵدانی چه‌ند دیارده‌یه‌كی دیكه‌ش بوو له كۆمه‌ڵگای مرۆڤایه‌تیدا وه‌ك نامۆبوون، به‌شتبوون و سستبوونی په‌یوه‌ندیه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان، توندوتیژی... هتد. هه‌ر بۆیه‌شه باس له رووخساری ژینووسی مۆدێرنه ده‌كرێت. كاتێك باس له‌م دوو رووخساریه‌ی مۆدێرنه‌ش ده‌كه‌ین وه‌ك حوسێنی به‌شیریێ ده‌ڵێت: مه‌به‌ست ئه‌وه نییه كه له پرۆژه‌ی مۆدێرنه‌دا دژایه‌تیگه‌لێكی زاتی هه‌ن، به‌ڵكو ئه‌م دووانه‌یيه ئه‌نجامی گۆڕانی مێژوویی‌ی هزری مۆدێرنه و رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یه‌تی له‌گه‌ڵ چه‌ندین كوسپ و ته‌گه‌ره. له كۆتاییشدا ئه‌وه به بیر ده‌هێنینه‌وه كه چه‌ندین ره‌خنه‌ی شێلگیرانه له پرۆژه‌ی مۆدێرنه گیراون، سه‌ره‌تا له‌لایه‌ن ماركس و ڤیبه‌ر و دواتریش له‌لایه‌ن قوتابخانه‌ی فرانكفۆرت، بونیادگه‌راكان، پۆست مۆدێرنیسته‌كان ...

---

56 به‌ختیار عه‌لی، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ١٨٥.

هتد.[57] ئەم رەخنانە لە ئەنجامی ئەو کێشە و دیاردانەوە سەریان هەڵدا کە لە مۆدێرنە کەوتنەوە. لە کۆتایی ئەم باسەدا دەکرێ بڵێین سەدام ئەگەرچی زێدەتر پەیڕەوی لە ستالین دەکرد و ئەوی بەدڵ بوو وەك بۆ نموونە هیێتلەر، بەڵام چارەنووسی سەدام هەمان چارەنووسی هیتلەر و مۆسۆلینی بوو نەك ستالین.

57 لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ : حسین بشیریە، سەرچاوەی پێشو.

بەشی سێیەم

کۆمەڵگای کورد پێش ڕاگواستن

لەم بەشەی تێزەکەماندا هەوڵدەدین تیشـــك بخەینـە سـەر ڕەوشـی کۆمەڵگای کوردی پێش چارەگە سەدەیەك، یان وردتـر دەتوانـین بڵێـین پێش سـاڵی ١٩٧٥ ، چونکـە ئێمـە گریمـان دەکـەین لـەدوای سـاڵی ١٩٧٥وە کۆمەڵگای کوردی زۆر گۆڕاوە، لەبەر دوو هـۆ: یەکـەم کـە گشتیە و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەخۆیانەوە بینیانە، ئەویش جۆرێـك لە نوێبوونەوە و ڕووکردنە پیشەسازی بوو بە مەبەسـتی گەشەسـەندن لەدوای ڕزگاربوونیان لە کۆلۆنیالیزم. دووەم، تایبەتـە بـە کۆمـەڵگای کوردی، ئەویش کۆچی زۆرەملێ و ڕاگواستنە. هەڵبـەت پێـش سـاڵی ١٩٧٥یـش ڕاگواسـتن هـەبوو (لـە بەشـی چوارەمـدا بـەدرێژی لێـی دەدوێین)، بـەڵام لـەدوای ئـەو سـاڵە بـە شـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر پەرەیسەند، کە تاڕادەیەکی زۆر شێوەی کۆمەڵگای ئێمەی گـۆڕی. بـۆ سەلماندنی ئەوەش هەوڵماندداوە لە دوو بەشی جیاوازدا لـە کۆمـەڵگای کوردی بکۆڵینەوە: لە بەشی یەکەمدا پێـش ڕاگواسـتن (پێـش سـاڵی ١٩٧٥)، تیایدا هەوڵدەدەین زێتر کۆمەڵگای کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا وەرگرین، وێڕای ئەوەی کـە بڕوامـان وایـە کۆمـەڵگای کوردی تا شەستەکانی سەدەی بیست زۆر لە سەرخۆ و بەشێوەیەك کـە هەست پێ نەکراوە، گۆڕانی بە سەردا هاتووە.

له بەشەکەی تردا، دوای ئەوەی راگواستن بە شێوەیەکی بەرفرەوان کۆمەڵگا دەگرێتەوە، ژمارەی گوندەکان بۆ کەمترین رێژە کەمدەبنەوە و فۆرمێکی نوێی گوندەکان بەناوی گوندە هاوچەرخەکان (گوندە شەترەنجیەکان) دروست دەبێت، دواتر هەندێ لەم گوندانە دەبن بە شارۆچکە، هەروەها زۆربەی شارەکانی کوردستانی باشور بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر گەورە دەبن و سیمایان دەگۆرێت. دواجاریش لەدوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ بەشێکی زۆری گوندە کۆنەکان دووبارە ئاوەداندەکرێنەوە، هەوڵدەدەین بزانین لەو ماوەیەدا چ گۆرانێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا رووی داوە.

باسی یەکەم: لادێی کوردەواری پێش راگواستن

لەم باسەدا، کاتێ باسی لادێ دەکەین مەبەستمان لادێی کوردییە لە کوردستانی خواروو؛ وێرای هەموو وێکچوونەکان لە نێوان گوندی هەموو پارچەکانی کوردستان. هەروەها نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە مەبەستمان لە دەستەواژەی (پێش راگواستن) ماوە زەمەنییەکەیە، واتە پێش دەیەی ١٩٧٠ی سەدەی رابردوو ئەو کاتەی راگواستن بە کردەوە نەببوو بە سیاسەتێکی سەرتاپاگیر، نەك هەموو لادێیەك پێش راگواستن، چونکە هەموو گوندەکان پێکەوە رانەگوێزران و ژمارەیەکی بەرچاوی لادێیەکان رووبەرووی راگواستن و کاولکاری نەبوونەوە و تا ئەمرۆش ئاوەدانن.

له خوارەوە هەوڵدەدەین هەندێك لەبارەی گوندەوە بدوێین تا باشتر بتوانین لادێ و دواتریش کۆمەڵگای خۆمان بناسین.

شوێن و شێوەی گوند

شوێنی گوند هەر لە خۆیەوە دیار ناکرێت، چەند هۆکارێك هەن کە رۆڵیان هەیە لە دەستنیشانکردنی شوێنی گونددا. ئەم هۆکارانەش

بەپێی ناوچە جیاوازەکان دەگۆڕێن. شاکر خەسباك چەند هۆکارێك بۆ دیارکردنی شوێنی گوندی کوردی ڕیز دەکات لەوانەش:

١ـ سەرچاوەی ئاو: مەبەست بوونی ئاوی ژێر زەوییە (کانی، بیر و کارێز)، چونکە باران بارین لە کوردستانی خوارو وەرزییە، ناکرێ سوود لە ئاوی باران بەبەردەوامی وەربگیرێ، هەروەها چونکە ڕووبارەکان هەمیشە لە شوێنە نزمەکاندا دەڕژێن کەمتر سوودیان لێ وەردەگیرێت، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە هۆکاری ژمارەی دانیشتووان و توانای سەرچاوەی ئاوەکە، واتە ئاوی گوندەکە چەندە زۆربێت هێندە دەکرێت زێتر لە گوندەکە کۆببنەوە، بەڵام کاتێك ژمارەی دانیشتووان زۆر دەبێت و ئاوەکە بەشیان ناکات، ئەوا بەشێکی دانیشتووانی گوندەکە ناچار گوندێکی تر لەو نزیکانە دروست دەکەن.

٢ـ هۆکاری مێژوویی: لە ئەنجامی ستەمی خێڵایەتی و هەژاری لە کوردستاندا، هەمیشە ئەگەری ئەوە هەبوو دانیشتووانی گوند ڕووبەڕووی تاڵان و بڕۆی خێڵەکانی دیکە ببنەوە، بۆیە گوند لە شوێنێك دادەمەزرا کە لە توانای دابێت خۆی لە پەلاماری خێڵەکانی تر بپارێزێت.

٣ـ هۆکاری کومەڵایەتی: فاکتەری کۆمەڵایەتی هانی خەڵك دەدا پێکەوە لە شوێنێك کۆببنەوە، نەك هەر ماڵەو بە تەنیا.[1]

بەپێتی خاك هۆکارێکی دیکەی گرنگی دروست بوونی گوندی کوردی بووە، هەر بۆیە دەبینین ئەو ناوچانەی کە بە پیتن وەك دەشتەکان ژمارەی گوندەکان لەوێ زۆرترن وەك لە ناوچە شاخاوییەکان

1 د. شاكر خصباك، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص ١٤٦ـ١٥٠.

که بەروبومی کشتوکاڵیان کەمترە. لە لایەکی دیکەشەوە بەرزی و نزمیی زەوی (تۆپۆگرافیا) رۆڵی هەبووە لە دروستبوونی گوند.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە چەمکی گوند لە کوردستاندا، هەم خانووەکانی گوندەکە و هەمیش ئەو زەوی و زارە کشتوکاڵیانەی دەورەی گوندەکەیان داوە، واتە ئاقاری گوندەکە دەگرێتەوە.[2]

بە گشتی دەکرێ گوندی کوردی بەسەر دوو جۆردا دابەش بکەین: *گوندی ناوچە دەشتاییەکان* و *گوندی ناوچە شاخاویەکان*. ئەم دوو جۆر گوندە لەبەر ئەوەی کەش و هەوا و تۆپۆگرافیایان جیاوازە، لە جۆری دابەشبوونی ماڵەکان و شێوەی گوندەکە و رووبەرەکەشیاندا جیاوازیان هەیە.

گوندی ناوچە دەشتاییەکان (بۆ نموونە دەشتی هەولێر و پارێزگای کەرکوك) بەگشتی پێکدەچن. ئەم گوندانە شێوەیەکی زێتر نارێکیان هەیە و مزگەوتی گوند، دیوەخانی ئاغا (ئەگەر هەبێت) و گۆڕەپانی گوند بەزۆری لە ناوەڕاستی گوند دان و هەموو خانووەکان بەدەوری ئەواندا و زۆربەی کوڵانە تەسك و نارێکەکانی ئەم گوندانە لەوێ یەکتر دەگرنەوە. لەم جۆرە گوندانەدا کە رووبەرێکی پان و بەرینیان بە بەرەوەیە خانووەکان هەمووی لە یەکترەوە نزیکن کە ئەمەش جێگەی تێڕامانە. بەزۆریش گوند لە شوێنێکی نزم ئاوا دەکرێت، چونکە پشت بە ئاوی بیرەکان دەبەستن.

خانوو لەم گوندەدا لە خشتی قوڕ دروست دەکرێت، سەریشی ئاخەبانە و پلیکانی لە قوڕ دروستکراویشیان هەیە، بۆیە وەك ژیگەل دەڵێت:((گوندەکان کە بەشێوەی یەکنەوایی لە دەشتی پان و بەریندا داکشابوون ئەو هەستەیان دەبزواند کە هەموویان وەك یەك وان.

---

2 لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: د.خصباك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

گوندەکان بەگشتی بێ دار و درەخت بوون. لە دیمەنی یەك تەختی رەنگ قاوەیی پێدەشتدا دەتوانەوە.))[3]

لە کوێستان گوند دەکەوێتە ناو دۆڵ، بەڵام بە دەگمەن وا دەبێ گوندەکە لە دامێنی دۆڵەکەدا بێ. گوند بە زۆری دەکەوێتە قەدپاڵی شاخ، وا پەسەندە لە بناری شاخان بێ. خەڵکی ئەم گوندانە بەپێچەوانەی دانیشتووانی دەشت کە بایەخێکی ئەوتۆیان بە دار و درەخت نەدەدا، بایەخێکی تایبەتیان بە دار و دەوەن دەدا.*

لەم گوندانەدا خانووەکان لە شێوەی ڕێچکۆلەی مەیلەو ئاسۆیی بە سەر دوو پارچەی سەرەوە و خوارەوەدا دابەش دەبوون. هەروەها لەبەر ئەوەی بەزۆری ئەم گوندانە لە بناری شاخەکان بوون یاخود بڵێین شوێنەکەیان ڕووەو لێژی بوو، خانووەکان بەسەر یەکدا دروست دەکران، بەجۆرێك کە دەتتوانی لە حەوشەی خانووی سەرەوە ڕاستەوخۆ بێیە سەر بانی خانووی خوارەوەی. لەم جۆرە گوندانەشدا خانووەکان نزیکن لەیەکەوە، ئەمەش زێتر لەبەر تەسکی ڕووبەری گوندەکە و نزیکیانە لە سەرچاوەی ئاوەکە.[4]

سەبارەت بە نزیکی خانووەکانیش دەتوانین بڵێین لە شوێنێك کە مەترسی دوژمن هەبێ خانووەکان بەسەر یەکەوە دروست دەکرێن، بەڵام لە نێو هەندێ دۆڵ و گەلیی قووڵدا کە ڕێگەیان سەخت بێ، یان

---

3 لیژەك ژیگل، گوند و شاروچکە کوردییەکانی عێراقی ئێستا، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٥. هەروەها هەر لەبارەی ئەم جۆرە گوندانەوە بگەڕێوە بۆ: د. خسباك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.

* تەنانەت دوای ڕاگواستنیش ئەو چیانشینانەی بۆ ناوچە دەشتاییەکان ڕاگوێزراون، وەکو پێشان بایەخیان بە دار و درەخت داوە. لە دوورەوەرا دەزانرێت خەڵکی ئەم ئوردووگایە پێشتر چیانشین بوونە یاخود لە پێدەشت ڕاگوێزراون.

4 لیژەك ژیگل، کۆمەڵی لادێیی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە، و: عەزیز گەردی، کتێبی سەنتەری برایەتی، کوردستان ١٩٩٩، ل ٨٧ـ٨٨.

سروشتی شوێنەکە وابێ کە دانیشتووانەکەی هەست بە هێمنایەتی بکەن و لە خۆیان دڵنیابن خانووەکان لێکجیا و هەندێ دوور لەیەکتر دروست کراون. هەروەها لە شوێنێك کە داهاتی زەویەکانیان زۆرە گوندەکان لێك نزیکن، لە کێو پارە و ناو دارستانەکانیش دێیەکان لێك دوورن.[5]

زۆربەی گوندەکان لە دەشت و لە شاخ دووربوون لە ڕێگا گشتییەکان، چونکە شەقامەکان ماوەیەکی کەم بوو لە ناوچەکەدا دروست کرابوون و گوندەکانیش بەزۆری مێژوویەکی کۆنیان هەیە، هەروەها حکوومەت تەنیا بایەخی بە پێکەوە بەستنی شارە سەرەکییەکان دەدا.

خانووی گوند

عەلائەدین سەجادی لە کتێبەکەیدا بەناوی ((کوردەواری، ١٩٧٤))، باسێکی تایبەت کردووە بە خانووی کوردی. لەو باسەیدا لە دوو جۆر خانوو دەدوێت، خانوی لادێ و خانووی شار. ناوبراو کە باسی خانووی لادێ دەکات، ئاماژە بە خانوویەك دەکات کە بە هیچ شێوەیەك خانووی چیانشینان نییە، بەڵکو ئەو خانووەیە کە لە گوندی پێدەشتدا هەیە و ئەو بەسەر لادێی کوردیدا گشتاندویەتی*. بە کورتی ئەو بەم جۆرە وەسفی خانووەی گوند دەکات: ژوورێك بۆ دانیشتن و خەوتن، ژوورێك بۆ دانەوێلە و کاسە و کەوچك، ژوورێکی گەورە بۆ گەوری مەڕ

---

5 واسیلی نیکیتین، کورد و کوردستان، و. خالید حوسامی (هێدی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٢٧٣.

*زۆر لە گەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسانیش هەمان ئەم کارەیان کردووە، بەوەی دیاردەیەك، هەڵوێستێك یان دابونەریتێکیان لە ناوچەیەك بینیوە و بەسەر هەموو کوردستان یان بەسەر هەمو کورددا گشتاندووە.

و بزن، ژوورێکی تر بۆ گا و گۆلك، ژووری مەڕومالاّت دەکەوێتە پشت ژووری نووستنی خۆیانـەوە، مەڕومالاّتەکە بە نـاو ژووری نووستنی خۆیانەوە دەڕوا تا دەگاتە پشتیرەکە.[6] ئەمەش خانوویەکی بچووك نییە، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە بەفرێکی زۆر دەباری بەدەگمـەن خانووی بەم گەورەیەیان لیّ دەبینرا.

هانسن بەپێچەوانەوە پێی وایە سیّ جۆر خانوو لە کوردستاندا هەیە، یەکێکیان دەگوازرێتەوە (رەشمال)، کەچی دووەکەی تر چەسپاون و جێگۆڕکێیان پیّ ناکرێت (کەپر، خانوو).[7] ئەو خانووەی *سەجادی* لە گوندی کوردیدا وەسفی کرد خانووێکی گەورە بوو، هەروەها یەك نهۆم، بەلاّم *هانسن* دەڵێت: لە گوندی کوردەواریدا خانووەکان بچووکـن. دوو دیاردە لەم خانووەدا سەرنج رادەکێشن، یەکەم، هـەندیّ جـار هـەیوانی دانیشتن دەکەوێتە نهۆمی سـەرەوە و نـهۆمی خـواریّ دەکەنـە پشـتیر. دیاردەی دووەم ئەستوندی بەسەر کۆڵەکە لە قەدی وشك و سپی کراوی دارچنار دروست دەکرێن.[8]

ئێمە لەوەی سـەرەوەدا رووبەرووی دوو گوتـەی جیـاواز بـووینەوە، *سەجادی* وەسفی خانوویەکی گەورە دەکات لە کوردستان و *هانسن* پێی وایە خانووی کوردەکان بچووکن. هۆیەکـەش رەنگـە ئـەوە بێـت هـەر یەکێکیان باسی خانووی ناوچەیەکی تایبەتی دەکەن، نەك خانووەکـانی هەموو کوردستان. پێشـتر ئاماژەمـان بـەوە کـرد کـە ئـەو خـانووەی *سەجادی* باسی دەکات خانووی دەشتە. هەروەها بـەپێی نووسـینەکانی

---

6 عەلائەدین سجادی، کوردەواری، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٧٤، ل١٧٧.

7 هێنی هارۆلّ د هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و: عەزیز گـەردی، چاپخانـەی کـۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٣، ل ٥٨.

8 هەمان سەرچاوە، ل ٦٨ـ٧٠.

هانسیش، ئەو تەنیا چەند خانوویەکی کەمی کوردستانی بینیوەو ئـەو خانووانەش زێتر هی چیانشینەکان بوون.

خەسباك لە وەسفی گوندی شـاخاویدا دەڵێـت: خـانوو لـە ناوچـە شاخاویەکان بەزۆری لاکێشـەییە. دیـواری دواوە تـەنیا چـەند پێیـەك بەرزە، بانی خانووەکەش کەمێك سەرەو لێژە. ژووری نووستن و دانیشـتن یەك ژوورە، و لەوانەیە ژوورێکی بچووك تاییـەت بکرێـت بـە میـوان. ژوورەکانی تر بۆ ئاژەڵ و کەلوپەلەکانن. کەم رێدەکەوێ رەشـەولاخ لـە هەمان ژووری لادێیەکاندا بمۆلن. خانوو یەك دەرگای هەیـە، بـەلام لـە ژوورەوە دەرگای دیکە هەن. بەڵام خانوو لە دەشتی هەولێر و کـەرکووك جیـاوازە، شـێوەکەی چوارگوشـەییە و، بـانێکی کەوانـەیی هەیـە. ژوورەکانیش بەیەکەوە نین و لەیەکتر جیاوازن.[9]

لێرەدا دەتوانین بۆچوونەکانی ((*ژیگـل*))یـش لـە بـارەی خـانووی کوردییەوە زۆر بە کورتی بخەینەڕوو. ئـەو دەڵێـت خـانوو لـە گونـدی کوردیدا یەك نهۆمە، بەڵام خانووە چیاییەکانی سەرسنوور دوو نهۆمن، نهۆمی خواریێ بۆ مالات و ئازووقەیە.[10]

خانووی کوردی لە هەموو ناوچەکان تارادەیەك یەك جۆر نەخشـەی هەیە، بەڵام خانوو لە ناوچە شاخاوییەکان، بەتاییەتی ئـەو ناوچانـەی زستانان بەفری زۆری لێ دەکەوێت، خانوویەکی تاییەتە کە دوو نهۆمە. ماڵی کوردی بەزۆری لە خانوویـەکی سـادە و پـەرپوت پێکدێـت کـە هەموو خێزانەکە (تەنانەت ئەگەر خێزانێکی گەورەش بێت) لە تاکـە ژوورەکە و بەر هەیوانەکەدا دەژین و دەشێ بەشێکی ئەو ژوورە گەورەیە

---

9 د. شاکر خصباك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١ـ١٦٢.

10 لیژەك ژیگل، کۆمـەڵی لادێـی کوردسـتانی عـێراق بەرامبـەر بـە نـوێ بوونـەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢.

ببڕنەوە بۆ کەلوپەل و ئازووقە، هەروەها کۆلیتێکی بچووکیش لە بن دیواری پێشەوە بەلای دەرەوەیدا هەیە، دەشێ خانوو سەرشۆکیشی هەبێت. خانوو لە دەشت دەکرێ دوو حەوشەی هەبێت یەك بۆ ماڵەوە و ئەویتر بۆ مالات ببڕێتەوە. تەنیا خانووی پێدەشت حەوشەی هەیە و لە ناوچە شاخاویەکاندا حەوشە نییە.[11]

جۆری دیکەی خانوو کە *کەپرە* و *هانسن* بە جۆرێکی خانوو لە کوردستاندا ناوی دەبات، ئەویش هەر تایبەتە بە لادێنشینەکان. ئەم جۆرە خانووە (کەپر) لە ناو باخەکان دروست دەکرێت و تایبەتە بە هاوین، واتە خانوویەکە لەپاڵ خانووی هەمیشەییدا (کە وشەی لەپاڵ بەکاردەهێنین مەبەستمان مانا فیزیکیەکە نییە). ئەم جۆرە هەم لە پێدەشت و هەم لە شاخیشدا هەیە. لە ناوچە شاخاوییەکان دانیشتووانی ئەو گوندانەی دەکەونە ناو گەلی و دۆڵەکان لەبەرئەوەی لە هاوین زۆر گەرم دەبێت، دەچنە شوێنێکی تر کە ئاوی هەیە پێی دەڵێن ((زۆم))، یان ((وار))، و لەوێ کەپر دروست دەکەن.[12]

هەروەك چون بینیمان نەخشەی خانوو لە پێدەشت و ناوچە شاخاوییەکان جیاوازە، ئەو کەرەستانەی لە دروست کردنی خانووشدا بە کاردەهێنرێن جیاوازن. کەرەستەی خانووبەرە لە ناوچە چیاییەکاندا لەگەڵ ژینگەی سروشتی دەگونجێت، بەرد لە دیواردا بەکاردێت هەروەها سوود لە قوڕیش بۆ یەکگرتنی بەردەکان وەردەگرن. لە ناوچەی هەورەماندا قوڕ بەکارناهێنرێت.[13] *ڤاسیلی نیکیتین* دەڵێت لە ناوچەی هۆرەمار (دەکەوێتە سەرسنووری نێوان عێراق و تورکیا)

11 بۆ زێتر زانیاری لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤ـ٩٦.
12 واسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥.
13 د. شاکرخصباك، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

خانوو بە بەرد و قسڵ دروست دەکرێن.[١٤] لە زۆر شوێنی دیکەشدا ئـەم جۆرە کەرەستەیە بەرچاو کەوتووە.

کەرەستەی خانووی پێدەشت بەتەواوی جیاوازە، لـە پێدەشـتدا ئـەو شوێنانەی کە بەفر نایانگرێتەوە و رادەی باران بارینیش کەمترە، بـەرد لە دیواردا بـەکارناهێنرێت، ئەمـەش زێـتر لەبـەر ئـەوەی بـەرد لـەو ناوچانەدا کەمە و ئەوەی کە هەشە دەسـت نـادات، لـە جیـاتی ئـەوە بەخشتی قوڕ دیوارەکان دەکرێـن و هـەر بـە قوڕیـش سـواق دەدرێـن. هەروەها لە نێوان چینەکانیشدا قوڕی بە قسڵ و کـا بـەکاردێت. ئـەم خشتانە بەزۆری لەبەر خـۆر وشـك دەکرێنـەوە و لـە هـەندێ شـوێنی کەمیش سوور دەکرێنەوە.*

هەروەها بانی خانووی کوردی تەخت و ئاخەبان بوو. بریتی بوو لـە حەسیری دارخورما[١٥] (لە ناوچە چیاییەکان گەڵای دار مازوو و بـەڕو) و هەراش و قوڕی بە کا و قسڵ (قۆرەپەستی پێ دەڵێن، ئەم شێوازەش لە هەموو شوێنێك پەیڕەو ناکرێت). ئەمانە هـەموویان دەکەوتنـە سـەر چەند کاریتەیـەکی سـپیندار کـە بـە گوێـرەی تـەوەری بیناکـە، بـە بەرینایی، یان بە درێژایی بەسەر دیوارەکان رادەنران... بانەکـەیان بـە چینە قوڕێك سواق دەدا و کە کزر دەبوو، باگوردانیان لەسەر دەگێڕا.[١٦] هەموو بانێکیش باگوردانێکی هەر لە سەر بووە.

---

14 واسیلی نیکیتین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٣
* تەنانەت ئێستاش لە لادێکانی پێدەشتدا قوڕ لـە دروسـتکردنی خانویـەرە، گـەوڕی پەز، دوکان ... هتد بایەخی خۆی هەر ماوە.
15 هێنی هارزۆڵد هانسن، کچانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.
16 لیژەك ژیگل، گوندو شاروچکە کوردییەکانی عێراقی ئێستا، سەرچاوەی پێشـوو، ل ٢١ـ٢٢.

هەموو ئەو بیروڕا جیاوازانەی لەبارەی خانووی کوردیەوە خرانەڕوو، وێڕای جیاوازی و ناکۆکیان لەگەڵ یەکتر دەشێ هەموویان راست بن، بەلاّم هەر یەکە و لەبارەی ناوچەیەکەوە نەك هەموو کوردستانی باشور.

پێویست دەکات ئەوەش بلّێین کە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە تا ئێستا بەسەرمان کردوونەتەوە ئاماژە بە کەمی و سادەیی کەلوپەلی ناومالّی لادێنشینە کوردەکان دەکەن.[١٧] مالّی کۆچەرەکان بۆ نموونە هەر ئەوەندە بوو کە لە چوارپێیەکانیان بار دەکرد.

رەوشی خوێندەواری و تەندروستی

قوتابخانە لە کۆتایی پەنجاکان بەشێوەیەکی بەرچاوتر لە گوندەکانی کوردستاندا بلاّوبووەوە، بەلاّم دەتوانین بلّێین هێشتا قورسایی (خوێندن) لە سەر مزگەوتەکان بوو. مزگەوت هەر لە کۆنەوە رۆلّی فێرکردنی لە کوردستاندا لە ئەستۆ گرتووە، بەلاّم ئەوانەی لە مزگەوتیش دەیانخوێند (فەقێکان) بە گشتی ژمارەیان زۆر کەم بوو، کە ئەمەش چەند هۆکارێکی بابەتیی خۆی هەیە.

خەسباك لە کتێبەکەیدا بەناوی ((الکرد و المسألە الکردیە، ١٩٥٩))دا دەلّێت تەنیا گوندە گەورەکان قوتابخانەیان هەیە. قوتابخانەکانیش (لە شار و لە گوند) کێماسیان زۆرە هەم لەڕووی مامۆستا و هەم لەڕووی کەلوپەل و، دواجاریش لەڕووی پێویستەکانی دیکەی خوێندن.[١٨] پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە گوندەکاندا تەنیا کوڕان دەچوون بۆ قوتابخانە.[١٩]

---

17 د. شاکر خصباك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٦ـ١٦٧.

18 د. شاکر خصباك، الکرد و المسالة الکردیة، منشورات الثقافة الجدیدة، مطبعة الرابطة، بغداد ١٩٥٩، ص ٦٤.

19 بۆ زێتر زانیاری لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: هێنی هارۆلّد هانسن، کچانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦.

هەندێ گوندی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا هیچ خوێندەوارێکیان نەبوو. لە هەمان کاتیشدا لە هەندێ گوندیشدا تەنیا دوو یان سێ کەس توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەبوو، و هەندێ کات مەلای دێ تاکە خوێندەوار بوو لە گونددا.[20] ئەویش ئەگەر گوندەکە مەلای هەبووبێت.

((*هانسن*))یش بۆمان دەگێڕێتەوە کە کتێب و دەفتەر شتی تەواو نامۆ بوون لە ماڵ.[21] لەوەی لە سەرەوە باسکرا دەبینین گوندی کوردی لەڕووی خوێندن و خوێندەوارییەوە لەوپەڕی خراپیدا بوو.

رەوشی تەندروستیش لە رەوشی پەروەردە و فێرکردن باشتر نەبوو، چونکە ئەگەر خوێندنگە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم گەیشتبێتە هەندێك گوندی گەورە لە کوردستانی خوارووداُ، ئەوا هیچ نەخۆشخانەیەك لە هیچ گوندێکی ئەم وڵاتەماندا بوونی نەبووە. زۆربەی جاران نەخۆشەکان بۆ سەر مەزاری شێخ و پیاوچاکان یاخود راستەوخۆ بۆ لای مەلا دەبران، ئەویش یان نووشتەی بۆ دەکردن یان ئامۆژگارییەکی دەکردن. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین هەمیشە *حەکیمی کوردەواری* کە داو و دەرمانی لە گژوگیا دروست دەکرد هەبووە، زۆربەی جار لەلای خەڵکی لادێنشین جێگەی رێز و متمانە بوون.

سەرەڕای نەبوونی دکتور و نەخوشخانە، چەند هۆکارێکی دیکەش رۆڵیان هەبوو لە خراپیی رەوشی تەندروستیدا. لێکۆڵەران گرنگترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی نەخوشی دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی توالێتی تەندروستی (هەندێ کاتیش نەبوونی توالێت، کە ئەم حاڵەتە لە زۆر

---

20 بۆ زێتر زانیاری لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: د. شاکر خصباك، الكرد و المسالة الكردية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

21 هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

گوندی کوردستاندا هەبووە)، کەمی خۆشوشتن، بوونی تەویلە لەپال خانوودا، بەخێوکردنی باڵندە لە ژوورەوە.[22]

هەروەها زۆربەی گوندنشینەکانی جیهان رووبەڕووی دوو کێشەی سەرەکی دەبنەوە ئەوانیش بریتین لە: کەم خوراکی و بەدخوراکی.[23] ئەم دوو حاڵەتەش بە زەقی لە کوردستاندا دیار بوون، بۆ نموونە لە گوندەکاندا سەوزە و گۆشت تەنیا لە بۆنەکاندا دەخۆران.[24]

خەسباك لە شوێنێکدا دەڵێت مردنی ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە ساڵێك کەمترە رێژەیان لە هەموویان زێترە.[25] هەر ئەمەش وای لە خاتوو *هانسن* کردووە بڵێت لە کوردستانی خوارووی وەکو سەدەکانی ناڤین تەنیا منداڵی بەهێز و پتەو دەمێنێتەوە و پێڕادەگا.[26] کاتێکیش کە بەراوردی رێژەی زیادبوونی دانیشتووان بکەین پێش ساڵی ۱۹۷۰ و دوای ساڵی ۱۹۷۰، هەست بەوە دەکەین کە مردن لە کوردستاندا چەندە زۆر بووە.

پیشەی لادێنشینان

وشەی گوند سیما و جۆرێکی نوێی ژینگە بە خەیاڵماندا دەهێنێت، واتە رووبەرێکی زەوی کە داچێنراوە. چەند لایەنێکی بەرهەمهێنان: کێڵگەکان، باخ و بیستان و لەوەڕگاکان ئەو توخمانەن کە رووخساری گوند وێنە دەکەن.[27] هەروەها دەتوانین بە دەربڕینێکی

---

22 منوچهر محسنی، جامعەشناسی پزشکی، نشر طهوری، تهران۱۳۸۰ (۲۰۰۱)، ص ۹۰.

23 هەمان سەرچاوە، ل ۹۲.

24 د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ل ۹۰.

25 د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ل ۸۹.

26 هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ۲٤۸.

27 منوچهر محسنی، جامعەشناسی عمومی، نشر طهوری، چاپ هفدم، تهران ۱۳۸۰ (۲۰۰۱)، ص ۱۹۵.

دیکه بڵێین گوند پێش هەر شتێك جۆرێکی تایبەت لە ژینگە دەردەبڕێت، واتە پارچە زەویەك کە لە لایەن مرۆڤەوە داچێنراوە، هەر بۆیە ئەو ناوچانەی دەست لێنەدراون و نەچێنراون بە گوند ناونانرێن.[٢٨] ئەمەی لە سەرەوە هات وەسفێکی گشتی گوندە لە هەموو جیهاندا، و سەبارەت بە گوندی کوردییش راستە.

ژیگل لە حەفتاکاندا وای بۆ دەچێت کە زۆربەی دانیشتووانی کوردستانی خوارروو بە کشوکاڵەوە خەریکن، بەڵام شان بەشانی زەوی کێلان و داچاندنی دەغل و دان، مەڕومالاتیش بەخێودەکەن.[٢٩] هەڵبەت مەبەستی ناوبراو لادێنشینەکانە نەك دانیشتووانی شار، چونکە باسەکەی ئەو تایبەتە بە لادێنشین. ئەم پیشەیەی کشتوکاڵیش کە ئەو ئاماژەی پێدەکات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاواز بوو. لە کۆتایی شەستەکاندا تاکە بەروبومی دەشتی هەولێر گەنم و جۆ بوو.[٣٠] لە ناوچە چیانشینەکاندا بایەخێکی زۆر بە باغ و رەز دراوە. لە سلێمانی، هەروەك *خەسباك* لە کتێبەکانیدا باسی دەکات، بایەخێکی تایبەتی بە تووتن دراوە. جوتیاری کورد بە شێوەیەکی تێکڕایی یەك مانگا و دە دوانزدە سەر مەڕ و نزیکەی ئەوەندەش بزنیان راگرتووە. بەزۆری هەر کێلگەیەك کەرێکی هەبووە، هەندێ جار ئێسترێك و هەندێ مریشك و چەند عەلەشیشێك.[٣١]

---

28 مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی دیکە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٨٤.

29 لیژەك ژیگل، کۆمەڵی لادێیی کوردستانی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

30 هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.

31 هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.

وێڕای ئەوەی زۆربەی دانیشتووانی لادێنشـین خـەریکی داچـاندن و بەخێوکردنی مەڕومالاّت بوون، ئەمە تاکە پیشەیان نەبوو. *بـرۆدڵ* لـە کتێبە بەناوبانگەکـەیدا بـەناوی *((سـەرمایەداری و ژیـانی مـاددی، ١٩٦٧))* دەڵێت: ئەگەرچی شار بە تەواوی بەرهەمـهێنانی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان و بـەخێوکردنی مـەڕومالاّتی بـە گونـد نەسـپارد، گوندیش بە هەمان شێوە هـەموو چالاکییـە پیشەسـازییەکانی خـۆی رانەگرت، بۆ بەرژەوەندی شارە نزیکەکان... هـەرگیز لادێیـەکان چـۆڵ نەبوونە لە پیشەکاران.[٣٢] ئەمەی *برۆدڵ* باسی دەکات بەتەواوی بەسـەر شارەکانی کوردستاندا دەچەسپێت. *خەسباك* ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە هەر چەندە بەرهەمی پیشەسـازی نـوێ لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی رابردوو رێگای دۆزیوەتەوە بۆ ناو دوکانی گوند و گەورە شـارەکان، بەلاّم کەرەسـتەی پیشەسـازیی گوندەکـان هێشـتا ئەولەویـەتیان هـەبوو. هەروەها درێژەی پێدەدات کە بەرهەمە پیشەسازییەکانی گونـد تـەنیا بۆ پێداویستی خێزان نین، بەڵکو بۆ مەبەستی بازرگانیش بەکاردێن.[٣٣] *هانسنیش* ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە کە دەڵێت تەنیا لە مەڵبەندی سـاکاری لادێ پیشەسـازی خۆمـاڵی هەیـە ئـەویش رسـتن و چنـین و گلێنـەکاری هـەروەها تـەون و جۆلایـی...[٣٤] لـە یادیشـمان نـەچێت لادێنشینانی سەرسـنوورەکان هەمیشـە بازرگـانی زۆریـان لـە نـاودا هەڵکەوتوون، واتـە ئەوانـەی کـاری کڕیـن و فرۆشـتن و گواسـتنەوەی شتومەك دەکەن و بە قاچاغچی ناودەبرێن.

---

32 فرنان برودل، سرمایەداری و حیات مادی، ت: بهزاد باشی، نشر نی، تهران، ١٣٧٨، ص ٥٠١.
33 د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٣٥.
34 هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

بونیادی کۆمەڵایەتیی خێزان لە گوندی کوردەواریدا

تەنانەت ئەمڕۆش تارادەیەك سروشتێکی باوکسالارانە* بەسەر خێزانی کوردی دا زاڵە، وێڕای سستبوونی ئەو سستەمە، چ جای پێش ڕاگواستن، واتە لە دوو دەیەی پەنجا و شەستی سەدەی بیست. جۆری خێزان لە گوندی کوردیدا، خێزانی باوکسالاری (Patriarchal family) بوو. باوك گەورەی ماڵە، دوای ئەو کوڕە گەورەکان دێن ئینجا کچەکان. ئافرەت پلە دوو بوو.[35] ئەمەش شتێکی سروشتییە لەو کۆمەڵگایانەدا کە سستەمی ئابووری پشت بە کشتوکاڵ و شوانکاری ببەستێت. لەم جۆرە چالاکیانەدا باوك ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. دەکرێت بڵێین ژمارەیەك لە خێزانەکان لە جۆری لیپلای (Leplay)** یاخود خێزانی ستێم (Stem Family)ی بوون هەروەها هەندێ لە خێزانەکان لە جۆری ناوەکی بوون (Nuclear Family) کە لە دایك و باوك و

---

35 د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافیة اثنوغرافیة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

*لە ڕاستیدا تارادەیەك ئێستا چەمکەکانی باوکسالاری، باوکسالارانە و باوکسالار لە فەرهەنگی وشەکانی زاناکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا نەماون. جاران ئەم زاراوانە لەبارەی ئەو خێزانانە بەکاردەبران کە پیاوێکی تارادەیەك بەتەمەن فەرمانڕەوا بوو بەسەریانەوە، ئەگەرچی ئەم زاراوانە بەکارهێنانی دیکەشیان هەیە. لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: جولیوس گولد و ویلیام ل. کولب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

**خێزانی لیپلای یاخود ستێمی جۆرە خێزانێکە دەکەوێتە نێوان خێزانی ناوەکی و خێزانی گەورە (کە سێ نەوە باوك و باپیر و نەوە لە ژێر بانێکدا دەژین) ، هەروەها دەکرێ بڵێین خێزانی ستێمی ئەو جۆرە خێزانەیە کە باوك و یەکێك لە کوڕەکانی لە خێزانی سەرەکیدا دەمێننەوە و منداڵەکانی دیکەش هەریەکە بۆ خۆی خێزانێکی سەربەخۆ پێکدێنێت، واتە جیا دەبنەوە لە ماڵی باییان بەبێ ئەوەی پەیوەندی خۆیان بەماڵە سەرەکییەکەوە بپسێنن. لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: اك برن و نیم کوف، زمینە جامعەشناسی. اقتباس ا. ج. اریان پور، نشر سیزدهم، انتشارات گسترە و مؤسسە انتشارات نگاە، تهران ١٣٨٠ (٢٠٠١)، ص ٣٦٨ .

منالّەکانیان پێکدێن. ڕێژەیەکی بەرچاویش لە خێزانەکان، کە ڕەنگە بتوانین بڵێین نزیکەی ٢٠٪ خێزانی گەورە (Extended family) بوون.

نیشتەجێبوونی خێزانی کوردی خەسڵەتێکی باوکانەی هەیە، بەو پێیەی کە ئافرەت دەگوازرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی پیاوەکەی لێ نیشتەجێیە. لە خێزانی کوردیدا هانی خاوەندارێتی تاکەکەسی نەدەدرا، تەنانەت دروستبوونی خێزانی نوێش (بە هێنانی ژن بۆ کوڕەکان) بەزۆری نابێتە هۆی سەربەخۆیی کوڕ لەڕووی دارایییەوە.[٣٦]

خێزان لە گوندا یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنانە، هەروەها کرۆك و ناوەندی چالاکییە ئابووری کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنێت، پشت ئەستوورە بە هاوکاری و دەروەستەیی (التزام)ی بەرامبەر و خۆشەویستی. لە لایەکی دیکەشەوە لەڕووی دەسەڵات و نەسەبەوە باوکسالارانەیە؛ دواجاریش شێوەیەکی هەرەمیانەی هەیە لەڕووی تەمەن و ڕەگەزەوە.[٣٧]

لەبەر ئەوەی خێزان باوکسالارانەیە ئەوا زەمینە و بوارێکی گونجاو دەڕەخسێ بۆ سەرهەڵدانی باڵادەستیەکی دووانەیی. باڵادەستی باوك بەسەر دایك و هەموو خێزانەکە، هەروەها باڵادەستی ڕەگەزی نێر بەسەر ڕەگەزی مێدا، بەبێ ئەوەی حیسابێکی زۆر بۆ تەمەن بکرێت.[٣٨] تاکەکانی خێزان هەموویان کار دەکەن، هەر یەکە و بەپێی توانا و تاڕادەیەکیش کارەکان دابەش کراون. بڕیارەکان لەلایەن باوکەوە

---

36 هەمان سەرچاوە، ٤٥٣ـ٤٥٧.

37 د. حليم بركات، المجتمع العربي المعاصر، الطبعة السابعة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص ١٨٤.

38 لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: د. هشام شرابي، النظام الابوي و اشكالية التخلف في المجتمع العربي، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدة العربية، ت: محمود شريح، بيروت، ١٩٩٣، ص ٤٩.

دەردەچن و بەرپرسیاریەتییەکانیش لە ئەستۆی ئەون، بەلاّم هەموو ئەندامەکانی خێزان لە هەموو شتێکدا هاوبەشن. کارێکی چاکە و پیاوانە کە هەریەکێکیان ئەنجامی دابێت بۆ هەموویان شانازیە، کارێکی نەنگیش لە هەر یەکێکیان کەوتبێتەوە بەسەر هەموو ئەندامەکانی ئەو خێزانەدا دەشکێتەوە لە سەر ئاستی بنەماڵەدا، بەلاّم لە ئاستی گونددا بە سەر بنەماڵەکەدا دەشکێتەوە.

هەروەها لە گوندی کوردیدا کار دابەش کراو بوو لە نێوان پیاو و ئافرەتدا.[٣٩] کاروباری ژن بریتین لە نانکردن، چێشتلێنان، مەڕ دۆشین، دارهێنان لە شاخ، جوت و درەو، کاری رەزوباخ...هتد[٤٠] بەلاّم کارەکانی پیاو زۆربەی لە دەرەوەی ماڵەوەن. هەروەها لە لادێ بە پێچەوانەی شار ژن و مێرد پێکەوە دەژین و هاوکاری یەکتر دەکەن.[٤١]

هاوسەرگەری سیاسەتی خێزانە، هەر بۆیە ماڵی زاوا بایەخێکی زۆر بەناوبانگی کۆمەلاّیەتی ئەو ماڵە دەدەن کە ژنی لێ دەخوازن. هاوسەرگری کاری خێزانە نەك تاکەکەس. خێزان هاوسەرگریەکە رێکدەخات بەپێی بەرژەوەندی و خواست و ئەو چەمکانەی کە ئەو پێیان رازییە، وەك جوانی و ئاکار و لێهاتوویی. بەزۆری، تاك (کوڕەکە و دواتریش کچەکە) کەمترین رۆڵی هەیە لەم دەستنیشانکردن و بڕیاردانەدا.[٤٢] هەر بۆیەش دەبینین هەڵبژاردنی بووك لە دەستی زاوادا نەبوو، بەڵکو ئەمە کاری خێزان بوو. زۆر جار تا بووك نەدەگوازرایەوە، بووك و زاوا یەکتریان نەدەبینی. هەروەها هەموو ئەو بووکانەی *هانسن*

---

39 هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٦

40 هێنی هارۆڵد هانسن، کچانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨

41 هەمان سەرچاوە، ل ٧٥

42 لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: د. حلیم برکات، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧. هەروەها هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

له دوو کتێبه‌که‌یدا باسیان ده‌کات ته‌مه‌نیان بچووك بووه واتــه کــه‌متر له ١٦ ساڵ، ناوبراو که چوو بوو بــۆ شــاییه‌ك ته‌مــه‌نی بووکه‌کــه ٢٦ ساڵ بوو، خه‌ڵکی دێ پێیان وابوو ئه‌مه ته‌مه‌نێکی زۆره بۆ بووك.[٤٣]

سه‌باره‌ت به دڵــداری و حــه‌زلێکردن زۆرجــار پــه‌یوه‌ندی نییــه بــه ژنهێنانه‌وه. ژنـــهێنان کــارێکی خــێره و لــه بــه‌ینی هــه‌ردوو خــێزانی گه‌نجه‌کان ده‌به‌سترێ، و مه‌به‌ســـتیان ئه‌وه‌یــه ئــه‌وه‌نده‌ی پێیــان ده‌کــرێ ئه‌ندامێکی تازه‌ی چاك بهێننه ناو خێزانه‌که‌یان.[٤٤]

دره‌نگ شووکردن و ژنهێنان لــه خه‌ســڵه‌ته ره‌تکراوه‌کــانی گونــدی کوردی بوون. ئه‌م جــۆره که‌ســانه تووشــی ره‌خنــه لێ گرتــن و گومــان ده‌بوونه‌وه. نه‌ریته‌کانی ژنهێنان کاره‌که‌یان ئاسان ده‌کرد. به‌تایبــه‌تی ژن به ژنێ که ماره‌یی لاده‌بات که کوســپێکی گــه‌وره‌بوو[٤٥] -به‌چاوپۆشــی کردن له باشی و خراپیه‌کانی ئه‌و نه‌ریته.

ئه‌ندامه‌کانی خێزان له ماڵه‌وه هه‌موو پێکه‌وه ده‌خه‌وتن، ئه‌وه نه‌بێ که بووك و زاوا ده‌خرانه ژوورێکی ته‌نیاوه. هه‌روه‌ها لادێنشــینه‌کان لــه حه‌ســانه‌وه و نووســتندا جلیــان نــــه‌ده‌گۆڕی.[٤٦] بــووك و زاواش دوای یه‌که‌مین نۆبه‌ره لێك ده‌ترازان، ژن بۆ ناو دنیای ژنان و کابراش بۆ نــاو دنیای پیاوان.[٤٧]

لــه هــه‌موو رۆژهــه‌ڵات کــه ژن دێنــن بــه هیــوا و مه‌به‌ســـتی منداڵبوونــه، لای کوردیــش هــه‌ر وایــه.[٤٨] باکیــان نییــه ئه‌گــه‌ر زۆر

---

43 هێنی هارۆڵد هانسن، کچانی کورد، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٢٣.

44 هه‌مان سه‌رچاوه، ل ٧٣.

45 د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافیة اثنوغرافیة، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٨٤.

46 هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافره‌تی کورد، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل ٨٧.

47هه‌مان سه‌رچاوه، ل ٩٩.

48 هه‌مان سه‌رچاوه، ل ٢١٨.

منداڵیان ببێ.[49] *خەسباك* دەڵێت: لە لیوای سلێمانی تا بکرێ منداڵیان دەبێت، هۆکارەکەیش پشت بەستنە بە کشتوکاڵ وەك بنچینەی ژیانی ئابووری کە منداڵان بەشداری لە بەرزکردنەوەی داهاتی خێزاندا دەکەن لەو بارەدا. بەخێوکردنی منداڵان هێندەی ناوێت و سستەمی کۆمەڵایەتی خێڵەکی و باوکسالاری حەزی لە خێزانی گەورەیە، هەروەها مەیلە ئایینییە بەهێزەکان دژی بەربەستن لە بەرانبەر وەچەدا.[50]

مزگەوت و دیوەخان

مزگەوت و دیوەخان ئەو دوو دەزگایەن کە ئەگەر پێکەوەش لە یەك گونددا کۆنەبنەوە، ئەوا بە زۆری یەکێکیان هەیە ئەگەر دیوەخان لە گوندا هەبێت ئەوا مەرجە مزگەوتیش هەبێت، بەڵام مەرج نییە ئەگەر مزگەوت هەبێت دیوەخانیش هەبێت. وێڕای ئەوەی کە مزگەوت شوێنێکی سەرەتا ئایینییە و بە مەبەستی پەرستن دروست دەکرێت و دیوەخانیش بە مەبەستێکی تەواو دونیایی بونیات دەنرێت. دەبینین لە هەندێك ئەرکدا یەکتر دەگرنەوە.

ئێمە لە سەرەوە گوتمان زۆربەی گوندەکانی کوردستان مزگەوتیان هەیە، بۆ نموونە لەو ١٥١٩ گوندەی کە لە پارێزگای سلێمانی بە دەستی رژێم کاولکرا و لە کتێبەکەی شۆڕش رەسوول ((وێرانکردنی وڵاتێك))دا ناویان هاتووە، ئاماژە بەبوونی ١٣٢٧ مزگەوتیش کراوە،[51] لە کاتێکدا نووسەر لە زۆر شوێن ئاماژەی بە هیچ یەکێك لە دەزگاکانی ((نەخوشخانە، قوتابخانە، مزگەوت)) نەکردووە، چونکە زانیاری لەبارەی هەندێ شوێنەوە نەبووە.

---

49 هەمان سەرچاوە، ل ٢٤٧.

50 د. شاكر خصباك، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

51 Shorsh M. Resool. op. cit, pp 91_167.

مزگەوتیش وەك هەموو خانووبەرەیەکی لادێ سادە و ساکاربوو. مزگەوت هیچ رووخسار و دیمەنی تایبەتی بە گوند نەدەبەخشی، لە پێدەشتا مزگەوت نزم و سندوقیە. لە شاخان مزگەوت خانوویەکی ساکارە و تەنیا یەك نهۆمە. مزگەوت منارە و گومەزی بە سەرەوە نییە. بانی تەختە و وەکو خانووەکانی دەوروبەر وایە. مزگەوت لە دەرەوەڕا ئەوەندە سەرنج راکێش نەبوو، بەڵام لە ناوەوە زۆر بایەخی پێدەدرا.[52]

بەڵام *دیوەخان* (کۆچك) لە دیارترین سیمای گوندی کوردیە. دیوەخان گرنگترین شوێنی کۆبوونەوەیە لە لادێدا، مەسرەفی دیوەخان دەکەوێتە ئەستۆی هەندێ ئاغای عەشیرەت یان خاوەنداری گوندەکە.[53] بۆ مەسرەفی دیوەخانیش، ئاغا خاوە لە گشت لادێییەکان دەستێنێ. دانەوێلە یاخود مەڕ و بزن.[54] *خەسباك* لە کتێبەکەی ((الاکراد: دراسة جغرافیة اثنوغرافیة))دا جیاوازی لەنێوان سێ جۆر دیوەخاندا دەکات، دیوەخانی ئاغا عەشایرەکان، دیوەخانی گوندە خاوەن موڵکە گەورەکان و دیوەخانی گوندی خاوەن موڵکە بچووکەکان.[55]

سەرەڕای ئەوەی میوانەکانی گوند لە دیوەخان دەحەوێنەوە و لەوێ خزمەتیان دەکرێت و ئەوە سەرەکیترین ئەرکی دیوەخانە، دیوەخان چەند ئەرکێکی دیکەشی هەیە: دەمەو ئێواران گشت پیاوانی ئاوایی لێی

---

52 لیژەك ژیگل، کۆمەڵی لادێیی کوردستانی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٨ و ٩٩.

53 هادی رشید الچاوشلی، الحیاة الاجتماعیة فی کردستان، مطبعة جاحظ، بغداد ١٩٧٠، ص ٥٢.

54 مارتین ڤان برونەسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ئۆفسێتی روون، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١١٩.

55 د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافیة اثنوغرافیة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٦ـ٤١٩.

کۆدەبنەوە و باسی پێشهات و بەسەرهاتی ڕۆژیان دەکەن، کێشە و گرفت و دەمەقاڵەی ئەو ڕۆژەیان بۆ ئاغا دەگێڕنەوە. لەبارەی مەسەلە پەیوەندارەکان بە گوند بڕیار دەدەن، هەر لەوێ لاوان بە دابونەریت و شێوازی هەڵسوکەوت ئاشنا دەکرێن. هەر ئەوێش جێگای ئاهەنگ گێڕان بوو. دەبێت ئەوەش باس بکەین کە ئاغا لەو ڕێگایەوە جڵەوی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاوایی دەگرتە دەست.[٥٦]

مزگەوت لە هەندێك گونددا بایەخی لە دیوەخان زێترە، سەرەڕای ئەرکە ئایینییەکەی ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە. مزگەوت بۆ کۆبوونەوە نارەسمیەکانی گوند بەکاردێت. شەوانی زستان خەڵکی هەندێك ئاوایی تا درەنگانێکی شەو لەوێ دەمانەوە. هەروەها وەکو هۆتێلی گوند وابوو. میوانەکان دەچوون بۆ ئەوێ و گوندییەکانیش لە ماڵی خۆیانەوە خواردنیان بۆدەبرد.[٥٧]

خێڵ

خێڵ* یەکێکە لەو چەمکانەی کە بێ ئاماژە پێکردنی، باسکردن لە کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی پێش ڕاگواستن ناتەواو دەبێت. *ڤان برۆنەسن لەو بڕوایەدایە* ((خێڵی کوردی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسیە و بەگشتی بە مەڵبەندێکەوە بەستراوەتەوە و هەر بۆیە یەکەیەکی ئابووریشە، خێڵ پشت ئەستورە بە ڕەچەڵەك و

56 هەمان سەرچاوە، ل ١١١.
57 د. شاكر خصباك، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٢.
* خێڵ لەم باسەدا لە جیاتی زاراوەکانی عێل و عەشرەتیش بەکاردێت، بەلام لە بەرامبەر هۆز بەکار نایەت، چونکە پێمانوایە هۆز لە کۆمەڵە خێڵێك پێکدێت وەك هۆزی بارزان و هۆزی جاف.

خزمایەتییەکی راستەقینە یاخود هەڵبەستراو، بونیادێکی نێوخۆیـــی دیاریکراوی هەیە)).[58]

نیکیتین پێناسەی خێڵی کوردی دەکات بەوەی: ((خێڵ یەکەیـــەکی سیاســییە، یـان یەکەیـەکی نیمچـە کۆمەڵایـەتی، کـە یـەکێك لــە دابەشبوونە جیاجیاکان ئەم یەکە سیاسیە دەهێنێتەئاراوە)).[59]

لە پێناسەی *ڤان برونەسندا*، خێڵ سەرەتا یەکەیـەکی کۆمەڵایـەتی ـ سیاسییە، هەروەها ئابووریشە. بەڵام نیکیتین زێتر بایەخ بە رەهەندی سیاســی خێـڵ دەدات و کـەمتر بـە رەهـەندی کۆمەڵایـەتی و هیـــچ ئاماژەیەکیش بە رەهەندی ئابووریی خێڵ نادات.

پێمانوایە پێناسەکەی *برونەسن* زێــتر لەگـەڵ خێڵـی کـوردی وێـك دەکاتەوە، چونکە ناکرێ رەهەندی کۆمەڵایەتی خێڵ بــە کـەم بگـیرێت لەکاتێکدا ئەوان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشن و پەیوەندیەکی خوێنی لە نێوانیاندا هەیە یاخود بە تێپەڕینی کات لەناو تیرە و گوندە جیاوازەکانیدا دروست دەبێت، کە ئـەو تێکەڵاوییـە زۆر کـەمتر لەگـەڵ خێڵێکی دیکەدا دروست دەکەن . هەروەها شێوەزار و رەفتار و تەنانەت دەکرێ بڵێین زۆر لە خێڵەکان لەبــەر داخرانیــان بەســەر خۆیـاندا وردە کولتوورێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەموو ئەم تایبەتمەندیانە وا لە خێڵ دەکەن کە بکـرێ بـە یەکەیـەکی تـەواو کۆمەڵایـەتی لەقەڵـەم بدرێت. *مەنوچێهر موحسنی* پێیوایە خێڵ زێتر یەکەیەکی کولتوورییــە تا یەکەیەکی کۆمەڵایــەتی، ئــەمەش بەپشــت بەســتن بــە پرۆســەی

---

58 مارتین وان بروین سن، جامعه شناسی مردم کرد (اغا، شیخ و دولت)- ساختارهای اجتماعی و سیاسی کردستان، ت: ابراهیم یونسی، نشر پانیذ، تهران، ۱۳۷۹ (۲۰۰۰)، ص ٦٦.

59 واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان، ت: محمد قاضی، چـاپ دوم، انتشـارات نیلوفـر، تهران ۱۳٦٦ (۱۹۸۷)، ص ۲۷۳.

دروست بوونی خێڵ لە تیرە و تایفە جیاوازەکان لەمیانەی دابەشبوونیان و جیابوونەوەیان، بە تێپەڕینی کات ئەم تیرە و تایفانە لەمیانەی ئەم پرۆسەیەدا دەبن بەخاوەنی وردە کولتوورێک و دیالێکتێکی هاوبەش و خێڵ بە کردەوە دروست دەبێت.[٦٠]

مەبەستمان لە خێڵ، هەم خێڵە جێگیرەکانە کە پیشەی سەرەکیان کشتوکاڵە هەم خێڵە کۆچەرەکان یاخود راستر بڵێین نیمچە کۆچەرەکان، کە پیشەی سەرەکیان شوانکارییە، خێڵ پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و تەماوی هەیە، چونکە خێڵە کوردەکان هێندە زۆرن و هێندەش جیاوازی جوزئی و لاوەکیان هەیە کە باسکردنیان هەم کاتێکی زۆر و هەم قسەی زۆری دەوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند تایبەتمەندیی و خەسڵەتێکی هاوبەش لە هەر هەموویاندا هەن.

بە گوتەی *خەسباک* بونیادی خێڵی کوردی جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ خێڵی عەرەبی هەیە. بڕبڕەی پشتی خێڵی عەرەبی ((پەیوەندیی رەچەڵەکە))، بەڵام ئەوەی خێڵی کوردی دروست دەکات زەوییە، دەشێ بەشەکان (تیرە و بنەماڵەکان)ی خێڵی کوردی بە هیچ پەیوەندییەکی خوێنی پێکەوە نەبەسترێن، بەڵام هەموویان لە ناوچەیەکی هاوبەش دەژین و، هەموو تاکەکانی خێڵەکە گوێڕایەڵی بنەماڵەیەك یا تیرەیەکن لە تیرەکان کە تیرەی گەورەی خێڵە.[٦١] هەروەها ناوبراو لە شوێنێکی دیکەدا پێی وایە ئەوەی بەشە جیاوازەکانی خێڵی کوردی پێکەوە دەبەستێتەوە سەرەڕای ملکەچیان بۆ سەرۆك خێڵ، بەشداریکردنیانە لە شەڕدا هەر -کاتێك کە پێویست بێت.[٦٢] ناکرێ

60 لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: مەنوچێهر موحسنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.
61 د. شاکر خصباك، الاکراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.
62 د شاکر خصباك، العراق الشمالي، دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، مطبعة شفيق، بغداد ١٩٧٣، ص ١٧٥.

ئێمە لە هەموو بارێکدا لەگەڵ ئەم رایەی نـاوبراو کـۆك و تـەبا بـین. لەبەر دوو هۆ: یەکەم ئێمە رەنگـە ئـەمڕۆش خێڵمـان لـە کوردسـتان هـەبێت، تاکـەکانی لـەو بڕوایـەدابن یـەك باپـیرە گـەورەیان هەیـە، هەموویان نەوەی ئەون، واتە هەموویان خزمن. *نیکیتین* نموونەی خێڵـی هەرکی دێنێتەوە کە چۆن هەموویان پێیان وایە یەك باپـیرە گـەورەیان هەیە، بەدرێژی باسی دروسـتبوونی خێڵـی هـەرکی دەکـات.[٦٣] دووەم، هەندێ خێڵ لە کوردستان هـەن کـە رووبـەرێکی زەوی دیاریکراویـان نییە یاخود نەیانبووە. هەموومان دەزانین زۆربەی خێڵە کوردەکان پێش دوو سەدە *نیمچە کۆچەر* بوون.

لە بەرامبەر ئەم رایەشـدا بێشـکچی لـەو بڕوایەدایـە سسـتەمی خێڵەکی لە کوردستاندا پشـت ئەسـتۆرە بـە ئەسـڵ و نەسـەب، ئـەو پێیوایە خێڵی کوردی بە ئاغاکەیانەوە هەموویان لە رێگەی پـەیوەندی خوێنی و خزمایەتی پێکەوە دەبەسترێنەوە.[٦٤]

نیکیتین لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا ئامـاژەی بـەم ناکۆکییـەی نێوان تۆژەران کردووە. هـەندێکیان پێیـان وایـە خێـڵ بنەماڵەیـەکی فرەوانبووە. بەشێکی دیکەش وەك یەکەیەکی سیاسی دەستکرد سـەیری دەکەن.[٦٥] *ڤاسیلیەڤا* لە کتێبەکەیدا بـەناوی ((کوردسـتانی خـوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سـەدەی نـۆزدە))، تـاوتوێی

---

63 واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤ـ٢٧٥.

64 اسماعیل بیشکچی، النظام في الاناضول الشرقية: الاسس الاجتماعية ـ الاقتصادية و البنى القومية، الجزء الثاني، ت، شكر مصطفى، دار ئـاراس للطباعـة والنشـر، اربيـل، ٢٠٠١، ص ١٨٦.

65 ی. ئی. ڤاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سـەرەتای سەدەی نۆزدە: کورتەیەکی مێژوویی مێرنشینانی ئـەردەلان و بابـان، و: رەشـاد مـیران، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٧٥.

بیروڕای چەند تۆژەرێکی کردووە و دەگاتــە ئــەو ئەنجامــە کــە هەڵەیــە خێڵی کوردی بە خێزانێکی گەورە لە قەڵەم بدرێت.[٦٦] هەروەها نــاوبراو بە پشتبەستن بە بیروڕای تــۆژەران هــەوڵدەدات بســەلمێنێت لــە خێڵــدا تەقەلای ئەوە دراوە نەبوونی پەیوەندیی خزمایــەتی پشــتگوێ بخــرێ و دەڵێــت: ئایدیــای خزمایــەتی وەکــو دەمــامکێکی ئــایدیۆلۆژی بـــۆ سستەمی پەیوەندییە سیاسییەکانی خۆی دەنوێنـــێ. ئینجــا بــاس لــە ئەگەری زێدەبوون و پچڕانی ئەلقەکانی بونیادی خێڵ دەکات کە چــۆن مەترسیەك لەسەر لەناوچوونی دروست ناکەن.[٦٧] لە پێناســەی ((ڤــان برۆنەسن))یشدا ئاماژە بە خزمایــەتی هەڵبەســتراو کــراوە. بــە بــڕوای ڤاسیلیەڤا دەکرێ خێڵە کوردەکــان بــە پێکهاتەیــەکی کۆمەڵایــەتی ـ سیاسی و ئابووری ـ ئیداری لەقەڵەم بدەین کە لەســەر ئایدیۆلۆژیــای خزمایەتی درووستبوونە.[٦٨]

ئینتیمای تاکەکەس بۆ خێڵ لە پەنجا و شەستەکانیش زۆر بە هــێز بووە. تاکەکەس لە پێناو ئەوەی هەیبەتی خێڵەکەی نەشــکێت ئامــادە بووە خۆی بکاتە قوربانی، هەمیشە تاکەکەس بە خێڵەکەیەوە نــازیوە و شانازی پێوە کردووە. ئەم ئینتیمایەش لەنێو خێڵە نیمچە کۆچەرەکاندا زۆر بەهێزتر بووە وەك لەنێو خێڵە نیشتەجێیەکان.

جەوهەری مومارەسەی خێڵایەتی لە توانەوەی کەسایەتی تاکەکەس لە خێڵدا بەرجەستە دەبێت. هەر بۆیە کار و کردەوەکانی تاك دەکەونــە ناو چوارچێوەی بەرپرسیاریی بەکۆمەڵی خێڵەکی. هــەر خێڵیشــە کــە

---

66 لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢ـ١٧٨.
67 هەمان سەرچاوە، ل ١٧٨ـ١٨١.
68 هەمان سەرچاوە، ل ١٨٢.

بـەردەوامـی بـەم کـار و کردەوانـە دەدات و بـــەهێزیان دەکاتـــەوە.[69] کەســایەتی تاکەکـەس لـە خێڵـدا شـوێنکەوتەی ئـەو گروپەیـە کـە تاکەکەس وابەستەیە پێیەوە، دەکرێ تاکەکەس لە دەرەوەی خێڵەکـەیدا بەناوی خێڵەکەیەوە ناوببرێت.[70] دواجاریش دەست درێـژی کردنـە سـەر هەر ئەندامێکی خێڵ دەستدرێژیکردنە سەر خێڵەکە خۆیەتی.[71]

سەرۆك خێڵەکان بەزۆری ئاغـا بـوون، هـەندێك کـات یـاخود لـە هەندێك خێڵدا شێخەکان جڵەوی دەسـەڵاتیان دەگرتـە دەسـت وەك لـە بارزان و خێڵەکانی سورچی و برادۆست. هەمیشە دەسەڵاتی شـێخەکان نەرم و نیانتر بووە. ئاغایەتی یاخود گەورەیی بەزۆری لـە باوکـەوە بـۆ کور دەمێنێتەوە. لە زۆربەی شوێنەکانی کوردسـتاندا زەوییـەکان هـی ئاغاکان بوون، خەڵکانێکی کەم لە عەشرەتدا پارچە زەوییان هـەبووە؛ تەنانەت یاسای چاکسازی زەوی و زاریش لـە سـاڵی ١٩٥٨ نـەیتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. *ژیگل* دەڵێـت: ئاغاکـان هێنـدە هـێز و دەسەڵاتیان لەباردا هەبووە کە رووبەڕووی یاسـای چاکسـازی زەوی وزار لە ١٩٥٨ ببنەوە و سەرکەوتووانە پووچەڵی بکەنەوە.[72]

خێڵی کوردی کە یەکەیەکی سیاسییە لە دوو چین پێکدێت، چینـی دەسەڵاتدار کە ژمارەیان کەمە، بەڵام شـەڕکەرن و چینـی عـەوام کـە پیشەکەیان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەکانە.[73] چینـی فـەرمانڕەوا کە ژمارەیان کەمە، کەم تا زۆر چینەکـەی تـر دەچەوسـێنێتەوە، ئـەم چینە لەسەرووی هەموشیانەوە ئاغا کۆمەڵە چەکدارێکی بەدەورەوەیە

---

69 د. هشام الشرابی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

70 مەنوچێهر موحسنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.

71 د. حلیم برکات، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

72 لیژەك ژیگل، کۆمـەڵی لادێـی کوردسـتانی عـێراق بەرامبـەر بـە نـوێ بوونـەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

73 د. شاکر خصباك، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو. ل ٣٤٨.

کە لە بادینان پێیان دەگوترێت ((رەشەکێت ئاغای)). ئـەم رەشـەکانە لە پەنای ئاغاوە کاری دزێو ئـەنجام دەدەن و دەسـەڵاتیان بەسـەر خـێڵ یاخود ئاواییدا دەشـکێ. ئاغاکـان دەسـەڵاتێکی تاڕادەیـەك رەهایـان بەسەر رەعیەتـەکانیاندا هـەبووە. کـەس خۆزگـە بـە حـاڵی کەسـێك ناخوازێت کە ئاغا خۆشی نەوێت. ستەم و زۆری ئاغا بەسەر هـەژاراندا بەناوبانگە. ئـەم بـارە تـا دەرەنگـانێك هـەر بـەردەوام بـوو، تەنانـەت نەحکوومەت و نەحزبی کوردیـش نـەیتوانی دەسـەڵاتی ئـەو ئاغایـە بەسـەر خێڵەکـەیدا سـنووردار بکـات کـە پـەیوەندیی لەگەڵیان خۆش بوو.

لە بەرانبەر خێڵـەکان لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا کۆمـەڵێکی تـر هەبوون کە نیشتەجێی لادێکان بـوون، بـەڵام سـەر بـە هیـچ خێڵێـك نەبوون ، ژمارەی ئەمان ساڵ بە ساڵ لـە زیـاد بوونـدا بـوو. زۆربـەی ئەمانە پێشتر شوان بوون لە ئەنجامی ناکۆکییەکی ناوخۆیی لە گونـد یان لە خێڵـدا، لـە خێڵەکـەیان دابـڕاون و لـە گوندەکـان نیشـتەجێ بوون.[74] ئەمانە بە گۆران یاخود کرمانج ناودەبرێن. ئەمانە لە گوندی خاوەن موڵکەکاندا سەرقاڵی کشتوکاڵ بوون.

لەم باسەدا بۆمان رووندەبێتەوە، کۆمەڵگای لادێنشـینی کـوردی و یەکە پێکهێنەرەکانی خێڵ و شێوازی ژیان لـە لادێکـاندا، ریتمێکـی یەکدەستی نەبووە و جیاوازی هەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ یـەکێکی تـر و لە شێوە ژیانی خێڵێکەوە بۆ ئـەوی تـر. بۆیـە نـاکرێت تێبینیکردنـە سۆسیۆلۆژیەکان وەکو یەك بەسەر هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی لادێـی کوردیدا بگشتێنرێن و یاساگەلێك دابڕێژن تا لـە رێگەیانـەوە بلێـین: ئەمەیە واقیعی ژیـانی گونـد و... هتـد لـە کوردسـتاندا، وەك چـۆن هەندێك لەوانەی ئاماژەمان پێکردن ئەو کارەیان کردووە.

---

74 د. شاکر خصباك، الكرد و المسالة الكردية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.

باسی دووەم: شاری کوردی پێش ڕاگواستن

شاری کوردی

گەر چاوێك بەو کتێبانەدا بخشێنین کە لە شار دوواون، ڕووبەڕووی پێناسەگەلێکی زۆر دێین کە دەستنیشانکردنی شار هەندێك قورس دەبێت. مێژوونووسانی کۆن، هەر کاتێك باسی شاریان کردبێت، زێتر جەختیان لەسەر شاری خۆرئاوایی کردووە و شاری شارستانییەتەکانی دیکەیان پشتگوێ خستوون. بەڵام مێژوونووسانی سەردەمی نوێ پێیانوایە کە شار دیاردەیەك نییە تایبەت بێت بە شارستانییەتی خۆرئاوا. هەموو شارستانییەتێك خاوەن شاری خۆیەتی.[75]

ماکس ڤیبەر لە یەکەمین لاپەڕەی کتێبەکەیدا بەناوی ((شار لە درێژایی زەمەندا)) دەڵێت: ((پێناسەیەکی زۆر بۆ شار کراون ، کە لایەنێکی هاوبەش لە هەموویاندا هەیە: بەو مانایە کە شار بە دەربڕینێکی سادە، لە یەکێك یان چەند ساختومانێکی جیا لەیەکتر کە خەڵکیان تێدا نیشتەجێیە پێکدێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی داخراوە.))[76]

هەروەها کۆمەڵناسی ئەمریکی ((*وێرس*)) لەو بڕوایە دایە کە شارنشینی بە زیادبوونی ئەو مەیلە دەگوترێت کە سەبارەت بە شێوازی تایبەتی ژیانی شاری دەردەکەوێت، ناکرێت شارنشینی لەگەڵ پیشەسازیبوون و سەرمایەداری مۆدێرن یەکسان بکرێ .[77] بەپێی ئەو

---

75 ڕێبوار سیوەیلی، پانتاییەکانی دەسەڵات: باسێکی تیۆری لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان (حکومەت، خێڵ، شار و خێزان) لە کۆمەڵگای کوردیدا، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٧، هەولێر، بەهاری ٢٠٠٣، ل ٢٣.

76 ماکس وبر، شهر در گذر زمان، ت: شیوا (منصوره) کاویانی، چاپ دوم، چاپخانەی حیدری، تهران ١٣٧٣ (١٩٩٤)، ص ٦٣.

77 سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

دوو پێناسەیەی سەرەوە دەکرێ بڵێین مێژووی شار و شارنشینی لە کوردستاندا مێژوویەکی درێژە، بەڵام باسەکەمان وادەخوازێ خۆمان لەلایەنی مێژوویی شارەکان بەدوور بگرین و قورسایی بخەینە سەر رەوشی شار لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوودا. ((تۆما بوا)) لەکتێبەکەیدا ((مێژووی کوردەکان)) کە نزیکەی نیو سەدەیە نووسیویەتی ناوی ئەم شارانەی کوردستانی خواروو دەبات: سلێمانی، کەرکوک، دهۆك، ئامێدی، ئاکرێ، رەواندوز، زاخۆ،[78] هەولێر ئەم شارانەی پێشتر ناویان هات زۆربەی رۆژهەڵاتناسەکانیش کاتێك باسیان لە شارە کوردیەکان کردووە ناوی ئەم شارانەیان بردووە.[79]

لە باشووری کوردستاندا، بەو ئاوەدانیانە دەگوترێت شار کە سەنتەری یەکەی ئیدارین واتە پارێزگا، قەزا و ناحیە. بەبێ ئەوەی سەرەنج بدرێتە ژمارەی دانیشتووان و جۆری چالاکی ئابووری و دانیشتووانەکەی،[80] بەڵام ئێمە خۆمان دوور دەگرین لەوەی چ ئاوەدانییەك بە شار دادەنرێت و پێودانگەکانی چین لە جیاتی ئەوە هەوڵدەدەین خەسڵەتە گشتییەکانی شاری کوردی پێش راگواستن دیار بکەین .

یەکەمین خەسڵەتی شاری کوردی لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو، بچووکی شارەکان بوو. ئەگەر شارەکانی موسڵ، کەرکوک، هەولێر و سلێمانییان لێ جیابکەینەوە، ئەوا زۆرینەی رەهای شارەکان

---

78 تۆما بوا، تاريخ الاكراد، ت: محمد تيسير ميرخان، دار الفكر المعاصر، بيروت، ٢٠٠١، ص ١٥.

79 د. بدرخان السندی، المجتمع الكوردی من المنظور الاستشراقي، دار ئاراس للطباعة و النشر، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٤٨٠ـ ٤٩٤.

80 د. عەبدوڵڵا غەفوور، جوگرافیای کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٢٣٠.

ژمارەی دانیشتووانیان لە شەش هەزار کەمتر بوون. لە پارێزگای دهۆك تەنیا شارێك ژمارەی دانیشتووانی لەنێوان (١٠ـ٢٠) هەزار کەسدا بووە و شارێکیان لەنێوان (٥ـ١٠) هەزار، و(١٤) شارۆچکەش ژمارەی دانیشتووانیان لە شەش هەزار کەس کەمتر بوو. لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێریش هەریەکەیان ژمارەی دانیشتووانی شارێکیان لە نێوان (٦٠ـ٩٠) هەزار کەسدا بوو، ژمارەی دانیشتووانی شارێکی هەریەکێکیشیان لەنێوان (١٠ـ٢٠) هەزار کەسدا بوو، (١٨) شارۆچکە لە پارێزگای سلێمانی و (١٦) شارۆچکەش لە پارێزگای هەولێر ژمارەی دانیشتووانیان لە شەش هەزار کەس کەمتر بوون.[81] ئەوەش وای لە *خەسباك* کردووە بڵێت زۆربەی شارەکانی عێراقی باکوور گوندی گەورەن، تەنیا چوار شاری گەورە هەیە مووسڵ، کەرکوك، سلێمانی، هەولێر،[82] تەنانەت ناوبراو شاری دهۆکیش لە ڕیزی گوندە گەورەکان لەقەڵەم دەدەت.

گیرالد بریز پێی وایە جیهانی کۆن زۆر کۆبوونەوەی دانیشتووانی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، تەنانەت هەندێکیان بە پلەیەکی بەرز لە پێشکەوتن گەیشتوون، بەڵام ئەوانەی دوایی ـ لەڕووی خانووبەرەوە ـ زیتر لە گوندی قەرەباڵغ دەچوون تاکو یەکەی شارستانی بە مانای باوی ئەمڕۆ.[83] ئەم وەسفەی سەرەوە، نەك چڕی دانیشتووان، بەڵکو لەڕووی خانووبەرەوە دەکرێ بە خەسڵەتی دووەمی شارە کوردییەکان دابنێین. شاری کوردی بەهەموو خانووبەرەیەوە (خانوو، مزگەوت ، بازاڕ...)

---

81 د. شاکرخصباك، العراق الشمالية، دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤.

82 هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٦.

83 جيالد بريز، مجتمع المدينة في البلاد النامية، ت: د. محمد الجوهري، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية، ١٩٨٩، ص ٣١.

هەروەها شەقام و کولانەکانییەوە لەڕووی ئەندازیاری دواکەوتوو بـووە. بـرۆدڵ لـە وەسـفی شـارەکانی دونیـای ئیسـلامی دا دەڵێـت خـانووە نزمەکانیان وەك دەنکی هەنار پێکەوە دەنوسێن...لەبەر ئەوەی نـاکرێ ساختومانەکانیان بەرز بکـەن، جـادە و رێگـا گشـتییەکان هەمیشـە رووبەڕووی تەجاوەز دەبوونەوە.[٨٤]

هەر ((*برۆدڵ*))یش پێمـان دەڵێـت: ئـەو خەسـڵەتەی لـە هـەموو شـارەکاندا گشـتییە و بـە هۆکـاری بنچینـەیی جیاوازیـان لەقەڵـەم دەدرێـت، ئـەو راسـتییەیە کـە شـارەکان بەرهـەمی شارسـتانییەتی خۆیانن.[٨٥] شارەکانی کوردستانیش لەم رێسایە بەدەر نـین. لـە کتێبـی ((شـاری دهـۆك، لێکۆڵینەوەیـەك لــە جوگرافیــای شــارەکاندا)) دەخوێنینەوە: کە شاری دهۆك لــەڕووی نەخشەکێشـان و پلاندانانــەوە هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ شارەکانی دونیای ئیسـلامی لـەڕووی کۆلانــە تەســك و بەناویــەکداچووەکان و هــەندێ جــار داخــراو لەلایەکەوە.[٨٦]

خەسڵەتی سێیەمی شارەکانی کوردستانی خـواروو، کـە *خەسـباك* ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە کە هەموویان شاری بازاڕین[٨٧]. هەربۆیــەش پیشە ســەرەکییەکانی دانیشـتووانی شـار بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان پەیوەندیان بەو خزمەتگوزاریانەوە هەیـە کـە پێشـکەش بـە خـەڵکی گوندنشین و کۆچەرەکان دەکـەن. بـازاڕ گرنگـترین تـەوەر و شـاڕێگەی

---

84 فرنان برودل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢٢ـ٥٢٣.

85 هەمان سەرچاوە، ل ٥٢٢.

86 هاشم خضر الجنابي، مدينة دهوك، دراسة في جغرافية المدن، مطبعة جامعة الموصـل، ١٩٨٥، ص ٢٩.

87 د. شاكر خصباك، العراق الشمالي: دراسة لنواحيه الطبيعيـة والبشرية، سـەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤.

پێکەوە بەستنی شارەکان بووین.[88] ئەوا لە کوردستاندا شارێگەی پێکەوەبەستنی شار و گوندەکانیش بوون، چونکە دانیشتووانی گوندەکان هەمیشە پێویستیان بەوە بووە سەردانی شار بکەن و لە بازاڕی ئەو شارەدا هەم کەرەستەکانی خۆیان بفرۆشن و هەم شتی تر بکڕن.

چوارەم خەسڵەتی شاری کوردی دەتوانین لەمیانی ئەم گوتانەی *ماکس ڤیبەردا* دەستنیشان بکەین کاتێك دەڵێت: ((کاتێك سەرنج بدەینە چاخەکانی دوور یاخود زوو یان سەردەمەکانی کۆن، تێدەگەین کە هەمیشە هێکتارگەلێکی فرەوانی زەوی لەبەر دەستی شارنشینەکان بوون، شارنشینی تەواوی سەردەمەکانی کۆن لە راستیدا نیوە جووتیار بوو)).[89] ئەم وەسفەی ڤیبەر ئەگەر بۆ شارەکانی ئەورووپای بەر لە شۆڕشی پیشەسازی راست بێت ئەوا بەسەر شارەکانی کوردستانی خواروو لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو دەسەپێت هەروەها بوونی زەوی کشتوکاڵی و ئاو، هۆیەکی دروستبوونی شاری کوردی بوو. بۆ نموونە بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧، لە شاری هەولێر ژمارەی ئەوانەی لە بوارەکانی کشتوکاڵ و بەرهەمی ئاژەڵی و بایەخدان بە دارستان و ڕاو بە هەموو جۆرەکانییەوە کاریان دەکرد دەگەیشتە ١٣٣٤ کەس کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی ئەو کاتەی شاری هەولێر.[90] هەڵبەت شارەکانی تری کوردستانی خوارووش هەمان ئەم رەوشەیان هەبوو.

---

88 مینا جباری، همیشه بازار، مؤسسة انتشارات اگاه، تهران ١٣٧٩، ص ١٤٩.
89 ماکس ویر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.
90 اسماعیل شکر، اربیل دراسة تاریخیة فی دورها الفکری والسیاسی (١٩٣٩-١٩٥٨)، رسالة دکتوراه مقدمة الی قسم التاریخ فی جامعة صلاح الدین، اربیل ١٩٩٩، ص ٥٨.

دواجاریش دەتوانین گوتەی *برۆدڵ* بێنینەوە کاتێك دەڵێت مەسەلەی سەرەکی ژیانی خەڵکی شارەکان چ لە ئەوروپا و چ لە ناوچەکانی دیکە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ یەکسان ماوەتەوە، ئەویش دابەشکردنی کارە لەنێوان ناوەندە شاری و ناوچە لادێییەکاندا. دابەشکردنی کارێك کە هەرگیز بەتەواوی پێناسە نەکرا، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی پێویستە. ئەو پێی وایە کە هەرگیز شار و لادێ لێکجیا ناکرێنەوە وەك ئاو لە رۆن، چونکە رشتەی پەیوەندی ئەم دووانە ناپسێت. ئەوان هاوکات لە یەك جیادەبنەوە و لە هەمان کاتدا لەیەکتر نزیك دەبنەوە.[٩١]

خانووی شار

پێشتر باسی خانووی گوندمان کرد، هەوڵدەدەین کەمێك باسی خانووی شاری کوردیش بکەین، وەك گوتمان لە شاری کوردیدا کۆڵانەکان تەسك و نارێك بوون. ئێستاش دەتوانین نمونەی ئەو جادە و کۆڵانانە لە گەڕەکە کۆنەکانی وەك قەلا، گەڕەکی عەرەبی کۆن و تەعجیل و خانەقا لە شاری هەولێر ببینین کە ئاراستەیەکی رێك و راستیان نییە و لەڕووی بەرینیشەوە رێك نین و هەندێ جار لە سەرەکەی ترەوە داخراون.[٩٢] ئێستاش گەڕەکێکی گەورە لە شاری ئاکرێ هەیە کە بەهیچ شێوەیەك ئۆتۆمبێل ناتوانێت بچێتە ناو کولانەکانییەوە. لە باسی شاری هەولێردا هاتووە کوچە و کولانەکانی قەلا گەلێك تەسك و تاریك بوون، شەوانە مرۆڤ سامی لێدەکرد.[٩٣]

---

91 فرنان برودل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩٨.

92 د. هاشم خضر الجنابی، مدینة اربیل، دراسة فی جغرافیة الحضر، مدیریة دار الکتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٧، ص ٦.

93 مەولود قادر بێخاڵی، هەولێرم وا دیوە و بیستووە، بەرگی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧ ، ل ٣٢٩ .

سەجادی لە وەسفی خانووی شاردا دەڵێت: زۆرتر خانووی شارەکانی کوردەواری خشتی کاڵە، بناغە بەبەرد دادەنێن، دیوار تا پێنج گەز بەرز دەکرێتەوە، دواتر دارەڕا دەکرێت. لە ناو ژوورەکاندا تاق و ڕەف هەیە، ئینجا بە خۆڵی سوور و کا سواخی ناو ژوورەکان ئەدرێت، دواتر گەچکاری، ئینجا پەنجەرەی تێدەخرێ. پەنجەرەکان هەمووی دوو دەرین، خوارەکەی تەختە و لای سەرەوەی شووشەی ڕەنگاوڕەنگ، ئەم ژوورانە چەند دوو دەری تێدابێ بەوە ناودەبرێ. زۆرتر تاکە. ئەو کەسەی دەست ڕویشتووبێ ڕووبەری خانووەکەی بەخشتی سوور دەکا. ژوورەکان دوای گەچکاری کردن و ڕێکخستن زۆر جار بۆیە دەکەن، حەوشەی ماڵیش بەقەد خانووەکە بەرزە، کەس ناو حەوش نابینێ. ناوحەوش بەخشتی سوور یا بەتەختەی بەرد فەرش دەکرێ.[٩٤]

خەسباک لە وەسفی خانووی سلێمانیدا دەڵێت: زۆربەی خانووەکان یەک قاتن و بانی زۆربەیان لە یەک ئاستدایە. دیوارەکان لە بەرد و قوڕ دروست دەکرێن بانەکانیش لە داری بەڕوو.[٩٥] خانووەکانی شار لە سەر شێوازی ڕۆژهەڵاتی دروست دەکران، هەر خانوویەک حەوشەیەکی هەبوو کە بەژوورەکانی دەورە دەدرا. بەپێی ئاووهەوا نەخشەی خانوو دادەنرا، بەشێوەیەک کە لە زستاندا تیشکی ڕۆژ بێتە ژوورەوە و لەهاویندا بەری بگیرێت، بەزۆری ژوورەکان بانیان بەرز و کەم پەنجەرە بوون، هەروەها ژێرزەمین بەشێکی گرنگی خانووی هەولێریەکانی پێکدێنا.[٩٦]

---

94 عەلائەدین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠ـ٨٦.

95 د. خصباك، الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧.

96 هاشم خضر الجنابي، مدينة اربيل، دراسة في جغرافية الحضر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٢ـ٦٤.

((*هانسن*))یش ئاماژە بەکەمی پەنجەرەکان دەکات و دەڵێت دیواری پشتەوە و لاتەنیشتەکانی خانووی شار پەنچەرەیان نییە.[97] هەر لە بارەی خانووی شارەوە دەڵێت: کەرپووچ روو لە زیادییە لە شاردا، خانووەکانی تر خشتن، خانووەکان لێك نزیکن و زۆربەیان یەك نهۆم، وەکو خانووی لادێ بانیان قورە، بەڵام بێسواندن، چونکە کەرپووچن.[98] لە وەسفی خانووی شاری دهۆکیشدا هاتووە کە خانووەکان لەسەر شێوازی رۆژهەڵاتین، حەوشەیان هەیە کە ژوورگەلێکی لە دەورەن، ئەو ژوورانەی بە سەر کۆڵانیشدا دەڕوانن پەنجەرەیان نییە.[99]

رەوشی خوێندەواری و تەندروستی لە شاری کوردیدا

رەوشی خوێندەواری و تەندروستی لە شاری کوردیدا زۆر باشتر نەبوو لە گوند، رێژەی مردن بە گشتی و مندالآن بە تایبەتی بەرز بوو. هۆکاری سەرەکی مردنیش نەخۆشییەکانن.[100] خراپی رەوشی تەندروستی هۆیەکەی تەنیا کەمی نەخۆشخانە و داوودەرمان نەبوو، بەڵکو چەند هۆیەکی تر لەپاڵ ئەمانەدا بوون لەوانەش: بەدخۆراکی و کەم خۆراکی. نەبوونی جلوبەرگی پێویست، نەبوونی ئاوی خاوێن لە شارەکان و پەرپووتی و بچووکی خانووەکان.[101] کۆمەڵناسی فەرەنسی شومبار *دۆلۆ* پێی وایە هەر تاکەکەسێك پێویستی بە (١٦)م٢ فەزای

---

97 هێنری هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠ ـ٩٢.

98 سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

99 هاشم خضر الجنابي، مدينة دهوك، دراسة فی جغرافية المدن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠ .

100 د. شاكر خصباك، العراق الشمالي، دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤.

101 بگەڕێوە بۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٤ـ٢٦٥.

ئاوەدان هەیە و لە بارێکدا کە ئـەم فەزایـە کـەمتر بێـت، تاکەکـەس ڕووبەڕووی کێشەگەلێك دەبێتەوە.[102] بەدەگمەن ئەگەر تاکێك لە شاری کوردی دا ئەوەندەی بەرکەوتبێت.

سەبارەت بەژمارەی نەخۆشخانە و خاوەن پیشە تەندروسـتیەکانیش ڕەوشەکە هەر زۆر خـراپ بـووە: تـاکو دەیـەی پـەنجاکان تـەنیا یـەك نەخۆشخانە و یەك بنکەی تەندروستی لە شاری هەولێر هەبووە.[103] لە ناوەراستی پەنجاکان هەر یەکێك لـە لیواکـانی هـەولێر و سـلێمانی و کەرکوك (٥) نەخۆشخانەیان هەبووە، لیوای سلێمانی (١٠) پزیشك و لیوای هـەلێریش(١٢).[104] ئـەم بـارە لـە کۆتـایی شەسـتەکاندا بـەم شـێوەیە بـوو: پارێزگـای کـەرکوك و هـەولێر هەریەکـەیان (٨) نەخۆشخانە و سلێمانی هەروەکو خۆی (٥) نەخۆشخانە، ژمارەی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە پارێزگای کەرکوك (١٠٠) کەس، هەولێر و سلێمانیش هەریەکێکیان (٥١) کەس.[105]

سەبارەت بەفێرکردن و خوێندن بەهەمان شـێوە ڕەوشـێکی پەشـێو لـەئارادا بـوو، ژمـارەی نـەخوێندەواران ئێجگـار زۆر بـوو، قوتابخانـە ئاینییـەکان لـە شـار شانبەشـانی ئـەو ژمـارە کەمـەی قوتابخانـە حکومیەکان بەردەوامیان بەچالاکی خۆیان دەدا، لە شار، بەپێچەوانەی لادێ، کچانیش دەچوونە قوتابخانە. تەنانەت لە پەنجاکان بۆ نموونـە لـە سلێمانی و هەولێر قوتابخانەی دواناوەندی تایبەت بەکچان هەبوو.[106]

---

102 منوچهر محسنی، جامعەشناسی پزیشکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

103 مەولود قادر بێخاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠١.

104 د. شاکر خصباك، الکرد والمسألة الکردیة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١ .

105 د. شاکر خصباك، العراق الشمالي، دراسة لنواحیه الطبیعیة و البشریة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٥ـ٢٦٦.

106د. شاکر خصباك، الکرد والمسألة الکردیة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ لە شاری هەولێر ژمارەی ئەوانەی دەیان توانی بخوێننەوە و بنووسن (٦٦٠٥) کەس بووە، دەرچووانی سەرەتایی (٥٨٦) کەس، دەرچووانی زانکۆ (١٢٩) کەس، خوێندنی باڵا (٢١) کەس.[107] کە ئەمانەش بەبەراوورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی شار ڕێژەیەکی زۆر کەم بوون.

کۆی ژمارەی قوتابخانەکان لە لیواکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوك بەم شێوەیە بوو: سەبارەت بە لیوای سلێمانی (٥٧) قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان، (٩) کچان، (٣) دواناوەندی کوڕان و یەکێکی کچان. لە لیوای هەولێر (٥٩) قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان، (٨) کچان، (٣) دواناوەندی کوڕان و یەکێکی کچان، لە لیوای کەرکوکیش (٧١) قوتابخانەی سەرەتای کوڕان، (١٣) کچان، (٦) دواناوەندی کوڕان و دووی کچان.[108]

دامەزراوەکانی تری شار

هەموو ئاوەدانییەك، چ شار چ گوند، دامەزراوەگەلێکی هەیە. لە لادێ ئاماژەمان بە مزگەوت و دیوەخان کرد، بە پێویستی دەزانین لە باسی شاریشدا بەکورتی بپەرژێینە سەر هەندێك لە دامەزراوە نارەسیمیەکان لەوانەش: بازاڕ، مزگەوت،چایخانە، مەیدان...

ئێمە لە وەسفی شاری کوردیدا گوتمان شارەکانی کوردستانی خواروو تێکڕا شاری بازاڕین، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین بازاڕ گرنگترین دامەزراوەی شاری کوردییە. بازاڕ جگە لە رەهەندە بازرگانی و ئابوورییەکەی کە رەهەندی زاڵە، رەهەندی کولتووری -

107 اسماعیل شکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.
108 د. شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.

کۆمەڵایەتیشی هەیە. بازار ڕۆڵێکی وەزیفی تایبەتی هەیە و شوێنی کۆبوونەوەی زۆر لە کار و پیشەکانە، کە زۆربەی ئەو کار و پیشانە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و خەڵکانێکی زۆر لەوێ کۆدەبنەوە کە جگە لە پەیوەندیی کار پەیوەندیی خێزانی و خزمایەتیشیان پێکەوە هەیە.[109] بازار لە شارەکانی کوردستاندا شوێنی بەیەکگەیشتنی کولتووری شار و لادێ بوو، بەوەی کە شارنشین و لادێنیشینەکان بەزۆری لە بازاڕدا دەیانتوانی یەکتر ببینن و لادێنشینەکان تەنیا بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان و فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانیان کە لە بازاڕی شارەکاندا شێوەی وەردەگرت دەیانتوانی خۆیان لە کارە ئێجگار زۆرەکانی لادێ بدزنەوە و لەگەڵ خەڵکی شارنشین تێکەڵاو بن، سەرەڕای ئەمە بازار سەرەکیترین دامەزراوە و شوێنی یەکتر ناسین و مامەڵەکردنی شارنشینەکان خۆیانیش بووە. هەروەها لەبەر ئەوەی لە شارە ئیسلامییەکاندا مەیدانی گشتی بوونیان نییە (یاخود زۆر کەمن بۆ نموونە لە شارە کوردییەکان دەتوانین ئاماژە بە بەردەرکی سەرا بکەین لە سلێمانی) ئەوا یان مزگەوت یاخود بازاڕ تاکە شوێنێك بوو کە هەواڵی تازە یاخود زانیارییان لەبارەی ژیانی ڕۆژانەیانەوە پێکەیشتوون.[110]

مزگەوت لە شاری کوردیدا دەکرێ لە دوای بازاڕەوە بێت لەڕووی گرنگیەوە. هەرچەند لە کوردستان دوای ئەوەی چەند ماڵێك لە شوێنێك کۆدەبنەوە سەرەتا بیر لە دروست کردنی مزگەوت دەکەنەوە، بەڵام ناکرێ ڕۆڵی لە بازاڕ گەورەتر بێت لە شاردا، چونکە بازاڕ هەم

109 مینا جباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.
110 هاشم خضر الجنابی، مدینة اربیل، دراسة فی جغرافیة الحضر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٠ـ١٨١.

خەڵکی زێتر لەخۆ دەگرێت و هەم خـەڵکێکی زۆرتـری لێ دەمێننـەوەو سەرەنجام مزگەوت زێتر شوێنی خواپەرستییە و بازاڕ شوێنی کاروبـاری دونیاییـە. بـەڵام ئەمـە هـەموو ئـەوە ناگەیـەنێت کـە مزگـەوت دامەزراوەیەکی بەرچاو و دیـار نـەبێت لەشـاری کوردیـدا. مزگـەوت لەگەڕەکدا وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەرچاو جێبەجێ دەکـات، لـە مزگـەوتدا خـەڵکی گـەڕەك کـۆ دەبنـەوە و لـەبارەی کاروبـارە هاوبەشەکانیان گفتوگو دەکەن، هەروەها زۆرجار خەڵکی گـەڕەك پـەنا دەبەنە بەر مەلاو ڕیشسپیەکان لە مزگەوتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشـە و ناکۆکییـە کۆمـەڵایەتیـەکانیان، بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ دامـەزراوە رەسمییەکان.[111]

سەرەڕای ئەوەش مزگـەوت لـە شـاری ئیسـلامیدا تـەنیا شـوێنی پەرسـتن نییـە، بـەڵکو تاکـە شـوێنێکە تاکەکـەس تیـایدا هەسـت بەئارامی راستەقینە دەکات، هەروەها ئەو شوێنەیە کە دەتوانێـت بـە کەیفی خۆی دانیشێت دوور لە قەرەباڵغی زۆر،[112] بەبێ ئـەوەی کـەس بـێزاری بکـات. پێویسـتە ئـەوەش لـەبیر نەکـەین کـە لـە شـارە کوردیيەکاندا هەمیشە ژمارەیەکی زۆر تەکیەو خانـەقاو خوێندنگـەی ئایینی هەبووە.

دامەزراوەیەکی تر کـە زۆر بـەرچاوە چایخانەیـە. *عـەلی ئـەلوەردی* پێیوایـە شـار و شـارۆچکەکانی عـێراق ژمارەیـەکی ئێجگـار زۆر چایخانەیان لێیە،[113] ئەگەرچی ناوبراو هەمیشە بـاس لـە کۆمـەڵگای

---

111 مجموعة من المؤلفين، دراسات في المجتمع العربي المعاصر، تحرير خضر زكريا، الاهالي للطباعة والنشر و التوزيع، دمشق، ۱۹۹۹، ص ۲۱.

112 جیرالد بریز، سەرچاوەی پێشوو، ل۱۸۰.

113 د. علي الوردي، شخصية الفرد العراقي: بحث في نفسية الشعب العراقي على ضوء علم الاجتماع، مطبعة الرابطة، بغداد، ۱۹۵۱، ص۵۰.

عەرەبی دەکات. نەك کۆمەڵگای کوردی بەڵام شـارەکانی کوردستانی خوارووش لەم بارەیەوە رەوشێکی هاوشێوەی شارە عەرەبییەکانیان هەیە، ئەگەر ژمارەی چایخانەکانیشیان زۆر لە شارە عەرەبنشینەکان کەمتر بێت، ئەوە مانای ئەوە نییە کە ژمارەیان کەمە. *خەسباك* لە وەسفی شارەکانی لیوای سلێمانیدا دەڵێت: ژیانی کۆمەڵایەتی لە دەوری چایخانەکاندا کۆدەبێتەوە.[١١٤] چایخانە هەم شوێنی بەسەربردنی کاتەکانی دەست بەتاڵی و هەم شوێنی یەکتر بینینی هاوڕێ و هاوبیرەکان بووە. لە چایخانەدا تاکەکەس بۆی دەلوا هەموو جۆرە قسەیەك و هەموو سەرگوزشتە و هەواڵێك بگێڕێتەوە یاخود ببیسێت.

هەروەها دامەزراوەیەکی تر کە کەمتر گرنگە و تەنیا لە شارە گەورەکان هەبوو سینەمایە، لە پەنجاکان لە سلێمانی سینەما هەبوو، تەنانەت خاتوو *هانسن* بۆمان دەگێڕێتەوە کە ژنان بەپەچەوە لەتەك پیاواندا لە سینەما دادەنیشتن،[١١٥] ئەو شتەی کە ئەمڕۆ وێڕای نەمانی پەچە بەدەگمەن نەبێت لە سینەماکاندا هەستی پێناکرێت. لە شاری هەولێریش هەر لە ناوەڕاستی چلەکانەوە دوو سینەما، یەکێك هاوینی و ئەوی تریان زستانی کە سینەما حەمرا بوو، هەبوون.[١١٦]

سەرەڕای دامەزراوە نارەسمییەکان لە شارەکاندا چەندین دامەزراوەی رەسمی هەبوون کە لە گونددا بوونیان نەبووە، وەك پارێزگا، قایمقامیەت، نەخۆشخانە، بەندیخانە، بنکەی پۆلیس و...هتد کە ئەمانە هەریەکە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندیان بە دانیشتووانەوە هەبوو، هەموویان لەلایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکران و لە

---

114 د. شاکر خصباك، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١.
115 هێنی هارۆڵد هەنسن، کچانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.
116 تەحسین چیچو و شێرزاد قادر، هەولێر لە یادی دامەزراندنی شارەوانیی هەولێردا (١٨٨٥-١٩٨٥)، چاپخانەی عەلا، هەولێر، ١٩٨٥، ل١٦٨.

بنەڕەتدا بۆ خزمەتی هاوولاتیان و ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی ئەوان بونیات نرابوون.

ئافرەت لە شار و لادێی کوردەواریدا

بەئەنقەست لە باسی گوندی کوردیدا لە بارەی ئافرەتەوە نەدواین، ویستمان لێرەدا باسی هەردوو ئافرەتی شارنشین و لادێنشین پێکەوە بکەین. بەگشتی گەڕۆك و ڕۆژهەلاتناسان ئەوانەی لە دوو سەدەی ڕابردوودا سەردانی کوردستانیان کردووە و لەگەڵ کوردا ژیاون، ستایشی ئافرەتی کوردیان کردووە و پێیان وابووە کە کوردەکان هەم ڕێز لە ئافرەت دەگرن، هەمیش ئافرەت لەناو کورداندا ئازادییەکی زێتری هەیە.[117] هەڵبەت ئەوان بەزۆری ئافرەتی کوردیان لەگەڵ دراوسێکانیان بەراورد کردوون. ئەمڕۆ بۆچوون و بیروڕای ئەم گەڕۆك و ڕۆژهەلاتناسانە لەلایەن فیمینیستە کوردەکانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەتەوە.[118]

ئێمە لەو بڕوایەداین لە زۆر ڕووەوە ئەم گەڕۆك و ڕۆژهەلاتناسانە لەسەر هەق بوون، چونکە باسکردن لە ئازادی و ڕێزگرتن بەپێی سەردەم و کۆمەڵگا دەگۆڕێت. بەراوردکردنی ئازادی ڕەوشی ئافرەت لە ولاتانی ڕۆژئاوای ئەمڕۆ لەگەڵ ئافرەتی کورد لە دەیەکانی پەنجا و شەستی سەدەی ڕابردوو شتێکی بێ مانایە.

هەموو ئەوانەی لە ڕەوشی ئافرەتی کوردیان کۆڵیوەتەوە لە کوردستان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئافرەت لە گوندا زێتر ئازاد بووە وەك

---

117 د. بدرخان السندي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦ـ١٢٩

118 یەکێك لەو ڕەخنەگرانە ((نەزەند بەگیخانی)) یە، بڕوانە: نەزەند بەگیخانی، ئیماژی ژنی کورد لە ناو ئەورووپای سەدەی نوزدەمدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٤، هەولێر، حوزەیرانی ١٩٩٨، ل ٤ـ١٣

له شار. پەچە کە دیاردەیەکی تەواو شارییە لە کوردستان (هەولێر، سلێمانی، کۆیە، تا ئێستاش لە شاری ئاکرێ پاشماوەی ماوە) لە دێدا بەهیچ شێوەیەك نەبووە. ئافرەت کە لە گوندەوە چووە بۆ شار ناچار بووە پەچە دانێت،[119] کە ئافرەتی شار چووەتە لادێ پەچەی لابردووە.[120] لە شاری سلێمانی شەرم بووە ژنێك بەبێ پەچە بچێتە مالێکی تر،[121] *هانسن* لەم بارەیەوە دەلێت ئافرەتی شارستانی کورد یەکەم جار و دواجاری لەژیانی دا کە بەرگی سپی بووکێنی پۆشی دەتوانێت رووی خۆی لەژێر پەچەیەك پیشان بدات کە سفت نییە و شەفافە و چاوی غەریب دەتوانی فەرقی پێ بکات.[122] هەموو ئەمانە لەلادێ نەبوون، ئافرەت بۆ هەموو شوێنێك لە مالی دراوسێ وە بگرە تا سەر کانی و تا ناو کێلگە بێ پەچە و بە تەنیا دەچوو، هەروەها بەشداری هەموو ئیشێکی دەکرد لەگەل پیاوان. لەگەل ئەو راستیەدا کە ژنی لادێ لەژیانی دەردەداریی خۆیدا لەگەل خوشکەکانی رۆژهەلاتی ناڤین هاوبەشبوو، سەرەرای کارە زۆر و قورسەکانی مالداری و هێنانی ئاو لە کانی دوورەوە بەشێکی زۆری کارە کشتوکالیەکانیش لە ئەستۆی ئەو بوون.[123] هەروەها ناکرێ ئەوە باس نەکەین کە ئافرەت لە جیاتی خوێن دەدرا، ژن بە ژنی و گەورە بەکچکەی پێدەکرا، دوا کەس لە هاوسەرگیریدا پرسی پێدەکرا، بەلام حالەتی یەکەم (لەجیاتی خوێن)ی

---

119 هێنی هارۆلد هەنسن، کچانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.
120 هێنی هارۆلد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.
121 هێنی هارۆلد هەنسن، کچانی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩.
122 هەمان سەرچاوە، ل ٥٠.
123 ژویس بلو، مساله کرد، بررسی تاریخی و جامعەشناسی، ت: د. پرویز امینی، نشر شالودە، تهران ١٣٧٩ (٢٠٠٠)، ص ٩٠.

لێدەرکەین لەوانی تردا پیاویش هێندەی ئەو زەرەرمەند بووە، کوڕیش ڕۆڵی وای نەبووە لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیدا، بەڵکو ئەم کارە لە ئەستۆی خێزان بوو. هەروەها ئێمە بەهیچ شێوەیەك ناتوانین ئەوە بسەلمێنین کە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەو کاتەدا سەرکەوتوو نەبووە. بەکورتی دەتوانین بڵێین ژیان بە گشتی لەو کاتەدا زەحمەت بووە، ئافرەت ناچار بووە بۆ مانەوەی خۆی و خێزانەکەی ئەرکی زێتر لە ئەستۆ بگرێت، و لە کۆمەڵگای باوکسالاریشدا ئافرەت هەمیشە زێتر چەوساوەیە وێڕای ئەوەی ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئەوانەی کە پێیان وایە ئەم چەوساندنەوەیە کەمتر بووە لە ئافرەتە دراوسێکانیان. لە کۆتایشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە نەك تەنیا لە هەر شارێك بەڵکو ڕەنگە لە هەر خێڵێکیشدا تێگەیشتن لە ئافرەت جیاواز بووبێت.

بەشی چوارەم

قۆناغەکانی راگواستنی کوردان لە عێراقدا

باسی یەکەم: سیاسەتی راگواستن لە کوردستانی خوارووردا

تێگەیشتن لە سیاسەتی راگواستنی کوردەکانی کوردستانی باشور لەلایەن رژێمی بەعسەوە کە ٤٠ ساڵ بەردەوام بوو، بەبێ تیگەیشتن لە بەعسیزم ، بەبێ ئەوەی بزانین بەعس دەرهاوێشتەی چ هەلومەرجێکە، بەبێ ناسینی ئەو توخم و رەگەزانەی لە پێکهاتەی حزبی بەعسدا کۆ بوونەتەوە، دواجاریش بەبێ راڤەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی تێروتەسەلی بەعس، نەك تەنیا ئاسان نییە، بەڵکو مومکین نییە، چونکە بەعس بە هەموو رەگەز و توخمەکانیەوە بونیاد و پێکهاتەیەکی جیاواز، تایبەتمەندیگەلێکی خۆی هەیە کە بە هۆیانەوە لە تەواوی رژێمەکانی دیکە جیاوازە. لێرەشدا مەبەستمان ئەوە نییە راگواستنی کوردان لە چوارچێوەی سیاسەتی بەعسدا کورت بکەینەوە یان پشت لە مێژوو بکەین. هەر هەوڵێکی لەو جۆرە، بەوەش هەر جۆرە بەدەسپێشخەر لەقەڵەمدانێکی بەعس لە راگواستنی کوردان تەنانەت لە ناو سنووری عێراقیشدا کورت هەڵدەهێنێت.

راگواستنی کوردان مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە سەردەمە کۆنەکانەوە بۆ سەدە نوێیەکان درێژ دەبێتەوە. راگواستنی کوردان

تەنانەت لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیشدا لە کوردستانی باشور (دواتر باسی دەکەین)، بەر لە گەیشتنی بەعس بە دەسەڵات پەیڕەو کراوە. ئەمە سەبارەت بە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش راستە کە دەکەونە ناو سنووری دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیا و سووریا، هەروەها کوردەکانی سۆڤیەتی جاران، راستە، وڵاتانی ناوچەکە بە ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە ـ لە ستالینەوە بگرە تا سەدام حوسێن، لە عێراق تا تورکیای ئەمڕۆ، تا سووریای ساڵەکانی شەست و ئیرانی ساڵەکانی ١٩٢٥ـ١٩٤٥ ئەم خەڵکەیان لە زێدی خۆیان هەڵکەندووە، ئەوانی لە گرووپ و دێهاتی بچووکدا پەرتوبڵاو کردوون، بەو هیوایەی، ئەگەر لە دەشت و کێوەکانیان دوور بکەونەوە ئەوا بە کورد یاخود بەلای کەمەوە بە ناسیۆنالیست نامێننەوە.[1] بەڵام پێمانوایە بۆیە پێویست دەکات لە بەعس تێبگەین تاکو بزاین لەو دیو راگواستنەوە چ شتێك خۆی حەشارداوە، چونکە ئەو راگواستنەی بەعس پیادەی کرد، وەکو زۆربەی ئەو تاوان و کردە دزێوانەی دیکەی، جیاواز و تاکانەیە لە شێوەی خۆیدا. بەعس لە داهێنانی تەکنیکی نوێ و دزێوترین شێوازەکانی راوەدوونان و کۆچپێکردن و راگواستندا دەسپێشخەرە، نەك لە راگواستندا وەك کردەیەکی ئەبستراکت و رووت. راگواستن وەك سیاسەت بەرماوە و میراتی رژێمە تۆتالیتارە جیهانییەکانە بە درێژایی مێژوو بۆ ئەم میراتگرەیان (بەعس) ماوەتەوە و ئەمیش، ئەو ئەزموونەی ئەوان بە تەکنیك و میکانیزمی نوێوە کە گونجاو بێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە پیادەی کرد. کەواتە رژێمی بەعس بەردێکی دیکە دەخاتە سەر دیواری

---

1 جاناتان راندل، با این رسوایی چه بخشایشی؟ اشنایيم با كردستان، ترجمه ابراهيم يونسى، انتشارات پانيذ، تهران ١٣٧٩ (٢٠٠٠)، ص ٢٥ـ٢٦.

تۆتالیتاریزم و ئەزموونەکانی رەگەزپەرستی دەولەمەندتر دەکات.

زۆرن ئەو رژێمانەی جینۆسایدیان لەدژی ئێتنۆس و گرووپی ئایینی دیکە ئەنجامداوە، بەلاّم هیچ کامێکیان وەك بەعسی عێراق بە سیستماتیك و بەرنامە پەیڕەویی نەکردووە. لەمەڕ راگواستنیش هەر وایە، ئەلّمانیای هیتلەری، فاشییەکانی ئیتالیا و دواتریش ئیسرائیل و... پەنایان بۆ ئەم سیاسەتە بردووە، بەلاّم ئەمەی بەعس ئەنجامی دا لەدژی کورد، وانەیەکی فەرامووش نەکراو دەبێت بۆ هەموو ئەو رژێمە تاکڕەو و تۆتالیتارە رەگەزپەرستانەی لەدوای ئەو جلّەوی دەسەلاّت لە هەر کونجێکی ئەم جیهانە پانوبەرینەدا دەگرنە دەست.

ئەگەرچی لە رووکەشدا راگواستن سیاسەتێکە بۆ مەبەستگەلێکی سیاسی و لە پەنا هەر جارە و پاساوێك پیادە دەکرێت ـ کە دواتر دێینەوە سەریان ـ لە بنەڕەتدا رەهەندەکانی ئەم سیاسەتە زۆر قوولّتر و فراوانترن. هێشتا زووە ئێمە تێبگەین کە راگواستن چی کردووە و چی هێناوەتە ئاراوە، بە قوولّی درککردنی ئەم سیاسەتە تا ئێستاش لە توانای ئێمە بەدەرە. ئەم سیاسەتە چۆن کاتێکی درێژی خایاند تا ئەنجامدرا، ئاواش کاتێکی زۆری دەوێ تا بزانین ئەو بێچووەگەلەی لە هەناویەوە سەریان دەرهێناوە چین و چ گۆڕانکارییەکیان لە کۆمەلّگای ئێمەدا دروستکردووە. هەرێمی کوردستان کە پێش راگواستن بەو گوند و دێهاتانە داپۆشرابوو کە مێژوویان بۆ سەردەمانی زوو دەگەڕێتەوە، بەگوتەی جۆناسان راندلّ کۆمەلّگای دێهاتی کۆن تیایدا ریشەکێش کراوە.[2] ئێمەی کورد تارادەیەکی زۆر بێئاگاین و چاومان ئەو گۆڕانکارییانە نابینێت کە بە درێژایی ئەم چارەگە سەدەیەی دوایی

2 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

روویان داوە، نازانین چیمان پێکراوە و چیمـان بەسـەرهاتووە، تەنانـەت درککردنـی ئـەو بـارەش کـارێکی ئاسـان نییـە بـە تایبـەتی بـۆ کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمـەڵگای ئێمـە کـە لـە هـەموو روویەکـەوە هـەژاری تیـۆری بـاڵی بـە سـەردا کێشـاوە. بـە تایبـەتی لـەرووی کۆمەڵناسـییەوە، چونکـە کۆمەڵناسـی ئـەو زانسـتەیە یـاخود ئـەو ئاوێنەیەیە کۆمەڵگاکان خۆیان لە بەریەوە دەخوێننەوە و ئـەوە دەزانـن کە چین و لەچیدا جیاوازن و چۆن دەگۆڕێن، بەڵام هـەژاری مەعریفـەی کۆمەڵناسیانە، ئـەرکی کۆمـەڵگای کـوردی قورسـتر کـردووە لـە دەرککردن و ناسینی خۆی و ئەو پێشهاتانەی لە بۆسەدان بۆی.

ئێمە کە دەڵێین لەم چارەگە سەدەیەی دواییـدا، کۆمـەڵگای ئێمـە گەورەترین گۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـە خـۆوە بینیـوە، پێمـان وانییـە و ناشتوانین بانگەشـەی ئـەوە بکـەین کـە راگواسـتن ئـەو هـەموو گۆڕانکارییانەی دروست کردوون. سەرباری ئـەوەی کـە ئێمـە وای بـۆ دەچین سیاسەتی راگواستن هۆکارێکی گەورەی ئەم گۆڕانکارییانە بووە، دواتر زۆرتر لە سەری دەوەستین . رۆڵ و کاریگـەریی ئـەو هۆکارانـەی دیکە پشت گوێ ناخەین: پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی، گۆڕانی هاوکێشە هـەرێمی و جیهانییـەکان، شـەڕەکانی عـێراق لەگـەڵ دراوسـێکانی، راپـەڕینی سـاڵی ١٩٩١ ، بەجیـهانیکردن و ...هتـد و لـە دەور و بایەخیان کەم ناکەینەوە، بەڵام بەراوردکردنی بارودۆخ و هەلومـەرجی زۆر لە وڵاتان کە ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە ناویان هـات ئامادەییـان هەبووە تیایاندا، بە پلەی خۆیان گۆڕانیان بە سەردا هـاتووە لەلایـەك، هەلومەرج و رەوشی کوردەکانی ژێر دەسـەڵاتی بـەعس لـە عـێراق و کوردەکانی پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان کـە بـەدەر نەبوونـە لـە راگواستن، بەڵام بە قەبارەیەکی کەمتر بە تایبەتی بـە بـەراورد لەگـەڵ ژمارەیان، تێدەگەین کەجگە لەم فاکتەرانە، هۆکارێکی دیکـە یـاخود

زێدەتر لەم چارەگە سەدەیەی دواییدا ئامادەیی لە کوردستانی باشوردا هەبووە، تا هەموو ئەو گۆڕانانە دروست بن. هەڵبەت ئەگەر ڕاگواستن تاکە هۆکارێکیش نەبێت لەم بوارەدا، ئەوا یەکێکە لە هۆکارە هەرە بەهێزەکان.

بە کورتی، ڕاگواستن ئەو کردەیە بوو کەبەرۆکی کۆمەڵگای کوردی بۆ لە باوەشگرتنی زۆرترین گۆڕانکارییەکان ئاواڵاکرد، خێراییەکی لە ڕادە بەدەری بە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن (مۆدێرنیتەی کەرەستەیی) بەخشی کە دواتریش کاریگەری دەبێت لە سەر شێوازی بیرکردنەوە و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و...هتد. ئەگەر جاران کوردەکانی عێراق لە پێدەشت و چیا دوورە دەستەکاندا لە ڕێی بۆمبا و تۆپ و فڕۆکەکانەوە پێشوازیان لە مۆدێرنیتە دەکرد، ئەوا ڕاگواستن ئەوانی (بە تایبەتی گوند و ئاواییەکانی سەر سنوور) بە ئاپۆرە لە ئوردوگاگەلێکی نزیك و دەسهەڵدا لە پێشوازی مۆدێرنیتە بە هەموو کەرەستەکانییەوە (ڕێگاوبان، ئوتومبیل، ئامێرە کارەباییەکان، جلوبەرگ، کەلوپەلی ناومال، خوێندن، تەندروستی...) کۆکردنەوە. سیاسەتی ڕاگواستن لە بەرفرەوانترین شێوەیدا کە لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی بە مۆدێرنەبوونی کۆمەڵگای کوردی لە بەرفراوانترین شێوەیدا. بێگومان ئەوە ئەمە ناگەینێت کە کۆمەڵگای کوردی مۆدێرن بووە بە مانا ڕاستەقینەکەی، بەڵکو مەبەستمان کاریگەربوونیەتی بە مۆدێرنیتە و مۆدێرن بوونیەتی بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشووتردا.

دوای ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بە ڕاگواستندا تێپەڕی، سیحری هەموو ئەو نووسینانە (نووسراوی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕۆکەکان) بەتاڵ بووەوە کە لەژێر ڕۆشناییاندا کۆمەڵگای کوردی و خەسڵەتەکانی کەسایەتی کوردیان پێ دەخوێندرایەوە. بەدەربڕینێکی تر، بەکۆتایی

هاتنی راگواستنی گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان لەدوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن رژێمی عێراقەوە چیتر کوردەکان چیانشین نین، چیتر میللەتێکی شوانکارە و کۆچەر نین. بۆیە هەر خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی و کەسایەتی مرۆڤی کورد ، لەسەر بنەمای ئەو راڤە و نووسینە بەنرخانەی رۆژهەڵاتناس و گەڕۆکە بیانییەکان کە لە کاتی خۆیاندا سەبارەت بە کورد بە ئەنجامیان گەیاندبوو، خوێندنەوەیەکی ناواقعی و نابابەتی دەبێت بۆ ئەمڕۆ. خوێندنەوەی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی باشوردا پێویستی بە دید و بۆچوونی نویّ، رێباز و میتۆدی دیکە هەیە کە لەگەڵ پێویستی سەردەمدا بگونجێن.

پێشتر ئاماژەم بەوە دا کە بەعس بەشێوەیەکی سیستماتیکانە راگواستنی کوردەکانی بە ئەنجام گەیاند. لەهەمان کاتیشدا ئەمە ئەوە ناگەینێت کە لە هەموو قۆناغەکاندا هەمان میکانیزم خرابێتەگەڕ. بەعس بە پێی بارودۆخ و هەلومەرجی رۆژ ئەم سیاسەتەی خۆی کە هەر لە سەرەتاوە ستراتیژی بووە ـ پیادە کردووە. بۆیە ئێمە لەم سیاسەتەیدا هێڵێکی راست نابینین، بەڵکو هێڵێکی تێك ئاڵۆزکاوە و رەچاوی ئەوەی نەکردووە کە چ ناوچەیەك لە چ ماوەیەکی زەمەنیدا رادەگوێزێت، هێندەی ئەوەی حیسابی ئەوەی کردبێت لە چ ماوەیەکدا دەتوانێت زێتر پاساو بۆ کردەکەی بهێنێتەوە و کامە میکانیزم لەگەڵ کامە قۆناغ دەگونجێت تا گەورەترین گورزی بوەشێنێت. راگواستن بە هەموو جۆرەکانی لە پەنا هەر پاساوێك بێت، ئەوا لەدوای راگواستنی قەڵادزێ و مێرگەسوور دەرکەوت کە هەموو پاساوەکان بێ بنەما و بێ بنچینەن.

راگواستن لەدوایساڵی ١٩٦٣وە سیاسەتێکی هاوکاتە لەگەڵ هەموو ئەنفال، عەرەباندن و کیمیابارانێك. هیچ ناوچەیەك لەم

ماوەیەدا بە عەرەب نەکرا، بیر لەوە نەکرایێتەوە کوردەکانی لێ وەدەرنێن یان هاوکات لەو ساتەدا یان دواتر دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دەرنەکرابن. هیچ ئەنفال، کیمیابارانێك رووی نەدا راگواستن و راوەدوونانی لە تەکدا نەبێت. هیچ هێرشێکی سوپا و جاشەکان نەکرا کە ئاپۆرەیەك لادێنشینی ئاوارە نەکردبن. واتە راگواستن ستراتیژ و سیاسەتێکی ئامادە بوو لە پشت هەموو هەنگاوێکی بەعسەوە. وێڕای ئەوەش راگواستن سیاسەتێکی سەربەخۆ بوو لە هەموو کیمیاباران و بەعەرەبکردن و ئەنفالێك. چل ساڵ بەردەوام کاری بۆ کرا.

راگواستنی کوردەکان ئامانجێکی رژێمی بەعسە، هەروەها کۆڵەگەیەکە لە کۆڵەگەکانی کورد قڕان و سڕینەوەی نەژادی کورد. ئەگەر لە راگواستندا راستەوخۆ مرۆڤەکان نەدەکوژران، شوێنبزر نەدەکران وەك ئەنفال و کیمیاباران، ئەوا راگواستن زەمینە خۆشکەرێکی سەرەکی کۆرد قڕان بوو، بە هۆی راگواستنەوە بوو کە تاکە هیوای بەعس لە کۆنتڕۆڵ کردن و بەرزەفتەکردنی کوردان دەهاتە دی. بۆیەش راگواستن دەسکەوتێکی زۆر گەورەتر بوو بۆ بەعس. پێمان وا نییە بەعس پرۆگرامێکی بەدەستەوە بێت کە هەرچی کوردە بکوژێت، واتە بە تەڤکوژییەك کۆتایی بە کورد بێنێت، چونکە ئەمە نەمومکینە نە لە دەستیَ دەهات، ئەگەر مەیلی ئەوەشی هەبێت و ئەمە خەونێکی بێت. بەڵام سڕینەوەی مۆرکی کوردبوون و بچووککردنەوەی ئەو رووبەرەی بە کوردستان ناسراوە و تەسککردنی ناوچە کوردنشینەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان تا ئەو رادەیەی کە دەکرێت، خاڵێکی سەرەکی پرۆگرامی بەعس بوو. بە کردەوەش سەلماندی، لەمەشدا پشکی راگواستن پشکی شێرە. لە لایەکەوە تا کرا لە میانەی راگواستنەوە سنووری ئەو رووبەرەی کە کوردستانە بچووك کرایەوە. هەروەها راگواستن وێڕای ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای

کوردی بوو، سیاسەتێکیش بوو بۆ کۆکردنەوە و بە ئاسانی کۆنترۆڵ کردنی کوردەکان تا لە میانەیەوە بەعس بتوانێت هەموو کردە دزێو و تاوانەکانی لە بەرامبەریاندا بە ئەنجام بگەینێت.

راگواستن ترسی لە دەستدان و جودابوونەوەی زیاتر کرد. بەتایبەتی ئەو کاتەی راگوێزراوەکان خۆیان لەناو کێشمەکێشەکانی شاردا دۆزیەوە. ترس لە دوورکەوتنەوە لە شوێنی باب و باپیران و بیرەوەری و رابردووی هاوبەش لە مەزاری کەسوکار و خوشەویستان، لە شوێنی گەورەبوون و یادگارەکانی منداڵی و ئیشکردن و عەشقەکانی سەرەتایی... لەولاشەوە ترس لە ونبوون، لەبیرچوونەوە و هەستکردن بە بێکاری لەناو شارەکاندا... ترس لە ژیانی پەراوێزی و مانەوە لە بازنەی برسێتی و مەرگەساتدا.[3]

راگواستن سیاسەتێکی فرە رەهەند بوو، هەر بۆیەش زێتر لە چاوێکی پێویستە بۆ خوێندنەوەی. دەکرێ خوێندنەوەگەلێکی بۆ بکرێت. راگواستن چەندە بە مەبەستێکی سیاسی ئەنجامدراوە، هێندەش مەبەستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری، پەروەردەیی ... هتد لە پشتەوە بوون. خوێندنەوەی سیاسیانەی راگواستن بە تەنیا، نیشانەی تێنەگەیشتنی کوردەکانە لە راگواستن، چونکە کاریگەری سیاسیانەی راگواستن لەدوای نەمانی رژێمی بەعس لە سەر دەسەڵات، تاکەمترین ئاستی کەم دەبێتەوە، هەروەك لە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانی خواروو لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ هەستی پێ دەکرا. ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری گوندەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئوردووگا زۆرەملێکان بوون بە واقعێك، ئەو راگوێزراوانەی کۆچیان

---

3 رێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٢٠٢.

کردبوو بۆ شارەکان زۆربەیان نەگەڕانەوە، وێــڕای ئــەوەش کاریگەرییــە سیاسیەکەی گەیشتە ئاستێکی زۆر نزم. ئەوەی ماوەتـــەوە و ئامــادەیی هەیە و ئێستا زێتر هەستی پــێ دەکــەین ڕەهــەندەکانی کۆمەڵایــەتی، کولتووری، ئابووری، پەروەردەیی ...هتد ڕاگواستنن.

پێشتر گوتمان تێگەیشتن لە ڕاگواستن لە کاتێکدا هێشتا کــاتێکی زۆر کەم بەســەر بەکۆتاییــهاتنی تێپــەڕیوە، بەلەبــەر چــاوگرتنی فــرە ڕەهــەندی و ئاڵۆزیەکــەی، کــارێکی قــورس و زەحمەتــە. ئــەوەی ئــەم تێگەیشتنەش قورستر دەکات وێڕای نەبوونی بەعسناسییەکی تۆکمە و فرە ڕەهەندی ڕاگواستن، نەبوونی بەڵگەنامــە و دەکومێنتــی پێویســتە کە دەکرا هاوکارێکی باش بن لە تێگەیشتن لــە سیاســەتی ڕاگواســتن. هەر لێرەوەش دەتوانین بپەڕینەوە بۆ بابەتێکی دیکە کــە هاوکــار بــووە لەوەی نە بەعسناسی، نە ڕازونهێنیەکانی ئەنفال و تەعریب و تەرحیل دەرکەون، ئەویش کەمتەرخــەمی و ناهوشــیاری دەســەڵاتی کوردییــە. دەسەڵاتی کوردی بە پەرلــەمان، حکومــەت و هــەموو هــێز و لایەنــە سیاســـییەکانی دیکــەی هــەرێمی کوردســـتانەوە، تــا ئەوپــەڕی کەمتەرخەمن لەوەی کە ئێمــە نــاتوانین بــە باشــی سیاســەتێکی وەك ڕاگواستن، یەکەم دەرك بکەین، دواتریش بخوێنینەوە و ڕاڤەی بکــەین و دەرەنجامــەکانی بخەینــەڕوو. ئــەویش لــە چــەند ڕوویەکــەوە : یەکــەم، فەوتاندن، شاردنەوە یاخود گواستنەوەی دەکومێنــت و بەڵگەنامــەکان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دوورخستنەوەیان لە چاوی باســکار و تۆژەران، بۆ ئەوەی لە باس و تۆژینەوەکانیاندا سوودیان لێ وەرگرن. زۆر لەوەی ئێمە لەبارەی ئامانج و مەبەستی ڕاگوستنەوە دەیڵێین تــەئویل و تێگەیشتنی ئێمەیە لەم سیاسەتە، زۆربەی جارانیش کەموکووڕی زۆرە. زۆر کەمیش دەتوانین گوتەکانمان بســەلمێنین، بەڵگەگــەلێکی ئــەوتۆی دەمکوتکەرمان لەبەردەست نین کە مەرامی بەعس لەم سیاســەتە بــە

تەواوی روون بکاتەوە. هەڵبەت گۆمانمان لەوە نییە کە راگواستن بەر لە هەر شتێك ئامانجی سڕینەوەی کوردە، بەڵام ئەوەی کە پێویستیمان پێیە بوونی دەکومێنت و بەڵگەگەلێکە کە لە توانایان دا دەبوو هەموو رێوشوێن، میکانیزم و ئەو قۆناغانەی گرتوویانەتە بەر لە میانەیانەوە رووندەکرانەوە، تەنیا لەمیانی گوتەیەکی دەکومێنتکراوی عەلی حەسەن ئەلمەجیدەوەیە کە ئێمە دەزانین بایەخی راگواستن بۆ ئەوان چی بووە، کاتێك ساڵی ١٩٨٧ لە کۆبوونەوەیەکدا دەڵێت: ((تەواوی هێزەکانی سوپای عێراق نەیانتوانی ئەوە بکەن کە ئێمە کردمان، چونکە ئەمە (واتە راگواستن) لە ناخەوە ئازاریان دەدا، دەیانکوژێ.))[4] دووەم، نەبوونی ئاماری ورد، نەك تەنیا لەبارەی راگوێزراوەکان یاخود ژمارەی خێزانە راگوێزراوەکان و ئەو قوتابخانە و بنکە تەندروستیانەی کە وێران کراون، بەڵکو نەبوونی ناو و ژمارەی هەموو گوندە راگوێزراوەکانە لە هیچ بنکە و دامودەزگایەکی حزبی و حکومیدا. سێیەم، نەبوونی سەنتەر، بنکەیەکی لێکۆڵینەوە لە راگواستن و دەرەنجامەکانی، هەروەها بە دەنگ نەهێنانی راگوێزراوەکانە لە باسکردنی چۆنیەتی راگواستنیان و ئەو مەینەتی و دەردەسەرییانەی کە دووچاریان هاتوون. دواجاریش بە جیدی هەوڵنەدان بۆ زیندوو راگرتنی یادەوەریی راگواستن لە یادەوەریی تاکی کورددا.

هەر لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە چ بە کتێب و چ بە لێکۆڵینەوە و بابەتی ناو رۆژنامە و گۆڤارەکان تاڕادەیەك هەوڵدراوە لە سیاسەتی راگواستن بکۆڵنەوە، پەردە لە سەر مەبەست و ئامانجەکانی هەڵدەنەوە،

---

4 میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: سیامەندی موفتی زادە، چاپخانەی خاك، سلێمانی ١٩٩٩، ل ٥٦٧ـ٥٦٨.

تێکڕای ئەو نووسینانەی لەبارەی ڕاگواستنەوە نووسراون مەبەست و ئامانجەکانی ڕاگواستنیان لەم پێنج خاڵەددا کورت کردوونەتەوە:

١ ـ تەرحیل، تەعریب و تەبعیس ... ئەم سێکوچکەیە قووڵاییەکی ستراتیجیی هەیە و ڕووی لە تواندنەوەی نەتەوەی کوردە.[٥]

٢ ـ داماڵینی مۆرکی نەتەوەیی شار و شارۆچکە کوردستانیەکانی باشوری کوردستان و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکان.[٦]

٣ ـ جیاکردنەوە و دابڕینی هێزە شۆڕشگێرە چەکدارەکان لە جەماوەر.

٤ ـ دانیشتووانی ڕاگوێزراو بێ بە کاربردە کە لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنەر بووە.

٥ ـ دووبارە نیشتەجێ کردنەوەی دانیشتووانی دەوڵەت، بەپێی هەندێ پێوانەی تایبەتی.[٧]

بەڵام ئێمە وای دەبینین وێڕای ئەمانەی سەرەوە، ئامانجی دیکەش لەپاڵ ئەم سیاسەتەدا هەبووە، لەوانەش:

٦ ـ کۆنترۆڵکردنی جەستەیی و هزریی دانیشتووانی ڕاگوێزراو، و هەوڵدان بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنیان بەپێی ئایدیۆلۆژیای بەعس.

٧ـ دابڕینی کوردەکانی کوردستانی خواروو بە تایبەتی ئەوانەی

---

5 ئەمین قادر مینە، ئەمنیی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسییان: تەرحیل تەعریب تەبعیس، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٤٠.

6 کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان ڕاگواستن و بە عەرەبکردندا، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا، هەولێر ٢٠٠٠، ل ٧.

7 سلێمان عەبدوڵلا، ڕاگواستنی گوندنشینەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٢، هەولێر، حوزەیرانی ١٩٩٩، ل ٥.

سەر سنوورەکان لە کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان. لێرەشدا پێویستە لە یادمان بێت کە دەوڵەتی عێراق لەگەڵ هەر یەکێك لە ئێران و تورکیا ڕێکەوتنامەی مۆرکردووە کە بتوانن بچنە ناو خاکی یەکترەوە. هەر یەکێك لە دوو دەوڵەتە ناوبراوەکە هاوکاری ڕژێمی بەعس بوون لەم کردەیەدا.

٨ـ گۆڕین و شێواندنی بونیادی کۆمەڵگای کوردی و زەینی مرۆڤی کورد لە زێتر لە ڕوویەکەوە. بەوەی کە هەوڵیدا بۆ نموونە چیانشینەکان بگوازێتەوە بۆ بیابانێکی ڕووتەن لە باشوری عێراق، تۆبۆگرافیا، زمان، ئاووهەوا ... هتد ئەم دوو ناوچەیە بە تەواوی جیاوازن. لەلایەکی دیکەوە گواستنەوەی خەڵکی ناوچەی باڵەکایەتی بۆ پارێزگای دهۆك کە دیالێکتیان جیاوازە، هەروەها گواستنەوەی عەشرەتەکانی مزووری و شێروانی بۆ بەحرکە و سێبیران لە دەشتی بەڕانەتی کە هەم دیالێکت و هەم ئاووهەوایان جیاوازە.

باسی دووەم: پێشینەیەکی مێژوویی ڕاگواستنی کورد لە عێراقدا

بەر لەوەی ڕاگواستنی کوردان لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە بەسەر چەند قۆناغێك دابەش بکەین، بە پێویستی دەزانین هەندێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە و بزانین بەر لە ساڵی ١٩٦٣ کە ماوەی زەمەنی تیژەکەمان لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، ڕاگواستنی کوردان لە ناو سنووری دەوڵەتی عێراقدا چۆن بووە.

هەڵبەت مێژووی ڕاگواستنی کوردان مێژوویەکی دوور و درێژە، لەڕووی جوگرافیشەوە زۆر بەرفراوانەو لە توانای ئەم باسە بەدەرە، بەڵام پێمان باشە تیشکێك بخەینە سەر ڕاگواستنی کوردان لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە دەیەی سێیەمی سەدەی ڕابردوودا، چونکە لەڕووی جوگرافییەوە هەمان هەرێمە و ماوە زەمەنییەکەش هێندە زۆر نییە.

راگواستنی کوردان چونکە ئامانجێکی سیاسی لــە پشــتەوە بــووە، پێویستە لە سەردتاوە لەو خالآنەوە دەستی پێکردبێت کە هەڕەشـــە لـە سستەمی سیاسی دەکەن. یەکەم، هەڕەشەش لە دژی دەولــەتی عــێراق لە ناو سنووری عێراقدا لەگەڵ شۆڕشـی شـێخ مـەحمود و شۆڕشـی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە ساڵی ١٩٣١ دەستی پـێ کـرد. حکومــەتی عێراق بە هاوکاری ئینگلیزەکان هەموو هەولێکیان خســـتە گـەڕ بـۆ دامرکاندنــەوەی شۆڕشــە کوردیـەکان. لـــە ئـەنجامی هێرشـــەکانی حکومەت بە یارمەتی فڕۆکەکانی ئینگلیز دانیشـــتووانی گوندەکـانی بـەڕۆژ، نـزار، شـێروانی و دۆلەمـــەری کـۆچ دەکـــەن بـــۆ ناوچـــەی شێروانیەکانی رۆژئاوای رووباری رووکوچك و هەروەها دەڤەری گەردی و مزووریەکان.[٨] لە مـانگی حوزەیرانی هەمـان سـاڵ ئامادەباشی وەردەگرن بۆ پەنا بردنە بەر تورکیا، هەموو خێزانەکان لە دۆلی زێت کۆ دەبنەوە بۆ چوونــە نـاو تورکیـا، بـەلآم شـێخ ئەحمـەد بڕیـار دەدات کـە ئـەو خێزانانەی مەترسییان لەسەر نییە پێویستە بگەڕێنەوە گوندەکانیـان و ئەوانی تریش سنووری تورکیا بڕن. بەم شـێوەیە لـە ٢١/ ٦/ ١٩٣٢ دوا خێزان گوندی زێت بەجێ دێلێت و دەچێتە گوندی گرانە لـەو دیـو سنووری تورکیا، کۆی ژمارەی خێزانــە ئاوارەکـان ٤٠٠ خـێزان بـوون. لەوێش حکومەتی تورکیا ئـەوانی بـەرەو ئـەرزەرۆم لـەرێی گەڤـەڕ ـ وانەوە راگواســتن.[٩] ئەمــەش یەکـەمین راگواســتنی کـوردان بـوو لـە عێراقدا لەدوای دامەزراندنی دەولەتی عــێراق. دووەمــین راگواســتنی کوردانیش لـــە چلـەکانی سـەدەی رابـردوودا روویـدا لەسـەر دەستی وەزارەتی رەشید عالی گەیلانی، کە بەرفرەوانترین هەلمەت بـوو کـوردە

٨ مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية (١٩٣١ـ١٩٣٢)، كردستان ١٩٨٥، ص ٤٠ .

١٠ هەمان سەرچاوە، ل ٤٣ـ٤٥.

عالی گەیلانی، کە بەرفرەوانترین هەڵمەت بوو کوردە فەیلییەکان بە خۆیانەوە بینیان. لەمیانەیدا بە هەزاران کەس بۆ ئەو بەری سنووری ئێران بەرێ خران.[10]

راگواستنێکی تری کوردان لەدوای کۆتاییی هاتنی شۆڕشی ۱۹٤۳ـ۱۹٤٥ ی بارزان شێوەی وەرگرت. لەدوای شکستی شۆڕش لە ۱۱/ ۱۰/ ۱۹٤٥ بارزانییەکان لە رێگەی کێلەشین ـ مەرگەڤەرەوە پاشەکشێ دەکەن بۆ ناو کوردستانی ئێران. بەپێی رێکەوتنێك لەگەڵ سەرۆکی هێزەکانی سۆڤیەت کە ئەوکاتە بەشێك لە ئێرانیان داگیرکردبوو، خێزانەکان بەسەرگوندەکانی ناوچەکانی (مەرگەڤەڕ، تەرگەڤەر، شنۆ، نەغەدە، مەهاباد) دا دابەش کران. و لەوێ لە ئەنجامی بلاوبوونەوەی نەخوشی تیفوئید و شەڕەکانی بەرگریکردن لە کۆماری مەهاباد ٤۹٪ی بارزانیەکان لەناوچوون. ژمارەی ئەو بارزانیانەی ئاوارەی کوردستانی رۆژهەلات بوون زێتر لە ۱۰۰۰۰ کەس بوون، بەپێی سەرچاوە عێراقیەکان لە ۱۷ و ۱۸ نیسانی ۱۹٤۷ تەنیا ٤٥٦٥ کەس گەڕانەوە عێراق.[11] بارزانییەکان لە ۱۰/ ٤/ ۱۹٤۷ لەسەر رووباری گادەر لەسەر سنووری ئێران ـ عێراق کۆبوونەوە بۆ گەڕانەوە. لە ۱٥ نیسان مستەفا بارزانی ٥٦۰ چەکدار هەڵدەبژێرێت و رێگەی دوارۆژێکی نادیار دەگرێتە بەر[12] و لە ۱۸/ ٦/ ۱۹٤۷ لە

---

10 د.خلیل اسماعیل محمد، مؤشرات سیاسة التعریب و التهجیر فی اقلیم کردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدین، اربیل ۲۰۰۱، ص ۲۰.

11 ایوب بارزانی، المقاومة الکردیة للاحتلال ۱۹۱٤ـ۱۹٥۸، دار نشر حقائق المشرق، باریس، ۲۰۰۲، ص ٦.

12 مسعود البارزاني، البارزاني و الحرکة التحرریة الکردیة (۱۹٤۳ـ۱۹٤٥)، کردستان، ۱۹۸٦، ص ۹۱ـ ۹۲.

رووباری ئاراس پەڕینەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران.[13] لە لایەکی ترەوە لەدوای گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ عێراق، حکومەتی عێراق پیاوەکانی سەروی ١٨ ساڵیان گرتن و گواستنەوە بۆ بەندینخانەکانی مووسڵ و کەرکوك، هەروەها شێخ ئەحمەد و نزیکەکانیشی دوور خستنەوە بۆ کەربەلا و خێزانە بارزانییەکانی تریش بەسەر ناوچەکانی هەرسێ پارێزگای هەولێر، مووسڵ و کەرکوکدا دابەش کران؛ ساڵی ١٩٥٣ دوای شەش ساڵ ئاوارەیی رێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە ناوچەی بارزان، بەڵام شێخ ئەحمەد و نزیکەکانی تا ساڵی ١٩٥٨ لە تاراوگە مانەوە.[14]

هەرچەندە چاوەروان دەکرا بە نەمانی پاشایەتی لە عێراقدا و جێگیربوونی سستەمی کۆماری، رەوشی عێراق بەرەو باشی بچێت، بەڵام مەینەتییە گەورەکانی عێراق بە گشتی و کورد بە تایبەتی لەوێوە پەرەیان سەند. ساڵی ١٩٥٩، واتە تەواو ساڵێك دوای شۆڕشی ١٤ تەمووز لە ١٩٥٨ و لە میانەی ئاهەنگەکانی یادی سەرکەوتنی شۆڕش کارەساتێکی جەرگبڕ لە کەرکوك روویدا، کە کورد و تورکمانەکان پێکەوە تیایدا زەرەرمەند بوون. تیایدا زێتر لە ٢٠ کەس کوژران و ١٣٠ کەسیش بریندار.[15] لە دوای ئەم رووداوە چەند رێکخراوێکی نهێنی تورکمانی بە پاڵپشتی هەندێ بەرپرس لە ئەمنی کەرکوك دروست بوون، بە مەبەستی تیرورکردنی کوردەکانی کەرکوك. ئەوەی لەم کردەیەش کەوتەوە ئەوە بوو کە زۆر لە خێزانە کوردەکان ناچار بوون ئەوێ بەجێ بهێڵن و کۆچ بکەن بۆ شارەکانی تر.[16] هەروەها هەر لەو ماوەیەدا نازم تەبەقچلی سەرۆکی فیرقەی دوو هەوڵی دەدا

---

13 مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية (١٩٤٥-١٩٥٨)، كردستان، ١٩٨٧، ص ٢٤.

14 هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

15 هەمان سەرچاوە، ل ٩١.

16 هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣-١٢٤.

کارمەندە کوردەکان لە کەرکوك بگوازێتەوە، لە هەمان کاتدا دژی بوونی ئەفسەرە کوردەکان بوو لە فیرقەی دوو، داوای دەکرد بۆ دەرەوەی فیرقەکەی بگوازرێنەوە.[17] بەمەش دەبینین دیسان راگواستنی کورد هەر بەردەوام بوو چ راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ.

لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشی ئەیلوول، ئاوارەیی و وێرانکردنی گوندەکانیش دەستی پێکرد. لە کانوونی دووەمی ١٩٦٢ شۆڕشگێڕە کوردەکان بانگەشەیان دەکرد (٥٠٠) گوندی کوردستان کەوتوونەتە بەر هێرشی ئاسمانی و (٨٠,٠٠٠) کەس بێ خانومان مانەوە.[18]

باسی سێیەم: قۆناغەکانی راگواستنی کورد لەلایەن رژێمی بەعسەوە

بە هاتنی بەعس بۆ دەسەڵات لە عێراق، پاکتاوکردنی کورد دەبێتە سیاسەتێکی رەسمی ئەو حزبە، بە چەندین شێوە هەوڵی بۆ ئەم مەبەستە داوە، یەکێك لەو رێگایانە راگواستنی کوردان بوو. لەبەر ئەوەی نزیکەی چل ساڵ بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیك ئەم سیاسەتە بەردەوام بوو، پێمانوایە ئەگەر بەسەرچەند قۆناغێك دابەشی بکەین بەم شێوەیە: بەر لە ١٩٧٥ (واتە لە ساڵی ١٩٦٣ـ١٩٧٤)، ١٩٧٥ ـ١٩٩٠، ١٩٩١ ـ ٢٠٠٣ باشتر دەتوانین روونی بکەینەوە.

هەڵبەت ئەوەی وامان لێدەکات ساڵەکانی ١٩٧٥، ١٩٩١ وەك وێستگە وەریان گرین هەر لە خۆیەوە نییە، بەڵکو ئەم دوو ساڵە، دوو ساڵی زۆر بەرچاو و دیارن لە مێژووی هاوچەرخی کورددا. ساڵی ١٩٧٥ ساڵێکی شۆمە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کورددا بەوەی کە لەم ساڵەدا، لە ئەنجامی رێکەوتنامەی جەزایری نێوان سەدام

---

17 د. نوري الطالباني، منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي، لندن، ١٩٩٥، ص ١٣٦.

18 ديوود مك داول، تاريخ معاصر كرد، ت: ابراهيم يونسى، انتشارات پانيذ، تهران، ١٣٨٠ (٢٠٠١)، ص ٤٨٥.

حوسێن و محەمەد ڕەزا شای ئێراندا گەورەترین شۆڕشی کورد نسکۆی هێنا، و قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد و گەورەترین مەینەتییەکانی کوردەکانی عێراق لەدوای ئەم ڕێکەوتنەوە دەستیان پێ کرد. سەبارەت بە ڕاگواستنیش زۆر گرنگە ئەم ساڵە بە سەرەتای قۆناغێك و کۆتایی قۆناغێك لەقەڵەم بدەین، چونکە ڕاگواستنی کوردان لەم دوو قۆناغەدا بەتەواوی جیاوازە هەم لەڕووی قەبارە و میکانیزمی ئەنجامدان و هەم ئەو ڕووبەرە زەوییەی کە ڕاگواستنی تێدا پیادەکرا، وێڕای سروشتی سیاسەتەکە. سەبارەت بە ۱۹۹۱یش بە هەمان شێوە قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا، لە سەرێکەوە یەکەمجارە کورد بۆ ماوەیەکی هێندە فەرمانڕەوایی هەرێمێکی خۆیان دەکەن لە مێژووی هاوچەرخیاندا، لە سەرێکی تریشەوە میکانیزم و سروشتی ڕاگواستن گۆڕانی بە سەردا هاتووە.

قۆناغی یەکەم: ۱۹۶۳ـ۱۹۷٤

ئەم قۆناغە لەگەڵ دەسەڵات گرتنە دەستی ڕژێمی بەعس ساڵی ۱۹۶۳ لە ڕێی کۆدەتایەکی عەسکەرییەوە دەست پێ دەکات. لەبەرئەوەی بەعس لەیەکەم حوکمڕانییدا تەنیا شەش مانگ لە دەسەڵاتدا مایەوە نەیتوانی لەو ماوە کەمەدا هەموو خەونەکانی بهێنێتە دی، ئەگەرچی لەم ماوە کورتەدا کەمی نەکرد، بەڵکو لە چاو ئەو ماوە کەمە، زۆری کرد. هەر لە دەسپێکی فەرمانڕەواییەکەیدا سەلماندی کە سیاسەتێکی ترسناکی بۆ ڕاگواستنی کوردەکان داڕشتووە ئەویش لە میانەی پراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتەی.

سوپا و حەرەس قەومی لە ۱۱/ ٦/ ۱۹۶۳ لە قەزای دوبز کە ئەو کات ناحیە بوو ۲۲ گوندی کوردانیان داگیر کرد و عەرەبیان لێ نیشتەجێ کردن. ئەوانیش ئەم گوندانە بوون: قەرەدەرە، عەمشە، مەرعی، قوشقایە، مەلا عەربەت، هەنجیرەی بچووک، قوتانی خەلیفە،

قوتانی کوردەکان، سـێکانیان، شـۆڕاو، بـاجوان، مامـە، عەلـەغێر، شیرناو، تەقتـەق، کونـەڕێوی، گورگـەچاڵ، شـێخان، نـادراو، درکـەی کوردان، چەخماخە، مەلحە. تەنیا یەك دوو گوند لەمانـەی کـە ناویـان هات ماڵە عەرەبی لیّ بوون، ئەوانی تر هەموویان کورد بوون.[19]

هەروەها لە ٢٤/ ٦/ ١٩٦٣ لـە ناحیـەی سـەرگەڕان حکومـەت گوندەکـانی جاسـتان، دەربـەند، سەربەشـاخ، بەرکانـە، عـەولافات، سارەلو، شناغە، درکەی گەورە، درکەی گچکە، چەرت، گێسـمە، تـەل هەلالە، گەزوەشان، گەڕاو، بەعەرەبکردن و کوردەکانیان ئـاوارە کـردن کە تێکڕا ژمارەیان ١٤ گوند بوو.[20]

لـە دەشـتی هـەولێریش دوای ئـەوەی سـوپای عـێراق لـە شـەڕی دارەخورمای بناری قەرەچوغ لـە ١٣/ ٦/ ١٩٦٣ لەبەرانبـەر هـێزی پێشمەرگە تێکشکا، حکومەت لە تۆڵەی ئـەوەدا لـە ڕۆژی ٢٤/ ٦/ ١٩٦٣دا ١٨ گوندی سووتاند و تالاڵن کردن و نزیکەی ٣٠٠ کەس لە جووتیارانی ناوچەکەشی لە کونجی بەندینخانەکانی عـێراقدا ئـاخنین، ئەو گوندانەش بریتیبوون لە: کەندال، گاوەرە، خدریجە، لاوەرچیغلـۆك، دێمەکار، جانە، چەغـەمیرە، تیکـالو، عـاللا، کەنداڵـە قـەل، قـوچ، غەرابە، گابەلەکە، حاجی شێخان، دارەخورما، حەسەن بلباس، خوشـاو و دەرماناوە.[21]

هەروەها ٦٣ گوندی ناحیەی سورداش لە قەزای دوکـان لـە سـاڵی ١٩٦٣ بە دەستی سوپای ڕژێم سووتێنران و خەڵکەکەیان ئـاوارە بـوو. ناوی هەموو ئەو گوندانە لە کتێبەکەی شۆڕش ڕەسـووڵ، وێرانکردنـی

---

19 ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤١.
20 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
21 کاوە نادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩ ـ ٤٤.

ولاتێك دا هاتوون.[22]

له سەرچاوەیەكدا هاتووە كە: لە هەمان ساڵدا، واتە ١٩٦٣، تێكدانی خانووبەرە و ناوچە كوردییەكان لە كەركوك دەستی پێكرد، بۆ نموونە سەدان خانوو لەو ناوچەیەی كە بە گەڕەكی كۆماری ناسرابوو تێكدران.[23] هەموو ئالیەتەكانی شارەوانی لە ژێر چاودێری حەرەس قەومییەكان بەشداریان لەم تێكدانەدا كرد.[24] لە كتێبی كورد و كەركوك دا هاتووە ساڵی ١٩٦٣ ئەو كاتە بە جارێك هەشت هەزار خێزان لە كەركوك دەركران... هەزاران كەس لە دانیشتووانی كەركوك بێگومان بە زۆری كورد و كەمێكیش توركمان و ئەوانی دیكە لە زیندانەكانی موسەیەب و شوێنەكانی تری ناو شار توند كران و تاكە مەرجی بەربوونی زۆربەیان ئەوە بوو كە ئەو شارە بەجێ بهێڵن.[25]

هەروەها لە بەهاری هەمان ساڵدا زێتر لە ٥٠ گوندی عەشرەتەكانی شێروانی، بەرۆژی و نزاری لە ناوچەی بارزان لە ئەنجامی نائارامی ناوچەكە ئاوارە دەبن و لە ناوچەی مزوورییەكان دەگیرسێنەوە تا پایزێكی درەنگ.[26]

حكومەتی عێراق سور بوو لەسەرئەوەی كە كوردەكان لە دامودەزگاكانی كۆمپانیای نەوت دووربخاتەوە و عەرەبەكان لە

---

22 Shorh, M. Resool, Statistics of Atrocities in Iraq Kurdistan, Newyork,1990.pp.109 -110.

23 وريا الجاف، كركوك دراسة اجتماعية سياسية، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل، ١٩٩٨، ص ١٤٢.

24 د. نوری طالبانی، نفس المصدر، ص٥٦.

25 لەتیف فاتح فەرەج، كورد و كەركوك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٤٢.

26 چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێز عیسا ئەحمەد بارزانی لە ٢٠/ ٩/ ٢٠٠٢.

شوێنیان دانێت. ئەم دیاردەیە لە دەسپێکی سەردەمی کۆماریشەوە هەبوو، کە ئەمە وایکرد سەرکردایەتی شۆڕش لە ١١/ ١/ ١٩٦٤ بە یاداشتێك ئەم کارەی حکومەتی مەرکەزی رەتبکاتەوە.[٢٧]

هەر لە ماوەی نێوان سالانی ١٩٦٣ - ١٩٦٨ زۆربەی خێزانە ناوادارەکانی کوردی کەرکوك، بەهۆی زەبروزەنگی رژێمەکانەوە، شارەکەیان بەجێهێشت، بەزۆری لە بەغدا یان شارەکانی تری کوردستان نیشتەجێ بوون.[٢٨] هەروەها دەرکردنی خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە لە ناوچەکانی رێدار، لەیلان، دوبز بە تایبەتی لە سالی ١٩٦٤ بەردەوام بوو.[٢٩] حکومەت هەندێ گوندی ناوچەی شوانی لە بناری چیای خالخالان بۆ جاری دووەم، لە سالانی ١٩٦٤، ١٩٦٥ و بە بیانوی شەڕکردنی پێشمەرگە لەگەل هێزی سەربازی دەولەتدا سووتاندن.[٣٠] تا ئەو کاتەی عەبدولرەحمان عارف سەرۆك کۆماری عێراق پایزی ١٩٦٦ سەردانی بارزانی لە کوردستان کرد، نزیکەی (٧٥٠) گوند وێران و نزیکەی (٢٠٠,٠٠٠) لادێنشین ئاوارەببوون.[٣١]

راگوێزراوەکانی کەندیناوە سالی ١٩٦٧ لە ئەنجامی دانوستانی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی توانیان بگەڕێنەوە سەر رێوشونی خۆیان و گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە.[٣٢]

سالی ١٩٦٨ دوای ئەوەی بەعس لە رێگای کودەتایەکی عەسکەرییەوە جارێکی دیکە دەسەلات دەگرێتەوە دەست، ئەو ژمارە

---

27 د.خلیل اسماعیل محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.
28 د. رەفیق شوانی، کێشەی بە عەرەبکردنی کەرکوك لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، سەنتەری برایەتی، گۆڤارێکی وەرزیی زانستییە، ژمارە ٢٠، هاوینی ٢٠٠١، هەولێر، ل ٢٣١.
29 هەمان سەرچاوە، ل٢٣٠.
30 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.
31 دیووید مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٧.
32 یوسف سالح ئیسماعیل، راگواستن لە ناوچەی کەندیناوە: لێکۆلینەوەیەکە لە هۆکار و ئاکامەکانی، گۆڤاری هەولێر، ژمارە ١، هەولێر پایزی ٢٠٠١، ل ٧١.

کەمەی کارمەندە پلە نزمەکان لەوانەش مامۆستاکان و کرێکارەکانی کەرتە جیاوازەکانی دەوڵەت و کرێکارەکانی کۆمپانیای نەوت دەگوازێتەوە بۆ دەرەوەی پارێزگای کەرکوك... ئەو کوردەی کەرکوك بەجێ بهێڵێت لە بەر هەر هۆیەك، مەحاڵە بگەڕێتەوە کەرکوك.[٣٣] ئەم بارە لەدوای ڕێکەوتنی ئازاریش هەر بەردەوام بوو، بەڵام بە پلانێکی دیراسە کراوەوە.[٣٤]

ساڵی ١٩٦٨ حکومەت دانیشتووانی ١٣ گوندی لە پارێزگای کەرکوك کە نزیك بوون لە بیرە نەوتەکان ڕاگواستن، هەندێ لەو گوندانەش ئەمانە بوون: سۆنەگولی، یارەولی، هەنجیرە ، قوتان، قوشقایە، شۆڕاو، باجوان. هەروەها دانیشتووانی گوندەکانی ناحیەی دوبزیش هەر لەو ساڵەدا ڕاگوێزران.[٣٥]

ڕژێمی بەعس ساڵی ١٩٦٩ حەوت گوند (گولداریاشیتەپە، کیتکا، گورزایی، شانەشین، نابلیئاوای بنار، کەلۆری بنار، دارەمانی بنار)ی لە ناحیەی پردێ سەر بە پارێزگای کەرکوك،[٣٦] و گوندی یارەولی لە ناحیەی قەرەهەنجیری هەمان پارێزگا ڕاگواستن.[٣٧] هەر لەو ساڵەدا (١٩٦٩) حکومەتی عێراق لە دوو هێرشی زۆر دڕندەدا بۆ سەر دوو گوندی دەکان لە ناوچەی شێخان و گوندی سوریا لە ناوچەی زاخۆ. هەردو گەندی سووتاندو ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکەیشی کوشتن.[٣٨]

لە سەرەتای حەفتاکاندا، نزیکەی ٧٠ هەزار کوردی فەیلی لە

---

33 د. نوری طالبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

34 مسعود البارزاني، البارزاني و الحركة التحررية الكردية (١٩٥٨-١٩٦١)، كردستان، ١٩٩١، ص ١٢٤.

35 غەفوور مەخموری، بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپخانەی دارا ، باشووری کوردستان، ٢٠٠٣، ل ٣٤.

36 Shorsh , M. Resool, op. cit, pp.33-34.

37 Op. cit, p. 42.

38 المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، جرائم القتل العام في كردستان، ١٩٨٦، مطبعة خبات، ١٩٨٦، ص ١١- ١٨.

دانیشتووانی شـــارەکانی بـەغدا، بەعقوبـە، میقدادیـە (شـەهربان)، خانـەقین، مـەندەلی، بـەدرە، کـوت و چـەندین شـــارۆچکەی دیکـــە دەرکران... و لەویش لەو دیوی سنوور (ئێران) لە ژێـر بـارودۆخێکی سروشتی زۆر دژوار بەجێیان هێشتن. ئەمەش بە نورەی خۆی بووە هـۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە منداڵ و پیرەکان بەهۆی برسێتی و ســەرما و سولەوە دووچاری هیلاکی و مەرگەسات ببنەوە.[٣٩]

لەمیانەی چوار ســاڵی دوای ١٩٧٠ بەشـێکی زۆری موچـەخورانی مەڵبەندی شاری کەرکوك بەهۆی گواستنەوەی ئیـــداری یـان هۆکـاری سیاسی بۆ باشوری عێراق یاخود شارەکانی تری کوردستان گوازرانەوە، و خەڵکی تر لە شوێنیان نیشتەجێ کران.[٤٠]

تەنیا لە مانگی سـێبتەمبەری سـاڵی ١٩٧١ حکومـەتی عـێراق (٥٠,٠٠٠) کوردی فەیلیی بەرەو سنووری ئـێران راپێـچ کـرد.[٤١] لـە سەرچاوەیەکی دیکەشدا هـاتووە کـە دەوڵـەتی عـێراق سـاڵی ١٩٧١ (٥٠.٠٠٠) کەسی لەوانەی بە ئێرانی نـاونووس کرابـوون لـە عـێراق دەرکرد.[٤٢] بەهانەی دەرکردنی فەیلیەکانیش هەمان بەهانە بوو.

د. عەبدوڵلا غەفوور ناوی چواردە گونـدی نووسـیوە کـە هـەر لـە ساڵی ١٩٧٢ ـــەوە حکومەت سەدان خێزانی لێ دەرکردون، کە بریتـین لە حەشیشە، دەڵسی گەورە، دەلسـی بچـووك، کۆمـێر، رەبعـاوە، گـرد رابیعە، عەتشانە، تەل مەغار، ئەرغوون، سێکانی، کەراکرە، کەریمیە،

---

39 د. خەلیل ئیسماعیل محەمـەد، کـوردە فەیلیـەکان و خـەونی گەڕانـەوە بـۆ وڵات، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٦، حوزەیرانی ١٩٩٨، هەولێر، ل ١٠٩.

40 ستران عەبدوڵلا، رازەکانی تەعریب و راگواستن، چاپخانەی روون، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٥٧.

41 دیووید مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١٥.

42 دکتر جنگیز پهلوان، تحرکات جمعیتـی در حـوزه تمـدن ایرانـی، اطلاعـات سیاسـی-اقتصادی، شماره ١٢٤_١٢٣، سال دوازدهم، تهران، اذر و دی ١٣٧٦،ص ١٤٨.

و سەی محەمەد.[٤٣]

ساڵی ١٩٧٢ لە ناحیەی داقوقی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، چوار گوندی ئەبو سەراج، چاورگە، مەتارە، ئەبولاگەنین بۆ چەمچەماڵ وسێپاراتە راگوێزران.[٤٤]

ساڵی ١٩٧٣ حکومەت بە جارێك ١١٨ کرێکاری کوردی لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دەرکرد و لە جیاتی ئەوان کرێکاری ناشارەزای عەرەبی هێنان و لە کەرکوکدا نیشتەجێی کردن.[٤٥] هەر لە کەرکوك حکومەت ساڵی ١٩٧٣ (٥٠٠) کرێکاری کورد و ساڵی ١٩٧٤ (٥٦٠) کرێکاری دیکەی لەوانەی لە پیشەسازی نەوتدا کاریان دەکرد گواستنەوە.[٤٦]

لە چواری ئەیلوولی ١٩٧٤، خەڵکی ٢٤ گوندی زمار کەوتنە بەر پەلاماری حکومەت و بەبێ ئاگادارییەکی لە پێشینە بۆ خوارووی پارێزگای مووسڵ راگوێزران، ئەم خەڵکە راگوێزراوە نەیانتوانی هیچ شتێکی وەها لەگەڵ خۆیان بەرن و هەر چوار پێنج خێزانێکیان بەسەر گوندێکی عەرەبنشیندا دابەشکردن. ئەوانەی توانیان هەڵبێن یان چوون بۆ سوریا یان بۆ ناو پێشمەرگە و ئێستا لە شوێنەکانی دیکە وەك زاخۆ، دهۆك، ئیبراهیم خەلیل، فیشخابوور، باعەدرێ نیشتەجێن.[٤٧] دانیشتووانی ئەم گوندانە سەر بە عەشرەتەکانی

---

43 د. عەبدوڵڵا غەفوور، ئەتنو ـ دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠١، ل ٣٧.

44 Shorsh. M. Resool,op.cit, p.25.

45 ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢.

46 المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني ـ العراق، التهجير سلاح بيد النظام العراقي الفاشي لمحاربة الثورة الكردية، دون مكان الطبع و سنة الطبع. ص ٧.

47 ئەکرەم هەسنی، خەڵکی شنگال و زمار، هەفتەنامەی گوڵان، ساڵی نۆیەم، ژمارە ٤٠٠، ئەیلوولی ٢٠٠٢، هەولێر، ل ٢٥.

هەسنیان، مووس رەش، میران بوون.[48]

هەر لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێك کە شۆڕشی کورد دەستی پێکردەوە، کوردەکانی نزیکەی ١٠ کیلۆمەتری ناوچە شاخاوییەکانی شنگار راگوێزران.[49]

قۆناغی دووەم: ١٩٧٥-١٩٩٠

ئەم قۆناغە مەترسیدارترین قۆناغ بوو، بەعس لەم قۆناغەدا بە لوتکەی دڕندایەتی خۆی گەیشت. سەرباری هەموو تاوانەکانی دیکە (کیمیاباران، ئەنفال، رەشبگیری و...) سیاسەتی راگواستنی کوردەکانیش گەیشتە چلەپۆپە، زۆرترین خاکی کوردستانی باشور لە مرۆڤەکان چۆل کراو بە ناوچەی قەدەغەکراو لەقەڵەم درا. بێگومان ئەگەر راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ نەبوایە، ئەوا ناوچە قەدەغەکراوەکان زۆرترین پانتایی کوردستانی خوارووییان دەگرتەوە.

هەر لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ەوە جێگری سەرۆکی عێراق سەدام حوسێن بێ پەروا رایگەیاند کەوا مەبەستی راگواستنی کوردەکانی سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیای هەیە. لێرەشدا ئەو گومانەی نەهێشتەوە کە تەنیا مەبەستی لەناوبردنی شۆڕش بێت، بەڵکو مەسەلەکە بێ دانیشتووانکردنی هەزارەها کیلۆمەتر زەوی و پێکهێنانی ناوچەیەکی قەدەغەکراو بوو کە هەرچی تێدایە دەسگیر دەکرێ و یەکسەر لەناو دەبرێ.[50]

---

48 د. رزگار، ملحمة عين زالة فى ذاكرة الپيشمرگه ، مطبعة كلية الشريعة، دهوك ١٩٩٧، ص ١٨.

49 خەسرۆ گۆران، بوونی کورد لە پارێزگای مووسڵ، سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٣، هەولێر ئەیلوولی ١٩٩٩، ل ٤٨.

50 فەرید ئەسەسەرد، کوردستان و مەسەلەکانی ئەمنی قەومی، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١١٠.

بەڵام کۆچی زۆرەملێی کوردان (راگواستن) بەر لەوەی سەدام بە کردەوە دەستی پێ بکات، بە گەورەترین قەبارەوە لەگەڵ نسکۆی شۆڕشساڵی ١٩٧٥ دەستی پێکرد. نزیکەی نیو ملیۆن کوردی عێراق بە ناچاری پەنایان بردە بەر وڵاتی ئێران، ئەم خەڵکە لەلایەن دوڵەتی ئێرانەوە مافی پەناهەندەییان پێ نەدراو هیچ رێکخراوێکی UN لەوانی نەپێچایەوە. دەوڵەتی ئێرانیش ئەوانی بۆ ناوەوەی خاکی ئێران گوازتەوە و لە ((ئوردووگاکانی)) ژێر چاودێری سەربازیدا نیشتەجێ کردن.[51] *دەیڤد ماکدوێل* ژمارەی کوردە دەربەدەربووەکان بۆ ئێران بە ٦٠٠ هەزار مەزەندە دەکات.[52] لەبەرئەوەی دەربەدەربووەکان بەسەربەرفرەوانترین رووبەردا دابەشکران، دووچاری گەورەترین دەردەسەری هاتن. هەر بۆیەش ژمارەیەکی زۆریان بە ناچاری بەرەو عێراق گەڕانەوە، ناوبراو پێی وایە تەنیا (٧٠,٠٠٠) کورد لە ئێران مانەوە، ئەوانی دیکە هەموویان گەڕانەوە عێراق.[53] بەڵام لە سەرچاوەی دیکەدا هاتووە کە (١٨٠,٠٠٠) کەس مکووربوون لە هەڵبژاردنی چارەنووسێکی نادیار و داهاتوویەکی شاراوە بە مانەوەیان لە ئێران.[54] هەندێك لە گەڕاوەکان لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بزرکران و ئەوانی دیکە هەموویان یەکسەر بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق گوێزرانەوە.[55] بەڵام حکومەت تەنیا بەمەندە نەوەستا، بەڵکو هەر لەو ساڵەدا دەستی

---

51 د. جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، لە بلاۆکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٧٩.

52 ديڤد ماكدويل، كورد امة محرومة، ت: د. رزگار و محمد يوسف، مطبعة خبات، دهوك، ١٩٩٦. ص ١١٢.

53 دیووید مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣٠.

54 مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، الجزء الثالث ١٩٦١ـ١٩٧٥، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل،٢٠٠٢،ص ٣٩٩.

55 د. جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

بە ڕاگواستنی لادێنشینەکانی سەر سنوورەکان کرد. لە پایزی ئەو ساڵەدا دانیشتووانی زێتر لە ٧٦ گوند لە ناوچەی بارزان کە دانیشتووی گوندەکانی هەر سێ عەشرەتی بەرۆژی، نزاری، هەرکی بنەجی و هەندێك لە گوندەکانی عەشرەتەکانی مزووری و شێروانی دەگرتنەوە، ڕاگواستن بۆ خوارووی عێراق (پارێزگای دیوانیە)[٥٦]. بەڵام حکومەت تەنیا بە ڕاگواستنی لادێنشینەکانی سەر سنوورەکان دانەکەوت، بەڵکو هەر لەو ساڵەدا لە پارێزگای دیالە (قەزای خانەقین) دانیشتووانی ٢٦ گوندی بۆ باشوری عێراق ڕاگواست. لە ناحیەی جەلەولاش دانیشتووانی ١٤ گوندی بۆ باشوری عێراق گواستنەوە، بەڵام لە ناحیەی قۆرەتو ژمارەی گوندە ڕاگوێزراوەکان گەیشتە ٦٨ گوند، زۆربەی دانیشتووانی ئەم گوندانە بۆ کەلار و بەشێکیشیان بۆ باشوری عێراق گوێزرانەوە، تەنیا گوندی سیاولە نەبێت کە ژمارەی خێزانەکانی ٤٢ سەر خێزان بوو، بۆ دەربەندیخان - تاسلوجە گوێزرایەوە. لە ناحیەی مەیدانیش دانیشتووانی ئەو ٤٢ گوندەی کە هەر لەو ساڵەدا ڕاگوێزران هەموویان لە دەربەندیخان - تاسلوجە نیشتەجێ کران.[٥٧]

بەڵام سەبارەت بە پارێزگای کەرکوك هەر لە ساڵی ١٩٧٥ حکومەت دانیشتووانی ١٣ گوندی ناحیەی سەرگۆران (قودس)ی بۆ دبس گواستنەوە.[٥٨]

هەروەها هەر لە هەمان ساڵدا حکومەت لە قەزای سلێمانی دوو گوندی جەولك و تەپەشوانکارەی ڕاگواستن،[٥٩] و لە قەزای هەڵەبجە

---

56 چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکار مزووری لە ٢٠٠٣/١/٢٨ لە ناحیەی بەحرکە.
57 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 14 - 21.
58 Ibid, pp. 35 - 36
59 Ibid, p. 143.

ناحیەی سیروانیش گوندی ((تەوەنەیال))ی گواستەوە.[٦٠]

لە پارێزگای دهۆك ، لەو ساڵەدا (١٩٧٥) حکومەت سیاسەتی راگواستنی کوردەکانی تەنیا لە قەزای سێمێل پیادە کرد، ٦١ گوندی لە ناحیەی سلیڤانە راگواستن و بەعەرەبکردن. و ٧ گوندیش لە ناحیەی ناوەند و تەنیا سێ گوندیش لە ناحیەی فەیدیە بەر ئەو شاڵاوە کەوتن.[٦١]

لە پارێزگای مووسڵ (نەینەوا) لە ساڵی ١٩٧٥ دا گەورەترین هەڵمەتی راگواستنی کورد بە هەمان شێوەی پارێزگای دیالا دەستی پێکرد، لە قەزای شنگار ١٤٦ گوند لە هەر سێ ناحیەی ناوەند، شیمال و قەیرەوان راگوێزران،[٦٢] و لە ١٢ ئوردووگای نوێدا نیشتەجێ کران، هەموو ئەو گوندانەش بە عەرەب کران، دانیشتووانی ١٣٢ گوند لەم گوندانە کوردە ئێزدییەکان بوون.[٦٣] لە شارۆچکەی شنگاریش شەش گەڕەکی بۆرج، کالا، بەرسی، بەر بەرۆژ، کۆراستی، سەرا خاپوور کران.[٦٤]

لە قەزای شێخانیش هەر لە ساڵی ١٩٧٥ دا ١٠٢ گوند راگوێزران، ٤٧ گوند لە ناحیەی ناوەند، ٤٠ گوند لە ناحیەی ئەرتوش و لە ناحیەی مرێباش ١٥ گوند راگوێزران.[٦٥]

هەر لە هەمان ساڵیش ٣٩ گوندی ناحیەی زمار لە قەزای تەلەعفەر، راگوێزران.[٦٦] لە ناو شاری مووسڵ حکومەت هەر لەو هەڵبجە بەندەدا هەڵمەتێکی دەست پێکرد و ژمارەیەکی زۆری خێزانە

---

60 Ibid, p.

61 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 190 – 196.

62 شیخ حجی سمو الشنگالی، لمحة عن سنجار، مجلة لالش، العدد ١١، اب ١٩٩٩، دهوك، ص ٥٦.

63 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp.199 - 253.

64 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

64 Shorsh, M. Resool, op.cit. pp. 201 - 202.

66 خەسرۆ گۆران، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

کوردەکانی بە دوای گوندنشینەکاندا ڕەوانەی خوارووی عێراقی کردن.[٦٧] لە شارۆچکەی شێخانیش نزیکەی ٢٠٠ خێزان ڕاگوێزران.[٦٨] هەروەها لە ناوچەی شنگار حکومەتی عێراق دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، خێزانی ١٥٠٠ لەو شۆڕشگێڕانەی کە بەشدارییان لە شۆڕشدا کردبوو، بە زۆرەملێ بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی (زاخۆ، دهۆك، هەولێر) ڕاگواستن.[٦٩] هەروەها نزیکەی ٢٠٠ خێزانی لە عەشرەتی گەرگەری کە تاکە عەشرەتی کوردییە لە ناوچەی زمار ڕانەگوێزرایە، بۆ گوندەکانی عەشرەتی گۆران لە ناحیەی بەردەڕەش ڕاگواستن، بەڵام ساڵی ١٩٨٠ هەموویان گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، چونکە ئەو عەشرەتە (گەرگەری) بە عەرەب ناونووسکرا.[٧٠]

هەر لەو ساڵەدا ڕژێمی عێراق ٦٣ گوندی ناحیەی سورداشی جارێکی تر سوتاند کە لە ساڵی ١٩٦٣ بە دەستی سوپای عێراق سووتێندرا بوون و خەڵکی ڕەشوڕووتی ئەو گوندانەی ئاوارە کردەوە.[٧١]

بەم جۆرە دەبینین تاکە هۆی ڕاگواستنی کوردان بە لادێنشین و شارنشینەکانەوە تەنیا کوردبوون بوو. هەموو پاساوەکانی تری ڕژێم دەکرێ وەلابنرێن، چونکە گریمان خەڵکی ناوچەی بارزان لە بەر هاریکاریکردنی شۆڕشگێڕان، گوندەکانی لای خانەقین لەبەر هاوسنووریان لەگەڵ ئێران و ناوچەی شنگار لەبەر هاوسنووری لەگەڵ

---

67 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئەیوب محەمەد، دانیشتووی شاری مووسڵ لە ٢٠/١٠/٢٠٠٢.

68 چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز عەدنان ئێزدی، دانیشتووی شاری دهۆك لە ١٠/١٠/٢٠٠٢.

69 خەسرۆ گۆران، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

70 هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

71 Shorsh M. Resool, op.cit, pp109-111.

دەوڵەتی سوریادا ڕاگوێزران، ئەی ڕاگواستنی هەموو ئەوانی تر بۆچی و لەپای چی؟

ژمارەی ئەو کوردانەی کە بۆ باشووری عێراق ڕاگوێزران، بەپێی ڕۆژنامەی ((الثورة)) ئۆرگانی حزبی بەعس لە ١٩٧٨، تەنها لە ماوەی دوو مانگدا لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ شوێنە دوورەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق ١٥٠ هەزار کورد بوون.[٧٢] لە سەرچاوەیەکی دیکەدا *عەبدولکەریم بەرزنجی* کە لە هەشتاکاندا پارێزگاری سلێمانی بوو، دانی بە ڕاگواستنی ٣٠٠ هەزار کورددا نا کە ئاژانسەکە خۆی ئەو شوێنانەی بە بیابان و شوێنی وشك و برینگ و خاڵی لە دار و دەوەن و هەروەها ژێر چاودێری ڕژێم ناوزەدکرد.[٧٣]

ئەو کوردە ڕاگوێزراوانە بۆ باشوری عێراق تا ساڵی ١٩٧٦ کە ژمارەیان خۆی لە ٣٠٠ هەزار دەدا حکومەت بارزانییەکانی لێ ڕیزپەڕ کردن و ڕێی بە هەموو ئەوانی دیکە دا بگەڕێنەوە ناوچە کوردنشینەکان، بەمەش پێویست بوو تەنیا بارزانییەکان لە خوارووی عێراقدا بمابانەوە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کوردی هەمیشە جەختی لەسەر مانەوەی ٢٥٠ هەزار کورد لە باشوری عێراقدا کردووە.[٧٤] لە ساڵانی ١٩٧٧ ـ ١٩٧٨ بە پێی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی ساڵی ١٩٧٥ی جەزایر، عێراق دەستی بە دانانی پشتێنەیەکی ئاسایشی کرد بە درێژایی سنوورەکانی باکوریدا، ئەم پشتێنەیە سەرەتا مەوداکەی ٥ کم

---

72 هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن: هەڵویستی نێودەوڵەتی، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ١٩٨٨، ل ٧٠.

73 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

74 أ. کاوە، قضیة کوردستان الجنوبیة و الافاق المستقبلیة، اعلام حزب کادحي کردستان، ط ١، ١٩٩٠، ص ١١٣.

بوو، پاشان بوو بە ١٠ کم و ئینجا ١٥ کم و دواجاریش ٣٠ کم.[٧٥] ئـەم پشـتێنەیە لـە ناوچـەی پشـتەی سـەر بـە ناحیـەی سـیوانی قـەزای هەڵەبجەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە رووباری خابوور لە قەزای زاخۆ. ئەو ناوچانەی بە هۆی هاوسنووریان لەگەڵ ئێران و تورکیا لـەو ماوەیـەدا راگوێزران بریتی بوون لە: قـەزاکانی هەڵەبجـە، پێنجویـن، شـارباژێر، دوکان و پشدەر لە پارێزگای سلێمانی. قـەزاکانی چۆمـان، رەوانـدز و زێبـار لـە پارێزگـای هـەولێر، و قـەزاکانی ئـامێدی و زاخـۆ لـە پارێزگای دهۆک.[٧٦]

لە قەزای چۆمان (پارێزگای هەولێر) دانیشتووانی ٣٨ گونـد کـە زۆربەیان خەڵکی هـەردوو دۆڵـی باڵـەیان و سـەکرایەتی بـوون و دوو گوندیش لە دۆڵی شێوە زۆرایەتی و سێ گوندیـش لـە ناوچـەی مـەلا شەرەفیان لە ساڵی ١٩٧٧دا راگوێزران. ساڵی ١٩٧٨ دانیشتووانی ٣٠ گوند لە هەریەك لە دۆڵەکانی شێوە زۆرایـەتی و روسـتێ راگوێـزران، زۆربەی خەڵکی ئـەم ٦٨ گوندانـە بـۆ دەوروبـەری شـاری هـەولێر و ژمارەیەکی زۆریشیان بۆ پارێزگای دهـۆك و هـەندێکیش بـۆ دەڤـەری رانیە و بەشێکیشیان بۆ شارۆچکەی چۆمان راگوێزران.[٧٧]

بـەپێی سـەرچاوەیەك سـاڵی ١٩٧٨ تـەنیا لـەماوەی مـانگێکدا دانیشتووانی ٤٩٢ گوند راگوێزران.[٧٨]

سەبارەت بە قەزای مێرگەسوور ئـەوا دانیشـتووانی زۆربـەی هـەرە

---

75 میدل ئیست ووچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

76 ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

77 خالد ئەحمەد وەرتی، باڵەکایەتی لـە پـەراوێزی راگواسـتندا، هـەولێر، ژمـارە ٢، هەولێر، بەهاری ١٩٩٩، ل ١٥٢-١٥٣.

78 التهجير سلاح بيد النظام العراقي الفاشي لمحاربة الثورة الكردية، هـەمان سەرچاوە، ل ١٢.

زۆری گوندەکانی ساڵی ١٩٧٨ ڕاگوێزران بەم شـێوەیە: ٧٤ گونـد لـە ناحیەی شێروان مەزن کە گوندەکـانی هەرسـێ عەشـرەتی مـزووری، شێروانی و گەردی بوون و ٢٦ گوند لە ناحیەی پیران کە زۆربەیان سەر بە عەشرەتی شێروانی و هەندێك لەو گوندانە هی عەشرەتی برادوسـت بوون، دانیشتووانی ئـەم دەڤـەرە بـۆ ئوردووگاکـانی دیانـە، حـەریر و ئوردووگاکـانی دەوروبـەری شـاری هـەولێر وەك بەحرکــە، پــیرزین، کەسنەزان ڕاگوێزران.[٧٩]

هەروەها ساڵی ١٩٧٨، دەوروبەری ١٢٨ گوند لە ناحیەی سیدەکان کە سەر بە قەزای مێرگەسوور بون ڕاگوێزران.[٨٠]

سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی، ساڵی ١٩٧٨ لە قەزای پێنجویــن لە ناحیەی نالپارێز دانیشتووانی ٣٤ گوند و لە ناحیەی ناوەندیش ٢١ گونـد ڕاگوێـزران، بـەڵام زۆرتریـن گوندەکـان لـە ناحیــەی گــەرمك ڕاگوێزران کە ژمارەیان دەکردە ٨٥ گوند وێرای نــاوەندی ناحیەکـەش، دانیشتووانی هەموو ئەم گوندانە بۆ ئوردووگاکـانی نەسـر و برایــەتی هەروەها نزیك شاری سلێمانی ڕاگوێزران.[٨١]

لە قەزای دوکان تێکڕا لە ســاڵی ١٩٧٨دا ١٣ گونـد ڕاگوێـزران، گوندی گوێزە لە ناحیەی سورداش و ١٢ گوندیش لە ناحیەی بنگرد.[٨٢] ڕژێمی بەعس ساڵی ١٩٧٧ لە ناحیەی ناودەشت کە سـەر بـە قـەزای قەڵادزێیە دانیشتووانی ٢٦ گوندی بۆ نزیك هەردوو شــاری هـەولێر و ڕانیە ڕاگواست، و لە ســاڵی ١٩٧٨ هـەر لـەو ناحیەیـە ١٣ گونـدی

---

79 چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکار مزووری لە ٢٨/١/٢٠٠٣ لە ناحیەی بەحرکە.
80 چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز یادگار ڕەسووڵ باڵەکی لە ٢٦/١/٢٠٠٣.
81 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 104 – 107.
82 ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٧.

تریشی بۆ نزیك شاری رانیه راگواست[٨٣] و له ناحیـەی هـێرۆی قـەزای قەڵادزێش ساڵی ١٩٧٨، ٣٥ گوند له هەردوو مانگی تەمووز و ئـاب راگوێزران، هەندێکیان بۆ نزیك شـاری هـەولێر و ئـەوانی دیکـه بـۆ ئوردووگاکانی هەمان دەڤەر خۆی.[٨٤] له ناحیەی ناوەندیش، ٣٤ گونـد له ساڵی ١٩٧٨ له مانگەکانی نیسان و تەمووز راگوێـزران.[٨٥] و سـێ گوند (کاستانا، دۆڵەدزە، خرابوردان)ی ئەو ناحیەیـه بـۆ ئوردووگـای پێمالك راگوێزران.[٨٦]

له قەزای دەربەندیخانیش هەر لەو ساڵەدا هەردوو گونـدی تـوون و کانیخان که دەکەونه سنووری ناحیەی زەرایەن راگوێزران.[٨٧] له قـەزای هەڵەبجەش ژمارەیەکی زۆری گوندەکان له ساڵەکانی ١٩٧٨ـ١٩٧٩ دا راگوێزران بەم جۆره: لـه ناحیـەی خۆرمـاڵ ٣٤ گونـد و لـه ناحیـەی سیروان ٧٢ گونـد.[٨٨] لـه ناحیـەی بیـارەی سـەر بـه هـەمان قـەزاش دانیشتووانی ٢٣ گونـد لـه سـاڵی ١٩٧٨، بـۆ ئوردووگـای باینجـان راگوێزران،[٨٩] تەنیا هەندێك له خێزانەکانی گوندی خارگێلان لـه نـاو ئـەو گوندانـەدا بـەرەو سـنووری ئـێران بـەرێ خـران.[٩٠] لـه ناحیـەی شـارەزووریش کـه مەرکەزەکـەی ((سـەید سـادق))ە، ١٤ گونـد راگوێزران.[٩١]

---

83 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 116 – 118.
84 Ibid, pp. 120 – 121.
85 Ibid, pp. 122-123.
86 Ibid, p. 124.
87 Shorsh, M. Resool, op. cit, p. 139.
88 ئەمین قادر مینه، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٩ - ٣١١.
89 هەمان سەرچاوە، ل ٣١١.
90 Shorsh, M. Resool, op. cit, p.158.
91 ئەمین قادر مینه، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٢.

دوا قەزاش لە پارێزگای سلێمانی قەزای چوارتایە، لەو قەزایەدا ڕاگواستن تەنیا ناحیەی کارێزەی گرتەوە، کە ٣٧ گوندی ئەو ناحیەیە لە مانگی ئەیلوولی ١٩٧٨ بۆ ئوردوگاکانی کارێزە و سەرقەڵا ڕاگوێزران.[٩٢]

سێیەم پارێزگاش پارێزگای دهۆکە کە لە هەمان ئەو هەڵمەتەدا واتە لە ساڵەکانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩دا گوندگەلێکی زۆری لێ ڕاگوێزران. لە قەزای زاخۆ لە ساڵی ١٩٧٧، ٥١ گوند لە دوو ناحیەی سندی و گولی ڕاگوێزران،[٩٣] لە قەزای ئامێدیش ١٥٦ گوند لە ساڵی ١٩٧٨ ڕاگوێزران، ٩٦ گوند لە ناحیەی نێروەڕێکان و ٦٠ گوندیش لە ناحیەی بەرواری باڵا.[٩٤]

تا سەرەتای ١٩٧٩ ژمارەی خەڵکە ڕاگوێزراوەکە خۆی لە ٧٠٠ هەزار کەسدا، هەروەها ١٢٢٢ گوندیش لەماوەی نێوان ١٩٧٦ـ١٩٧٩ وێران کران.[٩٥] لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە ژمارەی گوندە خاپوورکراوەکان تا ساڵی ١٩٧٨ گەیشتە ١٤٠٠ گوند.[٩٦] لە بەڵگەنامەیەکیشدا کە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٨٥ پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی کرد، هاتووە کەوا لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٥ـ١٩٧٩، ٢٠٠٠ گوندی کوردان خاپوورکراون.[٩٧]

---

92 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 160 - 162.

93 ئەمین قادر مینە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٧ - ٣٢٨.

94 هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٩ـ٢٣٠.

95 زیاد عەبدولرەحمان، تونی مەرگ، چاپی یەکەم، تەورێز، ١٩٩٥، ل ٦.

96 دیوید مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢٩.

97 أ.ب، عن التعليم في كردستان العراق، مطبعة خبات، دون مكان الطبع، ١٩٨٦، ص ٦٧.

هـەموو ئەوانـەی لـەم سـێ سـاڵانەدا (١٩٧٧، ١٩٧٨ و ١٩٧٩) ڕاگوێزران هــەر وەك بینیمـان دانیشـتووانی سەرسـنوورەکان بـوون. و ڕەنگە دیارترین هۆکاریش سەرهەڵدانەوەی بزاڤی ڕزگـاریخوازی کـورد بێت لەو ماوەیەدا و لەو سەر سنوورانەدا، هەروەها جیاوازییەکی تـری ئەم قۆناغەی ڕاگواستنیش ئەوەیە کە هەموو ڕاگوێزراوەکان لە ناوچـە کوردنشینەکاندا لە نـاو چـەند ئوردووگایـەکی پێشـتر ئامـادەکراودا نیشتەجێ کران، لەلایەکی تریشەوە هەمویان بە جۆرێك لـە جۆرەکـان بە بڕێك پارە کە پێی دەگوترا "قەرەبووکرانەوە" (التعويض). ئـەم بـڕە پارەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە یاخود لە گوندێکـەوە بـۆ گوندێکی تر جیاواز بوو، زۆری و کەمی ئەو بڕە پارەیە لەسەر ئـارەزوو هەوەسـی ئــەو کارمەندانــەی مــیری کــە بــەم ناونووسـکردنە هەڵدەستان، دەوەستا.

سیاسەتی ڕاگواستن تایبەت نـەبوو بـە گونـد و شـارۆچکەکانەوە، هەروەها تەنیا بەو کوردانەی کە لە ناوچە کوردنشینەکان نیشـتەجێن، بەڵکو مەبەست کورد بوو لە هـەر خـاڵێکی عـێراقدا بێـت. بۆیـەش حکومەت هەموو هەلێکی دەقوزتـەوە. لـە ٧ی نیسـانی ١٩٨٠ دوای ماوەیەکی کەم لە هاتنە سـەر کـاری *سـەدام حوسـێن*، ڕژێـم ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی *تاریق عەزیزی* لە زانکۆی موستەنسرییە قوزتەوە و شاڵاوێکی گەورەی دژ بە کـوردە فەیلییـەکان دەسـت پـێ کـرد، لـەو شاڵاوەدا ڕژێـم لـە ناوچـەکانی عـەلی غـەربی، ئـەلکمیت، ئەلحـەی، ئەلنوعمانییە، لە پایتەخت و ناوەڕاسـت و باشـوری عـێراقدا دەسـتی کرد بە دەرکردنیان.[٩٨] نزیکەی ١٢٠ هەزار کەسی لێیان بۆ ئەو بـەری

---

98 ستران عەبدوڵڵا، ڕازەکانی تەعریب و ئەنفال، چاپخانەی ڕوون، سـلێمانی ١٩٩٩، ل ٥٣.

سنوور بەلای ئێراندا ڕاگواستن، گەنجەکانیشیان گلدانەوە و تا ئێستاش چارەنووسی ژمارەیەکی زۆریان دیارنییە.[٩٩]

د. *جاسم تۆفیق* پێی وایە ژمارەی ئەو کوردە فەیلیانەی لە نێوان ١٩٨٠ـ ١٩٨٨ دەرکراون ٢٧٠ هەزار کەسە.[١٠٠]

هەر لە ساڵی ١٩٨٠ حکومەت گوندی تەوێڵە و گوندی پەلخەی لە ناحیەی بیارە بۆ ئوردووگاکانی نەسر و برایەتی ڕاگواستن، شایانی باسە ئەو کات ژمارەی خێزانەکان لە گوندی تەوێلە خۆی لە ٢٠٠٠ خێزان دەدا. لە ناحیەی خۆرماڵیش حکومەت سێ گوندی ڕاگواستن.[١٠١]

لە ساڵی ١٩٨١ حکومەت ناحیەی بیارەی ڕاگواست.[١٠٢] لە ناحیەی ((تەقتەق))یش دوو گوند ڕاگوێزران.[١٠٣] لە ناوچەی باڵەکایەتیشدا گوندی گەلاڵەی بۆ دەشتی دیانا کە هەر لەوێ ئوردووگایەکی بۆ دروست کردن بە ناوی ئوردووگای گەلاڵە، ڕاگواست.[١٠٤] لە ناحیەی گوێڕیش گوندی ((میل))ی ڕاگواست، هەروەها لە ناحیەی مەخموریش گوندی کاولەگورەباشە،[١٠٥] لەناحیەی ناوەندیش دوو گوند ڕاگوێزران.[١٠٦] لە ناحیەی دەربەنیخانیش گوندی فەقوژینە ڕاگوێزرا.[١٠٧]

بەپێی سەرچاوەیەك ساڵی ١٩٨٠، نزیکەی ٢٥,٠٠٠ کوردی

---

99 د. خلیل اسماعیل، هەمان سەرچاوە، ل ٢٠

100 دکتور جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٢.

101 Shorsh, M. Resool, op. cit, p 158.

102 Ibid, p 158

03 Ibid p. 82

104 خالید ئەحمەد وەرتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨.

105 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 72- 74.

106 Ibid, p. 82.

107 Ibid, p. 137.

عێراق لەبەر شەڕ و پێکدادانەکانی ناوچەی کوردستان ئاوارەی تورکیا بوون، کاربەدەستانی ئەو وڵاتەش بەرەو سنووری ئێران بەڕێی کردن.[108]

لـە ٢٠/١٠/١٩٨١ ئەنجومـــەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش بـــە سەرۆکایەتی *سەدام حوسێن*، بڕیـاری ژمـارە ١٣٩١ی بـە مەبەسـتی راگواستنی کوردان دەرکرد، کـە بـەندی سێزدە دەڵـێ: لـە قۆنـاغی یەکەمدا گواستنەوەی فەرمانبەر و کرێکارانی پارێزگای کەرکوك، لـە پێشەوە تورکمانەکان و دوایی کوردەکان ئەنجامدەدرێت.[109]

لە ١/١/١٩٨٢، ناحیەی شێروان مەزن و گونـدی کرکـەمو لـە ناوچـەی بـارزان بـۆ ئوردووگـای سـێبیران لـە نزیـك شـاری هـەولێر راگوێزران.[110] هەر لەو ساڵەدا لە ناحیەی قوشـتەپە گونـدی تۆپـزاوە، هـەروەها گونـدی دەرەلـە لـە ناحیـەی خـــەبات قـــەزای هـــەولێر راگوێزران.[111] هەمدیس پێویستە لە بیری نەکەین کە لە ماوەی نێـوان ١٩٨٠ـ١٩٨٧ بە هەزاران خێزانی کورد لـە ئوردووگـا زۆرەملێکـان و گوند و شار و شارۆچکە کوردییەکانەوە بۆ ناوچــە قەدەغـەکراوەکان و وڵاتی ئێران کە بەداخەوە لە هیچ یــەکێك لـەو نووسـینانەی لـەبارەی راگواستنەوە نووسراون بەرچاومان نەکەوتووە کەسێك ئاماژەی پێ کـرد بێت، هۆیەکەش رەنگە ئەوە بێت، کە راگواستنەکە راستەوخۆ نـەبوو، بەڵکو خەڵکی لە ئەنجامی مامەڵەی ناخۆش و رەفتاری دوژمـنکارانەی حکومەتەوە کۆچیان دەکرد.

دوای ئەوەی دەبینین ساڵی ١٩٨٢ ژمارەی گوندە راگوێزراوەکان بـۆ کەمترین ئاست کەم دەبێتەوە، ســاڵی ١٩٨٣ جـارێکی دیکـە کـێرڤی

---

108 د. جنگیز پهلوان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.

109 د. جاسم تۆفیق خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٤- ٣٠٥.

110 چاوپێکەوتن لەگەڵ رێکار مزووری لە ٢٩/١/٢٠٠٣.

111 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp.57-59

راگواستن هەڵدەکشێت و تەنیا لە ناوچەی باڵەکایەتی دانیشتووانی ٢٤ گوند وێڕای شارۆچکەی چۆمان رادەگوێزرێن.[١١٢] هەروەها لە ناحیەی شوان(رێدار) گوندی دویزین،[١١٣] و لە ناحیەی رەواندزیش گوندی بەرسیرین راگوێزران.[١١٤] لە ناحیەی دیبەگەش گوندی خەساو بەر ئەو شاڵاوە کەوت.[١١٥]

لە پارێزگای سلێمانیش لە ناحیەی ناڵپارێزی سەر بە قەزای پێنجوین ١٣ گوند راگوێزران، هەر لە دەڤەری پێنجوین حکومەت شارۆچکەی پێنجوین و گوندی عەلیاوای سەر بە هەمان قەزای راگواست.[١١٦]

هەر ساڵی ١٩٨٤ حکومەت ١٤٥٠ خێزانی کوردی لە شاری کەرکوك راگواست.[١١٧]

هەروەها لە پارێزگای نەینەوا، شارۆچکەی زمار بە چوار گوندەوە ژێر ئاوی بەنداوی مووسڵ کەوت، ناحیەکەش گوێزرایەوە ناوچەی گەرگەری.[١١٨]

ساڵی ١٩٨٤ لە ناوچەی باڵەکایەتی ٩ گوندی دۆڵی رۆست، هەندێکیان بۆ قوشتەپە و ئەوانی تر هەموویان بۆ پارێزگای دهۆك راگوێزران.[١١٩] بەپێچەوانەی ساڵەکانی ٨٣ـ٨٤ دەبینین لە ساڵی ١٩٨٥بەدواوە، بەعس زێتر هەوڵی رووخاندنی گوندەکان دەدات، ساڵی

---

112 خالید ئەحمەد وەرتی، سەرچاوەی پێشوو.

113 Shorsh, M. Resool, op. cit,, p.83

114 lbid, p.44.

115 Ibid, p .77.

116 Ibid, pp. 100-101.

117 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

118 ئەکرەم هەسنی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

119 خالید ئەحمەد وەرتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٣.

١٩٨٥ تەنیا لە پارێزگای هەولێر دانیشتووانی گوندێکی زۆر ڕاگوێزران بەم شێوەیە: ٣١ گوند لە قەزای شەقڵاوە، ٢٣ گوند لە ناحیەی سەلاحەدین و ئەوانی دیکە لە ناحیەی خۆشناوەتی.[120] لە ناحیەی قوشتەپەش ٧ گوند. لە قەزای مەخموریش ٢٠ گوند[121]. لە قەزای کۆیە ١٧ گوند، لە ناحیەی شۆڕش و خەباتیش هەریەکە و گوندێك.[122] لە ناحیەی ڕەواندز و ناوچەی مێرگەسووریش هەریەکە و دوو گوند.[123]

لە پارێزگای سلێمانیش ١٣٠ گوندی خاپوورکران. ٤٥ گوند لە قەزای دوکان.[124] لە قەزای دەربەندیخانیش چوار گوند، سێیان لە ناحیەی ناوەند و چوارەمیشیان لە ناحیەی زەرایەن.[125] هەروەها لە قەزای ناوەندی سلێمانیش سێ گوند، لە ناحیەی قەرەداغ دوو گوند و لە ناحیەی خۆرماڵیش گوندێك بە ناوی ناوگردان.[126] لە قەزای چەمچەماڵ ١٣ گوند. لە ناوچەی چوارتا ١٦ گوند . قەزای ڕانیە ١٨ گوند چەندین گوندی دیکە لە ناوچەکانی کەلار و هەڵەبجە.[127]

لە پارێزگای کەرکوکیش نزیکەی ٣٥ گوند، ١١ گوند لە ناحیەی توزخورماتوو، ئەوانی دیکە لە ناحیەی شوان و ناوچەکانی دیکەی ئەو پارێزگایە.[128]

---

120 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 65-66, 68.

121 أ. پ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥ـ٦٦.

122 هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

123 هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

124 هەمان سەرچاوە، ل ٦٣ـ٦٥.

125 Shorsh, M. Resool, Op. cit, pp. 141-142,145.

126 Ibid, p. 153.

127 أ. پ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ـ ٦٥.

128 هەمان سەرچاوە، ل ٦٣.

لە پارێزگای سەلاحەدینیش لە هەر یەکێك لە ناحیەکانی نـەوجول و قادرکەرەم گوندێکی راگواسـت کـە گوندەکـانی لـۆك و قەرەچـەوەر بوون.[١٢٩] بەڵام لە سـەرچاوەیەکی تـردا نـاوی چـوار گونـدی دیکـەش هاتووە کە هەر لەو ساڵەدا راگوێزران.[١٣٠]

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەڵگەنامەیەکدا کـە لـە ئاداری ١٩٨٦ پێشکەشـی سـکرتێری نەتـەوە یـەکگرتووەکان و چـەند رێکخراوێکی دیکەی جیهانی کـرد دەڵێـت: تـەنیا لـە مـاوەی نێـوان مانگەکانی ٧ـ١١ ساڵی ١٩٨٦دا زێتر لە ١٩٩ گوندی کوردی خاپوور کراون.[١٣١]

لـە شـاری کـەرکوکیش حکومـەت ١٧٠٠ خـێزانی کـوردی بـۆ ناوچەکانی دیکە راگواستن.[١٣٢]

سـاڵی ١٩٨٦یـش رژێـم دیسـان بـە هـەمان گرتـین پـەلاماری گوندەکانی دەدا و دانیشتووانی ئەو گوندانەشی رادەگواستن. پارێزگـای هەولێر لەو سـاڵەدا زێـترین پشـکی لـە خـاپوورکردن و راگواسـتنی گوندەکانی بەرکەوت. لە ناحیەی رەواندز کە سەر بە قەزای سۆران بوو دانیشتووانی شەش گوند بەر شاڵاوی راگواستن کـەوتن.[١٣٣] لـە قـەزای ناوەند ، دانیشتووانی گوندێك لە ناحیەی خەبات راگوێزران،[١٣٤] بـەڵام

---

129 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 26-30.

130 أ. پ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

131 بۆ زێتر زانیـاری بگـەڕێوە بـۆ: D. Celadat Celiker, Le Kurdistane U Rojhelata Navin Ceken Kimyayi-Biyolociki U Atomi,Wasanen Doz, Tirkiye, 1992. L 114-115.

132 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

133 Shorsh, M. Resool, op. cit, p. 48.

134 Ibid, p. 57.

زۆرترین ژمارەی ئەو گوندانەی راگوێزران لە قەزای مەخموور بوون، لە ناحیەی ناوەند ١٢ گوند و ناحیەی گوێر (شەمامك) دوو گوند[١٣٥] و لە ناحیەی دیبەگە (کەندیناوە)ش ١٠ گوند.[١٣٦] لە قەزای کۆیەش لە هەر یەکێك لە ناحیەکانی دێگەڵە و تەقتەق گوندێك بەر شاڵاوی راگواستن کەوت.[١٣٧] لە باڵەکایەتیش ٩ گوند لە دۆڵی خانەقا ـ ناوچەی وەرتێ ـ راگوێزران.[١٣٨]

لە پارێزگای سلێمانیش ژمارەیەك گوند راگوێزران، دوو گوند لە ناحیەی ناوەندی قەزای چەمچەماڵ،[١٣٩] ١٢ گوند لە قەزای دوکان چەندین گوند لە ناحیەی بنگرد و دوو گوندیش لە ناحیەی خەلەکان.[١٤٠]

لە قەزای قەڵادزێش سێ گوندی ناحیەی ناودەشت بەر ئەو پەلامارە کەوتن.[١٤١] هەروەها گوندی چەمەرگەش لە ناوەندی قەزای دربەندیخان.[١٤٢] گوندی خدر لە قەزای ناوەندی سلێمانی و گوندی عەلیاواش لە ناحیەی قەرەداغی هەمان قەزا راگوێزران.[١٤٣] لە ناحیەی خۆرماڵی قەزای هەڵەبجەش سێ گوند،[١٤٤] و دوو گوندیش لە ناحیەی

---

135 Ibid, pp. 72-73, 75.

136 کاوە نادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

137 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 79-80

138 خالید ئەحمەد وەرتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

139 Shorsh, M. Resool, op. cit, p. 98.

140 Ibid, pp. 112, 114.

141 Ibid, pp. 118-119.

142 Ibid, p. 137.

143 Ibid, pp. 144, 149.

144 Shorsh, M. Resool, op. cit, p. 151-153.

کارێزەی قەزای چوارتا.[145]

لە پارێزگای کەرکوکیش دوو گوند لە ناحیەی پردێ،[146] سێ گوندیش لە ناحیەی قەرەحەسەن راگوێزران.[147] لە ناو شاری کەرکوک خۆیش ٢٠٥٠ خێزانی کورد راگوێزران.[148]

هەر لەو ساڵەدا (١٩٨٦) لە پارێزگای سەلاحەدین، قەزای توزخورماتوو سێ گوند بەر شاڵاوی راگواستن کەوتن، دوو گوند لە ناحیەی ناوەند و گوندی ((خدروەلی))ش لە ناحیەی نەوجول.[149]

لە ناوچەکانی بادینانیش، لە پارێزگای دهۆك لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥ـ ١٩٨٧دا ، ١٥٠ گوند خاپوورکران و دانیشتووانی ئەو گوندانەش بەرەو ئوردووگا زۆرەملێکان راگوێزران.[150]

ساڵی ١٩٨٧ رەوشی لادێنشینانی کوردستانی خواروو بە تەواوی دەشلەژێت، هەموو ئەو گوندانەی کە تا ئەو کات مابوونەوە و دەستی وێرانکارییان پێ نەگەیشتبوو، چ ئەوانەی لە ژێر دەستی حکومەت و چ ئەوانی لە ناوچە قەدەغەکراوەکان ئاوەدانکرابوونەوە هەرەشەیان لێکرا. لە ساڵی ١٩٨٥ تاکو حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ زێتر لە ٧٨٠ گوند خاپوورکران بەم شێوەیە: ٢٤٠ گوند لە پارێزگای سلێمانی، ٤٣٢ گوند لە پارێزگای هەولێر، ٣٤ گوند لە پارێزگای کەرکوك و ٧٥ گوند لە پارێزگای دیالا.[151] لەو ساڵەدا *عەلی حەسەن ئەلمەجید*

---

145 Ibid, pp. 160- 161.

146 Ibid, p. 33.

147 Ibid, p. 38.

148 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

149 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 24, 26.

150 زیاد عەبدولرەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

151 بۆ زێتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: D. Celadat Celiker، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٠. دکتور جەلادەت لەم زانیاریەیدا پشتی بە راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دەکرێتە بەرپرسی نووسینگەی باکوری حزبی بەعس و پاکتاوکردنی گوندەکانی کوردستان بەو دەسپێردرێت. لەو ساڵەدا جگە لە راگواستنی شارنشینەکان و خاپوورکردنی ژمارەیەك شارۆچکە، ٨٣٩ گوند لە کوردستانی خوارووا خاپوورکران و دانیشتووانیشیان، بەشێکیان ئەنفال کران و بەشەکەی تریش تەنیا راگوێزران، بەم شێوەیە: لە پارێزگای دیالە ٦٦ گوند هەموویان لە قەزای کفری، ٢١ گوند لە ناحیەی سەرقەلا، ١٧ لە ناحیەی کوکس و ٢٨ گوندیش لە ناحیەی جەبارە.[١٥٢]

لە قەزای توزخورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدینیش ٢٩ گوند خاپوورکران، ٦ لە ناحیەی ناوەند، و ١٢ لە ناحیەی نەوجول و ٩ گوندیش لە ناحیەی قادر کەرەم.[١٥٣]

هەروەها لە پارێزگای کەرکوك ژمارەیەکی زۆری گوندەکان بەر ئەنفال کەوتن، ١٧ گوند لە ناحیەی قودس (قەزای دوبز)، لە قەزای ناوەندیش ٣٦ گوند، ٢٧ لە ناحیەی قەرەحەسەن، و ٨ گوند لە ناحیەی شوان و گوندێکیش لە ناحیەی قەرەهەنجیر.[١٥٤] وێڕای راگواستنی ٣١٥٠ خێزانی کورد لە ناو شاری کەرکوك.[١٥٥]

لە پارێزگای هەولێر لەو ساڵەدا (١٩٨٧) ٢٦٢ گوند بەر ئەو

بەستووە. هەروەك بینیمان لەناو ئەو گوندە خاپوورکراوانەدا هیچ ئاماژەیەك بە گوندەکانی دەڤەری بادینان نەکراوە، پێمان وایە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی ئەو کات پێگەیەکی وەهای لە بادینان نەبووە هەر بۆیە نەیتوانیوە ئاگاداری رەوشی ئەو ناوچەیە بێت بە وردی. ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی گوندە خاپوورکراوەکان لەو ماوەیەدا زێترە لەو ژمارەیەی خرایەڕوو.

152 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 9-11.

153 Shorsh, M. Resool, pp. 24-29.

154 Ibid, pp. 35-42.

155 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

پەلامارە کەوتن، بەم شێوەیە: لە قەزای سدیق پێنج گوند، چواریان لە ناحیەی خەلیفان،[156] و گوندی دەرگەڵەش لە ناحیەی ڕەواندز.[157] لە قەزای ناوەندیش ١٢٨ گوند، نۆ گوند لە ناحیەی خەبات، ٩١ گوند لە ناحیەی قوشتەپە و ٢٨ گوندیش لە ناحیەی عینکاوە.[158] هەروەها ٢٩ گوندیش لە قەزای شەقڵاوە، ١٧ گوند لە ناحیەی هەریر و ١٢ گوندیش لە ناحیەی خۆشناوەتی.[159] لە قەزای کۆیە تەنیا ١٠ گوند بەرکەوتن، نۆ گوند لە ناحیەی دیگەلە، ئەوی دیکەشیان لە ناحیەی ناوەند.[160] دواجاریش لە قەزای مەخموور، لە ناوەندی قەزا ٣٢ گوند، لە ناحیەی گوێڕ ٢٧ گوند،[161] لە ناحیەی دیبەگەش ٣١ گوند.[162] لە ناحیەی مێرگەسووریش حەوت گوند ڕاگوێزران.[163]

لە پارێزگای ((دهۆك))یش ١٣١ گوند لەو ساڵەدا تێکدران بەم شێوەیە: لە قەزای ئامێدی ٥٣ گوند، ٨ گوند لە ناحیەی کانیماس، ٢١ گوند لە ناحیەی دێرەلووك و ٢١ گوند لە ناحیەی سەرسنگ، لە ناحیەی ناوەندیش سێ گوند. لە قەزای دهۆك ((ناوەند)) ٤٩ گوند، لە هەریەکە لە ناحیەی فەیدیە و ناحیەی زاویتە ١٧ گوند، ناحیەی مانگێشك ١٤ گوند، گوندێکی دیکەش هەر لە هەمان قەزا. لە قەزای زاخۆش ٢٣ گوند بە دەردی ئەوانی دیکە بران، لە هەر یەکە لە

---

156 Shorsh, M. Resool, op. cit, p. 46.

157 خالید ئەحمەد وەرتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

158 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 57-63.

159 Ibid, pp. 67-68.

160 Ibid, pp. 80-83.

161 Ibid, pp.72-75.

162 کاوە نادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨ـ٦٢.

163 المکتب السیاسي للحزب الدیمقراطي الکردستاني، من جرائم القتل العام في کردستان، ١٩٨٧، ص ٢٢ـ٢٣.

ناحیەکانی ناوەند و رزگاری چوار گونـــد، و لـە ناحیــەی باتوفـەش ٩ گوند، لە ناحیەی دەرکار عەجـەمیش ٦ گونـد، هـەروەها لـە قـەزای ((سێمێل))یش ١٠ گوند.[١٦٤]

سـەبارەت بـــە پارێزگـــای مووســـڵ ژمارەیـــەکی زۆری گونـــدە کوردنشینەکانی ئەو پارێزگایە لـەو سـاڵەدا راگوێـزران. لـە قـەزای شێخان ٣٤ گوند، ٢٦ گوند لە ناحیەی ئەتروش و ئـەوانی دیکـە لـە ناحیەی باعەدرێ. لە قەزای ئـاکرێ تـەنیا ٧ گونـد بـەر ئـەو شـالاوە کەوتن، ٢ گوند لە ناحیەی بجیل و ٥ گوند لە ناحیەی دینارتە.[١٦٥]

بەڵام لەو ساڵەدا زۆرترین ژمارەی گوندەکان لە پارێزگای سـلێمانی خاپوور کران. نزیکەی ٣١٤ گوندی ئەو پارێزگایە لەگەڵ زەوی تـەخت کران. ١٤ گوند لە قەزای چەمچەمال، سێ گوند لە ناحیـــەی نـاوەند، ئەوانی دیکە لە ناحیەی سەنگاو هەروەها نـــاوەندی ناحیـــەی ســـەنگاو خۆیشی.[١٦٦] لە قەزای پێنجوینیش ، ٢٣ گوند لە ناحیـــەی نـاوەند، ٩ گوند لە ناحیەی گەرمك و گوندی هۆزخواجەش کـــە هـــەر ســـەر بـەو قەزایە بوو راگوێزرا.[١٦٧] لە قەزای قەڵادزێش ١٤ گوند، ١٢ گونـــد لـە ناحیەی ناوەند و لە هەر یەکـــە لـــە ناحیـــەکانی ناودەشـت و هـێرۆش گوندێك.[١٦٨] لە قەزای کەلار تەنیا ٩ گونـــد بەرکـەوتن، پێنجیـــان لـە ناحیەی تیلەکۆ و هەر یەکـــە لـــە ناحیـــەکانی نـاوەند و پێبـازیش دوو گوند.[١٦٩] لـــە ناحیـــەی زەرایـــەن ســـەر بـــە قـــەزای دەربـــەندیخانیش ٢٦

---

164 هەمان سەرچاوە، ل ٣١ـ٣٢.

165 سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

166 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 92-94, 98.

167 I bid, pp.102-106.

168 Ibid, pp.118-122.

169 Ibid, pp.130-1134.

گوند.[١٧٠] هەروەها لە قەزای ناوەند ٦٣ گوند، ٢٥ لە ناحیەی قـەرەداغ ئەوانی دیکە لە هەر سێ ناحیەی تانجەرۆ، سەرچنار و بازیـان.[١٧١] لـە قەزای هەڵەبجە ٦٠ گوند، ٥٤ گونـد لـە ناحیـەی خۆرمـاڵ و شـەش گوندیش لە ناحیەی سیروان.[١٧٢] لە قـەزای چوارتـاش ژمارەیـەکی زۆر گوند تێکدران، ٨ گوند لەناحیەی کارێزە و ٨٢ گوندیش لـە ناحیـەی بەرزنجە.[١٧٣]

هـەر لـەو سـاڵەدا حکومـەت لـە بادینـان چـەند گوندێکـی مەسیحیانی تێکدا.[١٧٤] هەروەها لە مانگی مایس لـە گـەڕەکی کـانی ئاشقانی شاری هەڵەبجە رژێم نزیکەی ١٥٠٠ خانووی هاووڵاتیـانی بـە بلدۆزەر تەخت کرد.[١٧٥]

ئـەو گونـد و شـارۆچکانەی لـە سـاڵەکانی ١٩٨٧و ١٩٨٨دا خـاپوورکران هـەمووی بـە بڕیـار و سەرپەرشـتی راسـتەوخۆی *عـەلی حەسـەن ئەلمـەجید* بـوو. نـاوبراو لـە بـەهاری ١٩٨٧ لـە کـەرکوك کۆبوونەوەیـەك دەبەسـتێت کـە پارێزگارەکـانی کـەرکوك، سـلێمانی، هەولێر و دهۆك تێیدا بەشدار دەبـن، نـاوبراو بـە تووڕەییـەوە دەڵێـت: ((نابێ یەك خانە و لە گوندە کوردنشینەکانی دەشتی هەولێر بـە پێـوە

---

170 Ibid, p. 136.

171 Ibid, pp.145-149.

172 Ibid, pp.151-155.

بەپێی سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٨٧ کە لە ١٧/١٠/١٩٨٧ بـەرێوەچوو، لـە کـۆی ٢١٦ گوندی قەزای هەڵەبجە تەنیا ١٨ گوند هێشتا بەر شاڵاوی راگواسـتن نەکـەوتبون. بگەڕێوە بۆ: محمد غفور شریف، هەڵەبجە، سـاڵنامەی هەڵەبجـە، سـاڵنامەی کۆمەڵـەی ژیانەوەی هەڵەبجە، ژمارە ١، سلێمانی، ١٦/٣/١٩٩٧، ل ٣.

173 Shorsh, M. Resool, op. cit, pp.162-166.

174 میدل ئیست ووچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١٧.

175 هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩.

بمێنێت.))[١٧٦] و بە پێی بڕیاری ١٦٠ی ئەنجومەنی شۆڕش لە ٢٦ی مایسی ١٩٨٧ سەرانی لیژنە ئەمنییەکان سەرپشك دەکرێن لە دەست گرتن بەسەر ماڵ و سامانی گوێزراو و ناگوێزراوی تێکدەراندا.[١٧٧] هەروەها *ئەلەجید* لە هەمان ساڵدا داوای لە لیژنە ئەمنییەکانی باکور کرد کە پێش ١٥ی ئەیلوول جەردێکی تەواوی ئەو خێزانانەی بکەوێتە بەردەستی کە کەسوکاریان لە ریزی پێشمەرگەدان، بۆ ئەوەی ئەو خێزانانە رەوانەی ئەو شوێنانە بکرێن کە ئەوانی لێیە، نێرینەکانیشیان لە نێوان ١٥ـ٥٠ ساڵی دەست بەسەربکرێن.[١٧٨] ئەم کارەش بە پراکتیکی ئەنجامدرا. هەروەها لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی بەعس لە دژی لادێنشینە کوردەکان لە ساڵی ١٩٨٧، نزیکەی ١٠,٠٠٠ هاووڵاتی کورد ئاوارەی ئێران بوون و لە ئوستانەکانی کەرمانشا و کوردستان نیشتەجێ کران.[١٧٩]

ساڵی ١٩٨٨ رژێمی بەعس دڕندایەتییەکەی بە لوتکە گەیشت و گەورەترین تاوانی بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامدا. لەو ساڵەدا جگە لە شارۆچکە و ناوەندی ناحیەکان زیاتر لە ١٦٦٠ گوند تێکدران و دانیشتووانی ئەو گوندانە دوای ئەنفال کردنیان بۆ ئوردووگا زۆرەملێیەکان راگوێزران. لە هیچ شاڵاوێکی راگواستنندا هێندەی ئەم ساڵە دەست درێژی نەکرایە سەر راگوێزراوان، جگە لەوانەی لە ئەنفالەکاندا شونبزرکران، ئەوانی دیکە کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ئەشکەنجەدان و نەخۆشیگەلێك بە ناویاندا بڵاوبوونەوە، کە بە هەزاران کەس لە ئەنجامی تووشبوونیان بەم نەخۆشیانە گیانیان بەخشی.

---

176 هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧.

177 هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦.

178 هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

179 د. جنگیز پهلوان، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

پاشماوەی ئەنفالەکان دوای ئەوەی بە هۆی لێبووردنی گشتی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ لە گرتووخانەکانی وەك سەلامییە و نوگرەسەلمان و دبس. . . لە مردن رزگاریان بوو، بۆ ئوردووگاگەلێك گوازرانەوە.[180] هەندێك لەوانەی لە ئەنفال گەڕانەوە تەنانەت پسوولەی ئازوقەشیان پێ نەدرا، وەك ئەوانەی ئوردووگای بەرحوشتر لای بەحرکە. زۆر لە ئەنفال کراوەکانیش مەحاڵ بوو ناسنامەی تازەیان بۆ دەربکرێت، بەوەش نە کاریان لە دامودەزگاکانی حکومەت دەست دەکەوت، نە منداڵیان بەردەوام دەبوون لەسەر خوێندن و نە هیچ خزمەتگوزارییەکیان پێشکەش دەکرا.[181]

لە ئەنفالی بادینان رەوشەکە هەندێك جیاواز بوو؛ زۆربەی زۆری خەڵکەکە نەکەوتنە بەر دەستی سوپای عێراق، بەڵکو پەنایان بردە بەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران، دوای ئازار و نەخۆشی و کۆسپ و تەگەرەی زۆر، توانیان بچنە ناو تورکیا. لە ٣١ی ئاب ساڵی ١٩٨٨ کاربەدەستە تورکەکان راگەیاند کەوا مافی پەناهەندەیی کاتیان بە ٥٧ هەزار کوردی عێراقی داوە، بەڵام ژمارەیەکی تری خێزانەکان لە کۆتایی ئەیلوول چوونە ناو تورکیا.[182] *ماکداوێل* پێی وایە لە کۆتایی مانگی ئاب زێتر لە ٦٠,٠٠٠ هاووڵاتی کورد سنووری تورکیایان بڕی و ژمارەیەکی وەك ئەمەش پەنایان بردە بەر ئێران.[183] ناوبراو لە کتێبێکی دیکەدا باس لە هەمان رووداو دەکات و دەڵێت: تا کۆیایی مانگی ئاب رەنگە ١٠٠,٠٠٠ کەسی دیکەش دواتر سنووری ئێرانیان

---

180 میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

181 هەمان سەرچاوە، ل ٥٠٨.

182 منظمة العفو الدولية، الاطفال ضحايا بريئة للقمع السياسي، شباط ١٩٨٩، ص ٥١.

183 دیڤد ماکدویل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.

بڕیبێت. بەمەش ژمارەی پەناهەندە کوردەکان لە ئێران گەیشتە زێتر لە ٢٥٠,٠٠٠ کەس.[184]

بەڵام بەپێی گوتەی میدل ئیست ووچ لە کۆتایی مانگی ئاب بەلای کەمەوە ٦٥ هەزار و رەنگەش ٨٠ هەزار کەس، لە بادینان بە کۆمەڵ کۆچیان کردبێت بۆ سنوورەکانی تورکیا.[185] کەچی بەپێی سەرچاوە نارەسمیەکان ژمارەی ئەو ئاوارانەی سنووری تورکیایان بڕی رەنگە خۆی لە ١٠٠,٠٠٠ کەس بدات.[186] هەروەها بەپێی سەرچاوەیەکی ئێرانی لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ لە ئەنجامی بەکارهێنانی گازە کیمیاییەکان لە دژی هاوولاتیانی شارۆچکەی هەڵەبجە و دەوروبەری ٧٠,٠٠٠ هاوولاتی ئەو ناوچەیە بۆ ئەودیو سنووری ئێران ئاوارە بوون.[187]

سەبارەت بە ئاوەدانیە خاپوورکراوەکان هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەم ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر شارۆچکە و ناحیە تێکدران و راگوێزران لەوانەش ((ئاخجەلەر ، خۆرماڵ ، ئوردووگای خۆرماڵ ، سەید سادق ، ئوردووگای شانەدەر ، سیروان ، ئوردووگای سیروان ، ئوردووگای عەنەب ، ناحیەی بەرزنجە و ناحیەی دیبەگە هەروەها شارۆچکەی هیران)).[188] تەنیا ناحیەی دیبەگە ژمارەی خێزانەکان زۆر نەبوون، ٥٠٠ ماڵ بوون،[189] ئەوانی دیکە هەموویان لە نێوان

---

184 دیوید ملك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦٣.
185 میدل ئیست ووچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.
186D. Celadat Celiker, هەمان سەرچاوە. ل ١٤٥
187 د. جنگیز پهلوان، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
188 المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، من جرائم القتل العام في كردستان، دون مكان الطبع ١٩٨٨، ص ٣٠.
189 کاوە نادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

١٥٠٠-٣٠٠٠ خانویان لەخۆدەگرت.[١٩٠] لە نزیك شاری هەولێریش لەتیفاوا کە ژمارەی دانیشتووانی زۆر بوون تێکدرا.

بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەی گوندەکان یەکجار زۆرە پێمان باشە بە شێوەی خشتە بیانخەینە ڕوو .

خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی گوندە وێرانکراوەکان لە پارێزگای سلێمانی ساڵی ١٩٨٨

ژمارە	قەزا	ناحیە	ژمارەی گوندەکان
١	چەمچەماڵ	سەنگاو	٦٧
		ئاغجەلەر	٧٥
		ناوەند	٤
٢	پێنجوین	ناڵپارێز	٥
٣	دوکان	سورداش	٧٧
		بنگرد	٢٣
		خەلەکان	٢٤
٤	قەلادزە	ناودەشت	٩
		ناوەند	٨
٥	رانیە	چوارقورنە	٦
		بێتواتە	١٥

190Shorsh, M. Resool, op. cit, pp. 151, 153, 155, 156, 163.

٦	کەلار	تیلەکو	١٠٨
		ناوەند	١٢
		پێباز	٤٨
٧		ناوەند	٧
٨	ناوەند	تانجەڕۆ	٩٣
		سەرچنار	١٩
		قەرەداغ	٥٠
٩	هەڵەبجە	سیروان	٧
		خورماڵ	١٠
١٠	چوارتا	بەرزنجە	١٧
		کارێزە	٢٠
کۆی گشتی			**٦٨١**

Shorsh, M. Resool, op. cit.

خشتەی ژمارە(٢)

ژمارەی گوندە وێرانکراوەکانی پارێزگای دهۆك لە ساڵی ١٩٨٨ دا

ژمارە	قـــەزا	ژمارەی گوندەکان
١	قــەزای ئــامێدی	٢٣٣
٢	قــەزای زاخـــۆ	١٠٢
٣	قــەزای دهۆك	٦٣
	کۆی گشتی	**٤٠٣**

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

Shorh, M. Resool, op. cit.

روؤف عقـراوي، الحملـة علـى البادينـان واوضـــاع اللاجئـــين، الطبعـــة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠٠٣.

خشتەی ژمارە (٣)

ژمارەی گوندە وێرانکراوەکانی پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٨٨دا

ژمارە	قــەزا	نــاحیە	ژمارەی گوندەکان
١	سۆران	خەلیفان	٣١
		ڕەواندز	١٣
٢	هەولێر	خەبات	١
		قوشتەپە	٨
٣	شەقلاوە	سەلاحەدین	١١
		هەریر	١٠
		خوشناو	٢٢
٤	مەخموور	ناوەند	٢
		گوێڕ	٩
٥	کۆیە	دێگەڵە	٢٦
		تەقتەق	٥٢
		ناوەند	٤٠
٦	مێرگەسوور	بارزان و شێروان	٩٠
کۆی گشتی			٢٩٥

–سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

Shorsh, M. Resool, op. cit.

میدل ئیست ووچ، سەرچاوەی پێشوو.

ڕوؤف عقراوي، سەرچاوەی پێشوو.

خشتەی ژمارە(٤)

ژمارەی گوندە وێرانکراوەکانی پارێزگای کەرکوك لە ساڵی ١٩٨٨دا

ژمارە	قـــەزا	نـــاحیە	ژمارەی گوندەکان
١	توزخورماتوو	ناوەند	١
		نەوجول	٢٥
		قادرکەرەم	٧١
٢	ناوەند	پردێ	٢٣
		قودس	١
		قەرەحەسەن	١٥
		شوان	٦١
		قەرەهەنجیر	٣٩
کۆی گشتی			٢٣٦

Shorsh, M. Resool, op. cit

له پارێزگای دیالا تەنیا قەزای کفری بەرکەوت . پێنج گوند له ناحیەی سەرقەلاّ و دوو گوند له ناحیەی جەبارە.[191]
له پارێزگای مووسڵیش ٥٤ گوند ، ٣٥ له قەزای ئاکرێ ، ١٩ له قەزای شێخان.[192] هەروەها دانیشتووانی ئەو گوندانەی بادینان کە نەیانتوانیبوو بپەڕنەوە تورکیا و حکومەتیش نەیتوانیبوو بەر لە ٦ ی ئەیلوول (لێبوردنی گشتی) دەستگیریان بکات ، دوای ٦ ی ئەیلوول کە خۆیان دا بەدەستەوە حکومەت هەموویانی گواستەوە بۆ ئوردووگای جێژنیکان .
بە پێی میدل ئیست وۆچ تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ نزیکەی ١٥ هەزار ڕاگوێزراوی بادینان له جێژنیکان مابوونەوە.[193]
هەروەها له ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ ، ٢٠٠٠ خێزانی کورد لە شارۆچکەی بەرتلەی نزیك شاری مووسڵ ڕاگوێزران بۆ ئوردووگاکانی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی.[194] له ساڵی ١٩٨٩ هەرچەندە دەمێك بۆ هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران بە بڕیاری UN رازی ببوون شەڕ نەمابوو، لەو ساڵەدا چیتر بزاڤی رزگاریخوازی کوردی هەڕەشە نەبوو لەسەر دەوڵەتی عێراق، بەڵام ڕاگواستن نەوەستا. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ حکومەت دەستی بە ڕاگواستنی شارۆچکەی قەڵادزێ و لادێکانی دەوروبەری کرد.[195] ژمارەی دانیشتووانی ئەو

191Shorsh, M. Resool, Op. cit, pp. 9-11.

192 من جرائم القتل العام فی کردستان (١٩٨٨)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥-٣٦.

193میدل ئیست وۆچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١٣.

194 Madico International, Deportations in Iraq Kurdistan and Kurdhsh Refuges in Iran, Year book of the kurdish acadimy, 1990. p. 67.

196 Shorsh, M. Resool, Op. cit, p. 61.

دەڤەرە نزیکەی ۷۰,۰۰۰ کەس دەبوو. هەر لەو ماوەیەدا (۱۹۸۹/۵/۲۹) شارۆچکەی دێگەڵەش ڕاگوێزرا.[۱۹۶]

هەر لەو ساڵەشدا لە قەزای قەڵادزێ ئوردووگاکانی پێماڵك، بازیان، تووەسۆران و ژاراوە ڕاگوێزران، تەنیا ئەوەی دوایی ژمارەی خێزانەکانی لە هەزار سەر خێزان کەمتر بوون، ئەوانی دیکە هەموویان لە هەڵەبجەی ۲۵۰۰ خێزانیان لەخۆ دەگرت. هەروەها لە ناحیەی ناودەشتیش ۱۰ گوند ڕاگوێزران، لە ناحیەی ناوەندیش گوندی پێمالکی کۆن ڕاگوێزرا.[۱۹۷] لە ناحیەی بێتواتەش (قەزای ڕانیە) گوندی هەرتەل ڕاگوێزرا.[۱۹۸] لە قەزای دوکانیش، ناحیەی بنگرد دوو گوندی مامەنداوا و بەردەکۆز ڕاگوێزران.[۱۹۹]

هەر لەو ساڵەدا حکومەت دانیشتووانی ۲۲ گوندی لە ناوچەی سیدەکان (برادۆست) بۆ ئوردووگاکانی دێلزیان و بادلیان لە باکوری قەزای سۆران ڕاگواستن.[۲۰۰] هەروەها ۳٤ گوندی هەردوو عەشرەتی دۆلەمەری و شێروانی لە دەڤەری بارزان ڕاگوێزران، زۆربەی ئەو ڕاگوێزراوانەش لە ئوردووگای سارداڤ لە نزیك شارۆچکەی سۆران نیشتەجێکران.[۲۰۱]

سەدام حوسێن بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بڕیاری ژمارە ۲۹ی ڕۆژی ۱۹۸۹/۸/۲٤ی دەرکرد، بەپێی ئەو بڕیارە نابێت هیچ کوردێك لە شاری کەرکوك هەڵسێت بە کاروباری یاسایی لە

---

196 Ibid, p. 68.

197 Shorsh, M. Resool, Ibid, pp. 118-123.

198 Ibid, p. 127.

199 Ibid, p. 113.

200 چاوپێکەوتن لەگەڵ یادگار ڕەسوڵ لە ۲۰۰۳/۱/۲۵.

201 چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکار مزووری لە ۲۰۰۳/۱/۲٦.

بواری عەقاردا.[٢٠٢] ئەمەش ڕێگـــە خۆشـــکردنێك بـــوو بـــۆ دەرکـــردن و بێزارکردنی خەڵك لەو شارە. هەر لەو ساڵەشدا ٢٩٥٠ خـــێزانی کـــورد لە شاری کەرکوك دەرکران.[٢٠٣]

لــە مــانگی شەشــی ســاڵی ١٩٩٠ حکومــەت خــەڵکی ناوچــەی مێرگەسوور (ئەوانەی تا ئەو کات مابوونەوە) ئاگادار کردنەوە کە بــە زووترین کات بارگە و بنــەیان تێــك بنێــن، دانیشــتووانی ئۆردووگــای گوڕەتـــوو کـــە لـــە ســـاڵی ١٩٧٨ مـــزووری و هەرکیـــەکانی لێ نیشتەجێکرابوون بۆ ئۆردووگای شاخولان بە دووری نزیکــەی ١٥ کــم لە باکووری ڕۆژئاوای عەنکاوە، ئەوانی تــر دانیشــتووانی مێرگەســوور خۆی و ٦ گونــدی دەوروبــەری بــۆ ئۆردووگاکــانی ســارداو و باســرمە ڕاگوێزران.[٢٠٤] ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە تا ئێستا نەمانبینیوە هیــچ کەســێك ئامــاژەی بــە ڕاگواســتنی مێرگەســوور و دەورووبــەری کردبێت، هەموو ئەوانەی لە بارەی ڕاگواستنەوە نووســیویانە ناوچــەی قەڵادزێیان بەدوا وێستگەی ڕاگواستن لەقەڵەم داوە، لــە کــاتێکدا لــە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠یشدا حکومەت بەردەوام بوو لەسەر ڕاگواستن. لە دوو مانگی تشرینی یەکــەم و دووەمــی ســاڵی ١٩٩٠ حکومــەت لــە ناحیەی دیانا چوار گوندی ستیکان، ناوڕۆین، هەسنان و پیروسوان ـ ی بۆ ئۆردووگای دێلزیان ڕاگواست.[٢٠٥] وێڕای ڕاگواستنی ٢٣٠٠ خــێزانی کورد لە شاری کەرکوك.[٢٠٦]

---

202 وریا جاف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠.

203 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

204 چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێکار مزووری لە ٢٨/١/٢٠٠٣.

205 چاوپێکەوتن لەگەڵ یادگار ڕەسوول لە ٢٥/١/٢٠٠٣.

206 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

قۆناغی سێیەم: ١٩٩١-٢٠٠٣

بە پێویست دەبێت ساڵی ١٩٩١ بە سەرەتای قۆناغێکی دیکەی ڕاگواستنی کوردان لەقەڵەم بدەین، چونکە بە شێوەی ١٩٧٥ قۆناغێکی جیاوازی دیکەیە لە ژیانی کوردەکانی عێراق. لەم ساڵەدا یەکێك لە گەورەترین ڕووداوەکان لە ژیانی سیاسی کوردەکان (بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست) دا ڕوویدا، ئەویش ڕزگارکردنی زۆربەی هەرە زۆری خاکی کوردستانی باشور بوو. ئەگەرچی کوردەکان نەیانتوانی پارێزگاری لەو هەموو زەویە ڕزگارکراوانە بکەن کە ئازادیان کردن. لەگەڵ ئەوەشدا توانیان زۆربەی ئەو زەوییە ڕزگارکراوانە بپارێزن و وەك کیانێك فەرمانڕەوایی تێدا بکەن، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە لەم ساڵەدا گەورەترین ڕاگواستنی کوردان ڕوویدا ئەگەرچی زوو بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە. ئەویش لە میانەی کۆڕەودا کە لە دوارۆژەکانی مانگی ئاداری ١٩٩١ حکومەت بە تانك و هەلیکوپتەر هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی ڕاپەڕیو و وەك هەمیشەش هیچی نەپاراست. لە ئەنجامیشدا کۆڕەوێکی ملیۆنی دروست بوو کە بە ملیۆنان کورد ئاوارەبوون و بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا کەوتنە ڕێ. هەروەکو لە ئەنجامی ئەم کۆڕەوەدا لەسەر ئاستی دەرەوە گەورەترین پشتگیری جیهانی بۆ کورد دروست بوو، لە ناوەوەش کۆڕەو بوو بە ڕووداوێك کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی ئەزموونیان کرد. لێرەشدایە کە ڕاگواستن و ڕاوەدوونان خۆی لە بەعەرەبکردن و ئەنفال و کیمیاباران جیادەکاتەوە، چونکە نە ئەنفال و نە کیمیاباران و نە بەعەرەبکردن بەسەر سەرتاپای ناوچە کوردنشینەکاندا پیادە نەکران، بەڵام ڕاگواستن و ڕاوەدوونان نەك تەنیا هەموو کوردستانی باشوری گرتەوە، بەڵکو زۆربەی ئەو کوردانەی لە شارەکانی دیکەی عێراقیش

دەژین راگواستن و راوەدوونانیان ئەزموون کردووە.

لەم قۆناغەدا راگواستنی کوردان بەپێچەوانەی قۆناغی پێشتر لەکەمی داوە. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی گۆڕانێك لە سیاسەتی بەعسدا روویدا، بەڵکو لەبەرئەوەی: یەکەم، ناوچەگەلێکی کەم لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا مابوون بە بەراورد لەگەڵ ناوچە رزگارکراوەکان ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا مابوون رێژەی کوردیان لێ کەم ببووە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو هەموو راگواستن و بەعەرەبکردنەی لە ماوەیەکی درێژدا لەو ناوچانە پیادە کرا. دووەم، چیتر جیهان لە ئاست دڕندایەتی بەعس وەکو جاران بێدەنگ نەبوو، کوردیش بێ پشت و پەنا. سەرەڕای هەموو ئەمەش بەعس لەم قۆناغەدا لەسەر پیادەکردنی راگواستن و بەعەرەبکردن بەردەوام بوو. لەخوارەوە هەوڵدەدەین تیشکێکی بخەینە سەر.*

---

* وێڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، کوردەکان حکومەتێك یان دوو حکومەتیان هەبووە و فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستانیان کردووە. کەچی بە هەمان شێوەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو نەیانتوانیوە ئامارێکی وردی ئەو راگوێزراوانە بکەن کە لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ راگوێزراون. وەك ئەوەی راگواستنی کوردەکان کردەیەکی ئاسایی و مرۆڤانە بێت و پێویست نەکات باس و ئاماری لەبارەوە بکرێن. هەروەها لەو ماوەیەدا هەندێ جار ماوە ماوە راگواستن و تەعریبیان لەیادی خۆیان دەبردەوە. لەکۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای هەزارەی نوێ بیریان کەوتەوە کە پێویستە ئامارێکی راگوێزراو و دەرکراوەکان بکەن. وێڕای ئەوەش راگواستن و تەعریب بکەن بە بابەتێك (هەڵبەت بابەتێکی لاوەکی) و هەندێ جار لە هۆکارە راگەیاندنییەکانیاندا باسی بکەن، بەڵام تا ئەم ساتەش نەیانتوانی ئامارێك بکەن کە یەکەم، سەرتاپاگیر بێت و هەمووو راگوێزراوەکان بگرێتەوە و لە ناوەند و بنکەیەك دەست بکەوێت. دووەم، جێگەی متمانەی باسکار و توێژەران بێت، بەڵکو هەمیشە گومانی ئەوە هەیە کە ئەو ئامارانە ورد نین. هەڵبەت مەبەستمان ئەوە نییە بە زیادەوە نووسراون، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە زوو ئاماری راگوێزراوەکان نەکرا و دواتریش کاتێك

راستەوخۆ دوای کۆڕەو و دوای ئەوەی حکومەت هەندێك لە ناوچە رزگارکراوەکانی داگیرکردنەوە، نەیهێشت زۆر لەو کوردانەی کەرکوك کە لە کۆڕەوەکەدا هەڵاتبوون، بگەڕێنەوە شاری کەرکوك. سەرباری ئەوەی لە دانوستانی مایسی ١٩٩١ لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی ناوەندیدا بە راشکاوی باس لە رێگەدان بە گەڕانەوەی هەموو ئەوانە بۆ سەرماڵ و حاڵی خۆیان کرابوو.[٢٠٧] لە مانگی ئاداری هەمان ساڵ عەلی حەسەن ئەلمەجید سەرپەرشتی تێکدانی ٨٠ خانووی کورد و تورکمانەکانی لە گەڕەکی ئەڵماس لە شاری کەرکوك کرد.[٢٠٨] زۆر لەو خێزانە کوردانەش کە پێشتر لە قەزای حەویجە نیشتەجێ ببوون بە مەبەستی کارکردن لەوێ، حکومەتی بەعس لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥ دەری کردن.[٢٠٩]

لە سەرچاوەیەکدا هاتووە لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٦ نزیکەی ٣٥ خێزان لە ناوچە بەعەرەبکراوەکانەوە بۆ سنووری پارێزگای هەولێر راگوێزران.[٢١٠] لە ساڵی ١٩٩٧ حکومەت ناوی ٨٠ خێزانی کوردی لە شاری کەرکوك نووسی و لە هەر خێزانێك ئەندامێکی ئەو خێزانەی

هەولێاندا ناونووسیان بکەن هەر ئیدارەیەك و هەندێ کات هەر شارە و بە تەنیا ئاماری دەکرد و لە ئەنجامیشدا خەڵکێك تا ئێستا ناونووس نەکراون. بۆ نموونە لە شاری دهۆك چاومان بە راگوێزراوێکی شارۆچکەی فەیدیە کەوت، پێی گوتین لە ساڵی ١٩٩١ەوە تا ساڵی ٢٠٠٣ هێندەی من ئاگادارم زێتر لە ٢٥ خێزان لە فەیدیە راگوێزراون. کەچی تا ئێستا هیچ بنکە یان ناوەندێك ناونووسیان نەکردووین. سەردانی هەر ناوەندێکی ناونووسین دەکەین پێمان دەڵێن: ئێوە ناکەونە ناو سنووری ئێمە و ناتوانین ناونووستان بکەین. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەکرەم یاسین بەرواری لە ٢٥/٢/٢٠٠٣ لە شاری دهۆك.

207 د. نوری طالبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

208 هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

209 هەمان سەرچاوە، ل ٨٣.

210 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

دەسگیر کرد، تا ماڵەکەیان بە بارکراوی بهێننە بەردەم بنکەی پۆلیس و رژێم دڵنیا بێت لە بارکردنیان، دواتر بە هۆی گوشاری نێو دەوڵەتیەوە ئەم هەڵمەتە وەستێنرا. کەچی لە دواییدا بە شێوەی چەند خێزان چەند خێزان پێکەوە پیادە کرا.[211]

بەپێی نووسراوێکی نهێنی ژمارە ٣٠١٤٣٣ لە رێکەوتی ١٢/١/١٩٩٨ دیوانی پارێزگای تەئمیم بڕیاری دەرکردنی ١٤٦٨ خێزانی کورد لە شاری کەرکوك درا لە ماوەی نێوان ١٥/٤/١٩٩٨ـ٤/٦/١٩٩٨ بەم شێوەیە: حەی ئەلعەسکەری (٢) ٤٥ خێزان، ئیمام قاسم (١) ٧٤ خێزان، رێگای بەغدا ١٢ خێزان، ئیمام قاسم (٢) ٦٦ خێزان، ئیسکان ١٥٠ خێزان، ئەخی حوسێن ٢ خێزان، ئەلحوریە ٢٤٣ خێزان، ساری کەهیە ٣٢ خێزان، ئەلمەسلا ٣ خێزان، ئەلخەزرا ٢ خێزان، ئەلقوریە ٣٢ خێزان، حەی ئەلعەسکەری (١) ٦ خێزان، شوریجە ٣٢١ خێزان، ئەلئەندەلوس ٤٠١ خێزان.[212]

لە زۆربەی ناوچەکان حکومەت رێوشوێنی توندی دەگرتە بەر بۆ دەرکردن و راگواستنی کورد. لە نووسراوی ژمارە ٨ی رێکەوتی ٧/١/١٩٩٨ی پارێزگای دیالا هۆبەی زانیاریە دیموگرافییەکان، رێوشونی توند بەرچاو دەکەون بۆ ئەوانەی راگواستن رەتدەکەنەوە وەك دەستبەسەرکردنی گەورەی خێزان بۆ مانگێك، داگیر کردنی ماڵەکانیان، لێسەندنەوەی بلیتی ئازوقە...هتد.[213] بەپێی یەکێك لە سەرچاوەکان ژمارەی خێزانە راگوێزراوەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعسەوە بۆ پارێزگای سلێمانی ١٦٠٠٠ خێزانە و دەکەنە

---

211 د. رەفیق شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧.
212 ستران عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣ـ٧٤.
213 هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

٩٥,٠٠٠ کەس.[٢١٤] ئەوانش کە ڕەوانەی پارێزگای دهۆک کراون ژمارەیان ٣٥٠ خێزانە و دەکەنە ٢١٠٠ کەس.[٢١٥]

لەساڵی ١٩٩١ەوە تا ٢/٨/٢٠٠٠ بەپێی ئەو ئامارانەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاوکرانەوە دەکاتە نزیکەی ١٥,٨٣٩ خێزان، کۆی گشتیان دەکاتە ٩٣,٨٨٨ کەس بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکان.[٢١٦] بەپێی ئامارێکی دیکە ژمارەی خێزانە ڕاگوێزراوەکان لە سنووری پارێزگای کەرکوک بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردی لە ساڵی ١٩٩١ـ ١٢/٩/٢٠٠١ دەکاتە نزیکەی ٤٤١٧ خێزان.[٢١٧] ژمارەی ئەو خێزانانەی لە سنووری پارێزگای کەرکوک (ئازادکراو) تاکو ساڵی ١٩٩٦ تۆمارکراون دەکاتە ٣٦٠ خێزان. لە ساڵی ١٩٩٧ ژمارەکە زۆر زیادی کرد و گەیشتە ٧٠٢ خێزان، ساڵی ١٩٩٨، ٣٩٤ خێزان ی دیکەش تۆمارکران. بەڵام ژمارەی دەرکراوەکان بۆ پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٩٧ تەنیا ١٥١ خێزان بوو، لە ساڵی ١٩٩٨، ٥٤ خێزانی دیکە تۆمارکران. لەحەوت مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ ٢٣٢ خێزان بەرەو سنووری هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوک ڕاگوێزران، لە پێنج مانگی کۆتاییشدا ٢٠٠ خێزانی دیکە بەدوایاندا ڕاگوێزران.[٢١٨]

بەپێی ئامارەکانی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی دەرکراوەکان لە ساڵی ١٩٩٦ تاکو ١٨/٥/٢٠٠٢ بەم

---

214 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

215 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

216 د. ڕەفیق شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥.

217 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

218 لەتیف فاتح فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩

شێوەیەیە: کەرکوك ۹۰۳ خێزان، گوێر، کەندیناوە و قەراج ۲٦۷ خێزان، مووسڵ، شنگار و شێخان ٦۹ خێزان، بەغدا و پارێزگاکانی دیکە ٤٦ خێزان.[219] بە پێی ئامارێکی دیکە ژمارەی خێزانە دەرکراوەکان لە ۹/۲/۲۰۰۲ـ۲۷/۱۱/۲۰۰۲ دەکاتە ٥۱ خێزان.[220]

---

219 غەفوور مەخمووری، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

220 بەرەو ساڵی نوێ ... ڕۆژ و ژمارەی دەرکراوەکانی شاڵاوی تەعریب لە ۲۰۰۲دا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ۳۸۷۹، هەولێر ۲۹/۱۲/۲۰۰۲.

دەروازەی دووەم

لایەنی مەیدانی

پێشەکییەکی میتۆدی بۆ کاری مەیدانی

١-کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاری

تۆژەرە کۆمەڵایەتییەکان بەزۆری پشت دەبەستن بەزێتر لەکەرەستەیەکی کۆکردنەوەی زانیاری، چونکە بەکارهێنانی زۆرترین ڕێژەی سەرچاوەو شێوازو کەرەستەی جیاواز بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی لەگەڵ پرسی تۆژینەوەکە دەگونجێن، ڕێژەیەکی گەورەی ئەو بیروبۆچوون‌و چەمکە تیۆریانە دەداتە دەست کەپەیوەندیان بەپرسی تۆژینەوەکەوە هەیە[1]. دواجار تۆژەر ڕێژەیەکی زێتری زانیاری‌و داتای لەلا گەڵاڵە دەبن‌و توانای ئەوەی بۆ دەرەخسێت لەمزێتر لەپەنجەرەیەکەوە لەتۆژینەوەکەی بڕوانێت. تۆژەر لەلایەنی مەیدانیدا پشتی بەسێ جۆر کەرەستەی کۆکردنەوەی زانیاری بەستووە.

١-چاودێریکردن (Observation): دەکرێ ئامانجی بینین کۆکردنەوەی زانیاریە تەواوکەرەکان بێت لەپێناو ڕاڤەکردنی ئەو ئەنجامانەی بەرێگەی میتۆدی دیکەوە بەدەست هاتوون، هەندێ جاریش وەك شێوازێکی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاریەکان سوود لەچاودێریکردن وەردەگیرێت[2]. (لەبەشی پێنجەمی باسەکەدا وەك کەرەستەیەکی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری سوود لەچاودێریکردن وەرگیراوە). بەو پێیەی تۆژەر یەکێکە لەراگوێزراوەکان‌و هەر لەمنداڵیەوە تاکو ئێستا لەنێو ڕاگوێزراواندا دەژیت‌و ئاگاداری ئەو گۆڕانانەیە کەبەسەر شێوازی ژیان‌و ڕەفتارو دابونەریتەکانیاندا هاتوون، هەروەها بەو پێیەی لەهەر سێ شێوەی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگای کوردی (شار، لادێ‌و ئۆردووگا)دا بۆ زیاتر لەچەند ساڵێك ژیاوە، دەشێ

---

1 ديرك لايدر، قضايا التنظير في البحث الاجتماعي، ت: عدلي السمري، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٠، ص١٤٣.
2 پەروین سازگارا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

بەچاودێریکەرێك لەقەڵەم بدرێت. ئێمە لەو بڕوایەشداین کە بۆ توێژینەوە لەئاکامەکانی راگواستن، پرسیارنامە ناتوانێت هەموو زانیاریە پێویستەکان کۆبکاتەوە، چونکە دارِشتنی پرسیارنامەش مەرجی تایبەتی خۆی هەیە پێویستە لەکاتی دانانی پرسیارەکاندا رەچاوی جۆری پرسیار، کاتی لێکۆڵینەوەو نموونەکان... هتد بکرێت.

٢-چاوپێکەوتن (Interview): توێژەر سوودی لەچاوپێکەوتن وەرگرتووە وەك کەرەستەیەك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری. بەتایبەتیش چاوپێکەوتنی چڕ یان تیرو تەسەل (Focused Interview)، لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا چاوپێکەوتوو هەوڵدەدات لایەنو رەهەندی تایبەتی ئەو هەلومەرجەی کە کاری لێکردووەو رەفتارەکانی گۆڕیون، دیار بکات. لەم جۆرە چاوپێکەوتنانەدا کەمتر پرسیار لەو تاکەکەسە دەکرێت کەچاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرێت. بەڵکو زیتر یارمەتی دەدرێت تا بەرەو ئامانجی باسەکە بڕوات. هەروەها چاوپێکەوتوو هاندەدرێت تا لەبارەی بابەتەکە باس لەئەزموونی تاکە کەسی خۆی بکات[٣]. لەمزیتر لەبەشێکدا سوود لەم کەرەستەیە وەرگیراوە وەك کەرەستەیەکی یارمەتیدەر بۆ زیتر کۆکردنەوەی زانیاری.

٣-پرسیارنامە (Questionnairer): پرسیارنامە ئەمڕۆ لەکوردستانی باشوردا لەلایەن توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە زۆرتر لەکەرەستەکانی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردێت، ئەویش لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەی لەخۆیان دەگرێت. مەبەست لەپرسیارنامە وەرگرتنی زانیاریە جیاجیاکانە لەبارەی بابەتی توێژینەوە لەکەسێك، ڕووداوێك یاخود دیاردەیەکی لەبەرچاو گیراو. بۆ دارِشتنی پرسیارنامەیەکی متمانەپێکراو، پێویستە بنەماو خاڵگەلێکی زۆر رەچاو بکرێن، لەوانەش ئامانجی توێژینەوەکە، راشکاوەیی پرسیارو ژمارەیان، بایەخدان بەپاڵنەرو هاندەرەکانو هەلومەرجی وەڵامدەرەوەکان[٤].

---

3 هەمان سەرچاوە، ل ٧٧-٧٨.

4 مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: رێبوار سیوەیلیو ئەوانی تر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، ل ٣٧-٣٨.

لەپرسیارنامەکەدا پرسیارەکان بەهەردوو شێوەی کراوەو داخراو (هەردوو جۆرەکە لایەنی باش و خراپیان هەیە) خراونەتەڕوو. لەبەرایییدا پرسیارنامەیەکی سەرەتاییمان ئامادە کردو پیشانی ژمارەیەك پسپۆری کۆمەڵناسیماندا*، دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان پرسیارەکانمان جارێکی دیکە داڕشتنەوەو وەك تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی (٣٠) فۆڕمان بەسەر نموونەیەکدا لەناحیەی بەحرکە دابەشکرد. دوای سەرنجدان لەچۆنییەتی پڕکردنەوەو وەڵامدانەوەی نموونەکە، جارێکی دیکە پرسیارنامەکەمان پوختر داڕشتەوە لە(٥٥) پرسیاردا. بگەڕێوە بۆ پاشکۆی ژمارە (١) لەلاپەڕە (٢٠٧).

٢-هەڵبژاردنی نموونەی تۆژینەوە

لەبەر ئەوەی ناکرێت، یاخود بەدەستەواژەیەکی تر، لەتوانای تۆژەر بەدەرە بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر لەکۆمەڵێکی دانیشتووانی بکۆڵێتەوە، واتە پرسیار لەهەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بکات، چونکە ئەم جۆرە باسانە پێویستیان بەکاتێکی زۆر، گوژمەیەکی بەرچاوو کادیری زێتر هەیە، وێڕای ئەوەی لەڕووی پراکتیکیشەوە مەحاڵە، ئەوا هەڵبژاردنی ژمارەیەکی سنورداری تاکەکان، بەمەرجێك بەشێوەیەکی راست و دروست وەربگیرێن، هەڵبژاردنەکەیان لەگەڵ ماهیەتی تۆژینەوەکە بگونجێت، دەشێ سوودی زۆری هەبێت و زانیاری زۆربان لێ وەدەست بهێنرێن. ئەوەی لێرەدا گرنگە چۆنییەتی هەڵبژاردنی نموونەکەیە[5].

---

* ئەم بەڕێزانە ناویان لەخوارەوە هاتووە کەمامۆستان لەبەشی کۆمەڵناسی لەزانکۆی سەلاحەددین پرسیارنامەکەیان بینیوەو بەسەرنج و تێبینیەکانیان دەوڵەمەندیان کردووە: د. نوری هەرزانی، عەبدولحەمید بەرزنجی، تاهیر زیباری، عەبدوڵلا خورشید، عەبدولمەجید بەرزنجی، سەلیم پوترس، موسلح ئیروانی.

5 رودولف غيفليون وبنيامين ماتالون، البحث الاجتماعي المعاصر، ت: د. علي سالم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٦، ص ٢٧.

چەمکی نموونە، واتە چڕکردنەوەی سەرجەمی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای باس لەچەند کەسێکدا. نموونە بەشێکی سنووردارە لەڕووی چەندێتیو چۆنایەتیەوە پێکدێت لەکۆمەڵە کەسێك کەهەمان ئەو خەسڵەتانەیان هەیەو کۆمەڵگای تۆژینەوەکە خاوەنیانە، بەو مەرجەی دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداریکردنی هەموو تاکەکان رەخسابێت[6].

هەندێك لەتۆژەران لەو بڕوایەدان هەڵبژاردنی نموونە پێویست دەکات لەسەر بنەمای تیۆر بێت. ئەم شێوازەش بریتییە لەهەڵبژاردنو دەستنیشانکردنی رووداوو کۆمەڵێك خەڵكو ماوەیەکی زەمەنی کەپەیوەندی بەسروشتی تیۆرو تۆژینەوەی نوێوە هەیە[7].

لەبەر پێویستیی سروشتیی تۆژینەوەکە پەنامان بردە بەر نموونەی رەمەکی. نموونەی رەمەکی بەرێگەی ئامار نوێنەرایەتی کۆمەڵگای باسەکە وەردەگیرێتو لەمیانەیدا رێگە بەتۆژەر دەدات بەبڕواوە ئەو ئەنجامانەی لەتۆژینەوەکەیدا پێیان گەیشتووە بەسەر کۆمەڵگای تۆژینەوەکەدا بسەپێنێت، لەسەر ئەو بنچینەیەی کەدەرفەتی یەکسان هەبووە بۆ هەر یەکێك لەتاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی وەك نموونە هەڵبژێردراوە[8]. هەروەها پێویستە مەسەلەی هەڵبژاردنی نموونە بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێت، چونکە ئەو ئەنجامانەی لەتۆژینەوەکەدا پێیان دەگەین پەیوەندیان بەپێکهاتەی نموونەکەوە هەیە[9].

لەبەر ئەوەی دیاردەی راگواستنی کوردان لەعێراقدا تەنیا جۆرێکی نییە، هەروەها راگوێزراوەکان لەهەمان ماوەی زەمەنیو بۆ ژینگەیەکی چونیەك

---

6 د. معن خليل عمر، الموضوعية والتحليل في البحث الاجتماعي، منشورات دار الافاق الجديدة، بيروت ١٩٨٣، ص ١١٨.

7 بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: دیریك لایدر، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩-١١٥.

8 هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.

9 رودولف غیفلیونو بنیامین ماتالون، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩.

رانەگوێزراون‌و بەیەك شێوەش مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە (لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ بەشی چوارەم)، نەدەکرا تەنیا دانیشتووانی ناوچەیەکی تایبەتی یاخود راگوێزراوەکانی یەکێك لەساڵەکان وەرگرین، بەڵکو وامان بەباش زانی نموونەکەمان بەسەر هەموو ئەو پارێزگایانەدا دابەشبکەین کەرێژەی کورد تیایاندا بەرزەو لەرووی زەمەنیشەوە لەساڵی جیاجیادا راگوێزراون. لێرەشدا ئێمە تووشی دوو گرفت هاتین کەرێگر بوون لەبەرامبەر وەرگرتنی رێژەی یەکسان‌و گونجاو بەپێی شوێن‌و کات، ئەوانیش: یەکەم، نەبوونی ئامارێك کەروونبکاتەوە ژمارەی دانیشتووانە راگوێزراوەکان لەهەر پارێزگایەکدا چەندە. دووەم: نەبوونی ئامارێك کەروونبکاتەوە ژمارەی دانیشتووانە راگوێزراوەکان لەهەر ساڵێکدا چەندە. بۆیە ئێمە ناچار بوین بەپێی مەزەندەی خۆمان رێژەیان بۆ دیار بکەین بەپێی پارێزگاکان (بگەڕێوە خشتەی ژمارە-١٦-).

٣-ئاستەنگەکانی بەردەم تۆژینەوە

بێگومان لێکۆڵینەوە لەئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی راگواستن، بەو پێیەی راگواستن سیاسەتێکی دارێژراو، درێژخایەن‌و سەرتاپاگیر بوو، بەدەر نابێت لەئاستەنگ‌و گرفت. ئەو گرفتانەی لەم باسەدا رووبەروومان بونەوە دەکرێ بەچەند خاڵێك دەستنیشانیان بکەین:

١-نەبوونی ئامارێکی وردو تەواو کە نەك تەنیا ژمارەی راگوێزراوەکان روون بکاتەوە، بەڵکو تەنانەت هیچ ئامارێکی وردمان دەست نەکەوت ژمارەی گوندە خاپورکراوەکانیش لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٦٣-٢٠٠٣ روون بکاتەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە بوونی جیاوازی لەنێوان رێژەی گوندە وێرانکراوەکان‌و ئەو ساڵانەی گوندەکانیان تێدا خاپور کراوە لەسەرچاوە جیاوازەکاندا. هەروەها نەبوونی ئاماری دیکەی جیاوازیش سەبارەت بەژمارەی دانیشتووانی کوردستانی باشور، مەڕو ماڵات، بەروبوومی کشتوکاڵی... هتد.

٢-کەمیی سەرچاوەو لیکۆڵینەوەی جیاجیا لەبارەی کۆمەڵگای کوردی.

٣-نەبوونی ئامار یاخود پێوەرو ڕێسایەك کە بەپێی ئەو بەوردی نموونەی توێژینەوەکەمان دەستنیشان بکەین.

٤-ئەو کاتەی ئێمە پرسیارنامەکانمان بەسەر نموونەکەدا دابەش کرد (مانگی شوباتی ٢٠٠٣)، ڕەوشی کوردستانی باشور لەبەر زاڵبوونی کەشی پڕ لەترس‌و نائارامی شەڕی سێیەمی کەنداو، بەرەو پشێوی چووبوو، ڕۆژ بەڕۆژیش گرژیەکەی زیاد دەبوو. ئەم هەلومەرجەش بارێکی دەروونیی نائارامی بۆ دانیشتووانی کوردستانی باشور دروستکردبوو کەیارمەتیدەر نەبو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. هەروەها هەر لەبەر ئەو بارودۆخە نەمانتوانی تادوای کۆتایی هاتنی شەڕ بەشێکی فۆرمەکانمان بەسەر نموونەکەدا دابەش بکەین. بەمەش پڕکردنەوەی پرسیارنامەکان کاتێکی زۆر زێتری ویست.

٥-دیسان لەبارەی پڕکردنەوەی پرسیارنامەکان، وەك لەخشتەی ژمارە (١٠)دا دەردەکەوێت زۆربەی نموونەکەمان ڕەگەزی نێرن. هەرچەندە دەمانویست ڕێژەی دوو ڕەگەزەکە ئەگەر یەکسانیش نەبن لەیەکتر نزیك بن، بۆ ئەوەی بەتەواوی نموونەکەمان تەعبیر لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات، بەڵام لۆجیکی باوکسالاری ڕێگرێکی گەورە بوو لەم بوارەدا. ڕوومان لەهەرماڵێك دەکرد بۆ پڕکردنەوەی فۆرمێك یەکسەر پیاوەکە دەهاتە پێشەوەو ئافرەتەکەش خۆی دوور دەگرت، یاخود ئافرەتەکە چاوی لەدەمی پیاوەکە بوو وەڵامەکانی یان هەندێك لەوەڵامەکانی بۆ بداتەوە. یاخود هەندێك فۆرمان بەسەر قۆتابیانی قۆناغی چواری بەشی کۆمەڵناسی لەزانکۆی سلێمانی دابەشکردن، بۆ ئەوەی بەدایك‌و باوکیانیان پڕ بکەنەوە. هەرچەند پێمان گوتبوون پێمان خۆشە زێتر ڕەگەزی مێ پڕیان بکەنەوە، بەڵام کەبۆیان گەڕاندینەوە، زۆربەی هەرە زۆریان لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە پڕ کرابوونەوە.

٤-چۆنیەتی هەڵێنجانی پرسیارنامە

بۆ تاوتویێ کردنی پرسیارنامە جگە لەوەی کاتێکی تارادەیەك درێژی پێویست بوو، لەبەر زۆری ژمارەی پرسیارنامەکانو پرسیارەکانی ناویان. پێویستە توێژەر ورد بێتو لەسەر خۆ کارەکە ئەنجام بدات، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بەهەڵە هەندێك داتا تۆمار بکات. بۆ ئەوەی ئەگەری هەڵەکردن کەمبێتەوە، توێژەر لەبەتاڵکردنەوەی پرسیارنامەکاندا پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری تایبەتی بەکار هێنا، بەناوی STATIGRAPHICS Plus 4.0 .

ئەم پرۆگرامە کە لەبنەڕەتدا پرۆگرامێکی ئامارییە، دەکرێ زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەتاڵکردنەوەی داتاکانو پۆلینکردنی زانیاریو راڤەکردنیانو دروستکردنی جۆرەها وێنەی بەیانی سوودی لیّ وەرگرن.

خەسڵەتی هەرە باشی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە کە لەدوای بەتاڵکردنەوەی داتاکانی ناو پرسیارنامە، لەتوانای دایە بەماوەیەکی زۆر کورت خشتەی شیکاری جۆراوجۆرمان بۆ ئامادە بکات کەدەتوانین دواتر شیکردنەوەی خۆمانی لەسەر ئەنجام بدەین. هەروەها لەئەنجامدانی هەر هاوکێشەو دروستکردنی هەر خشتەیەکدا، لەگەڵ ژمارەی نموونەکاندا رێژەی سەدیشیان بۆ دیار دەکات. رێژەی سەدی هەر ژمارەیەك لەکۆی گشتیی نموونەکە وەرگیراوە نەك لەکۆی گۆڕاوەکە ئەمە پەیوەندی بەکارکردنی پرۆگرامەکەی خۆیەوە هەیە[١٠].

---

10 موسلح عەبدولقەهار ئیروانی، ئاینو ناسیۆنالیزم، رۆڵو کاریگەریو پەیوەندیی نێوانیان لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ لەهەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامە، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٠٢، ل ١٠٤.

بەشی پێنجەم

دوای راگواستن، ئۆردووگا زۆرەملێکان، شار و لادێ

دەسپێکێکی گشتی

راگواستنی کوردان تەنیا دامرکاندنــەوەی کـاتی شۆڕشـی کـورد، دابڕانی کوردەکانی عــێراق لەگـەڵ پارچـەکانی دیکـەی کوردسـتان، شێواندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ... هتــد لێنەکەوتــەوە، بـەڵکو بـە تێپەڕینی کات ئاکامگەلێکی کۆمەڵایەتی، کولتــووری، پـەروەردەیی، ئابووری... هتد بەدواداهاتن. لــەم بەشـەدا هـەوڵدەدەین زێـتر تیشـك بخەینــە سـەر دەرهاوێشــتە کۆمەڵایـەتی ـ کولتووریـــەکان، وێــڕای ئاماژەیەکی لابەلا بە لایەنەکانی دیکە، بەڵام پێش ئەوەی بچینــە نـاو باسە سەرەکیەکانەوە پێویست دەکات لە خوارەوە ئامــاژە بــە هـەندێك ئاکام و دەرکەوتەی گشتی بکەین.

ـ لەو ماوەیەدا کە راگواستنی کوردان وەك سیاســەتێك پیـادەکرا، بەتایبـەتیش لــە قۆنــاغی دووەمـــی راگواســـتن (١٩٧٥ـ١٩٩٠)، رووبەرێکی فراوانی کوردســـتانی باشـور بـە زەویـە قەدەغـەکراوەکان لەقەڵەم دران و لــە مـرۆڤ دامــاڵران،* ئەمــە لەلایـەك، لەلایـەکی

* ناتوانین مەزندە بکەین ئەو رووبەرە دەکاتە چەندکیلۆمەتری دووجا، لەبەر ئەوەی هیچ ئامارێکی وردمان لە بەردەست نییە.

دیکەوە لە ناوچە ڕانەگوێزراوەکان بەتایبەتی لە شارە سەرەکییەکان و دەوروبەریان چڕی دانیشتووان زۆر بەرز بووەوە.

ـ جگە لەوەی ڕووبەرێکی فراوان بە شێوەیەکی فەرمی لە مرۆڤ دامالڕا، هەندێك ناوچەی دیکە زێتر ڕووبەڕووی دیاردەی کەم دانیشتووانی (Depopulation)** هاتن تا دامالێنێکی تەواو لە مرۆڤ. هەندێك لە دانیشتووانی ناوچە سەر سنووری و دوورەدەستەکان دوای ڕاگواستنیان گەڕانەوە ناوچەکانیان، لە هەندێك شوێنێ دیکەش، چونکە ڕژێم ئەو گوندانەی ڕانەگواست کە دەکەوتنە نزیك جادەی سەرەکی و نزیك بوون لە شارە سەرەکییەکان بەڵکو ئەوانەی ڕاگواست کە کەمێك دوورتر بوون، دیسان ئەو ناوچانەش هەر دووچاری دیاردەی کەم دانیشتووانی هاتن.

ـ سێیەم دیاردە کە بە ئاشکرا دیارە، لەلایەك زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکانە، لەلایەکی دیکەوە کەمبوونی ژمارەی لادێنشینەکانە. ئەمەش لە خشتەی ژمارە ٥ باشتر دەردەکەوێ:

** کەم دانیشتووانی (Depopulation) بریتیە لە: ((کەمبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەهۆی ڕاگواستنیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە)). بگەڕێوە بۆ: عامر المبیض، معجم مصطلحات التنمیة الاجتماعیة و العلوم المتصلة بها، الامانة العامة لادارة العمل الاجتماعی، نیسان ١٩٨٣، ص ٤٩.

هەروەها دکتور شاکر موستەفا پێی وایە کەم دانیشتووانی : کەمبوونەوەی زۆری دانیشتووانی کۆمەڵگا یان کۆمەڵێك دەگەیەنێت، لەبەر یەکێك لەم هۆکارانە: بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، زۆری شەڕوشۆڕ، کۆچە ئیرادیەکان، ڕاگواستن، یاخود برسێیەتی...هتد. بگەڕێوە بۆ: شاکر مصطفی سلیم، قاموس الانثروبولوجیا، جامعة الکویت، ١٩٨١، ص ٢٥٤.

خشتەی ژمارە (٥)

دینامیکی دانیشتووانی شارەکان و گوندنشینان لە باشوری کوردستاندا (١٩٦٥ـ١٩٨٧)

سەرژمێر	دانیشتووان (هەزار)	گوندنشین		شارنشین	
		%	هەزار	%	هەزار
١٩٦٥	٢٢٧١	٥٦,٥	١٢٥٣	٤٣,٥	٩٦٤
١٩٧٧	٣٣٠٣	٤٥,٨	١٥١٢	٥٤,٢	١٧٩١
١٩٨٧	٤٣٨٧	٢٩,١	١٢٧٦	٧٠,٩	٣١١١

* د. عەبدوللا غەفور، ئەتنۆ ـ دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، بلاوکراوەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٧٠. ئەم خشتەیە لە کتێبەکەدا ئاماری زیاتر لەخۆدەگرێت واتە هەر لە سالی (١٩٢٧)ەوە، بەلام تەنیا ئەو ماوە زەمەنییەمان وەرگرتووە کە بۆ ئێمە پێویست بوو.

ـ ئاکامێکی دیکەی راگواستن کەمبوونی رێژەی دانیشتووانە کوردەکانە لەو ناوچانەی کە هاوسنوورن لەگەڵ عەرەب، لە بەرامبەریشدا زێدەبوونی دانیشتووانە عەرەبەکانە بە شێوەیەکی ناسروشتی لەو ناوچانەدا. بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە خشتەی ژمارە ٦:

خشتەی ژمارە (٦)

ڕێژەی کورد و عەرەب لە لیوا (پارێزگا) کانی مووسڵ، هەولێر، کەرکوک و دیالا

لیوا	نەتەوە	ڕێژەی % لە ئاماری ١٩٥٧	ڕێژەی % لە ئاماری ١٩٧٧	ڕێژەی زیادبوونی عەرەب و کەمبوونی کورد لەو ماوەیەدا
مووسڵ	عەرەب	%٥٦,١	%٧٣,٧	%١٧,٤+
	کورد	%٣٠,٧	%٢٤,٨	%٥,٨-
هەولێر	عەرەب	%٦,٦	%١٠,٤	%٣,٨+
	کورد	%٨٩	%٨٦	%٣-
کەرکوک	عەرەب	%٢٨,١٩	%٤٤,٤	١٦,٢١+
	کورد	%٤٨,٢٤	%٣٧,٦	%١٠,٦٤-
دیالا	عەرب	%٧٩,٢٦	%٨٧,٥	%٨,٢٤+
	نەتەوە	%١٨،٢١	%١٦،٣	%١,٩١ ـــ

* جەلال جەوهەر عەزیز، پاکتاوکردنی نەژادی لە کوردستان، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە ٢، ساڵی سێیەم، سلێمانی، زستانی٢٠٠٢، ل ١٣. بابەتەکە و هەروەها خشتەکەش داتای زیاتر لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئێمە بەپێی پێویستی وەرمان گرتووە.

هەڵبەت هەموومان ئاگادارین لەوەی کە لە دوای ساڵی ١٩٧٧ سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستان بەگڕو تینی زۆر زێتر بووە، بەڵام زانیاری و داتای پێویستمان لەبەر دەست نییە.

ـ ئاکامێکی دیکەی سیاسەتی ڕاگواستن کەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵی بوو لە ناوچە کوردنشینەکان. بۆ ئەم مەبەستەش وەك نموونە سەیری خشتە ژمارە٧ بکە.*

لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری تایبەت بە ئەنفالەکانی بادینان کە مەزندە کراوە ژمارەی ئەو خێزانانەی لەو شاڵاوەدا بەر ئەنفال کەوتن ١٤,٥٩٥ خێزان بێت، مەزەندە کراوە لەو هەڵمەتەدا ئەو خێزانانە ٣١,١٩٧ ولاخ، ٢٥٠,٩٩٥ پەز، ٤٣,٦٠٣ مانگا و گامێش و ٢٧٤.٣٦٩ پەلەوەریان لەدەست دابێت.[١]

ـ ئاکامێکی دیکەش کە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین، کەمبوونەوەی ڕێژەی دارودرەخت و دارستانەکانە لە کوردستانی باشوردا، بۆ نموونە بە پێی ئاماری فەرمی ساڵی ١٩٨٨ وەزارەتی نەخشەکێشان، لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥ـ١٩٨٧ لەسەدا ١٥ی دارستان و جەنگەلەکانی کوردستانی خواروو لەناو بران.[٢]

* زانیاری وداتا لەم بارەیەوە ئێجگار دەگمەنن و دەستناکەون، ئەگەرنا پێویست بوو بزانین ساڵی ١٩٨٨ ژمارەکەیان گەیشتووتە چەند، چونکە بەدڵنیاییەوە لە دوای ١٩٩١ ئاژەڵەکان لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەیان زیاد بووە.

1 روؤف عقراوي، حملة على البادينان و احوال اللاجئين، الطبعة الثانية، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل ٢٠٠٢، ص ١١٥.

2 د. کەمال سعید خەیات، باری ئابوری ـ کۆمەڵایەتی لادێی کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، هەمان سەرچاوە، ل ٨.

خشتەی ژمارە (٧)

جیاوازیی ژمارەی مانگا، مەڕ و بزن لە پارێزگای سلێمانی (١٩٧٥ـ ١٩٩٧)

جۆری ئاژەڵەکە	ساڵی ١٩٧٥	ساڵی ١٩٩٧	جیاوازی نێوان ئەو ماوەیە
مانگا	١٩٩,٥١٢	٩٩,٥٩٨	٩٩،٩١٤ -
مەڕ و بزن	٥٦٩.٩٤١	٤٨٢,٢٧٣	٨٧،٦٦٨-

* سەرچاوەکانی خشتەکە:

- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج تعداد عام للسكان لسنة ١٩٧٧.

- کاوە جەمال ڕەشید، مەسەلەکانی کشتوکاڵ و ئاودێری لە کوردستاندا، گوڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٤، ساڵی شەشەم، سلێمانی، تشرینی دووەمی ١٩٩٨، ل ١٥٤.

باسی یەکەم: ئۆردووگا زۆرەملێکان

مەبەست لە ئۆردووگا زۆرەملێکان، یاخود بەدەستەواژەی رژێمی بەعس ((گوندە هاوچەرخەکان))، ئەو ئۆردووگایانەن کە حکومەتی بەعس لەدوای ساڵی ١٩٧٥ بەمەبەستی نیشتەجێ کردنی کوردە راگوێزراوەکان دەستی بە دروست کردنیان کرد. ئەم گوندە هاوچەرخانە زۆر جیاواز بوون لە گوندە کوردییە رەسەنەکان. هەروەها لەنێوان خۆشیاندا لە هەر قۆناغێکی راگواستندا گۆڕانیان تێدەکەوت، واتە ئێمە یەك نەخشەی ئۆردووگا یان خانوومان نییە کە بەسەر هەموو ئۆردووگاکان و خانووەکانی ناو ئەم ئۆردووگایانەدا بگشتێنین، بەڵکو ئەم ئۆردووگایانە لە چەند قۆناغێکدا دروستکران و تا پێش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ حکومەت بەردەوام بوو لە دروست کردنیان.

مەبەستی رژێم لە دروست کردنی ئەم ئۆردووگایانە کۆکردنەوەی لادێنشینە کوردەکان بوو لە سەرەتادا ئینجا شارنشینەکان، لەو شوێنانەی کە زێتر دەسەلاتی بەسەریاندا دەشکا. واتە بەدەر لەوەی ئامانجی رژێم لە راگواستن چی بوو و پاڵنەرەکان چ بوون، ئەو ئۆردووگایانە بە پلەی یەکەم بەمەبەستی کۆنترۆڵی دانیشتووان دروستکران. هەر بۆیە بانگەشەی حکومەت بەوەی کە گوندی نوێ دروست دەکات بۆ ئەوەی لادێنشینان زێتر سوودمەند بن لە خزمەتگوزاریەکان و هەروەها باشتر کردنی رەوشی ئابووری و کۆمەلایەتیان یاخود بەشارستانی کردنیان، بانگەشەیەکی بێ بنەمایە*.

---

* لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٣ـ١٩٧٧ لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق چەند کۆنگرەیەکی کشتوکاڵی بەستران. لە میانەی ئەم کونگرانەدا پلانی راگواستنی لادێنشینان خرایە ناو چوارچێوەیەکی زانستیەوە. گوتاری سەرەکی ئەم

ئەم ئۆردووگایانە سەرەڕای چەندین کەموکووڕی لەڕووی خانووبەرە و ئەندازەوە، بە بەراورد لەگەڵ گوندە کۆنەکاندا گوندی نوێ بوون، لەلایەکی دیکەشەوە سەبارەت بە ئاو و کارەبا و هەندێك خزمەتگوزاری دیکەی وەك پەروەردە و تەندروستی باشتر بوون، بەڵام ئەم نوێبوونەیان لەتوانایدا نەبوو دڵی راگوێزراوان خۆشکات یاخود کاریگەری ئەو شۆکە لەسەریان کەمکاتەوە کە لە ئەنجامی راگواستن و کاولکردنی گوندەکانیان دووچاری هاتبوون. حکومەت ئەگەر مەبەستی باشکردنی رەوشی لادێنشینەکان بوایە، خزمەتگوزاریەکانی وەك شەقام و کارەبا و نەخوشخانە و قوتابخانە...هتد لە گوندە کۆنەکان دروست دەکرد کە هەڵبەت گوژمەکەی کەمتر دەکەوتەوە لەسەری بەبەراورد لەگەڵ ئەو پارەیەی حکومەت لە ئۆردووگاکانی خەرج دەکرد و پشت کردنی لەو دەرامەتە کەمەی لە ئابووری کشتوکاڵی و مەڕداری لادێنشینانەوە دەهات.

هەموو کۆچکردنێك تەنیا گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوون نییە، بەڵکو بۆ تاکەکان بەتایبەتی ئەوانەی بەنێو تەمەندا چوونە وەك جۆرێك لە رەگوڕیشە هەڵکێشان وایە. ئەگەر کۆچەکە زۆرەملێ بێت ئەوا شۆکەکەی زۆر گەورەترە لەسەر دەروونی کۆچپێکراوەکان. هەر گۆڕانێك لە ژینگەی سروشتی یان کۆمەلایەتی گۆڕانگەلێکی دیکەی بەدواوەیە لە رەفتار و کرداری تاکەکان. وێڕای ئەوەی گۆڕانەکانیش

کۆنگرانە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە گوایە گوندەکانی عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی کەموکووڕیان زۆرە، بنکەی تەندروستی، قوتابخانە، تۆڕی ئاو و کارەبایان تێدا نییە و هەروەها لە سیمای شارستانی بێ بەشن. هەر بۆیە پێویستە کۆبکرێنەوە و لە ئۆردورگای مۆدێرن و زانستیدا نیشتەجێ بکرێن. بۆ زیاتر زانیاری بگەرێوە بۆ: د. ئازاد شێخانی، ئەنفال لە نێوان چوارچێوەی قۆناغەکانی دروستکردنی ئۆردوگا زۆرەملێیەکاندا، سەنتەری برایەتی، ژمارە٢٤، هەولێر هاوینی ٢٠٠٢، ل ٤٣٧ـ ٤٣٨ .

بەئاسانی ناسەپێن. هێزێك هەیە هەمیشە ڕێگـرە لەبـەردەم گۆڕانـدا، ئەگەرچی گۆڕانەکە لە ئەنجامدا هەر ڕوودەدات.

خەڵکی ڕاگوێزراو کە دەیزانی حکومەت بۆ بەرژەوەندی خۆی نـەك بەرژەوەندی ئەوان بەزۆر ڕاپێچـی کـردوون و خـانوو و کانیاوەکانیـانی تەقاندووتەوە، ئاگادار بـوون لـەوەی حکومـەت پیـلان دەگـێڕێت لـە دژیـان، دەیزانـی مەبەسـتی حکومـەت لـە ڕاگواسـتنیان زێـتر چەوساندنەوە و بەرزەفتە کردنیانە؛ هەموو ئەمـەش ئـەوانی هـاندەدا بەرنگاری ئەو سیاسەتە ببنـەوە، هەرچـەندە ئـەوان هیـچ ڕێوشـوێنێك یاخود میکانیزمێکی ئەوتویان نەبوو بۆ بەرنگاربوونەوە. نـاڕازیبوونی خەڵك بە ئاشکرا دیار بوو، ئەم نارەزاییە لە زۆر شـێوەدا دەردەکـەوت؛ بۆ نموونە حکومەت بۆ ئەوانەی لە ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ دا ڕاگوێزران ئۆردووگاگەلێکی ئامادە کردبوو کە ئاوی بـۆڕی، کارەبـا، قوتابخانـە، نەخۆشخانە، مزگەوت و خزمەتگوزاری دیکەی ئامـادە کردبـوون. دار تێلەکانی کارەبا لەسەر شەقامەکان هەموویان گلۆپیان هەبوو بەشەو شەقامەکانیان ڕووناك دەکردنەوە، بـەڵام لـە ماوەیـەکی کـەمدا هیـچ یـەکێك لـەو گلۆپانـە نـەمان، چونکـە منداڵـەکان بـە دار لاسـتیك هەموویانیان شکاند و کەسێك نەبوو ڕێگەیان لێ بگرێت یان داخی بۆ بخوات، ئەوان هەم بەم کارەیـان وایـان دەزانـی سـەرپێچی حکومـەت دەکەن و هەمیش کە لە تـاریکیدا گـەورە ببـوون چ پێویسـتیان بـەم ڕووناکیە نەبوو. ئەمە سەبارەت بە جـامی پەنجـەرەی قوتابخانـەکانیش ڕاستە. هەروەها ژمارەیەك لە دانیشتووانی ئەم ئۆردووگایانـە لـەدوای یەك دوو ساڵ یان زێتر مانەوەیان ڕێگەی چیاکانیان گرتەوە بـەر، یـان چوون بۆ ئێران یان گوندە وێرانکراوەکانیان ئاوەدان کردنـەوە، ئەمـەش جۆرێکی دیکەی بەرەنگاربوونەوەیان بوو لەدژی سیاسەتی ڕاگواستن.

پێـش ئـەوەی ئێمـە بپرژێینـە سـەر ژیـان لـە ئۆردووگاکـاندا و

لەبارەیانەوە بدوێین، پێویستە دوو شت لەبەر چاو بگرین: یەکەم، هەندێك لە ئۆردووگاکان لە سەرەتادا، واتە لە ناوەڕاستی حەفتاکان هەروەها دواتریش لە کۆتایی هەشتاکان وەك ئۆردووگای سارداو لەنێوان مێرگەسوور و گەلی عەلی بەگ زۆر لە سنوورەکان دوور نەخرانەوە، یاخود بڵێین ژینگەی جۆگرافی هەندێك لە ئۆردووگاکان لەگەڵ ژینگەی خەڵکە راگوێزراوەکە هێندە جیاواز نەبوو، وەك ئۆردووگاکانی شێلادزێ، دێرەلۆك، عەنەب، بنگرد، گورەتوو، پێمالك. لەکاتێکدا ژینگەی جۆگرافی هەندێکیان زۆر جیاواز بوو وەك ئۆردووگاکانی بەحرکە، پیرزین، سێبیران لە دەوروبەری هەولێر کە خەڵکی دەڤەرەکانی بارزان و باڵکایەتی لێ نیشتەجێ کران. بەشێکی دیکەیان ژینگەکەیان بە تەواوی جیاواز بوو وەك ئەوانەی لە باشووری عێراقدا دروستکران. ئەم ئۆردووگایانە بە شێوەیەکی گشتی خاوەن شێواز و پلانێکی ستاندار بوون، بەڵام لە مانەدا بە هیچ جۆرێك رەچاوی ئاووهەوا و فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و پاشخانی کولتووری و بارودۆخی لادێنشینەکان نەکرابوو.[3]

دووەم، بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی خەڵکی ئۆردووگاکان دەبێت سەیری ئۆردووگاکان نەکەین لە ئەمڕۆی خۆیاندا، بەڵکو هەندێك بگەڕێینە دواوە، بۆ سەرەتای دروست کردنیان و بزانین ئەو کات چۆن بوون نەك ئێستا، خانوو، شەقامەکان، بوونی داروردەخت و دامەزراوەکان هەموویان ئەمڕۆ جیاوازن. پشتبەستن بە ژیانی ئەمڕۆی ئۆردووگاکان بۆ تێگەیشتن لە ژیان لە ئۆردووگاکاندا بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو گۆڕانانەی بەسەریاندا هاتوون بەزەحمەت هەندێك لە واقیعمان بۆ روونبکاتەوە؛ بۆ نموونە ئەمڕۆ لە ئۆردووگایەکی وەك

3 هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٩.

ئۆردووگای بەحرکەدا کە هەندێك لە خانووەکانی زۆر نوێ و بەرچاون هەروەها جادەیەکی قیرتاوکراو بە ناوەڕاستیدا دەڕوات و لە دوورەوە لەبەر زۆری دارودرەخت لە باغێك دەچێت، شەقامی ناو کۆڵان و گەڕەکەکان ڕاست و ڕێك و خاوێن و هەمووی بە بلۆك دروست کراو، زۆربەی خانووەکان سپی کراو یان بۆیە کراو، ئەمانە هەر لە سەرەتاوە بەم جۆرە نەبوون، بەڵکو دوای تێپەڕینی زێتر لە بیست ساڵ و بە سەردا هاتنی بارودۆخی جیاواز ئەو گۆڕانانەی بەخۆوە بینیون.

حکومەت لە سەرەتای دروست کردنی ئەم ئۆردووگایانەدا، واتە لە سالانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩، * زۆرترین ژمارەی ئۆردوگای دروست کرد. ئەم ئۆردووگایانە هەموویان یەك قەبارەیان نەبوو، [4] هەروەها یەك جۆر خانووش لە هەموو ئۆردووگاکاندا دروست نەکرا، ئەو کەرەستەیەی لە خانووەکانیشدا بەکار هات، هەمووی یەك جۆر کەرەستە نەبوو. بەگشتی دەتوانین بڵێین هەر خانوویەك لە دوو ژوور، موبەق، گەرماو، توالێت و حەوشەیەك پێکهاتبوو. [5] دیواری خانووی هەندێك لە ئۆردووگاکان لە بەرد و گەچ دروست کرابوون بانەکەشیان خۆڵ بوو، بە کاریتەی سپیندار یاخود ئەنگەلاین دارەڕا کرابوون. دیواری هەندێکی دیکە بە بەرد و چەمەنتۆ و بانەکەشیان کۆنکریت بوو، ئەمانە ڕووبەرەکەیان بچووکتریش بوو لە ئەوانەی پێشوو، بەڵام لە

---

* لەدوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ ڕاستەوخۆ حکومەت دەستی کرد بە دروست کردنی ئۆردووگا زۆرەملێکان، بەڵام ئێمە نموونەی ئەو ئۆردووگایانەمان لە بەر دەست نییە، چونکە لەو دوو ساڵەدا ئۆردووگا زۆرەملێکان لە باشوری عیراق دروست کران، توێژەر نموونەی ئەو ئۆردووگایانەی نەبینیون، بۆیە کەمتر ئاماژەیان پێدەکات.

4 ژمارەی خانووکانی هەر ئۆردووگایەك لە نێوان ٣٠٠ـ ٤٠٠ و ڕەنگە زیاتریش بێ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: د. خليل اسماعيل محمد، انماط الاستيطان الريفي في العراق، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩، ص ٣٦٥.

5 بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

هەردوو جۆرەکەدا نە ناومالّەکە چەمەنتۆ و نە دیوارەکان سپی و بۆیە کرابوون، هیچ یەکێك لە خانووەکانیش حەوشەیان بۆ نەکرابوو. رووبەری هەر خانوویێك بە حەوشەوە کە بۆی دیاریکرابوو نزیکەی ٢٠٠ مەترێك دەبوو. ئاوی بۆری لە زۆربەی ئۆردووگاکاندا رانەکێشرابوو هەروەها کارەباش بەهەمان شێوە، بە گشتی بە خانووەکانەوە دیار بوو کە پەلە لە دروست کردنیان کراوە. لە هەر ئۆردووگایەکدا دواتر قوتابخانە (سەرەتایی و ناوەندی)، بنکەی تەندروستی، مزگەوت، باخچەی ساوایان، فرنی سەمون، ناوەندی لاوان و رێکخراوی حزبی ... دروستکران، وێڕای راکێشانی ئاوی بۆری و کارەبا بۆ هەر مالێك. ساختومانە حکومیەکانی ناو ئەم ئۆردووگایانە لە هەموو ئۆردووگاکاندا تاڕادەیەك هەمان نەخشە بوون. ئەم ئۆردووگایانە لە سەرەتادا لە ژمارەیەکی زۆری خانووی بێ حەوشە و یەك رەنگ و لەیەکچوو زێتر شتێکی دیکەیان لێ نەدەبینرا، چونکە لە سەرەتادا ساختومانە حکومیەکان دروست نەکرابوون، هیچ درەختێك لە ناویاندا نە روێنرا بوو، مەگەر ئەوانەی شوێنەکەیان شاخاوی بێت بە خۆرسك هەندێ درەخت لەوێ روابن. راگوێزراوان زۆر جار بەزەحمەت بە خانووەکانیان دەکەوتنەوە، لەبەر تەواو پێکچوونیان کە هیچ شتێکی جیاواز لەنێوان خانووەکاندا نەبوو، بەلام نابێت ئەم فۆرمەی ئۆردووگاکان بەسەر هەموویاندا بگشتێنین.

لە قۆناغەکانی دواتری نیشتەجێکردنی راگوێزراوەکاندا حکومەت زۆر کەمتر ئەرکی خانوو دروست کردنی لە ئەستۆ دەگرت، بەلکو زێتر پارە یان کەرەستە یاخود هەردووکی بە راگوێزراوەکان دەبەخشی لەگەلّ پارچەیەك زەوی بۆ هەر خێزانێك کە خانووی لەسەر بکات. بەلام سەبارەت بە ئەنفالکراوەکان (١٩٨٧ـ١٩٨٨)، بۆ نموونە ئەو پازدە هەزار کەسەی لە سالّی ١٩٨٨ لە جێژنیکان نیشتەجێ کران،

حکومەت نەپارە و نەکەرەستە و نــە هیـچ شـتێکی پـێ بەخشـین بـۆ دروسـت کردنـی خـانوو، تەنانـەت دوای ئـەوەی سـاڵێك لـەوێ نیشتەجێبوون هێشتا هیچ نەخشەیەکی بۆ ئـەو ئۆردووگایـە کـە زۆر قەرەباڵغ بوو نەکێشابوو، دواتر شـەقامەکانیان بـۆ دیـار کـران و زۆر خانوو کـە لـە راسـتیدا خـانوو نـەبوون بـەر شـەقامەکان کـەوتن و تێکدران، بۆ ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیان تەنیا بنکەیەکی تەندروستی و قوتابخانەیـەکی سـەرەتایی دروسـتکران لەگـەڵ دوو سـاختومانی حکومی کە یەکێکیان رێکخراوی حزبی و ئەوی دیکە بنکەی پۆلیـس بوو، هیچ مزگەوتێك یاخود باخچەیەکی ساوایان دروست نەکرا (ئەمە رەوشی زۆربەی ئەو ئۆردووگایانە بوو کە لەو ماوەیەدا دروستکران).

ئـەو ئۆردووگایانـەی لـە هەشـتاکان دروسـتکران جیاوازیـەکی دیکـەیان لەگـەڵ ئەوانـەی حـەفتاکان ئـەوەبوو کـە ژمارەیـەکی زۆر خێزانیان لێ نیشـتەجێ دەکـرا، بـەجۆرێك کـە ژمـارەی دانیشـتووانی هەندێکیان زۆر زێتر بوو لە ژمارەی دانیشـتووانی هـەندێ شـارۆچکە. ژمارەی دانیشتووانی ئۆردووگاکانی نیـوەی یەکـەمی هەشـتاکان لـە نێوان ١٧٠٠٠ـ ٢٠٠٠٠ کەس دەبۆن، بەڵام ئەوانەی لە نیوەی دووەمی هەشتاکان دروستکران وەك بنەسڵاوە، دارەتوو، شۆڕش، سمـوود...هتـد ژمارەی دانیشتووانیان زۆر زێتر بوون. ژمارەی دانیشتووانی ئۆردووگـای شۆڕش لە چەمچەمال گەیشتە ٦٠٠٠٠ کەس و ئۆردووگای سموودیـش ٥٠٠٠٠ کەس.[6] هەر بۆیەش دەبینین ئەمڕۆ زۆر لەم ئۆردووگایانە بوون بە نـاوەندی ناحیـە، تەنانـەت قەزایـەکی وەك سـۆران کـە ئـەنجامی راگواستن بوو بـۆ بـە قـەزاو وا خەریکـە دەکرێتـە نـاوەندی پارێزگـا. هەروەها پێویستە ئەوەش لە یاد نەکـەین کـە تـەنیا لادێنشـینان لـە

---

6 د. ئازاد شێخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٠.

ئۆردووگاکان نیشتەجێ نەکران، بەڵکو زۆر لە راگوێزراوەکان کە لە ئۆردووگاکان نیشتەجێ کران دانیشتووانی شار و شارۆچکەکان بوون، وەك هەندێك لە دانیشتووانی شاری کەرکوك یاخود دانیشتووانی دوو شارۆچکەی قەڵادزێ و هەڵەبجە.

ئەو راگوێزراوانەی بۆ ناوەڕاست و باشوری عێراق راگوێزران، رەنگە دووچاری خراپترین هەلومەرجی ژیان هاتبن، ئەوان بۆ ژینگەیەك راگوێزران (ناسریە، دیوانییە، رومادی...) کە دەکرێ بڵێین بۆ چیانشینەکان ژینگەی ژیان نەبوون، ئۆردووگاکان زێتر لە دۆزەخ دەچوون تاکو جێی حەوانەوە، ئەمانە هیچ شتێکی وەهایان لەگەڵ خویاندا نەبرد و زۆربەشیان بێ خانوو لەوێ نیشتەجێ کران، کەشوهەوایەکی گەرم، تەپ و تۆز، ئاوی کەم و گەرم و سوێر و... هتد. ئەگەرچی ژمارەیەکیان بۆ باکور راگوێزرانەوە وەك ئەوانەی لە ئۆردووگاکانی قوشتەپە نیشتەجێ کران، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان ئێستاش هەر لەوێ ژیان بەسەر دەبەن وەك ئەوانەی لە فەلوجە کە ماندوویەتی و نامۆیی بە ئاشکرا بە سیمایانەوە دیارە.

دوای ئەوان دانیشتووانی پشتێنەی سنووری راگوێزران، رەنگە ئەم دەستەیە خۆشبەختترین راگوێزراوەکان بن. وێڕای هەموو ئەو دەردەسەریەی بە سەریان هات لە راگواستنیان و تەقاندنەوەی خانووەکانیان، هەموویان خانووی نوێیان بەرکەوت و لە ناوچە کوردنشینەکان نیشتەجێ کران، هەمووشیان بەجۆرێك لە جۆرەکان قەرەبوو کرانەوە و رێگەیان پێدرا هەموو شتێکیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن تەنانەت ئاژەڵەکانیان. بەڵام ئەمانەش هەموویان وەك یەك نەبوون لەڕووی قەرەبوو کردنەوە و نیشتەجێ کردنیان لە شوێنە جیاوازەکان. هەندێك لەم راگوێزراوانە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق ـ ئێران، دیسان راگوێزرانەوە بۆ شوێنی دیکە وەك ئەوانەی

ئۆردووگـای گورەتـــوو لـــە قـــەزای مێرگەســـوور و پێمـــاڵك لـــە قەزای قەڵادزێ.

سێیەم گرووپی راگوێزراوەکـان کـە ژمارەیـان تاڕادەیـەك زۆر بـوو، پاشماوەی پەلاماری ئەنفالەکان بوون. ئەمانە دوای ئەوەی لـە مـەرگ و برسێتی و تینوویەتی رزگاریان بوو، هەر لە ناوچە کوردنشینەکان بـێ خانوو و بێ هیچ یارمەتی و کومەکێك و لەژێر چاودێریـەکی توندا نیشتەجێ کران، وەك ئەوانەی لە ئۆردووگاکـانی ناوچـەی گـەرمیان و ئۆردووگای جێژنیکان لە باکوری رۆژئاوای شـاری هـەولێر نیشـتەجێ کران. ئەم گروپە ئەگەرچی بـە رەوشـێکی زۆر سـەختدا تێپـەڕین تـا نیشتەجێ کران، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەی بۆ باشور راگوێزران، دوای راپەڕینی ۱۹۹۱ ژیانیان باشتر بەڕێوە دەچێت و تاڕادەیـەکی بـاش لـە ئازادی سوودمەندن وەك هەموو خەڵکی کوردستانی باشور.

ئەو راگوێزراوانەی لە ناوچـە عەرەبنشـینەکان نیشـتەجێ کـران، هەندێکیان گەڕانەوە ناوچە کوردنشینەکان و ژمارەیـەکی زۆریشـیان هەر لە بنەڕەتدا لە ئۆردووگاکان نیشتەجێ نـەکران، بـەڵکو بەسـەر گوندە عەرەبنشینەکاندا دابەش کران. ئەوانەی لە پەلاماری پشـتێنەی سـنووری راگوێـزران ژمارەیـەکی زۆریـان چوونـەوە زێـدی خۆیـان و گوندەکانیان ئاوەدانکردنەوە، بەڵام ئەو ئۆردووگایانە نەك تەنیا لە ناو نەچوون، بەڵکو یان وەك خۆیان مانەوە یان گەورەتر بـوون و بـۆن بـە ناوەندی ناحیە و قەزاکان. لەو نێوەدا دەتوانین تەنیا ئاماژە بـە چـەند حاڵـەتێکی زۆر دەگمـەن بکـەین کـە وەك ئۆردووگـا نەماونەتـەوە، لەوانەش سێ ئۆردووگای جێژنیکان، بەرحوشتر و گردەچاڵ لە بـاکوری شاری هەولێر، کە نیشتەجێیەکانیان پاشماوەی کیمیابارانی هەڵەبجـە، ئەنفالی بادینان و ئەو خەڵکەی ناوچە جیاجیاکان بوون کـە لـە دوای لێبوردنی ٦ی ئەیلولی ساڵی ۱۹۸۸ لە ئێران و تورکیـا گەڕابوونـەوە.

ئەم سێ ئۆردووگایە دوای راپەڕین چۆڵکران و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانیان بۆ زێد و ناوچەکانیان گەڕانەوە و چیتر وەك ئۆردووگا سەیریان ناکرێت.

دانیشتووانی ئەو ئۆردووگایانەی لە ساڵەکانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩دا نیشتەجێ کران، بەگشتی دوای راگواستنیان باری ئابووریان بەرەو باشتر چوو. خانووەکانیان ئەگەرچی حکومەت هیچ بایەخێکی وای پێنەدابوون، بەڵام بەزۆری لەو خانووانە گەورەتر و خوشتر بوون کە لە گوند هەیانبوو، رەوشی تەندروستی و خوێندەواری گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەجۆرێك دەتوانین بڵێین ئەم راگوێزراوانە لە سوودمەندترین راگوێزراوەکان بوون. لەبەرئەوەی ئەوکات حکومەتی عێراق لە لوتکەی دەوڵەمەندی و خوشگوزەرانی خۆیدا بوو. بەگشتی ژیان لە عێراقدا بەئاسانی و بەبێ ماندوبوونێکی ئەوتوو بەرێوەدەچوو. ئەم راگوێزراوانە زۆربەیان لە ژینگەیەکدا راگوێزرابوون کە ژیان تێیدا زۆر سەخت بوو، بەلام بەوەی کە پارەیەکی تاڕادەیەك زۆریان لە حکومەت وەرگرت و ژمارەیەکی زۆریان وەك کارمەند لە دامەزراوە حکومیەکاندا دامەزران و ئەوانی دیکە کاری تریان دەکرد و پارەیەکیان دەست دەکەوت کە ژیانیان پێ بەرێوەدەچوو. ژیانیان زۆر بەلاوە ئاسان ببوو، بەجۆرێك کە ئامادە نەبوون بەهیچ شێوەیەك نە زۆر خۆیان ماندوو بکەن و نە زۆر لە خەمی ژیاندا بن، لەبەرئەوەی ئەوان هیچ کاتێك وەکو ئەودەم پارەیەکی زۆریان لەلای خۆیان نەبینیبوو، هیچ شارەزاییەکیان لە چۆنییەتی مامەڵەکردن بە پارە و هەروەها سەرمایەگوزاری کردنی ئەو پارەیە لە پرۆژەکانی دیکەدا نەدەزانی، لەماوەیەکی کەمدا زۆربەیان ئەو پارەیەی هەیانبوو لە دەستیان دا و بەدەگمەن کەسانێك لەو خەڵکە توانی سوود لەو پارەیە وەرگرێت، بەڵام ئەوەی بۆیان مایەوە تێکەڵاوبوونیان بوو بە خەڵکی دیکە و

خۆرزگارکردنیان بوو لەو ژیانە ساکارەی جاران و دواتریش خوێندەواربوونیان. ئەم گروپە ژیانیان زۆر گۆڕاوە، بەجۆرێك کە دوای زێتر لە بیست ساڵ بەزەحمەت جیاوازی لەنێوان شێوازی ژیانی هەندێك لەوان و شارنشینەکاندا دەکرێت.

دەشێ باس لەوەش بکەین کە دوای راپەڕین و ئەو قات و قڕیەی کوردستانی خوارووی گرتەوە، لەنێو هەرسێ شێوەی نیشتەجێیەکان (شار، لادێ و ئۆردووگا)دا دانیشتووانی ئۆردووگاکان دووچاری خراپترین رەوشی ئابووری هاتن، چونکە لادێنشینەکان زێتر پشتیان بە زەوی و زار و ئاژەڵەکانیان بەست و خەڵکی شارەکانیش زێتر کاریان دەست دەکەوت. هەژاری و پەشێوی زێتر لەو ئۆردووگایانەدا دەرکەوت کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دروستکران. ئەو ئۆردووگایانەی لە ١٩٨٧ـ١٩٨٨ دروستکران. خەڵکی ئەنفالکراویان لێ نیشتەجێ کردن. ئەمانە لە میانەی ئەنفالدا نە پارە و پول و نە کەرەستەی ناومال و نە هیچ شتێکیان نەمابوو. لە ئۆردووگا سەرلەنوێ دەستیان پێ کردەوە. ئەوانەش کە لە ١٩٨٩ـ١٩٩٠ راگوێزران وێڕای ئەوەی کەرەستەی خانوویان پێ بەخشرا، بەڵام بەوەی سەرلەنوێ خانوویان دروست کردنەوە پارەیەکی زێتریان رۆیشت و حکومەت کەرەستە و ئەو پارە پێویستەی پێ نەبەخشین کە پێویست بوو لە دروستکردنی خانوودا خەرجی بکەن. هەروەها لەبەرئەوەی راستەوخۆ لە ساڵی ١٩٩٠ قەیرانی ئابووری عێراق سەریهەڵدا، ئەم دوو گروپەی راگوێزراوان لەو ماوە کەمەدا نەیان توانی رەوشی ئابووری خۆیان رێکبخەنەوە. بۆیە لە دەیەی رابردوودا هەژاری زۆر کاری تێکردن.

لەبارەی پیشە لە گوندی کوردیدا، پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە لادێنشینە کوردەکان زۆربەی هەرە زۆریان جووتیار بوون،

بەدەستەواژەیەکی دیکە لە بـواری کشتوکاڵدا کاریـان دەکـرد ، زەوی داچاندن، بـەخێوکردنی مـەڕومالاّت ... بـە نیشـتەجێ کردنیـان لـە ئۆردووگاکـاندا نـەیانتوانی درێـژە بـەم پیشـانە بـدەن، چونکـە بـە ڕاگواستنیان هەموو زەوی و زارەکانیان لەدەست چوو، هەروەها وێـڕای ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئەم ئۆردووگایانە تا ئەمڕۆش ئاژەڵ بەخێو دەکەن، ژمارەی ئاژەڵەکانیان زۆر کەمترە لە جاران و بە دەگمـەن مەڕ و بزن بەخێو دەکەن، بـەڵکو چێڵێـك یـان زێـتر بـەخێو دەکـەن، ئەویش بـۆ پێویسـتیی ڕۆژانـە نـەك زێـتر. چیـتر ئـەوان لـەو ژیانـە ساکارەشیاندا ناژین کـە پشـت بـە بـەخێو کردنـی ئـاژەڵان ببەسـتن، سەرباری ئەوەی کە لەوەڕگا لە دەوروبەری ئەو ئۆردووگایانە زۆر کەم و تەسکن و بەکەڵکی بەخێو کردنی مەڕومالاّت نایەن.

هەر لەگەڵ ڕاگواستنی لادێنشینان بەتایبەتی خـەڵکی پشـتێنەی سەر سنوور هەروەها ئەوانەی پێش ئەنفالەکان ڕاگوێزران، ڕوویـان لـە کۆمەڵێك پیشەی دیکـە کـرد: فەرمانبـەری حکومـی، دوکـانداری، شوفێری، کرێکاری ... لە سەرەتادا ژمارەی فەرمانبەرەکان لە هـەموو ئەوانی دیکە زێتر بوو، بەڵام لە دوای ئـەوەی شـەڕی عـێراق ـ ئـێران درێژەی کێشا، حکومەتی بەعس دەستی کرد بە سەربازگیری و دروست کردنی ((فەوجە خەفیفـە))کـان زۆربـەی زۆری پیاوەکـانی نـاو ئـەم ئۆردووگایانە ڕوویان لە ناونووسی کـرد لـەو فەوجانـەدا و بـوون بـە جاش، تا کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق ـ ئێران تاکوتـەرا نێرینـەکانی سەروو هەژدەساڵی کە قوتابی نەبوون مانەوە نەبن بە جاش. لێرەشـدا وێڕای ئەوەی کە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکـە لـە ناچـاری و بـە ئـاپۆرە دەچوون خۆیان نـاونووس دەکـرد ، خـەڵکێکی بـەرچاویش بـە حـەزەوە چەکیان لە شان کرد. لێرەدا نـاکرێ ڕۆڵـی ئـەو سـەرۆك عەشـرەت و ئاغایانە لـەبیر کـەین کـە فـەوجی خەفیفـەیان دەرکـرد و بـوون بـە

((موستەشار))، ئەمانە بە خۆشی و ناخۆشی خەڵکیان ناچار دەکرد چەك لە شان کەن. ئەو ئاغایانە دوای ئەوەی لە گوندەکان راگوێزران و ئەو رۆڵ و پێگەیەی جارانیان لە دەستدا کە خاوەنی بوون، چونکە لە ئۆردووگا هەمیشە خەڵك ناچار نەبوو ئاغا کێشەکانیان چارەسەر بکات و هەمیشەش بۆ ئاغا نەدەلوا دەست بخاتە ناو ورد و درشتی ژیانی خەڵکەکە، موستەشاری و فەوجی خەفیفە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ زۆربەی ئاغاکان کە هەم ئەو دەسەڵاتە لەدەستچووەی جارانیان بەدەست بهێننەوە و هەمیش پارە و پولێکی زۆر بەسەر یەکەوە بنێن. بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناکرێ بڵێین ئاغایەتی لەو ماوەیەدا وەك ئاغایەتی جاران بوو یاخود خەڵکی بەهەمان چاوەوە سەیری موستەشاریان دەکرد کە لە گونددا سەیری ئاغایان دەکرد. لەو ماوەیەدا خەڵکێك کە پێشتر ئاغا نەبوون توانیان ئەو هەلە بقوزنەوە و لە ئاغا کۆنەکان دەسەڵاتیان زێتر بێت یاخود ئەوانەی خۆیان خزاندە نێو دەزگای ئاسایش و هەواڵگریی رژێمی بەعسەوە دەسەڵاتیان لە موستەشارەکان زێتر بوو.

جاشایەتی تاکە پیشەی خەڵکی ئۆردووگاکان نەبوو، زۆرێك لە دوکاندار، شوفێر، کرێکار، بازرگان و...هتد کە خۆیان ناونووس کردبوو بۆ تەنیا چەند رۆژێکیش نەچوون بۆ ناو رەبیەیەك، بەڵکو ئەمانە "بن دیوار"یان پێ دەگوت و موستەشار ئەو پارەیەی بە ناوی ئەوانەوە لە حکومەت وەردەگرت، دەئاخنییە گیرفانییەوە و ئەوانیش ئیجازەی بەردەوامیان بۆ دەهاتەماڵەوە و لە سەر ئیش و کارەکانیان بەردەوام بوون.

راگوێزراوەکان لە ئۆردووگاکاندا یەکەمین شت کە رووبەڕووی دەهاتن رێکخراوی حزب بوو، رێکخراوی حزبی بەعس داوای خۆ بەحزبی کردنی لە هەموو هاووڵاتیەك دەکرد، هەروەها جگە لە

بەخشینی ئیمتیاز و بەلێنپێدانیان بە زۆر شت، ترسیان وەك میکانیزمێك بەکار دێنا، بەعس لە مەدا تارادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، تەنانەت توانی وا لە خەڵك بکات هەمیشە ترسیان لە دڵدا بێت و متمانە بە یەکتر نەکەن، کێشەکەش لە بەحزبی کردنی تاکەکان کۆتایی نەدەهات، ئەندامی حزبی بەعس پێویست بوو لە سەری راپۆرتی بەردەوام بنووسێت و کاریان بۆ بکات. بۆیە لەم قۆناغەدا سیخوری بوو بە پیشەی کەسانێکی بەرچاو و بەهۆی ئەم سیخۆڕانەشەوە کەسانێك لە سێدارە دران و کەسانێکی زۆر زێدەتریش دووچاری ئەشکەنجەی جۆراو جۆر هاتن. هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە شار و گوندە رانەگوێزراوەکانیش هەبوو، بەڵام وەك بەرچاو دەکەوت لە ئۆردووگاکان زۆر ترسناك تر بوو، چونکە لەوێ بە حوکمی شێوەی دروستکردنی خانووەکانی ئۆردووگا و ئەو تێکەڵاویەی لە نێوان خەڵکەکەدا هەبوو هیچ شتێك بە شاراوەیی نەدەمایەوە. هەروەها ئەم کۆنترۆڵ و چاودێریە بەردەوامەی بەعسیەکان لەسەر دانیشتووانی ئۆردووگاکان، ژیانی ئەوانی بەرەو بێزاری و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام برد بوو، چونکە جگە لەوەی کە زۆر توند بوو، ئەم خەڵکە کە زۆربەیان لە لادێی دوورەدەستەوە راگوێزرابوون، بە هیچ شێوەیەك لەسەر ئەم چاودێریکردنە رانەهاتبوون و لە لادێ خۆدزینەوە لە چاودێری و کۆنترۆڵی دەسەڵات ئاسانترە.

لەگەڵ راگواستندا لادێنشینان کەوتنە فەزایەکی کۆمەڵایەتی دیکەوە. لە فەزای گوندەوە کە دانیشتووانی زۆربەی گوندە کوردیەکان لە دەیان کەسەوە بۆ سەدان کەس تێنەدەپەڕی، ئەوانیش هەموویان خزم و ناسیاوی یەکتر بوون، هەمان شێوەزار و هەمان وردە کولتوور، زۆربەی کات یەك ئاغا و یەك مەلا، یەك شێوازی ژیان کە لە باوك و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، جیاوازی ئەوان لەگەڵ ئەوانەی پێشە خۆیان

هێندە کەمە بە زەحمەت دەکرێ دەستنیشان بکەین. بە گواستنەوەیان بۆ ئۆردووگا کە نەك تەنیا دانیشتووانی چەند گوندێك، هەندێ جار دانیشتووانی چەند خێڵ و ناوچەیەکی جیاوازی لێیە، فەزایەکی کۆمەڵایەتی دیکەی جیاواز لەوەی پێشوو دروست بوو. قەزای سۆران کە بەرهەمی پێش هەر شتێك زێتر راگواستنە یاخود قەزای بنەسڵاوە و ناحیەی دارەتوو ئەمڕۆ زێتر لە مۆزایکێکی وردە کولتوورەکان* دەچن، جۆرێك لە مۆلتی وردە کولتوور لەو ئۆردووگا ـ شاروچکانەدا زاڵە. خەڵکی چەندین ناوچەی جیاجیا تیایاندا کۆکراونەتەوە، کە بەبێ بوونی ئەم ئۆردووگایانە و سیاسەتی راگواستن نەدەکرا ئەم هەموو وردە کولتوورانە پێکەوە کۆببنەوە. لە ئەنجامیشدا ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتیەی نێوانیان دروست ببێت. ئەگەرچی لە ئۆردووگادا خزم و کەسوکارەکان یاخود دانیشتووانی هەر گوندێك هەوڵیان دەدا پێکەوە لە گەڕەکێك یان لە نزیك یەکەوە نیشتەجێ بن. هەرچەندە لە هەندێك حاڵەتدا ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو بوون (بەتایبەتی لەو ئۆردووگایانەی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو دروستکران)، بەڵام هەندێ کات دانیشتووانی گوندێك بەسەر دوو ئۆردووگا دابەش دەکران و هەندێ جاریش خەڵکی دوو سێ عەشرەت لە گەڕەکێکدا کۆدەبوونەوە، ئەم پێکەوە ژیانەیان بەتێپەڕینی کات وای کرد تێکەڵاویەکی زۆر لە نێوانیاندا دروست ببێت و دوستایەتی و خزمایەتی لێ بکەوێتەوە، ئەم نزیکبوونەوەیەی لادێنشینەکانی ناوچە جیاوازەکان نەك تەنیا بووە

---

* وردە کولتوور بریتیە لە:((کولتوورێکی بچووکتر لە ناو کولتوورێکی گەورەتردا، کە سەرەڕای تایبەتمەندیەکانی وەك بەشێك لە سیستمێکی کولتووری بەرفرەوان دەژمێردرێت.)) بۆ زیاتر شارەزابوون لەم چەمکە بگەڕێوە بۆ: منوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی دیکە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١١٢ـ ١١٦.

هـۆی ئـەوەی وێنـە و تەسـەوری ئـەوان لـە سـەر خـەڵکی ناوچـە و دێهاتەکانی دیکـە گۆڕانـی تێبکـەوێت، بـەڵکو سـیحری ئینتیمـای گوندایەتی و خێڵایەتیشی بـەرەو جۆرێـك لـە لاوازبـوون بـرد. پێـش ڕاگواستن، تێکەڵاویەکی کەمتر لەنێوان لادێنشینەکاندا هەبوو، تـرس لە ئەوانی دیکە۔ خەڵکی دەرەوەی بازنەی خێڵەکەی، چونکە ئەوانی تر بە پلەی یەکەم تاکەکانی خێڵەکانی دیکە بوون ـ یـاخود جۆرێـك لـە نادڵنیابوون و خۆپـارێزی لـە تێکـەڵاوی و هەڵسـوکەوت لەگـەڵیاندا بوونی هەبوو. ڕاگواستن لە زۆر حاڵەتدا ئەم ترسەی بـۆ کـەمترین رادە کـەمکردەوە. لـێرەدا نـاکرێت وا تێبگـەین کـە کێشـە خێڵایـەتی و ناوچەییەکان کۆتاییان پێهات یان ئینتیمای خێڵایەتی نەما، بـەڵکو شان بەشانی ئـەو تێکەڵاوبوونـەش کێشـە و گرفتـی وا لـەنێوانیاندا سەریان هەڵدا کە هەندێك لەو کێشە خێڵایەتیانە کاتێکیان دەوێت تا لەبیر دەکرێن.

بەگشتی، ژیانی ئۆردووگا زۆرەملێکان زۆر زێتر لە ژیانی گوندەکان کێشە و گرفتی هەبوو. هەموو ئەم کێشە و گرفتانەش وەکـو زۆربـەی کێشەکانی لادێ سـادە و سـاکار نـەبوون. کێشـەکانی لادێ زۆربـەیان بـەهۆی زەوی و زار و ئـاو و ئـاودێری و ژن و ژنخوازیـەوە بـوون و زۆربەشیان لەنێوان خزمەکان خۆیاندا دروست دەبوون، چارەکردنیشیان هێندە ئاڵۆز نەبوو، بەڵام کێشەکان لە ئۆردووگادا تەنیا ئەوانە نەبوون و هەندێکیشـیان هێنـدە سـادە نـەبوون، وێـڕای ئـەوەی کـە چارەسەرەکەشیان بەڕیش سپیەك یاخود ئاغایـەك هەمیشـە نـەدەکرا. ئەم کێشـانەش هـەر لەسـەرەتاوە دەرنەکـەوتن، بـەڵام بـە زۆربوونـی دانیشتووان و بەردەوام هـاتنی خـەڵکی نـوێ و زۆربوونـی بێکـاری و کەمبوونی خانووەکان زیادیان کرد. کاتێك لە سـەرەتادا ئۆردووگاکـان دروسـتکران، نـەك تـەنیا دوو بـرا و خێزانـەکانیان کـە پێکـەوە لـە

خانووێکدا دەژیان لە گوند، یەکو خانوویان بەرکەوت، بەڵکو هەر پیرەمێرد و پیرەژنێکیش کە لەگەڵ منداڵەکانی دەژیا خانووێکی بەرکەوت یان کەلوپەلی خانووکردن و پارچە زەویەکی پێ بەخشرا. بەوەی کە هەر سەرۆك خێزانێك بۆ بە خاوەنی خانوویەکی سەربەخۆ بەپێچەوانەی لادێ، کاریگەریەکی وەهای نەبوو لە سەر بونیادی خێزانی کوردی بەتایبەتی لە ساڵەکانی سەرەتادا. هەروەکو زۆربەی بەها، دابونەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانیش دوای ماوەیەکی درێژتر و بە هەوڵ و کاریگەری هۆکارگەلێکی دیکە گۆڕانیان تێکەوت. هەندێ جار سێ چوار برا پێکەوە کە هەر یەکێك بە ماڵ و منداڵەکانییەوە خانوویەکی سەربەخۆی هەبوو، پێکەوە دەژیان و تەنیا بۆ خەوتن دەچوونەوە خانووەکانیان و لەیەکتر جیا دەبوونەوە، لە کاتەکانی خواردن و دانیشتن پێکەوە کۆدەبوونەوە، یەك کابان و یەك گەورەی ماڵیان هەبوو کە هەموو پارە و پولی ماڵەکەی لەژێر دەست بوو، بڕیارە گرنگەکانیش لە ئەوەوە دەردەچوون. ئێستاش حاڵەتی لەم جۆرە لە ئۆردووگاکاندا زێتر لە شار و لە لادێ دەبینرێن. لێرەشدا دەشێ بڵێین فۆرمی خێزانی کوردی بە گۆڕانی شوێنی جوگرافی، خانوو، باشتر بوونی رەوشی ئابووری و زێتر تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی دیکە گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهات کە شیاوی باس بێت، ئەگەر ئەمڕۆ گۆڕانێك دروست بووە لەدوای ئەم ماوە تاڕادەیەك درێژە وێڕای ڕاگواستن ئەوا بەهەوڵی هۆکارگەلێکی دیکەش بووە.

ئەگەرچی ڕاگوێزراوەکان وەکو جەستە هەندێکیان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، هەندێکی دیکە ١٢ ساڵ و... بە تەواوی لە زێدی خۆیان دابڕان، بەڵام ئەم دابڕانە کارێکی نەکرد کە ئەوان زێدەکەی خۆیان لەبیر بکەن یاخود بۆ ماوەیەکی کەمیش بیری لێ نەکەنەوە. لە زۆربەی دانیشتن و

کۆبوونەوە خێزانی یاخود کات بەسەربردنییەکاندا هێندەی باسی گوندی کۆن و رووداو و ئەو بەسەرهاتانەی لەوێ روویانداوە دەکرا، هێندە ژیانی دوای راگواستنیان کە ئەزموونیان دەکرد باسی لێوە نەدەکرا. ئەوان بەتەواوی لە سەر رابردوو دەژیان و چاوەڕێی زووترین دەرفەتیان دەکرد بگەڕێنەوە بۆ زێدەکەیان بەبێ ئەوەی لەبیریان بێت یان هەست بکەن کە لەگەڵ ئەم ژیانە ئاسانەی ئێستا راهاتوون و چیتر ناتوانن وەکو جاران ئەو ژیانە سەختە تاقی بکەنەوە و پشت لە بەرژەوەندی و ئیش و کارەکانی ئێستایان بکەن. ئەگەرچی ئەوان هێندە تامەزروی رزگاربوون بوون لە ئۆردووگاکان کە گوێچکەی منداڵەکانیانیان پڕ کردبوو لە وەسفی گوندی کۆن، ئەو منداڵانەی کە بە هیچ شێوەیەك ئەوێیان نەبینیبوو ناوی زۆر شوێنیان لە گوندی باوك و دایکیان دەزانی، چونکە هێندە لای ئەوان باسکرا بوون، بەلام دوای ئەوەی دەرفەتی گەڕانەوە رەخسا کارەکە تاڕادەیەك پێچەوانە کەوتەوە، وەك چاوەڕێ دەکرا راگوێزراوەکان نەگەڕانەوە زێدەکەیان، سەرەڕای بەشێك لە ئاسانکاریەکانیش تا ئێستا ژمارەیەکی بەرچاوی گوندەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە، ئاوەدان کراوەکانیش هێندە قەرەباڵغ نین و خەڵکێکی زۆر لە ئۆردووگا و شارەکان مانەوە و ئامادە نین ژیانی خۆیان لە شوێنی ئێستایان بە ژیان لە گوندە ئاوەدانکراوەکاندا بگۆڕنەوە.

بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئافرەت زێتر لەپیاو بە راگواستن حەسایەوە، وەك باسمان کرد ئافرەت لە گوندی کوردیدا ئەرکگەلێکی زۆری لە سەر شان بوو. دووچاری شەکەتیەکی زۆر دەهات و رەنجێکی فرەی دەکێشا. بە راگواستنیان بۆ ئۆردووگا چوونە بیر لە دەرەوەی ئاوایی و یارمەتیدانی پیاوەکەی لە کاری وەرزێری... لە کۆڵ بوونەوە و تەنیا کارەکانی ماڵەوەی بۆ مانەوە، ئەوانیش کەم بوونەوە بەهۆی

نەمان یان کەمبوونەوەی ئاژەڵەکان بە ڕێژەیەکی زۆر، نەچوونە سەر کانی و مەشکە و...هتد سەرەڕای ئەوەی کە وەکو پیاو نەدەکەوتە ژێر چاودێری و بۆ سەربازی بانگ نەدەکرا. بەباشتر بوونی ڕەوشی ئابووری و تەندروستی ئافرەت سوودمەند بوو لە خزمەتگوزاری جیاجیا. تاکە ئەرکێك کە پێمان وایە قورستر بوو پەروەردەکردنی منداڵان بوو، وێڕای ئاسانکاریەکان لە بواری پەروەردەی منداڵ و بەخێوکردنی لە ئۆردووگادا، ئافرەتان ڕەنجێکی زۆریان بە بەخێوکردنی منداڵانەوە دەکێشا، چونکە لەبەر زێدە لە هۆکارێك لەم ماوەیەدا ڕێژەی لە دایکبوونی منداڵان لە وڵاتی عێراقدا بە گشتی زیادی کرد، مردنی منداڵانیش بەرەو کەمترین ڕێژەی ڕۆیشت بەبەراورد لەگەڵ پێشتر.

هەروەها پێم وایە هاوکات لەگەڵ ڕاگواستن، بە دوورکەوتنەوەی ئافرەت لە ژینگەی گوند لە ئازادیەکەشی کەم بووەوە، هەڵبەت ئازادی کۆمەڵایەتی. بەهۆی نەمانی چوونە سەر کانی و ئیشەکانی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ، بەرە بەرە لە پانتایی ئازادیەکەی کەمبووەوە. ئەم دەرنەچوونە لە ماڵ ئەگەر بۆ ئافرەتی شارنشین زۆر ئاسایی بێت، ئەوا بۆ ئافرەتێك کە جگە لە کاتی نووستن زۆربەی کاتەکانی خۆی لە دەرەوەی ماڵەوە بەسەر بردبێت ئاسایی نەبوو. دواتریش ئافرەت لە ئۆردووگا بەپێچەوانەی کچ و ژنەکان لە شاردا بە تایبەتی نەوەی نوێ کە ژمارەیەکی بەرچاویان لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن وەك فەرمانبەر، مامۆستا... کچانی ئۆردووگا کەمتر ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا و زۆربەیان بوون بە ئافرەتی ماڵەوە.

خاڵێکی دیکە کە پێویست دەکات ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئۆردووگا بە لەخۆ گرتنی خەڵکێکی زۆر لە عەشرەت و دەڤەرە جیاوازەکان، وەك کۆرەیەکی لێهات و زۆر لە دابونەریتە کۆن و تایبەت بە یەکێك لە ناوچەکانی تواندنەوە، هەروەها گۆڕانگەلێکی زۆر بەسەر

رەفتـار، هەڵسـوكەوتەكان و شـێوازی ژیـانی ڕۆژانـەدا هـاتن. ئــەم كارلێكەی نێوان وردە كولتوورەكان بۆوە هۆی لەیـەكتر نزیكبوونـەوەی تاكەكانی كۆمەڵگاكەمان، ئەم كارلێكە تایبەت نەبوو بە عەشـرەت و خێڵـە نیشـتەجێكانەوە، بـەڵكو لـەنێوان ئــەوان و خێڵــە نیمچــە كۆچەرەكانیشدا دروست بـــوو، دوای ئــەوەی كـاوڵكردنی گوندەكـان و فرەوانبوونی ناوچە قەدەغەكراوەكان هاتووچووی ئەوانی زۆر ســنووردار كـــرد، عەشـــرەتەكانی وەك هـــەركی و مـــەنتك ... بـــەزۆری لـــە ئۆردووگاكاندا نیشتجێ بوون، ئەمەش ئاكامێكی كۆمەڵایەتی دیكەی سیاسەتی ڕاگواستن بوو.

لە كۆتایشدا دەكـرێ ئـەوە دووبـارە بكەینـەوە كـە ئـەم فۆرمـەی نیشتەجێبوون (ئۆردووگای زۆرەملێ) وێڕای ئەوەی فۆرمێكی نامۆ بوو بە مێژووی نیشتەجێبوونی كوردەكان، بۆ بە واقعێـك و شـوێنی خـۆی كردەوە.

باسی دووەم: كاریگەری ڕاگواستن لەسەر شاری كوردی*

لێكۆڵینەوە كۆمەڵایەتیەكان لەبارەی شارەكانی كوردستانی خواروو هەرچەند وەك زۆربەی توێژینەوە كۆمەڵایەتیـەكانی دیكـە زۆر كـەمن، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ شێوەكانی دیكـەی نیشـتەجێبوون (ئۆردووگـا، لادێی نوێ) هەندێك باشترن، وێڕای ئەوەی ئەو لێكۆڵینەوانـەی لەبـەر دەستن كەموكووڕیان ئێجگار زۆرە.

---

* بێگومـان لێكۆڵینـەوە لـە ڕۆڵی هۆكـارێكی وەك ڕاگواسـتن لـە گۆڕینـی سـیما و پێكهاتەی شارەكان لەو ماوەیەدا كارێكی ئاسان نییە، لە توانـای ئـەم باسەشـدا نییـە زۆرترین ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانی ئەو سیاسەتە بخاتەڕوو. هەروەها لەبـەر ئـەوەی ئـەم باسە خۆی تەرخان كردووە بۆ كاریگەری هۆكارێك لەو هۆكارانەی كـە بـوون بـە هـۆی گەشەسەندن و فرەوانبوونی شارەكان، پێویستە خوێنەران ئەوە لەبەر چاو بگرن و كاتێك بە دوور و درێژی باسی خەسڵەتە گشتیەكانی شارە كوردیەكان لەو ماوەیەدا نەكراوە بـە كەموكووڕی لە قەڵەم نەدەن.

ئەنتۆنی گیدێنز دەڵێت: لە سەدەی بیستدا ((بەشاریبوون)) پرۆسەیەکی جیهانی بوو، جیهانی سێیەمی بە شێوەیەکی بەرفرەوان گرتەوە. ناوبراو درێژەی پێدەدات و دەڵێ: قۆناغی سەرەکی پەرەسەندنی شارەکانی جیهانی سێیەم لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست دەست پێ دەکات.[7] ئەگەر بە پشت بەستن بە گوتەکەی گیدێنز بپەرژێینە سەر گەشەسەندنی شارەکانی کوردستانی خواروو لە سەدەی بیستدا، ئەوا دەبێت ئەو گەشەسەندنەیان بۆ سێ قۆناغ دابەش بکەین، بەم شێوەیە: لەسەرەتای سەدەی بیستەوە تا ساڵی ١٩٧٠، لە ساڵی ١٩٧٠وە تا ساڵی ١٩٩١، لە دوای ساڵی ١٩٩١، هەر یەکێك لەم قۆناغانە خاوەن نیشانەگەلێکی تایبەت بە خۆیە کە جیاوازن لە تایبەتمەندیەکانی قۆناغەکانی دیکە.

لەم باسەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر هەندێك لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژیانی شارنشینی و شارەکاندا هاتوون لە دوو دەیەی حەفتا و هەشتادا. لە سەرەتادا ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەوەی بە شار ناودەبرێت، لە ئاستی جیهاندا یەك تێگەیشتنی نییە. تەنانەت لەسەر ئاستی ولاتێکیشدا شارەکان وەك یەك پەرەناسێنن و چۆنایەتی ئەوان خەسڵەتگەلێکی جیاوازی هەیە. بۆ دەستنیشانکردنی شاریش سوود لە کۆمەڵە پێوەر و پێودانگێکی جیاواز وەردەگیرێت.[8]

لە هەموو جیهاندا زێتر پشت بە پێوەری ئاماری دەبەسترێت بۆ

---

7 انتونی گیدنز، جامعەشناسی، ت: منوچهر صبوری، نشرنی، تهران ١٣٧٠ (١٩٩١)، ص ٥٩٥.

8 منوچهر محسنی، جامعەشناسی پزیشکی، چاپ ششم، انتشارات طهوری، تهران ١٣٧٩ (٢٠٠٠)، ص ٩٧.

جیاکردنەوەی شار لە لادێ.[9] ئەو ژمارەیەی دیاردەکرێت لە ولاّ تێکەوە بۆ ولاّتێکی دیکە جیاوەزە، بەلاّم وەك ((بـرۆدلّ)) دەلّێت مەسەلەکە تەنیا بە ژمارە سنووردار ناکرێت، شار تەنیا بەبەراورد لەگەلّ شێوەی خوارتر لە خۆی (خێلّ، گوند) بەرگی شارانە دەپۆشێت و دەبێتە شار.[10]

زۆر لە کۆمەلّناسان بە پێوەری ئاماری رازی نین، ئەوان لەو بڕوایەدان دەوروبەری شار (ضواحی المدینة) زێتر لە شارنشینی نزیکە ئەگەر ژمارەی دانیشتووانیشی بەو رادە پێویستە نەگەیشتبێت کە بۆ ستاتۆسی شار دیاریکراوە، لە کۆبوونەوەیەکی دانیشتووانی کشتوکالّی کە ژمارەیان بە رادەی ئاماری خوازراو گەیشتبێت.[11]

کۆمەلّناسان زێتر پشت دەبەستن بە ژمارە و چڕی دانیشتووان، بوونی پیشە ناکشتوکالّیەکان، پێکهاتەی کولتووری و رەفتاری بەکۆمەلّ، جۆری پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکان، شێوەی ژیان بەلاّم لەبەر ئەوەی لە ولاّتی عێراقدا پێوەرەکە زێتر کارگێریە، هەموو ناوەندی ناحیە، قەزا و پارێزگایەك بە شار لەقەلّەم دەدرێت، ئێمەش ناچار لەم باسەدا بەم پێوەرە مامەلّە لەگەلّ ئەو ناوەندانە دەکەین.*

---

9 منوچهر محسنی، جامعه‌شناسی عمومی، چاپ هفدهم، انتشارات طهوری، تهران ١٣٧٩ (٢٠٠٠)، ص ١٩٦.

10 فرنان برودل، سرمایداری و حیات مادی، ت: بهزاد باشی، نشر نی، تهران، ١٣٧٢ (١٩٩٣)، ص ٤٩٥.

11 مجموعة من المؤلفين، دراسات فی المجتمع العربي المعاصر، تحرير خضر زكريا، ط ١، الاهالي للطباعة والنشر و التوزيع، دمشق، ١٩٩٩، ص ٨٤ ـ ٨٥

* هەروەکو خوێنەر لە لاپەڕەکانی دواتردا دەبینێت، ئێمە دەپەرژێینە سەر ئەو شار و شارۆچکانەی کە لادێنشینەکان روویان تێکردووە، واتە ئەو شار و شارۆچکانەی لە دوای راپەڕین ئازاد کران، چونکە شار و شارۆچکەکانی دیکە لە ژێر دەستی بەعسدا مانەوە و ئازاد نەکران، لەبەر ئەوەی لادێنشینە کوردەکان روویان تێنەکرد یان زۆر کەمتر روویان

یەکەمین دیاردە کە تۆژەر لە شاری کوردیدا لە دوو دەیەی حەفتا و هەشتاکاندا تێبینی دەکات، گەورەبوون و فرەوانبوونی شارەکانە لە هەردوو رووی، بەرفرەبوونی شارنشینی (The Urban Expannsion) و پلەی بەشاریبوون (Degree of Urbanization)، بەلام بە گشتی بەرفرەبوونە شارنشینییەکە ئاسۆیی بوو نەك ستوونی، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە وەرگرتنی خەسلەتی بەشاریبوونە لە هەندێك ئاوەدانی دیکە کە تا ئەو کات بە شار لە قەڵەم دەدران. لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۷۷ ـ ۱۹۸۸ دەوڵەتی عێراق ٤٠ ناحیەی لە کوردستانی باشور بە تەواوی سڕیەوە و زۆربەشیانی چۆلکرد.[۱۲] لەکاتێکدا زۆربەی ئەو شارانەی کە مانەوە گەشەیەکی بەرچاویان بە خۆوە بینی، گەورە بوونی شارەکانیش لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاواز بوو، لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز.

پێش ئەوەی باس لە گەورەبوونی قەبارەی شارەکان و پەلوپو هاوێشتنیان بکەین کە دەکرێ دەستەواژەی گیدێنز بۆ ئەو گەشەسەندنە بەکار بهێنین کە دەڵێت: دەوروبەری شارەکان لە جیهانی

تێ کردووە، هەروەها کوردنشینەکانی ئەو شارانەش زۆرترین ژمارەیان راگوێزران و عەرەبیان لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ کردن، رەوشێکی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە و پێمان وایە ئەم شار و شارۆچکانە پێویستیان بە تۆژینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە. هەر باسکردنێکیان لێرەدا بەتایبەتیش بەوەی کە رەوشی ئەم شارانە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە جێگیر نییە و تۆژەر دەستی پێیان ناگات و زانیاری و داتا لە بارەیانەوە کەمن، باسکردنێکی پڕ لە کەموکووری دەبێت. لە بەشی سێیەمیشدا هیچ ئاماژەیەك کە شیاوی باس بێت بەو شار و شارۆچکانە نەکرا، چونکە وێرای کەمی زانیاری و داتاکان لەبارەیانەوە، لە بەراوردەکەدا سوودێکی وەهای بە باسەکە نەدەگەیاند، نەك لەبەر هۆیەکی دیکە.

12 د. عەبدوڵلا غەفوور، فەرهەنگی جوگرافیایی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ۲۰۰۲، ل ۱۳۱.

سیّ ((قارچك ئاسا گەشەیان دەسەند))،[13] ئەوە لە یاد نەکەین کە ئەو گەشەسەندنەی ئەمڕۆ بە شارەکانی کوردستانەوە دیارە هەم لەڕووی قەبارە و هەم لەڕووی جوانکاریەوە بەرهەمی تەنیا دوو دەیەی حەفتا و هەشتاکان نییە، بەڵکو دوای راپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ قۆناغێکی گرنگە لە گەشەسەندنی شارەکانی کوردستانی خواروودا.[14]

شارەکانی کوردستان بە تایبەتی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو گەشەیەکی بەرچاویان سەند، بەڕێوبەری شارەوانی هەولێر لە ساڵی ۱۹۸۵ لە پاساو هێنانەوەی بۆ ئەوەی کە نەیانتوانیوە خزمەتگوزاری پێویست بگەیەننە گەڕەکە نویّ دروستکراوەکان گوتی: ((دەبوایە شاری هەولێر لە ساڵی دوو هەزاردا بەم گەورەبوونەی ئێستای (۱۹۸۵) گەیشتبا)).[15] سەبارەت بە گەورەبوونی شاری دهۆکیش دەتوانین ئاماژە بە زیادبوونی خانووەکانی ئەو شارە بکەین، لە ساڵی ۱۹۷۷ تەنیا ۳٦٦۸ خانوو لە شاری دهۆك هەبوو، کەچی ساڵی ۱۹۸۳ ژمارەی خانووەکان بە ۹۱٤۱ خانوو گەیشت، واتە لەو حەوت ساڵەدا ژمارەی خانووکانی نزیکەی جار و نیوێك یاخود بە ڕێژەی ۱٤۹٪ زیادیان کرد،

---

13 گیدنز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦۱۳.

14 لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە تێبینیی نووسەرێکی میسری بکەین کە ساڵی ۱۹۸۸ دوای نۆ ساڵ ژیان لە شاری هەولێر گەڕایەوە میسر و جارێکی دیکە لە ۱۹۹۹ سەردانی شاری هەولێری کرد، ئەو دەڵێت: ((لە کۆتایی هەشتاکان خانووکانی شاری هەولێر لە هۆتێلی دیاریەوە تا نەخۆشخانەی لەدایکبوون بۆ خانووی ئەمین عامەکان لە سەر جادەی شەست مەتری لە جوانترین خانووکانی ئەو شارە بوون)). بگەڕێوە بۆ: رجائی فاید، اربیل ۸۸ هەولێر ۹۹، مؤسسة موکریانی للطباعة و النشر، هەولێر، ۲۰۰۰، ص ٥٤، هەروەها لە لاپەڕە ٥۲ باسی فراوانبوونی دوو گەڕەکی پیشەسازی و راپەڕین (۷ نیسانی جاران) لە شاری هەولێر دەکات.

15 گیدنز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦۰۰.

رووبەری شارەکەش سێ جار هێندەی خۆی گەورە بوو.[16]

لەو دوو دەیەدا، شارەکانی کوردستانی خوارووش وەك زۆر لە شارەکانی ئەمریکا و ئەورووپا لە سەدەی نوزدە، گەشەسەندنی دانیشتووانە شارنشینەکان هاوکات بوو لەگەڵ کەمبوونی ڕێژەی دانیشتووانە لادێنشینەکان هەروەها لەم ماوەیەدا بەوەی کە شارەکان پەلوپویان دەهاوێشت و ڕووبەرەکەیان فرەوان دەبوو ((بە خێرایی ناوچە لادێنشینەکانیان دەگۆڕی بۆ ناوچەی دەوروبەری شار)) وەك *شپنگلەر* لە وەسفی شارەکانی ئەورووپا بۆی چووە.[17]

ئەم بارە واتە گەورەبوون و فرەوانبوونی ڕووبەری زەوی شار و شارۆچکەکان خەسڵەتێکی هەموو ئەو شارە کوردیانە بوو لە کوردستانی خوارووکە بواری فرەوانبوونیان هەبوو لەڕووی سیاسی و ژینگەی سروشتیەوە. هەرچەند زێدەبوونی سروشتی شارنشینان، بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس لە کۆتایی حەفتاکان، مۆدێرنە... ڕۆڵیان هەبوو لە پەرەسەندن و فرەوانبوونی شارەکان، بەڵام گەورەترین هۆکار کۆچکردنی لادێنشینان بوو بۆ شارەکان. لەو دوو دەیەدا لادێنشینان بە لێشاو بەرەو شارەکان کۆچیان دەکرد. لە ئەنجامی ئەوەشدا تەنیا گەڕەکی نوێ دروست نەبوون و شار سنوورەکانی خۆی فرەوان نەکرد، بەڵکو چڕی دانیشتووانیش لە شارەکاندا رووی لە زیادی کرد.

ئەگەر لە ڕۆژئاوا شۆڕشی پیشەسازی هۆی سەرەکیی پەرەسەندنی شارەکان بوو بێت، ئەوا لە کوردستانی خوارووڕاگواستن بە پلەی

---

16 هاشم خضر الجنابي، مدينة دهوك، دراسة في جغرافية المدن، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٥، ص ٤٢ ـ ٤٣.

17 ماکس وبر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

یەکەم بەرپرسە لەو دیاردەیە. پەرەسەندنی شارەکانی کوردستانی خواروو لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە شێوەی پەرەسەندنی شارەکانی رۆژئاوا، لە سەردەمی بە پیشەسازیبوونیاندا بوو.[١٨]

ژمارەی کۆچکردووەکان بۆ شاری هەولێر لە ماوەی نێوان ١٩٧٧ ـ ١٩٨٤ گەیشتە ١٢٨,٨٤٣ کەس.[١٩] لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی شاری هەولێر ساڵی ١٩٧٧ تەنیا ١٩٣,٥٥٨ کەس بوو.[٢٠] رووپێوی ئاوەدانی شارەکەش لە ١٥٤٧ هێکتارەوە بووە ٢٢٧٢ هێکتار لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٥ـ١٩٨٠.[٢١] هەروەها ژمارەی دانیشتووانی شاری دهۆك لە ١٩٧٧ ـ ١٩٨٣ بە رێژەی ٢٢٠٪ زیادی کرد. لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا ٣٥,٩٥٣ کەس لە ناوچەکانی دیکەوە بۆ شاری دهۆك کۆچیان کردووە.[٢٢] ژمارەی دانیشتووانی شاری دهۆك کە ساڵی ١٩٧٧ تەنیا ٤٠,١٩١ کەس بوون،[٢٣] لە ماوەی تەنیا حەوت ساڵدا واتە لە ١٩٨٣ بە ٨١,٣٤٧ کەس گەیشت.[٢٤]

لە تۆژینەوەیەکدا هاتووە کە ساڵی ١٩٧٠ شاری دهۆك تەنیا ٣٤٪ کۆی دانیشتووانی ناوەندەکانی شارنشینی لە پارێزگاکەدا لەخۆ

---

18 لە بارەی پەرەسەندنی شارەکانی رۆژئاوا بگەڕێوە بۆ پێشەکیە راڤەییەکەی *مارتیندال* لەم سەرچاوەیەدا: ماکس وبر، هەمان سەرچاوە، ل ٢٧.

19 هاشم خضر الجنابي، مدينة اربيل، دراسة في جغرافية الحضر، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٧، ص ١٦٩.

20 الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة١٩٧٧.

21 د. خليل اسماعيل محمد، اربيل دراسات جغرافية ـ اقتصادية، وزارة الثقافة، اربيل، ٢٠٠٣، ص ٩٩.

22 هاشم خضر الجنابي، مدينة دهوك، دراسة في جغرافية المدن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

23 الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، سەرچاوەی پێشوو.

24 هاشم خضر الجنابي، مدينة دهوك دراسة في جغرافية المدن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

گرتبوو، ئەو ڕێژەیە ساڵی ١٩٨٧ بوو بە ٥٦٪.[25] هەر لەم بارەیەوە تاهیر زێباری لە توێژینەوەیەکدا لە بارەی شاری دهۆك دەڵێت: ژمارەی ئەوانەی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٧ـ١٩٨٧ کۆچیان کردووە بۆ شاری دهۆك ٣٩,٨٤٩ کەس بوون، لە شوێنێکی دیکەی هەمان باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی شارنشینی لە ساڵی ١٩٧٧ کە تەنیا ٣٧,٤٪ بوو، ساڵی ١٩٨٧ بۆ ٥٢,٣٪ زیادی کرد.[26] بەڵام ناوبراو باس لەوە ناکات چەند لەم شارنشینانە شارستانن. ئەوانەی لەو ماوەیەدا بۆ شارەکە کۆچیان کردووە، هەموویان شارنشینن بەڵام ناکرێ هەموویان بە شارستان لەقەڵەم بدرێن. یەکەم لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان لە ژینگەیەکی لادێییەوە کۆچیان کردووە بۆ ناو شار. دووەم، ژمارەیەکی زۆریان ڕەنگە تەنیا ئەوە دوو سێ ساڵ بێت بۆ شارەکە کۆچیان کردبێت. پرۆسەی شارستان بوونی تاکەکەس کورتخایەن نییە، هەر بۆیە پێویستە بۆچوونی کۆمەڵناسی لەم بوارەدا جیاواز بێت لە بوارە زانستییەکانی تر. تەنیا بوونی جەستەیی لە شاردا بە پێویست مانای بەشداریکردنی تاکەکەس لە ژیانی شارنشینیدا نابەخشێت. ڕەنگە کۆچکردوو لە شاردا بژیت، بەڵام ئینتیمای بۆ شارەکە نەبێت، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ ژینگەی شارەکەدا نەگونجێت، هەروەها پەیوەندیەکانی لە ڕادە بەدەر سنوودار بن، بەتایبەتی لە یەکەم قۆناغەکانی نیشتەجێبوونی لە شارەکەدا.[27] جیاوازیەکی زۆر لە نێوان

25 د. خەلیل ئیسماعیل محمد، دابەشبوونی جوگرافی دانیشتووانی شاری دهۆك، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢، ئەیلوولی ١٩٩٧، ل ٥١.

26 تاهیر حەسو زێباری، ئاقارەکانی شارنشینی لە شاری دهۆك، سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٦، هاوینی ٢٠٠٢، ل٣٠٣.

27 جیرالد بریز، مجتمع المدینة فی البلاد النامیة، ت: د. محمد الجوهری، دار المعرفة الجامعیة، القاهرة ١٩٨٩، ص ١٧٠.

خەسڵەتەکانی کۆچکردووە نوێکان بۆ ئەو شارانەی بە خێرایی پەرەدەسێنن و خەڵکی کۆنی شارەکە هەیە، ئەویش لەڕووی پێگە، ئاستەکانی داهات، ئاستی رۆشنبیری، رەفتاری شاریانە ...[28] هەر سەبارەت بەمە کۆمەڵناسی ئەمریکی ((وێرس)) پێی وابوو کە رێژەی گشتی ئەو دانیشتووانانەی لە شارەکاندا دەژین، بە شێوەیەکی ورد و تەواو رێژەی ((بەشاریبوونی)) جیهانی هاوچەرخ دەرناخات.[29] لە خشتەی خوارەوەدا رێژەی سەرسوڕهێنەری زیادبوونی دانیشتووانی هەندێك لە شارەکانی کوردستانی خواروو لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٧٧ ـ ١٩٨٧ دەخەینەڕوو.

بەڵام گەورەترین شەپۆلی کۆچی لادێنشینان بۆ هەندێك لە شارەکان ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێ کرد، کاتێك زێتر لە ١٦٠٠ گوندی کوردستانی خواروو لە میانی پەلاماری ئەنفالدا خاپوور کران،* وێڕای ئەوەی چەندین شار و شارۆچکە لەو ساڵەدا لە ستاتۆسی ناحیەوە بۆ گوند بچووککرانەوە یاخود بە تەواوی چۆڵ کران.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە دیاردەی بەرفرەوانبوونی شارەکانی کوردستان و زیادبوونی چڕیان تایبەت نەبوو بە هەموو شار و شارۆچکەیەك، وێڕای چۆڵکردنی ژمارەیەکی زۆری ناحیەکان کە چیتر وەك شارۆچکە بوونیان نەما، ئێمە چەند شارۆچکەیەکی دیکەشمان هەیە کە ژمارەی دانیشتووانیان یان بە رێژەیەکی زۆر کەم زیادیان کردووە کە شیاوی باس نییە یان لە کەمیان داوە. لە (خشتەی ژمارە٨) ئاماژە بە هەندێك لەو شارانە دەکەین.

---

28 هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.

29 گیدنز، هەمان سەرچاوە، ل ٦٠٠.

* بەداخەوە هیچ ئامارێکی ئەو ساڵەمان دەست نەکەوت.

خشتەی ژمارە (٨)

زیادبوونی ناسروشتیی دانیشتووانی هەندێك لە شارەکانی کوردستانی خوارروو لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٨٧

ژمارە	ناوی شار	ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ١٩٧٧	ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ١٩٨٧	ژمارەی دانیشتووانە زیادبووەکان لە دە ساڵدا	ڕێژەی زیادبوون لە ساڵێکدا
١	هەولێر	١٩٣٥٥٨	٤٤٥٩٣٧	٢٥٢٣٧٩	%١١،١١
٢	سلێمانی	١٧٥٤١٣	٣٦٤٠٩٦	١٨٨٦٨٣	%٩،٧
٣	دهۆك	٤٠١٩١	١١٤٣٢٢	٧٤١٣١	%١٦،٧
٤	زاخۆ	٣٠٢٩٩	٦٠٦٥٥	٣٠٤٥٩	%٩،١
٥	چەمچەماڵ	١٣٤٢٣	٥٠٣٠٠	٣٦٨٧٧	%٢٤،٩
٦	کەلار	٩٢٧٤	٦٣١٠٢	٥٣٨٢٨	%٥٢،٧
٧	ئاکرێ	٨١٢٢	١٦٨٢٢	٨٧٠٠	%٩،٧
٨	رانیە	٧٩٣٢	٤٩٩٨٦	٤٢٠٥٤	%٤٨،١
٩	عەنکاوە	٥٧٥٥	١٩٣٤٠	١٣٥٨٩	%٢١،٤

* سەرچاوەکانی خشتەکە
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧.
- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧.

خشتەی ژمارە (٩)
گۆڕانی ژمارەی دانیشتووانی هەندێ شاری دیکەی کوردستانی خوارووی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧_١٩٨٧

ژمارە	ناوی شار	ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ١٩٧٧	ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ١٩٨٧	گۆڕانی ژمارەی دانیشتووان لەیەك دەیەدا	ڕێژەی گۆڕان لە ساڵێکدا
١	قەڵادزێ*	١٣٦٨٥	١٤٤٨٧	٨٠٢	%٠،٤
٢	ڕەواندز	٨٥٨٣	٨٦١٦	٣٣	%٠.٠٢
٣	سەرسنگ	٧٧٦٠	٤٠١٣	-٣٧٤٧	-%٤،٣
٤	ئامێدی	٦٩٤٧	٤٨٧٢	-٢١٧٤	-%٢،٨
٥	تووزخورماتوو	٦٨٨٣	٦٥٦٠	-٣٢٣	-%٠،٣

سەرچاوەکانی ئەم خشتەیە هەمان سەرچاوەی خشتەکەی پێشووترن

* دانیشتووانی شارۆچکەی قەڵادزێ ساڵی ١٩٨٩ ڕاگوێزران.

بەبەراورد کردنی دوو خشتەی سەرەوە دەگەینە دوو ئەنجام: یەکـــەم، هەندێك لە شــارەکان بــە شــێوەیەکی ســەیر پــەرەیان ســەندووە و لــە بەرامبەریشدا هەندێك شــاری دیکــە کــە ژمارەیــان زۆر کــەمترە لــە دەستەی یەکـــەم ژمــارەی دانیشــتووانیان زۆر لــە کــەمی داوە. دووەم، هەندێك شارۆچکە کــە ژمــارەی دانیشــتووانیان زۆر کــەم بــوون لــەم ماوەیەدا بوون بە شاری تەواو وەك چەمچەماڵ، کــەلار، رانییــە ... لــە بەرامبەر ئەمەشدا هەندێك شار کە هەر لە کۆنەوە بە شـــار ناســراون لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو هەر نەمان یاخود زۆر بچـــووك بوونەوە وەك رەواندز، هەڵەبجە، قەڵادزێ، ئامێدی...هتد ئــەم دەســتەیە لە کاتێکدا ئێمە بە باشی هەست بە بچووك بوونەوەیان دەکەین ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ ئەو ئۆردووگا زۆرەملێیانـــەی کــە لــە دوای ساڵی ١٩٨٧ دروستکران. هەموو ئەو شار و شـــارۆچکانەی قــەبارەیان گەورە نەبوو یان رێژەی دانیشتووانیان وەکو پێویســـت زیــادی نــەکرد، وێــڕای ئــەوەی پەیوەندیــەکی زۆریــان بــە راگواســتنی لادێنشـــینانی دەوروبەریانــەوە هەیــە، هــەندێکیان گرفتــی دیکەشــیان هــەبوو وەك ژینگەی سروشتی و تۆبۆگرافییان.

خەسڵەتێکی دیکەی شارەکانی کوردستانی خواروو لــەو ماوەیــەدا، زاڵبوونی کەشێکی پڕ لــە تــرس و نائــارامی بــوو. لــە دوای نســکۆی شۆڕشی کورد ساڵی ١٩٧٥ خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان بە گشـــتی تووشی بێهیوایی بوون، دواتریش زۆری نەخایــەند عــێراق کەوتــە نــاو شەڕێکی گەورەوە لەگەڵ وڵاتی ئێران. شەڕ تا دەهات درێژەی دەکێشا و قوربانییەکانیشی زێتر بوون. بۆیە هەموو پیاوەکان جگە لەوانـــەی زۆر بەتەمەن بوون دەکرا رەوانەی بەرەکانی شەڕ بکرێن. ئــەو شــەڕەی کــە کوردەکان بە پیرۆزیان نەدەزانی، بۆ ئەوان گرنگ نەبوو ئەگــەر عــێراق بیدۆڕێنێت. بۆیە بەشداری کردن لە شەڕێکی لـــەم جۆرەدا جگــە لــە

ترسی مردن و بەدیل گیران، لەڕووی دەروونییەوە زۆر ئازاردەر بوو. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق ـ ئێرانیش لە ماوەیەکی کەمدا عێراق وڵاتی کوێتی داگیر کرد، بۆیەش کەوتە ناو شەڕێکی زۆر گەورەترەوە. جگە لەوەش دامودەزگا حزبی و حکومیەکانی بەعس لەناو شارەکاندا بەردەوام خەڵکیان ئازاردەدا و لە هاووڵاتیانیان دەپێچایەوە، زۆر لەو ئاغا عەشایرانەی کە لە لادێوە هاتبوون بۆ شار ((مەفرەزەی خاسە)) (المفارز الخاصە)یان دەرکرد، ئەم مەفرەزانە لەو شارنشینانەی کە ببوون بە ئەمن و ئیستخبارات میهرەبانتر نەبوون. بۆیە زیادەڕەوی نییە ئەگەر بڵێین ئەو ماوەیە ڕەنگە سەختترین قۆناغی ژیان بوو بێت لە شارەکانی کوردستانی خوارووودا.

هەروەها لەگەڵ هاتنی ئەو خەڵکە زۆرە لە لادێکانەوە بۆ ناو شار، مەگەر بە دەگمەن، دەنا پیشەی هەموویان لە داچاندنی زەوی و مەڕدارییەوە گۆڕا بۆ پیشەی دیکە کە تایبەتن بە شارنشینییەوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەمە بووە هۆی کەمبوونی دەرفەتەکانی کار و زۆربوونی بێکاری یان بێکاری داپۆشراو، چونکە هەموو ئەو بەناو جاشانەی کە نەدەچوون بۆ ڕەبیەکان یان ئەوانەی لە گوندەکانەوە هاتبوون بۆ ناو شار و ئیشێکی وەهایان دەست نەدەکەوت، هەروەها ژمارەی زۆری فیرار و موتەخەلیفەکان هەموویان ئاماژە بە بوونی بێکارییەکی داپۆشراو دەکەن لەو ماوەیەدا. بەڵام ئەوەی ڕێگەی لەوە دەگرت ئەم بێکارییە کێشەی ئابووری دروست بکات ، ئەوەبوو کە ئابووری عێراق بەهێز بوو و خەڵك لە خۆشگوزەرانییەکی ئابووریی ڕێژەییدا دەژیان. هەموو کەسێك دەیتوانی بە ئاسانی ژیانی خۆی بەڕێوەبەرێ. لە خێزانێکی بۆ نموونە هەشت کەسیدا، تەنیا تاکێك لەو خێزانەدا کاری دەستکەوتبا، ژیانی خێزانەکە دابین دەبوو.

لەم ماوەیەدا، شارەکانی کوردستان دووچاری دیاردەیەکی زۆر

بەرچاو هاتن کە دەکرێ بە ((بەلادێیوونی شار)) ناوبنێین. بەلادێیوونی شار بریتییە لە دەرکەوتنی خەسڵەتگەلێکی شێوازی ژیانی لادێییانە لە ناو شارەکاندا. هەڵبەت شێوازی ژیانی شاری و لادێیی لە زۆر رووەوە لێك جیاوازن، وێڕای ئەوەی ئەم جیاوازیانە بەپێی وڵات و شارستانییەت و تەنانەت ناوچە دەگۆڕێن. هەروەها جیاوازی نێوان ژیانی شار و ژیانی لادێ شتێکی جێگیر و نەگۆڕ نییە، بەڵکو هێندە گۆڕاوە و هێندە راڤەی زۆرە کە لێکجیاکردنەوەی ئەم دووانە لە زۆر بارودۆخدا زەحمەتە. هەر چۆنێك بێت ئامادەیی خەڵکی لادێ لە ناو شاردا چ بە خێزانەوە لە وێ نیشتەجێ بن یاخود تەنیا رۆژانە بۆ کار و پێویستیەکانی رۆژانە لە ئۆردووگا و گوندە نزیکەکانەوە سەردانی شاریان کردبێت، بەهاتنیان بۆ شار نەبوون بە شارستانی، بەڵکو چەند کولتووری شار کاریگەریی لەسەر ئەوان هەبوو، کولتووری شار بە کولتووری ئەوان کاریگەر دەبوو، واتە ئەو دوو کولتوورە لە پەیوەندیەکی دیالیکتیکیانەدا بوون.

تاکی شارنشین جیاواز لە تاکی لادێنشین دەژیت، جیاوازی ئەم دووانە، رەنگدانەوەی جیاوازی نێوان کولتوور و وردە کولتووری ئەو دوو ناوچەیەیە، واتە جیاوازی لە بۆچوون و رەفتارەکان و رەنگە لە جلوبەرگ، شێوەزار بەم پێیەش وێڕای ئەوەی کە جیاوازیگەلێك لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە، ئەوان بۆچوون و رەفتاری هاوبەشیشیان هەیە، چونکە هەردووکیان ئەندامی کولتوورێکی گەورەترن.[30] شارەکانی کوردستان ئەو زەمینە پتەوەیان نەبوو بەتایبەتی لەڕووی ئابووریەوە تا بتوانن ئەو ژمارە زۆرەی راگوێزراوان لەخۆ بگرن و ئەو

---

30 جی. بی. جیتامبار، مقدمەای بر جامعەشناسی، ت: احمد حجاران و مصطفی ازکیا، نشر نی، تهران، ۱۳۷۳،ص ۱۰۵.

خەڵکە بکەنە شارستانی. تەنانەت ڕەنگە لـــە هــەندێ بــاردا خەڵکــە شــاریەکە خەســڵەتی گوندیــان هــەلگرتبێ و خەســڵەت و نـــۆرم و بەهاکانی لادێنشینان بەسەریاندا زاڵ بن. وێـــڕای ئـەوەی ڕەگوڕیشـەی شارنشـینی لـە کوردسـتاندا بـۆ ماوەیـەکی زوو دەگەڕێتـەوە، بـــەڵام کولتــووری شارنشــینی و ژیــانی شارســتانیانە بــەردەوام دەگۆڕێـــن و کاریگەر دەبن بەو پێشکەوتن و داهێنانانەی ڕۆژانە سەرهەڵدەدەن و بە زۆر هۆکاری دیکەش. بۆیە لە هەموو شوێنێك و لە هەموو ماوەیەکی زەمەنیدا مەرج نییە هەموو شارەکان پێشکەون، هەندێ کات بۆ دواوە دەگەڕێنەوە.

لادێنشــینەکان بـە هاتنیـــان بـــۆ شـــار پیشـــەکانیان گـــۆڕان، خانووەکانیان گۆڕان و ئەوان کەوتنە ناو چوار دیوارەوە (بــەو مانایــەی کەمتر لە ماڵەوە دەردەچوون)، کەرەستەکانی ماڵەوە یاخود ئەوەی پێی دەڵێن ناوماڵ تارادەیەك گۆڕانی تێکەوت، بەڵام ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و هوشیاری کۆمەڵایەتیان درەنگـــتر گۆڕانــی تێکــەوت و بــە ڕێژەیــەکی کەمتر. بە هاتنیان بـــۆ نـــاو شـــار ڕەز و باخـــەکانیان لەدەســـتدا، بــەڵام ئامــادە نــەبوون بــە ئاســانی دەســت لـــە بـــەخێوکردنی پەلــــەوەر و ئاژەڵــەکانیان هــەلگرن.* بــەلای لادێنشـــــینەکانەوە ئاســـان نـــەبوو پەیوەندیەکانیان زیتر بن بە لاوەکـــی (پـــانوی) و رووکەشـــانە، یـــاخود دابونەریت و بەهاکانیان بگۆڕنەوە بە داب و نەریت و بەها شــاریەکان.

---

* لە ساڵی ١٩٨٥ بەڕێوبەری شارەوانیی هەولێر لە نووسینێکدا وتی: ((هەزار جــار دووپاتی قەدەغەکردنی بەخێو کردنی ئاژەڵ و بەرەلاکردنی مەڕ و ماڵات کراوە و سزاشمان داون ئاژەڵەکانیشمان گل داوەتەوە، چونکە پیسی لە ئەنجامی بەخێوکردنیان و دروســـت کردنی هۆری بچووك لە تەك ماڵیانەوە پەیدا دەبێت)) بڕوانە: تەحسین چیچو و شـێرزاد قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧.

لێرەشدا بە تێگەیشتنی ئۆگبێرن* بۆ کولتوور ئەوان دووچاری دواکەوتنی کولتووری** -Cultural lag- هاتن.

هەروەها دیاردەیەکی دیکە کە لە شارەکانی کوردستانی خوارووداسەری هەڵدا، دەرکەوتنی شێوەزاری جیا جیا بوو لە شارەکاندا. هەڵبەت مەبەستمان ئەوە نییە کە بڵێین ئەم شێوەزارانە زۆر لە یەکتر جیاوازن، مەبەست زێتر ئەوەیە کە بە حوکمی ئەوەی پێش چارەگە سەدەی کۆتایی سەدەی بیست، جۆرە دابڕانێك و بەسەریەکەوە نەچۆنی خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە ئارادا بوو، بە هۆی کۆمەڵێك فاکتەرەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا شێوەزاری هەر ناوچەیەك کەم تا زۆر لە شێوەزارەکانی ناوچەکانی دیکە جیاوازە. لە ناو خەڵکی شارەکانیشدا شێوەزارێك زاڵ بوو کە خەڵکی ناوچەکەی پێ دەناسرانەوە، بەڵام بە هاتنی خەڵکێکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانەوە لەپاڵ ئەو شێوەزارەی لە شارەکەدا زاڵ بوو. شێوەزاری دیکەش هاتنە ناو شارەوە، بەمەش شێوەزارەکان کاریان لەیەکتر دەکرد و ئەمەش هۆیەکی یارمەتیدەر بوو بۆ دروست بوونی زمانی یەکگرتووی کوردی.

---

*ویلیام ئۆگبێرن (W.Ogburn) جەخت دەکاتە سەر رۆڵی داهێنان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، بە رای ئەو داهێنان گەشەسەندنی کولتووری مادی خێرا دەکات. ئەمەش دەلبێتە هۆی ((دواکەوتنی کولتووری))، لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ: د. محمد الجوهري و اخرون، دراسة علم الاجتماع، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، القاهرة ١٩٧٥، ص ٥٠.

**دواکەوتنی کولتووری کاتێك روودەدات کە یەکێك لەو دوو لایەنەی کولتوور کە وابەستەن بە یەکەوە بەر لە لایەنەکەی دیکە و بە رێژەیەکی زێتر بگۆڕێت، بەم شێوەیەش ئەم دوو لایەنە کە پێشتر گونجاوبوون پێکەوە، بە جۆرێك لە نەگونجاوی لە نێوانیاندا دروست دەبێت. بگەڕێوە بۆ: پروین سازگارا، نگاهی بە جامعەشناسی: با تاکید بر فرهنگ، انتشارات کویر، تهران، ١٣٧٧ (١٩٩٨)، ص ٩٦.

هەروەها کۆمەڵناسی ئەمریکی ویلیام ئۆگبێرن یەکەم کەس بوو ئەم چەمکەی خستەڕوو. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٢.

خەسڵەتێکی دیکەی بەلادێبوونی شارەکان کۆبوونەوەی خەڵکی ناوچەیەك بوو لەگەڕەکێك یاخود چەند گەڕەگێکی لێك نزیك و لەوێ بەردەوامی بە ژیانیان بدەن کە لەڕووی دابونەریت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەمان ژیانی لادێ بوو نەك شار، ئەمەش لە گشت شارەکانی کوردستانی خوارووی دیارە، بۆ نموونە لە شاری هەولێر گەڕەك بە ناوی عەشرەتەوە دروست بوون. هەروەها جۆرێکی دیکەی دابەشبوونی دانیشتووان لە شارەکاندا دروست بوو، بۆ نموونە خۆشناوەکان بە زۆری لە گەڕەکی سێتاقانی سەروو، خەڵکی دەشتی بەرانەتی و بەتایبەتی عەشرەتی گەردی لە تەیراوە، خەڵکی دەشتی هەولێر لە گەڕەکی کوران کۆبوونەوە کە ئەو شوێنانە دەروازەی شار بوون بەلای ناوچەکانیاندا، ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤی کورد بەو خاکەوەیە کە لەسەری لە دایك بووە و ئیشی تێدا کردووە.

هاتنی خەڵکی زۆر لە لادێوە بۆ شار لەلایەك و پارێزگاریکردن لە رێژەی زۆری زیادبوونی سروشتی لەلایەکی دیکەوە، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان لە خانووێکدا کۆببنەوە. دوو هۆکار دەستیان لە دروست بوونی ئەم دیاردەیەدا هەبوو: یەکەم لاوازی مەیلی دروست کردنی خێزانی ناوەکی لە لایەن شارنشینەکانەوە. دووەم، خراپی باری ئابووری ئەو لادێنشینانەی دەهاتنە شار، ئەوان هەمیشە نەیاندەتوانی خانوو دروست بکەن یان خانوویەکی سەربەخۆ بەکرێ بگرن. بۆیە چڕی دانیشتووان لە هەر خانووێکدا زیادی دەکرد، واتە زێتر لە بەر لە دەیەیەك.

هەرچەندە لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردووشدا رێژەی خێزانی گەورە لە کوردستانی خوارووودا زۆر نەبوو، بەڵام ئەم رێژەیە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوودا گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوە

نەبینی. واتە زۆر کەمی نەکرد، وێڕای ئەو گۆڕانە زۆرەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لادێنشین و شارنشینەکاندا هات. بۆیە دەتوانین بڵێین جیاوازی پێکهاتەی خێزان لە شارەکان لەڕووی چەندێتییەوە لەگەڵ خێزانی لادێدا جیاواز بوو نەك لەڕووی چۆنایەتیەوە، لە شاریش وەك لە شارە عەرەبیەکان خێزانی گەورە مایەوە لەگەڵ مەیلێکی بەرچاو بەرەو خێزانی ناوەکی.[31] سەبارەت بە دەسەڵاتی خێزان دیسان گۆڕانەکە هێندە بەرچاو نەبوو، باوك ئەوکات و ئێستاش هەر دەسەڵاتی یەکەمی هەیە. بڕیارە گرنگەکان، بە دەگمەن نەبێت، دەنا هەر لە دەستی ئەو و هەندێك جار ئەو و برا گەورە دان، ئەو چەمکەی ((هیشام شەرابی))* بەکاری هێناوە، واتە ((باوکسالاری نوێ)) ڕەنگە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو گۆڕانەی بەسەر سستەمی باوکسالاریدا هاتووە، لە کوردستاندا لە سایەی ئەم سستەمەدا ویستی باوك ویستێکی ڕەهایە.[32] ڕۆڵی ئافرەت هەرچەند زۆر نەگۆڕا، بەڵام باشتر بوو لە جاران، ئەویش لەبەر ئەوەی

31 د. حليم بركات، المجتمع العربي المعاصر، الطبعة السابعة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١، ص ٩٦.

* هیشام شەرابی بە درێژی باس لەو گۆڕانە دەکات کە بەسەر باوکسالاریدا هاتووە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا. دەڵێت: ((لە سەد ساڵی کۆتاییدا گۆڕانێکی گەورە بەسەر کۆمەڵگای عەرەبیدا هاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانە نەبووە هۆی گۆڕینەوەی سستەمی کۆن بە سستەمی نوێ، بەڵکو کۆنەکەی نوێ کردەوە بەبێ ئەوەی لە ڕەگوڕیشەوە بیگۆڕێت، لە ئەنجامی ئەوەشدا باوکسالاری نوێی لێ کەوتەوە. ئەم سستەمە هاوکات بانگەشەی نەریت و مۆدێرنە دەکات)). هەروەها دەڵێت ئەم سستەمە چەندە لە نەریت دوورە هێندەش لە مۆدێرنە. لەم بارەوە بگەڕێوە بۆ : د. هشام شرابي، النظام الابوى واشكالية تخلف المجتمع العربى، ت: محمود شريح، الطبعة الثانية، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٩٣.

32 د. هشام شرابی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتان پێشینەیەکی لادێییانەیان هەیە،* ئافرەتی لادێیش لە دەیەکانی پێشتردا ئازادتر بوو لە ئافرەتی شار. دواتریش ئافرەت لە شار چیتر تەنیا وەك جاران لە ماڵەوە نەمایەوە، بەڵکو ڕێژەیەکی بەرچاویان لە دەرەوە کاریان دەکرد و هەندێکیان ئابووریەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو. ئەو شتانەی کە پێویست بۆ کار لە خێزانە کۆچکردووەکان بۆ شار بکات: پێویستی خۆگونجاندنیان بوو لەگەڵ بارودۆخی نوێ لە ژینگەی شارنشینی، قەرەباڵغی ئەو خانووەی کە خێزانەکە لە شاردا دەستی دەکەوێت، ڕووبەڕووبوونیان لەگەڵ شێوازی ژیانی شارنشینی نوێ، ئەم هەموو پێویستیانەش بەگشتی خەڵکی نوێ هاتووی بۆ شاری ناچار دەکرد بەرە بەرە واز لە شێوازی ژیانی کۆنیان بێنن.

باسی سێیەم: گوندی نوێ لە کوردستانی خوارووودا

مەبەست لە گوندی نوێ ئەو گوندانەن کە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستانی خواروودا ئاوەدانکراونەتەوە، نەك ئەوەی کە دامەزراوەی نوێ و شێوازێکی ژیانی نوێیان هەبێت.**

---

* لە باسی ((خولی ژیانی خێزانی کورد)) کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییەلە شاری هەولێر، نموونەی باسەکە لە ٢٥٠ ئافرەت پێکدێت، ئەم نموونەیە بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە دە گەڕەکی جیاوازی شاری هەولێر وەرگیراوە، دەرکەوتوە کە ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی لە لادێ لە دایك بوونە (٧٤٪) ە، ئەوانەی لە شار لە دایك بووین تەنیا (٢٦٪)ە. لە کاتێکدا ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی تەمەنیان لە چل ساڵ کەمترە ٧٦٪ باسەکە پێکدێنن. بڕوانە: عەبدولحەمید بەرزنجی، خولی ژیانی خێزانی کورد، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٢٥، هەولێر پایزی ٢٠٠٢، ل ٣٩ ـ ٥٣.

** هەرچەندە ئێمە گوندگەلێکی زۆرمان لە کوردستانی خواروودا هەیە کە خەڵکەکەیان ڕاگوێزراون و خانووەکانیان نەتەقێنراونەتەوە. لە هەردوو سەردەمی بەر لە ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین خزمەتگوزاری (ئاوی بۆری، کارەبا، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، شەقامی نوێ...)ی تا ڕادەیەکی باش بۆ خەڵکەکە دەستەبەرکران، ڕەوشی

دوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسی بەعسیەکان لە کوردستانی خوارو، هەندێك لە لادێنشینە راگوێزراوەکان، ئەگەرچی ژمارەشیان کەم بوو، گەڕانەوە گوندەکانیان، لە ناوچە شاخاویەکان بەزۆری بەهەمان بەردەکانی خانووە کۆنە رووخاوەکانیان هەوڵیاندا جارێکی تر خانوو دروست بکەنەوە، بەلاّم لە پێدەشت وەکو جاران بە خشت خانوویان دروست کردن. لەبەر رەوشی زۆر خراپی ئابووری ئەوکات، ئەوانەی کە گەڕابوونەوە نەیانتوانی خانووێك دروست بکەن کە جیاواز بێت لە کۆنە خانووە رووخاوەکانیان، هەم لەڕووی قەبارە و ئەندازەوە و هەمیش لەڕووی کەرەستەکانی بیناسازیەوە.* دیواری ئەم خانووە نوێیانە بە زۆری لە بەرد و قوڕ یان خشت دروست کراون و بانەکانیان بە کاریتە دارەڕادەکران و زۆربەی ئەو بانانەش نزم بوون، هەروەها لە ژوورێك یان دوو ژوور پێکدەهاتن.

خەڵکی ئەم گوندانە دوور لە کارەبا و ئاوی بۆری لە ماڵ، نەبوونی قوتابخانە یان نەخۆشخانەی نزیك درێژەیان بە ژیاندا. دەکرێ بڵێین ژیانی کۆمەلاّیەتی و ئابووری ئەوان لەگەڵ ژیانی پێشوویان واتە، پێش راگواستن، هێندە جیاواز نەبوو. ژیانی نوێیان زێتر لە ژیانی پێش راگواستنیان دەچوو تاکو ژیانی نێو ئۆردووگا کە هەندێکیان زێتر لە

ئابووری و کۆمەلاّیەتی دانیشتووانی لە رەوشی دانیشتووانی گوندە تازە ئاوەدانکراوەکان باشترە، بەلاّم ئێمە لەم باسەدا ئەوانمان بە گوندی نوێ ناو نەبردووە، چونکە مەبەستی ئێمە لە وشەی (نوێ) تەنیا ئەوەیە کە سەر لە نوێ ئاوەدانکراونەتەوە (دوای راپەڕینی ١٩٩١).

* نموونەی ئەم خانوورانە هێشتا لە هەندێك لە گوندە تازە ئاوەدانکراوەکاندا ماون. لەو گوندانەی کە رێکخراوە بیانییەکان کاری خۆیان تێدا چڕ نەکرد و هێشتا خێرو بێری بڕیاری ٩٨٦یش پێیان نەگەیشتووە، هەندێك لە خەڵکی لەو خانووانەدا دەژین، لەو گوندانەش کە خانووی نوێیان بۆ دروست کردوون، بۆ بەخێو کردنی ئاژەڵەکانیان سوود لەو خانووانە وەردەگرن.

ده ساڵ بوو تاقیان دەکردەوە. دانیشتووانی هەندێك لەم گوندانە وەکو جاران هەموویان لە ژوورێك دەخەوتن، ژووری خواردن و خەوتن هەر هەمان ژوور بوو. بە کەر و گا جووتیان دەکرد و زۆربەی هەرە زۆریان ئەوانەشیان نەبوو، پیشەیان بووەوە بە مەڕداری (بەڵام ژمارەی ئاژەڵەکانیان لە جاران کەمتر بوون) و داچاندنی زەوی. شەوچەرە، سەرکانی ژنان، کاری زۆر و بەردەوام ... تاڕادەیەك هەموو ئەمانە لەو ماوەیەدا زیندوو بوونەوە.

دواتر (دوای دوو سێ ساڵ یان زێتر) لەبەر بەرەو خراپتر چوونی ڕەوشی ئابووری وڵات، هەروەها بێزاربوونی خەڵك لە ژیانی ئۆردووگاکان، جۆرێك لە کۆچی پێچەوانە (لە ئۆردووگاوە بۆ گوند) بە شێوەیەکی بەرفرەوانتر لە کوردستانی خواروو روویدا. ئەم کۆچە، کۆچێکی زۆرەملێ نەبوو، بەڵکو لە زۆر باردا کۆچێکی ناچاری بوو، لە کەم حاڵەتیشدا کۆچێکی ئیرادی بوو، چونکە وێڕای ئەوەی خەڵکێك بەبێ ئەوەی زۆریان لێ بکرێت یان گوشارێکی سیاسیان لەسەر بێت، گەڕانەوە بۆ گوندەکانیان و دەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوەیان. ئەوان بۆ شوێنێك گەڕابوونەوە کە نە قوتابخانە، نە نەخۆشخانە، نە کارەبا و لە هەندێك حاڵەتیشدا جادەیەکی وەهایان نەبوو کە شیاوی باس بێت. ئەگەر ناچاری نەبوایە ئەوان بەو شێوەیە بۆ ئەوێ کۆچیان نەدەکرد، هەرچەند زێدی خۆشیان بێت. ئەوەی کە ئەوانی ناچارکرد کۆچ بکەن، کۆمەڵە هۆکارێك یان پاڵنەرێك بوون لەوانە: خراپی باری ئابووری لە ئۆردووگاکان (پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە لەو ماوەیەدا - دوای راپەڕین - ڕەوشی ئابووری ئۆردووگاکان لە ڕەوشی ئابووریی دانیشتووانی شار و لادێکان خراپتر بوو)، کەمی دەرفەتەکانی کار، خراپی خزمەتگوزاریەکان، دەسپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە نێوان حزبە کوردستانییەکاندا، هاندانی دەسەڵاتی کوردی بۆ ئاوەدانکردنەوەی

گوندەکان، دەکرێ ئەوانە بە هۆکاری پاڵپێوەنەری کۆچی پێچەوانە ناو بنێین. چەند هۆکارێکی دیکەش هەبوون کە پەیوەندیان بە ژینگە و هەلومەرجی گوندەکانەوە هەبوو و سەرنجی کۆچکردووەکانیان رادەکێشا لەوانە: بوونی زەوی کشتوکاڵی بەو هیوایەی لەوێ بەروبومێکی کشتوکاڵیان دەسکەوێت و لەمەترسیی برسێتی رزگاریان دەبێت، دوورکەوتنەوەیان لە مەترسی شەڕی براکوژی کە تەڕ و وشکی دەسوتاند، بوونی بیرەوەری خۆشی ژیانی رابردووی گوند لە یادەوەری راگوێزراوەکاندا، یارمەتی و هاوکاریی رێکخراوە مرۆییە بیانییەکان بۆ لادێنشینان.*

هەر وەك چوون هەموو ئۆردووگاکان یەك فۆرم، یەك قەبارە و شێوەیان نەبوو، گوندەکانیش بە هەمان شێوە لەگەڵ ئاوەدانبوونەوەیان لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ فرە جۆرترن و بە هیچ شێوە ئێمە یەك شێوەی گوندمان نییە کە بگشتێنین و بڵێین گوندی کوردی بە تەواوی بەم شێوەیەیە، جیاوازی نێوان گوندەکان بە پێی ناوچە جیاوازەکان دەگۆڕێت، ئەمە لەڕووی قەبارە و شێوەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گوندمان هەیە خزمەتگوزاری کەمی پێ گەیشتوون کە شیاوی ئاماژە پێ کردن نین، گوندیشمان هەیە زۆربەی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی

---

* بەشێکی ئەم خێزانە گەڕاوانە (بەتایبەتی لە ناوچە سەر سنوورییەکان) بوون بە دوو خێزان، یەکێکیان لە گوند و ئەویتر لە ئۆردوگا، کۆمەڵێکی دیکەی ئەو خێزانانە تەنیا لە زستاندا دەبوون بە دوو خێزان، ئەویش بۆ ئەوەی خوێندنی منداڵەکانیان نەفەوتێت، چونکە لە گوند قوتابخانە نەبوو. دواتریش هەندێك لەو کۆچکردووانە لە گوندەوە گەڕانەوە ئۆردووگاکان و وازیان لە ژیانی گوند هێنا، ئەویش لە بەر: شەڕی حزبە کوردییەکان بە تایبەتی pdk ، puk، pkk ، هەروەها لەبەر خراپی خانووەکانیان کە بەرگەی بەفر و بارانی کوێستانەکانیان نەگرت، باشتر بوونی رەوشی ژیانی ئۆردووگاکان لە دوای بڕیاری ٩٨٦ و کەمی خزمەتگوزارییەکان لە گوند.

بۆ رۆیشتوون. سەرەڕای ئەوەش ئەم جیاوازیە نابێتە هۆی ئەوەی رەگەزگەلێکی گشتی لە نێوان زۆربەی گوندە نوێکاندا نەبینینەوە و بە هۆی خەسڵەتگەلێکەوە لە ژیانی دانیشتووانی گوندەکانی حەفتاکان و هەروەها ئۆردووگاکان جیانەکەینەوە.

ئەو خانووەی ئێمە لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بە دروست کردنی لە لایەن گەڕاوەکانەوە کرد (ئەو خانووەی لە سەر شێوەی خانووی کۆنە)، هەرچەند لە ناوچە شاخاویەکاندا ژمارەیان کەم بوو، بەڵام بەرەو کەمتریش رۆیشتوون، چونکە دوای ئەوەی خەڵکی زێتر گەڕانەوە گوندەکان و دەستیان بە کار کرد، لەپاڵ داچاندنی زەوی و بەخێوکردنی ئاژەڵان ژمارەیەکی زۆری لادێنشینەکان بە پیشەیەکی دیکەشەوە خەریك بوون، بەمەش رەوشی ئابووریان بەرەو باشتری چوو، بەرە بەرە هەوڵیاندا خانووەکانیان گەورەتر بکەن و زێتر بایەخ بە جوانکاریەکەی بدەن. لە زۆر لە گوندە تازە ئاوەدانکراوەکانیشدا رێکخراوە بیانییە مرۆییەکان راستەوخۆ دوای راپەڕین لە ناوچە جیاجیاکاندا ئەرکی دروست کردنی خانووی هەندێك لە هاووڵاتیان یاخود بەشێکی ئەرکەکەی وەك بەخشینی بەشێکی کەرەستەی خانووبەرە پێیان، لە ئەستۆ گرت. بە دەرچوونی بڕیاری ۹۸۶ی نەتەوە یەکگرتووەکان (نەوت بەرامبەر خۆراك)، هەم رەوشی ئابووری لادێنشینان هاوکات لەگەڵ رەوشی دانیشتووانی شار و ئۆردووگاکان بەرەو باشتری چوو، هەمیش رێکخراوەکانی سەر بە UN لە بوارە جیاوزاەکاندا خزمەتگوزاری جیاجیایان پێشکەش بە ژمارەیەك دانیشتووانی گوندەکان کردن بەجۆرێك کە ئەو گوندانەی یارمەتیان درا لەڕووی خزمەتگوزاریەکانەوە بە تەواوی لە گوندەکانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو جیاوازن، جیاوازیەکەش بە رادەیەکە کە بە زەحمەت دەشێ بەراورد بکرێت. بەڵام لە پێدەشتدا (بۆ نموونە دەشتی

هەولێر) ئەو خانووەی لەسەر شێوەی خانووی کۆن دروستکرایەوە ڕێژەی زۆر زێترە لەو خانووەی بە شێوەی جیاواز لە جاران دروستکرا. هەروەها کەرەستەی بیناکردنیش لەم جۆرە گوندانەدا بەزۆری خشتە و کەمتر پەنایان بۆ بلۆك بردووە. ڕێکخراوە NGO یەکانیش کەمتر هاوکاری خەڵکی ئەم لادێیانەیان کردووە. لەلایەکی تریشەوە دەرفەتەکانی کارکردنیش لەبەردەم دانیشتووانی ئەم لادێیانەدا کەمتر بوون. وەکو دیاریشە ئەو خەڵکەی گەڕاوەتەوە ئەم گوندانە زێتر خەڵکێکی هەژار بوون، بەپێچەوانەی ناوچە شاخاویەکان کە تەنیا هەژارەکان نەگەڕانەوە. بۆیە گوندی نوێی پێدەشت زێتر لە گوندی کۆن دەچێت.

یەکەم شتێك لە گوندی ناوچە شاخاویەکادا کە لە گوندە شەترەنجیەکان (ئۆردووگا) وەرگیراوە، نەخشەی خانووە،* خانوو لە گوندی نوێدا، هەڵبەت نەك هەموو خانووێك بەڵکو زۆریان (ئەوانەی ئێمە بینیومانە) بەتایبەتی ئەوانەی پێش بڕیاری ۹۸٦ دروست کراون لە سەر نەخشەی خانووی ئۆردووگا یاخود نەخشەیەکی نزیك لەوەوە دروست کراون. ئەو خانووانەی درەنگتر دروستکران یاخود خەڵکێك دروستی کردن کە باری ئابووریان باشتر بوو، دەکرێ بڵێین لەڕووی گەورەیی و کاری ئەندازەییەوە خانووی گونجاو بوون. هەروەها کەرەستەی خانووی گوندی نوێ جگە لەو خانووە سەرەتاییەی یەکسەر لە دوای ڕاپەڕین دروست کرا، زۆربەی هەرە زۆری خانووەکان بەرد و گەچ، بەرد و چەمەنتۆ یاخود بلۆکی کۆنکریت و چەمەنتۆ بوون، زۆر کەمیش کەرپووچ تیایاندا بەکار هاتوون. هەروەها چیتر داری مازوو یان بەڕۆ لە دارەڕاکردنی خانوودا بەکار نایەت، ژمارەیەکی بەرچاوی بانی خانووی گوندەکانیش کۆنکریتن، ئەگەر بانەکانیان خۆڵیش بن

---

* ئەم دیاردەیە تایبەتە بەو ڕاگوێزراوانەی لە ئۆردووگاکاندا نیشتەجێ کران.

ئەوا یان حەسیر یان تەنەکە تیایدا بەکار هاتووە. دیواری خانووەکان وەك جاران نزم نین یاخود پەنجەرەیان کەم نییە و پەنجەرەکانیش بچووك نین.

لەم ساڵانەی دوایی بە هۆی پرۆگرامی نەوت بەرامبەر خۆراك، کۆمەڵێك خانووی بە کۆمەڵ لە شوێنە جیاجیاکان دروستکران، ئەم خانووانە ئەگەرچی لەڕووی قەبارەوە خانووی گەورە نین، بەڵام لەڕووی کەرەستە و کاری هونەری و ئەندازەییەوە نموونەیین و ئێمە لەو بڕوایەدا نین پێشتر لە گوندی کوردیدا بەو شێوەیە بایەخ بە خانوو درابێت بەتایبەتی لەڕووی کاری ئەندازەییەوە. هەمدیس لەم خانووانەدا خزمەتگوزاریەکانی وەك کارەبا، کەرەستەی تەندروستی ... لەبیر نەکراون. بۆیە لە بارەی خانووی گوندی کوردیەوە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین چ لەڕووی قەبارە و کاری ئەندازەییەوە بێت یاخود لەڕووی کەرەستەی بیناسازی، خانوو لە گوندا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و زۆر لە خانووی حەفتاکانی سەدەی رابردوو جیاوازە.** وێڕای ئەوەش بە پێچەوانەی ماڵی پێش چارەگە سەدەیەکی گوندی کوردی، ئەمڕۆ خانووەکان لە گوند کەلوپەلێکی زۆر زێتر لە جاران لە خۆیاندا جێ دەکەنەوە و کەلوپەلەکانیش هەمووی سادە نین، یاخود تەنیا پێویستیە بنەڕەتیەکان نین.

دیاردەیەکی دیکە لە گوندی نوێی کوردیدا ئەوەیە کە ئەو گوندانەی هەندێك دوور بوون لە شەقامی سەرەکی، دانیشتووانیان لە جیاتی ئەوەی هەوڵبدەن جادەیەك بۆ گوندەکەیان بکەنەوە، لە شوێنە

** مەبەست لێرەدا خانووی ئەو گوندانەیە کە رێکخراوە ((NGO)) کان بەچڕی کاریان بۆ ئاوەدانکردنەوەیان کردووە. حزبە کوردیەکانیش (PUK . PDK) رۆڵیان هەبوو لەوەی رێکخراوەکان چالاکیەکانیان لە هەندێ ناوچەدا چڕبکەنەوە.

بەرزەکان هاتوونەتە خــوارەوە و خۆیــان لــە شــەقامی ســەرکی نزیــك کردووتەوە. نزیکی لە شەقامی ســەرەکی پێویســتیەکی ژیانیــان بــوو نەدەکرا چاوپۆشی لیّ بکەن. بۆ گۆڕینی شوێنی گوندەکەش ســیّ شــت یارمــەتیدەر بــوون: یەکــەم، نــەمانی ئــەو هۆکــارەی کــە هــانی لادێنشــینەکانی دەدا شــوێنی ســەخت و شــاراوە بــۆ شــوێنی گونــد هەڵبژێرن. دووەم، ئاســانی گواســتنەوەی ســەرچاوەی ئــاوی گونــد بــۆ شوێنێکی نزمتر لە شــوێنی گونــدی کــۆن. ســێیەم، هەســتکردن بــە پێویستی خۆنزیککردنەوە لە شــەقامی ســەرەکی، چونکــە بــە نزیــك بوونەوەیان لە شەقامی سەرەکی زۆر لە کارەکانیان ئاساناتر جێبــەجیّ دەبن. هەروەها ئەگەرچی لادێنشــینەکان ئــەمڕۆش بــۆ هــەندێك کــار پێویستیان بە راگرتنی ولاخ مابێت، ژمارەیــەکی خــەڵکی لادیّ کــەر، ئێستر یان ئەسپ بەخێو بکەن، ئەوە مانای ئەوە نییە کــە لــە بایــەخی ئوتۆمبێل کەم دەبێتەوە. تەنیا چەند پێویستیەکی کەم و سنووردار بــە ولاخ جێبەجیّ دەبن. بۆیــەش رەنگــە هــیچ گوندێکــی بچووکیــش لــە کوردســتانی خــواروودا نــەبێت ئوتۆمبێلــی لیّ نــەبێت. نــەك تــەنیا ئوتۆمبێلی وەك تەراکتۆر و تۆیۆتا کە زێتر ئوتۆمبێلــی عەمــەلین بــۆ گوند، بەڵکو هەموو جۆرە ئوتۆمبێلێکی نەفەر هەڵگری بچووکیــش کە ئەمڕۆ لە شارەکان هەن لە هەندیّ لادیّ دەسدەکەون.

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووان و چڕی لە گوندی نوێدا دەتوانــین بڵێین ئەم لایەنە، رەنگە تاکە شتێك بێت لە گوندی نوێدا کــە لەگــەڵ گوندی کۆن جیاوازیەکی زۆری نــەبێت. وێــڕای ئــەوەی دانیشــتووانی کوردستانی خواروو لە سیّ دەیەی کۆتاییدا بە بەراورد لەگــەڵ پێشــتر ژمارەیان زۆر زیاد بووە، شار و شارۆچکەکانی ئەمڕۆ بە بەراورد لەگەڵ شاری حەفتاکان لە رادە بەدەر گەورە بووین، هەروەها ئۆردووگاکان لــە هەموو لایەکیانەوە پەلۆپوو دەهاوێن، ســەبارەت بــەو گوندانــەش کــە

دانیشتووانیان بەر پەلاماری ڕاگواستن نەکەوتن، زۆر چڕترن لە جاران، بەڵام گوندە نوێکان زۆربەیان لەڕووی چڕی دانیشتووانەوە زۆر زیادیان نەکردووە. ئەمەش لە بەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی زۆربەی لادێکان گەڕاونەتەوە، چونکە لەلایەکەوە دەرامەتی هەر گوندێک سنووردارە، بەتایبەتیش کە زێتر پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، بەشی خەڵکێکی زۆر ناکات. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئەو گوندانە لە ژینگەی نوێیاندا بەبۆنەی پیشەی نوێیان و هەندێك بابەتی دیکە وا بە باش دەزانن کە بە ئێکجاری یان بەلای کەمەوە لەم بارودۆخەی ئێستادا نەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان. بەڵام لەبەر ئەوەی خانووەکانی ئەمڕۆ بەگشتی قەبارەیان گەورەترە لە خانووە کۆنەکان هەروەها چیتر وەك جاران ناچار نین لە نزیك سەرچاوەی ئاوەوە لەپاڵ یەك دروست بکرێن، قەبارەی گوند گەورەتر و خانووەکان پەرت و بڵاوترن، بەڵام دیسان چونکە ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان لە زۆربەی گوندەکاندا کەمە، ئەو جیاوازیە (قەبارەی گوندی نوێ و کۆن) هێندە زۆر نییە.

دەکرێ بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە خاڵێکی وەرچەرخێنەر لە ژیانی هەندێ لە لادێنشینە کوردەکان لە کوردستانی خوارووداا لەقەڵەم بدەین. لە ئەنجامی ئەو بڕیارەوە قوتابخانە و بنکەی تەندروستی زۆر لە گوندەکان دروستکران، هەروەها گەلێك پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ کرانەوە. هەرچەند لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا جادەی عەسکەری گەیشتە لوتکەی زۆر لە چیا بەرزەکان، بەڵام جادە بۆ زۆر لە گوندەکان تا بەم دواییانەش نەچوو بوو، لە ئەنجامی ئەم بڕیارەدا جادەی زۆر گوند کرایەوە. کارەبا کە پێویستیەکی ئەم سەردەمەیە یەکەم جار بەهۆی ((موەلیدەی کارەبایی بچووك)) لە ڕێی هەندێك خێزانی خوشگوزەرانەوە چووە ناو زۆر لەو گوندانەی کە تا ئەو کات کارەبایان نەبینیبوو. بە هۆی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەوە

موەلیدەی کارەبایی تاڕادەیەك گەورە بەسەر زۆر لە گوندەکاندا دابەشکران.

ناکرێ بە هیچ شێوەیەك رۆڵی کارەبا لە ژیانی لادێنشینان و دروست کردنی گۆڕان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیاندا پشت گوێ بخەین. تەلەڤزیۆن زۆرترین کاریگەری هەبوو لە هاتنی کارەبا بۆ گوند، بە دەستەواژەیەکی دیکە تەلەڤزیۆن هۆی گەیشتنی کارەبا بوو بۆ یەکەم جار لە زۆر لە گوندەکاندا. وێڕای ئەوەی کارەبا و رووناکی سیمایەکی تازە بە گوند دەبەخشن و سەرنج راکێشن، بەڵام زێتر تەلەڤزیۆن یان باشتر بڵێین سەتەلایت بوو نەك رووناکی رۆڵی گەورەی گێڕا لە گەیشتنی کارەبا، سەرەتاش لەڕێی موەلیدەی بچووکەوە. سەتەلایت هەر زوو جێگەی چیرۆك و سەربوردە کۆنەکانی بەرئاگردانی کوردەواری گرتەوە، خەڵکی لادێ لە جیاتی ئەوەی وەك جاران لە دیوەخانێك کۆببنەوە، لە ماڵێکا کۆدەبوونەوە کە سەتەلایتی هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی بە هۆی بڕیاری ۹۸٦ وزەی کارەبا گەیشتە زۆر لە گوندەکان و باشتر بوونی باری ئابووری گوندنشینان، ژمارەی سەتەلایتەکان لە هەندێك لە گوندەکان نزیکەی ژمارەی ماڵەکانی گوندەکانی لێهات،* دواتریش زۆربوونی ئامێرەکانی CD لەپاڵ رادیۆ و ستریۆدا، لە ئەنجامی هاتنی ئەم ئامێرانە و هەندێك هۆی دیکە نەك تەنیا کۆبوونەوەی لادێنشینەکان شەوانە لە یەکێك لە ماڵەکاندا کەمبووەوە بەڵکو سەردانی لادێنشینانی زوو زوو بۆ ماڵی یەکتر بەرەو کزی رۆیشت، هەڵبەت کەمبوونەوەی ئەم کۆبوونەوە و سەردانانە

---

* ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ژمارەی سەتەلایتەکان لە هەندێك لە گوندە سەر سنووریەکان و ناو شاری هەولێر بکرێت، بە مەرجێك رەچاوی ژمارەی خێزانەکان لەو بەراوردەدا بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ژمارەی سەتەلایتەکان لەو گوندانە زیاترەبن وەك لە شاری هەولێر.

کاریگەری بەرچاوی لەسەر پەیوەندی هاوگوندیەکان هەیە.* رەنگە ئەمە یەکێك لەو هۆکارانەش بێت کە ئێمە ئەمڕۆ کەمتر شایەدی هاوکاری و کاری هەرەوەزین لە گوندە نوێکاندا.

ژیان لە ئەمڕۆی گوندی کوردیدا وەك جاران سەخت نییە، لادێنشینان وەك جاران رووت و رەجال و برسی و چەوساوە نین. هەروەها بە گەورە و گچکەوە وەکو پێشان مێروولە ئاسا خەریکی کار و بزاڤ نین، دەگمەنن ئەوانەی جووت بە کەر و گا یاخود ئامێرە سەرەتاییەکان دەکەن، یان بە شێوەی جاران زەوی دەکێڵن و مەڕ و ماڵات بەخێو دەکەن. ئەمڕۆ لادێنشینان لە ژیانیاندا تەنیا پشت بە مەڕداری یاخود داچاندنی زەوی نابەستن، لەپاڵ ئەوەدا کە زۆربەیان مانگایەك یان چەند سەر مەڕ و بزنێك بەخێو دەکەن و چاودێری چەند دار و درەختێك و هەندێك بەروبوومی کشتوکاڵی دەکەن، سەرقاڵن بە پیشەیەکی دیکەی وەك شوفێری، دوکانداری، فەرمانبەری...هتد. هەروەها بەشێکی خەڵکی لادێکان هێندە خۆیان بە بەروبوومە خۆماڵیەکانی دیکەی وەك تەماتە، باینجان، سەوزە و میوەوە خەریك ناکەن، چونکە بەبێ ماندووبوون و بە نرخێکی گونجاو دەستیان دەکەون. لە دوای بڕیاری ۹۸٦ رۆژ لە دوای رۆژ لادێنشینان لە ناوچە شاخاویەکاندا پشت لە داچاندنی زەوی دەکەن و بەگشتی زۆر کەمتر لە جاران

---

* رێبوار سیوەیلی لە وتارێکی درێژدا بە ناوی ((وردە مێژوو: حەکایەتی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان))، بە درێژی پەرژاوەتە سەر کاریگەری رۆڵی ئامێرە تەکنەلۆژیەکانی وەك رادیۆ، کامێرای کۆداك، کامێرای ڤیدیۆ... لەم وتارەدا باس لە رۆڵی ئەم ئامێرانە دەکات لە دروست کردنی گۆڕان لە شێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو وێنانەی لە زەینی تاکەکاندا بوون. بەڵام ناوبراو کەمتر ئاماژەی بە رۆڵی تەلەڤزیۆن کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە لە بایەخی ئەو باسە کەم ناکاتەوە، بەوەی کەتوانیویەتی تیشك بخاتە سەر ئەم لایەنەی مێژووی کۆمەڵگاکەمان کە ئەوانی دیکە فەراموشیان کردووە. لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: رێبوار سیوەیلی، دنیای شتە بچووکەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ۱۹۹۹، ل ۱۸۳ ـ ۲۱٤

خەریکی کاری کشتوکاڵین.

کەمبوونەوەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە دیاردەیەکی بەرچاوی دیکەیە لە گوندی نوێی کوردیدا. ئەگەرچی لادێنشینان ئەمڕۆش هەموویان ئاژەڵ بەخێو دەکەن، بەڵام ژمارە و جۆری ئەو ئاژەڵانەی بەخێو دەکەن بەتایبەتی مەڕ و بزن و ڕەشەولاغەکان زۆر لە کەمی داوە و وەك جاران ئێواران مێگەلە مەڕ ڕێچکە نابەستن بۆ گوند و پێشوازیکردن لە بێریەکان، بەمەش چیتر هەموو پیاو و ئافرەتێکی گوند لە قۆناغێکی تەمەنیدا نابێت بە شوان یان بێری.

ئەمڕۆ دەسەڵات لە گونددا بە شێوەیەکی جیاواز لە گوندەکانی جاران یاخود ئۆردووگا زۆرەملێکاندا دەردەکەوێت. لە دوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان زۆر کەم لە ئاغاکان یاخود دەولەمەندەکان گەڕاونەتەوە، بەڵکو لە شارەکاندا نیشتەجێ بوون. ئەو ئاغایانەی کە گەڕاونەتەوەش وەك جاران دەسەڵاتیان بەسەر تاکەکاندا ناشکێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئاغایە دەسەڵاتێکی حزبی یان عەسکەری لە یەکێك لە حزبە دەسەڵاتدارەکانیشدا هەبێت. ئاغاکان ئەمڕۆش بە شێوەی جاران لە خەمی کۆکردنەوەی پارە و پول دان و هەموو هەوڵێکیان رووەو ئەوەیە لە دەسەڵاتیان زیاد بکەن، بەڵام میکانیزمی گەیشتن بەو مەبەستە گۆڕاوە، بە شێوازی کاری جاران ئەوان هەرگیز بەو مەبەستەیان ناگەن، چونکە چەوساندنەوەی جووتیارێك یان دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری لادێنشینەکاندا هەم ئاسان نییە و هەمیش بۆ ئەو وەك جاران سوودی نییە، بۆیە ئەوان کەمتر پەنا دەبەنە بەر کاری وا و خەریکی کاری دیکەن، لە هەموو کارێکیش زێتر رەنگە بەلێندەرایەتیان هەلبژارد بێت.

ئینتیمای حزبیش هەندیك جێ پێی ئینتیمای خێڵەکی لەق کردووە. وێڕای ئەوەی کە هەر خێڵێکی کوردی زێتر خۆی داوەتە پاڵ

حزبێك، بەڵام دەگمەنن ئەو خێڵانەی بەگشتی خۆیان دابێتە پاڵ یەکێك لە حزبەکان. هەندێك لە ئەندامەکانی خێڵێك کەوتوونەتە جەمسەری دژی خێڵەکەیان بەوەی کە ئینتیمایان بۆ حزبێکی جیا لەو حزبە هەیانە کە خێڵەکە خۆی داوەتە پاڵ، بەو پێیەی کە حزبەکانمان زێتر وەك دژ نەك وەك هاوکار و هاوخەبات مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن.

ئەوەی زۆر گۆڕاوە پەیوەندی نێوان شار و لادێیە. لە بەشی دووەمی ئەم تۆژینەوەیەدا ئاماژەمان بەوە کردووە کە لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو یاخود پێشتر زۆربەی گوندەکانی کوردستان کیفایەتێکی زاتی (خودکەفایی) یان هەبوو. واتە زۆربەی ئەو شتانەیان بەرهەمدەهێنا کە پێویستیە سەرەکیەکانی ژیانیان بوون. هەر بۆیە لادێنشینەکان ناچار نەبوون بۆ دابین کردنی پێداویستیە رۆژانەییەکانیان سەردانی شار بکەن، چونکە تەنانەت جلوبەرگ و پێڵاویشیان هەر لە گوند بەرهەم دەهێنا. لادێنشینان وێڕای کشتوکاڵ و مەڕداری خۆیان بە پیشەگەلێکی دیکەوە خەریك دەکرد، ئەو پیشانەش بەرهەمیان لێ دەکەوتەوە و بۆ فرۆشتنی ئەو کەلوپەلە بەرهەم هاتووانەش سەردانی شاریان دەکرد. ئەوەی زۆر پێویستیان پێ بوو و لە گوند دەستیان نەدەکەوت کەلوپەلێکی کەمی وەك شەکر، چا ... هتد بوون. واتە شار بەوەی زێتر بەکاربەری کەلوپەلە بەرهەم هاتووەکانی لادێنشینان بوو نەك دابین کەری زۆربەی پێویستیەکانی لادێ، لە توانایدا نەبوو گوندەکان بکات بە پاشکۆی خۆی و فەرمانڕەواییان بەسەردا بکات. *هەر لەگەڵ دروست بوونی گوندە شەترەنجیەکان و دواتریش گوندی نوێ، پەیوەندیەکە گۆڕا و گوند بوو بە پاشکۆی شار و شار وەك ئیمپراتۆریەت هەڵسوکەوت لەگەڵ لادێکانی دەوروبەری دەکات، چونکە ئەمڕۆ نەك گوندەکان خودکەفا

---

* دەربارەی پەیوەندیی نێوان شار و لادێ، بگەڕێوە بۆ: فرنان برودل، هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٧ ـ ٥٠١.

نین و بەژداری لە گەشەسەندنی شارەکاندا ناکەن، بەڵکو بە هیچ شێوەیەك توانای دابین کردنی پێداویستیە ڕۆژانەییەکانیشیان نەماوە. بۆ هەموو پێویستیەك و بۆ زۆربەی کارەکان ناچارن ڕوو لە شار بکەن، بەمەش دەسەڵاتی شار بەسەر لادێدا دەشکێ و پەیوەندی نێوانیان تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانە بۆتەوە.

بە هۆی مانەوەی لادێنشینان بۆ ماوەیەکی تارادەیەك درێژ لە ئۆردووگاکان، تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی دیکە، زۆری ئامرازەکانی پەیوەندی، بەربڵاوی هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن، هاتنی ئامێری تەکنەلۆژی نوێ بۆ ناو ژیانیان ... کاریگەریەکی زۆریان لەسەر ژیانی لادێنشینەکان هەبوو و ئاکامەکانی ئەو کاریگەریەش لە جۆری جلوبەرگی بۆ نموونە منداڵ و گەنجەکان، شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتار، جۆری خواردنەکان، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، دابونەریت و بەهاکاندا دەردەکەوێت.

لە ئەنجامی هەموو ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، ئێمە تاکێکی لادێیی جیاوازمان هەیە لە تاکەکەسە لادێنشینەکانی پێش دوو سێ دەیە، تاکەکەسی لادێیی چیتر وەك جاران مرۆڤێکی دەست و پێ سپی و خاوەن کەسایەتیەکی سادە و ساکار نییە. چیتر ناکرێ وەك کەسانێکی بێ ئاگا و ناهوشیاری دوور لە شارستانییەت و ژیانی نوێ لێی بڕوانین. هێشتا جیاوازی هەیە لە نێوان کەسایەتی شارنشین و لادێنشیندا، لە نێوان قەرەباڵغی شار و هێمنی لادێ، لە نێوان وردە کولتوورە جیا جیاکانی شار و وردە کولتووری لادێدا، بەڵام هەموو ئەم جیاوازیانەی لە نێوان شار و لادێی کوردیدا هەن لەمڕۆی کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی خوارروودا، جیاوازی نێوان لادێنشینێك و شارنشینێك زۆر کەمترە لە جیاوازی نێوان لادێنشینێك و شارنشینێکی پێش سێ دەیە. ئەم دوو گروپە بە هۆی کۆمەڵێك فاکتەری جۆراوجۆر جاران زۆر لێکجیاوازتر بوون وەك لە ئێستا.

بەشی شەشەم

خستنەڕوو و راڤەی خەسڵەتە گشتیەکانی تۆژینەوە

باسی یەکەم: خستنەڕووی خەسڵەتە گشتیەکانی نموونەکە

لەم باسەدا هەندێك لە خەسڵەتە گشتیەکانی نموونەی تۆژینەوەکە دەخرێنەڕوو، بەو مەبەستەی باشتر روونببێتەوە نموونەی تۆژینەوەکە هەڵگری چ خەسڵەتگەلێکە و تایبەتمەندیەکانی چین، چونکە ئێمە لەو بڕوایەداین دەستنیشانکردنی خەسڵەتە گشتیەکان یارمەتیمان دەدات لە ناسینی هەلومەرجە جیاوازەکانی نموونەکە و دەردەکەوێت نموونەکە چەندە گوزارشت لە کۆمەڵگای تۆژینەوە دەکات. لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا لێکۆڵەر هەوڵدەدات ئەو خەسڵەتە گشتیانە بخاتەڕوو کە بە پێویستیان دەزانێت بۆ ناسین و زانینی هەلومەرجی نموونەکەی، نەك هەموو خەسڵەتێکی گشتی.

ئێمەش لەم تۆژینەوەیەدا ئەو خەسڵەتانەمان بەرچاو خستوون کە بە پێویستمان زانیون، ئەوانیش بریتین لە: رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، باری ئابووری، باری کۆمەڵایەتی، ساڵی راگواستن، شوێنی نیشتەجێبوون، جۆری پیشەی نموونەکە پێش راگواستن و دوای راگواستن.

١- پێکهاتەی رەگەز

پێکهاتەی رەگەز یەکێکە لەو خەسڵەتە گشتیانەی تۆژەران جەختی

لەسەر دەکەنەوە. مەبەست لە پێکهاتەی رەگەز لەم خشتەیەدا دابەشکردنی نموونەی توێژینەوەکەیە بۆ دوو رەگەزی نێر و مێ.

لە خشتەی ژمارە (١٠) دا، کە تایبەتە بە رەگەزی نموونەکە دەردەکەوێت کەوا ٢١٣ کەس لە کۆی ٣٠٠ کەس بە رێژەی ٧١٪ لە رەگەزی نێرن و ٨٧ کەسیش بە رێژەی ٢٩٪ لە رەگەزی مێن. هەروەك دیارە جیاوازیەکی بەرچاو لەنێوان رێژەی دوو رەگەزەکەدا هەیە، دەکرێ ئەمەش لە روانگەیەکەوە بە کەموکورِیەکی باسەکە لەقەڵەم بدرێت. ئەو کۆمەڵناسانەی لە راڤەکانیاندا پشت بە تیۆری کۆمەڵناسیی فیمینیستی دەبەستن، کۆمەڵناسی بەوە تاوانبار دەکەن کە زانستی رەگەزی نێرە و هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا بایەخ بە حەز و ویست و کێشەکانی ئەو رەگەزە دەدات.[1] بێگومان دەکرێ گومانیان لە هەموو ئەنجامەکانی ئەم باسەش هەبێت ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە لێی بروانن. هەرچەند دەمانویست رێژەکان لە یەکترەوە نزیك بوونایە و هەوڵیشمان لەو بارەوە دەدا، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی نەریتخوازدا بە زەحمەت دەکرێ ئەو هاوسەنگیە رابگیرێت.

خشتەی ژمارە (١٠) رەگەزی نموونەی توێژینەوەکە

رێژەی سەدی	ژمارە	رەگەز
71.00%	213	نێر
29.00%	87	مێ
100.00%	300	کۆی گشتی

١ لەم بارەیەوە بگەڕێوە بۆ: پاملا ابوت و کلر والاس، جامعەشناسی زنان، منیژە نجم عراقی، نشر نی، تهران، ١٣٨٠، ص ٢٣ـ٢٤.

٢ـ پێکهاتەی تەمەن

لـە خشتـەی ژمـارە (١١)دا کـە تایبەتـە بـە تەمـەنی نموونـەی تۆژینەوەکە دەردەکەوێت کەوا یەکەم ڕێژەی نموونەکـەمان کـە دەکاتـە ٢٥,٦٧٪تەمەنیان دەکەوێتە نێوان ٣٠ـ٤٠ ساڵی. دووەم ڕێـژەش کـە دیسـان ڕێژەیـەکی نزیکـە لـە ڕێـژەی یەکـەم و دەکاتـــە ٢٤,٦٧٪ تەمەنیان دەکەوێتە نێوان ٤١ـ٥١ ساڵی. ڕێژەی سێیەمیش ڕێژەیـەکی بـەرزی نموونەکـەمان پێکدێنێـت و دەکاتـە ١٨,٣٣٪، ئەمانـەش تەمەنیان لە نێوان ٥٢ـ٦٢ ساڵیدایە. ئەوانەش کە تەمەنیان لـەنێوان ١٩ـ٢٩ ساڵیدایە ڕێژەیەکی کـەمتر لـە ڕێـژەی سـەرەوە پێکدێنـن، و دەکاتە ١٦,٦٧٪. ئەوانەش کە تەمەنیان لە نێوان ٦٣ـ٧٣ سـاڵیدایە ڕێژەکەیان دەکاتە ٩,٦٧٪ و دوا ڕێژەش کە کەمترین ڕێژەیـە و دەکاتـە ٥٪ نموونەکـە ئەوانـەن کـە تەمـەنیان لـەنێوان ٧٤ـ٨٤ سـاڵیدایە. هەڵبەت ئەم ڕێژەیەی کۆتایی کە ڕێژەیەکی کەمـە بەبـەراورد لەگـەڵ ڕێژەکانی دیکە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کـە زیـاتریش پەیوەندیان بەباری تەندروستی تاکـەکانی کۆمـەڵگاوە هەیـە. ڕێـژەی بەتەمەنەکان لە ڕێژەی گەنج و منداڵەکان کەمترە و نێونجی تەمـەنیش لە کۆمەڵگاکانی وەك کۆمەڵگای ئێمە کە کاری قورس و ژینگەیەکی سەختیان هەیە و کەمتریش تاکـەکان بایـەخ بـە تەندروسـتی خۆیـان دەدەن نزمترە وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەیە. ڕەنگە لـێرەدا ئـەو پرسـیارە دروست ببێت کە ڕێژەی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ١٩ـ٢٩ سـاڵیدایە ڕێژەیـەکی بـەرزە و باشـتر وابـوو کەسـانێکی بەتەمـەنتر وەك نموونـە وەرگرین کە ئەزموونێکی ژیانی زیاتریـان لـە ژینگـەی کـۆن (لادێ) هەبوو. ئـەوەی دەکـرێ لـە وەڵامـی ئـەوەدا بڵێـین ئەوەیـە کـە ئێمـە هەوڵمانداوە نموونەکەمان لەکاتی ڕاگواستنندا بەلای کەمەوە تەمـەنی لـە دە سـاڵان کـەمتر نـەبێت و ١٩ سـاڵیش کـە نزمـترین تەمـەنی

نموونەکەمانە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە راگواستن تا دوا رۆژەکانی رژێمی بەعس بەردەوام بووە، ١٩ ساڵی تەمەنێکی لەبارە بۆ نموونەی تۆژینەوەکەمان. هەروەها بە بەکارهێنانی پێوەری "نێونجی تەمەن" (متوسط العمر) دەرکەوت کەوا ناوەندی تەمەنی نموونەکەمان دەکاتە ٤٢,٢ ساڵ.

خشتەی ژمارە (١١) تەمەنی نموونەی تۆژینەوە

تەمەن	ژمارە	ڕێژەی سەدی
19-29	50	16.67%
30-40	77	25.67%
41-51	74	24.67%
52-62	55	18.33%
63-73	29	9.67%
74-84	15	5.00%
کۆی گشتی	300	100.00%

٣ـ ئاستی خوێندن

مەبەست لە ئاستی خوێندن دابەشکردنی نموونەی تۆژینەوەکەیە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن، وەك نەخوێندەوار، خوێندەوار، قۆناغی

سەرەتایی، قۆناغی ناوەندی... هتد.

لە داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (١٢)دا کە تایبەتن بە ئاستی خوێندنی نموونەی تۆژینەوەکەمان دەردەکەوێت کەوا نەخوێندەوارەکان زۆرترین ڕێژەی نموونەکەمان پێکدێنن کە دەکاتە ٣٦,٣٣٪، ئەمەش ئەگەرچی وەك باسمان کرد یەکێك بوو لە گرفتەکانی پڕکردنەوەی پرسیارنامەکە، بەڵام ئەوەمان لەبەرچاوە کە ڕێژەی نەخوێندەواران لە کوردستانی باشووردا ڕێژەیەکی بەرزە بەتایبەتیش لەنێو بەتەمەنەکاندا، چونکە لە سەردەمی منداڵی یاخود گەنجێتی ئەواندا کە ماوەی خوێندن و فێربوونیان بوو ڕێژەی قوتابخانەکان زۆر کەم بوو و حکومەت کەمتر بایەخی بەم بوارە دا و وێڕای کەمتر بە پێویست زانینی خوێندەواری.

ئەوانەش کە تەنیا دەزانن بخوێننەوە و بنووسن و پلەیەك لە سەرووی نەخوێندەوارەکانەوەن ڕێژەکەیان بەرزە و دەکاتە ١٢,٦٧٪، دوو ڕێژەکەی سەرەوە نزیکەی نیوەی نموونەی باسەکەمان پێکدێنن. ئەوانەش کە سەرەتاییان تەواو کردووە ڕێژەکەیان بەرزە و دەکاتە ١٥٪ نموونەکەمان. لە قۆناغی سەرەتایی بە سەرەوە ڕێژەکان کەم دەبنەوە و ئەمەش بارێکی ئاساییە لە وڵاتێکدا کە دەرفەتەکانی خوێندن زۆر نین و جارانیش زۆر کەمتر بوونە لە ئێستا. ئەوانەی قۆناغی ناوەندیان تەواو کردووە ١٢٪ نموونەی باسەکەمان پێکدێنن. هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگاش ١١,٣٣٪ نموونەکەمانن و ئەوانەی لە کۆلێژیش دەخوێنن یاخود بەکالۆریۆسیان هەیە ١٢,٣٣٪ نموونەکەن و تەنیا دوو کەسیش بە ڕێژەی٦٧,٠٪ نموونەی باسەکە خوێندنی باڵا (ماستەر، دکتۆرا)یان تەواو کردووە.

خشتەی ژمارە (١٢) ئاستی خوێندنی نموونەی تۆژینەوەکە

ڕێژەی سەدی	ژمارە	ئاستی خوێندن
35.33%	106	نەخوێندەوار
12.67%	38	خوێندنەوە و نووسین
15.00%	45	سەرەتایی
12.00%	36	دواناوەندی
11.33%	34	پەیمانگا
12.33%	37	کۆلێژ
0.67%	2	خوێندنی باڵا
0.67%	2	بێ وەڵام
100.00%	300	کۆی گشتی

٤- باری ئابووری

ئێمە پێوەرێکی چەندێتیمان نییە بۆ ئەوەی بزانین کێ باری ئابووری باشە و کێ باری ئابووری خراپ. هەروەها ئابووریناسانیش نەیانتوانیوە وەك ئەوەی لە زۆر لە وڵاتی دیکەدا هەیە هێڵی هەژاریمان بۆ دیار بکەن کە هەر کەسێك سامانەکەی لە خوار ئەو هێڵەوە بوو بە هەژاری ناوبنێین. بۆیە ئێمە وەك زۆربەی تۆژەرەکانی دیکە ئەو بوارە بۆ نموونەکان خۆیان دەهێڵینەوە پێمان بڵێن باری ئابووریان چۆنە؟ هەڵبەت ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر زاتییە و پەیوەندی بە خودی کەسەکەوە هەیە، دەشێ دوو کەس سامانێکی وەك یەکیان هەبێت، بەڵام لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا تەواو پێچەوانەی یەکتر بیر بکەنەوە.

خشتەی ژمارە (١٣) باری ئابووریی نموونەکە

ڕێژەی سەدی	ژمارە	باری ئابووری
16.00%	48	باش
64.00%	193	مامناوەندی
19.00%	58	خراپ
100.00%	300	کۆی گشتی

زۆرترین ڕێژەی نموونەکەمان پێیان وایە باری ئابوورییان مامناوەندیە، ڕێژەیان دەکاتە ٦٤,٦٧٪. دووەم ڕێژەش کە دەکاتە ١٩,٣٣٪ی نموونەکە پێیان وایە باری ئابووریان خراپە. کەمترین ڕێژەش کە دەکاتە ١٦٪ نموونەکە، ئەوانەن کە پێیان وایە باری ئابووریان باشە.

٥- باری کۆمەڵایەتی

خشتەی ژمارە (١٤) باری کۆمەڵایەتیی نموونەی باسەکەمان دەخاتە ڕوو. وەکو هەمیشە خێزاندارەکان زۆرترین ڕێژەی نموونەی باسەکە پێکدێنن، ڕێژەیان لە باسەکەماندا دەکاتە ٦٧,٦٧٪، ئەمەش ڕێژەیەکی نەك تەنیا چاوەڕوانکراو بەڵکو کەمیشە بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردی کە هێشتا هاوسەرگیری و تاکی بەهاوسەربوو مامەڵەیەکی تایبەتیتری لەگەڵدا دەکرێت و کۆمەڵگا بە چاوێکی تر

لێی دەڕوانێت. نزمترین تەمەنی نموونەکەمان ۱۹ ساڵانە کە لە کۆمەڵگا لادێییەکاندا تەمەنێکی لەبارە بۆ هاوسەرگیری، بەڵام ئەگەر وا گریمان بکەین کە هەموو ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ۱۹ـ۲۹ ساڵیدایە نەبۆنەتە هاوسەر ئەوا هێشتا ڕێژەی ئەوانەی بە سەڵتی ماون کەم نییە (بگەڕێوە بۆ خشتەی ژمارە ـ ۱۱ ـ). واتە پێویستە کەسانێکی دیکە کە تەمەنیان لە سەرووی ۳۰ ساڵیەوەیە سەڵت بن.

خشتەی ژمارە (١٤) باری کۆمەڵایەتی نموونەکە

باری کۆمەڵایەتی	ژمارە	ڕێژەی سەدی
سەڵت	71	24%
خێزاندار	203	67.67%
تاکمردوو	22	7.33%
تەڵاقدراو	3	1.00%
کۆی گشتی	300	100.00%

سەڵتەکان لە باسەکەماندا ڕێژەیان دەگاتە ٢٤٪، ئەوانەش کە تاکمردوون ڕێژەیان ۷,۳۳٪ یە، دەشێ ژمارەیەکیان ئەو ئافرەتانە بن کە پیاوەکانیان ئەنفالکراون، چونکە ئەوان مەگەر بەدەگمەن دەنا هەر بە تەنیا و بێ هاوسەر دەژین. ئەوانەش کە جیابوونەتەوە (تەڵاقدراوەکان) تەنیا ۱٪ نموونەی باسەکە پێکدێنن.

٦ـ ساڵی ڕاگواستن

خشتەی ژمارە (٦) ساڵی ڕاگواستنی نموونەی باسەکەمان ڕوون دەکاتەوە. ئێمە ساڵی ڕاگواستنی نموونەکەمان بۆ ۳ گروپ دابەش

کردووه (هەروەك لە خشتەی ژمارە ـ١٥ـ دیارە).

زۆرترین ڕێژەی نموونەکەمان لەنێو ئەوانەدان کە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٠ـ١٩٩٠ ڕاگوێزراون کە دەکاتە ٥٧٪. هەروەها ڕاگوێزراوەکانی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٩ـ١٩٧٩ دووەم ڕێژەی بەرزی نموونەکەمان پێکدێنن کە دەکاتە ٣٩٪. بەڵام ڕاگوێزراوەکانی ماوەی نێوان ١٩٩١ـ٢٠٠١ ڕێژەیان بەبەراورد لەگەڵ ڕاگوێزراوەکانی دوو گروپەکەی پێشوو زۆر کەمە و تەنیا ٤٪ نموونەکە پێکدێنن. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەم ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر کەم ڕاگوێزراون.

خشتەی ژمارە (١٥) ساڵی ڕاگواستنی نموونەکە

ڕێژەی سەدی	ژمارە	ساڵی ڕاگواستن
39.00%	117	1969- 1979
57.00%	171	1980-1990
4.00%	12	1991-2001
100.00%	300	کۆی گشتی

٧ـ شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی تۆژینەوە بەپێی پارێزگا

خشتەی ژمارە (١٦) نموونەکەمان بەپێی پارێزگاکان دیار دەکات. لەبەرئەوەی ئێمە هیچ ئامارێکمان نەبوو پیشانبدات کە هەر پارێزگایەك چەند کەس ڕاگوێزراون، ناچار بەمەزندەی خۆمان ڕێژەکانمان بەسەر پارێزگاکاندا دابەش کردن، کە دواجار بەم شێوەیە

نموونەکەمان لە هەر پارێزگایەك وەرگرت: کەرکوك ـ دیالا ٨٧ کەس بە ڕێژەی ٢٩٪، دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی بە ڕێژەی یەکسان، واتە ٢٤,٦٧٪ و دوا ڕێژەش ڕاگوێزراوەکانی دوو پارێزگای دهۆك ـ مووسڵ بە ڕێژەی ٢١,٣٣٪.

((کەرکوك ـ دیالا)) و ((دهۆك ـ مووسڵ)) مان پێکەوە وەرگرت، یەکەم لەبەر ئەوەی سنووری ئیداریی پارێزگای کەرکوك و دیالا بەردەوام گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و لێکجیاکردنەوەیان قورستر بوو، دووەمیش چونکە ڕێژەی ڕاگوێزراوەکانی پارێزگای مووسڵ ڕێژەیەکی نزمە و ڕووبەری پارێزگای دهۆکیش بچووکترە لە پارێزگاکانی دیکە بەباشمان زانی پێکەوە وەریانگرین.

خشتەی ژمارە (١٦) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی تۆژینەوە

پارێزگا	ژمارە	ڕێژەی سەدی
کەرکوك ـ دیالا	87	29.00%
هەولێر	74	24.67%
سلێمانی	74	24.67%
دهۆك ـ مووسڵ	65	21.67%
کۆی گشتی	300	100.00%

٨ـ جۆری پیشەی نموونەکە لە پێش ڕاگواستن

خشتەی ژمارە (١٧) تایبەتە بە پیشەی نموونەی باسەکە لە پێش ڕاگواستن. ئەوانەی خۆیان بە بێکار لەقەڵەم داوە ڕێژەیەکی بەرچاون

که ده‌کاته ٨,٦٧٪. ئه‌وانه‌ش که کاسبکارن واته بـۆ خۆیـان کاسـبی ده‌کـه‌ن (بارهـه‌ڵگری، دوکـانداری، کرێکـاری...) ٨,٣٣٪ی نموونه‌که‌مان پێکدێنن. رێژه‌ی کابان و ئه‌و ئافره‌تانـه‌ی کـاری ماڵـه‌وه ده‌که‌ن ده‌کاته ١٨٪نموونه‌که. هه‌روه‌ك دیـاره رێـژه‌ی ره‌گـه‌زی مـێ لـه باسه‌که‌ماندا زۆر له‌وه زۆرتره، به‌ڵام دیاره هه‌ندێکیان کـاری دیکـه‌یان کـردووه، واتـه ٣\١١ی ره‌گـه‌زی مـێ پێـش راگواسـتن کـاری ده‌ره‌وه‌یان کردووه.

رێژه‌ی قوتابیانیش له نموونه‌که‌دا رێژه‌یـه‌کی بـه‌رزه و ده‌کاتـه ١٦٪ نموونه‌که، بـه‌ڵام بـه‌رزترین رێـژه‌ی نموونه‌کـه‌مان لـه پێـش راگواسـتن جووتیاره‌کان پێکـی دێنـن کـه ده‌کاتـه ٢٤,٦٧٪ و ئه‌گـه‌ر ئه‌وانـه‌ی پیشـه‌یان ئـاژه‌ڵداری بـووه یـاخود ئـاژه‌ڵداری و داچـاندنی زه‌وی کـه یه‌کـه‌میان ٣,٦٧٪ و دووه‌میـان ٨٪ نموونه‌کـه پێکدێنـن بـۆ رێـژه‌ی سه‌ره‌وه (جوتیـاری) زیـاد بکـه‌ین نزیکـه‌ی ٣\١١ نموونه‌کـه‌مان پێـش راگواسـتن خـه‌ریکی کـاری ئـاژه‌ڵداری و داچـاندنی زه‌وی بوویـن. چه‌کداره‌کانیش ٤٪ نموونه‌که‌مان پێکدێنـن، رێـژه‌ی پیشـه‌کاره‌کانیش (ته‌نه‌که‌چی، جۆڵا، دارتاش...) هه‌مان رێـژه‌ی چه‌کداره‌کانـه (٣,٦). دوا کۆمه‌ڵه‌ش فه‌رمانبه‌ره‌کانن که رێژه‌یان ده‌کاته ٥٪نموونه‌که.

خشته‌ی ژماره (١٧) جۆری پیشه‌ی نموونه‌که له پێش راگواستن

رێـژه‌ی سـه‌دی	ژمـاره	پیشـه‌ی نـموونه‌کـه له پێـش راگـواسـتن
8.67%	26	بێکـار
8.33%	25	کاسبکـار
18%	54	کابان و کاری ماڵه‌وه

خوێندكار	48	16%
جـوتيار	74	24.67%
پێشمەرگـە*	13	4.33%
فەرمـانبەر	14	4.67%
ئاژەڵدار	11	3.67%
پيشـەكار	11	3.67%
ئاژەڵداری و داچـاندنی زەوی	24	8.00%
كـۆی گشـتی	300	100.00%

٩ـ جۆری پیشەی نموونەكە لەدوای راگواستن

خشتەی ژمارە (١٨) پیشـەی راگوێزراوەكـان (نموونـەی باسـەكە) لەدوای راگواستن ڕووندەكاتەوە. بەبەراوردكردنی ئەم خشـتەیە لەگـەڵ خشتەی پێشوو دەردەكەوێت كەوا هـەندێك لـە پیشـەكان گۆڕانێكـی گەورەیان بەسەردا هاتووە و هەندێكیشیان كەمتر گـۆڕاون. بـۆ نموونـە كاری ئاژەڵداری و داچاندنی زەوی كە لە خشـتەی پێشـوودا بـەرزترین ڕێژەی هەبوو، لەم خشـتەیەدا كـەمترین ڕێژەیـە (٥,٣٣%). هـەروەها

* لە راستیدا پێشمەرگایەتی پیشە نییـە، بەتاییـەتی پێـش ڕاپـەڕینی ١٩٩١، بـەڵام لەبەرئەوەی هـەندێك لـە نموونـەكانی تۆژینەوەكـەمان لـە جیـاتی پیشـەكانی دیكـە پێشمەرگایەتیان نووسیبوو، ئێمەش هـەر وەك خـۆی نووسـیمانەوە نـەك لەبـەر ئـەوەی پێشمەرگایەتی بە پیشە لە قەڵەم دەدەین.

ڕێژەی فەرمانبەران لە بەرامبەردا بەرزبۆتەوە لەدوای ڕاگواستن کە دەکاتە ١٩,٦٧٪ نموونەکە. ڕێژەی کاسبکارانیش لەدوای ڕاگواستن ڕێژەیەکی بەرزە و دەکاتە ١٨,٣٣٪ واتە دوو هێندەی پێش ڕاگواستن .

پیشەکارەکانیش لەدوای ڕاگواستن ڕێژەیان زۆر بەرز بۆتەوە(پێش ڕاگواستن ڕێژەیان تەنیا ٣,٦٧٪ بوو، دوای ڕاگواستن بوو بە ١٠,٣٣٪). ڕێژەی قوتابیان لەدوای ڕاگواستن دەکاتە ١٣٪ نموونەکە کە هەندێك نزیکە لە ڕێژەکەیان لە پێش ڕاگواستن. هەروەها ڕێژەی بێکارەکان و ئەو ئافرەتانەی کاری ماڵەوە دەکەن و لەگەڵ چەکدارەکان ڕێژەی زۆر نزیکن لە ڕێژەی هەمان ئەو گروپانە پێش ڕاگواستن . بەتایبەتیش ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کاری ماڵەوە دەکەن ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئافرەتی ڕاگوێزراو کەمتر توانیویەتی کاری دەرەوە بکات، بەڵکو زیاتر کاری ماڵەوە دەکەن.

خشتەی ژمارە (١٨) جۆری پیشەی نموونەکە لەدوای ڕاگواستن

پیشەی نموونەکە لەدوای ڕاگواستن	ژمارە	ڕێژەی سەدی
بێکار	30	10.00%
کاسبکار	50	16.67%
کابان و کاری ماڵەوە	55	18.33%
جوتیار	16	5.33%
خوێندکار	39	13.00%

پێشمەرگە	21	6.67%
فەرمانبەر	59	19.67%
پیشەکار	31	10.33%
کۆی گشتی	300	100.00%

لە میانەی ئەو داتایانەی لەم باسەدا خرانە ڕوو، دەردەکەوێت ڕێژەی ڕەگەزی نێر زۆر زێترە لە ڕێژەی ڕەگەزی مێ، واتە ٧١٪ بەرامبەر ٢٩٪. هەروەها بچووکترین تەمەنی نموونەکە ١٩ ساڵە و بەرزترینی ٨٤ساڵ، ناوەندی تەمەنیش ٤٢،٢ ساڵ. نەخوێندەوارەکانیش ڕێژەیەکی بەرز (٣٥,٣٣٪) نموونەکە پێکدەهێنن. ڕێژەی ئەوانەش کە باری ئابووریان مامناوەندیە دەکاتە ٦٤٪ و زۆرینەی نموونەکە لەمانەن. سەبارەت بە باری کۆمەڵایەتیش، خێزاندارەکان زۆرینەی نموونەکە پێکدێنن بە ڕێژەی ٦٧,٦٧٪. زۆرترین ڕێژەی نموونەکەش کە دەکاتە ٥٧٪ لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٠ـ١٩٩١ ڕاگوێزراون، بەڵام لەمەڕ پیشە لە دوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن هەست بە گۆڕانێکی بەرچاو دەکرێت، بۆنموونە ئەوانەی پێش ڕاگواستن خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون زێتر لە ٣٦٪ نموونەکە بوون کەچی دوای ڕاگواستن تەنیا ڕێژەیان ٥,٣٣٪. هەروەها ڕێژەی پیشەکار و کاسب و فەرمانبەرەکان لەدوای ڕاگواستن گەلێ زیادیان کردووە.

باسی دووەم: خستنە ڕوو و ڕاڤەی زانیاریە تایبەتیەکانی نموونەی تۆژینەوە

لەم باسەدا کە تایبەتە بە ڕاڤەکردنی خەسڵەتە تایبەتیەکانی

نموونەی تۆژینەوە، هەوڵدەدرێت لە هەر خشتەیەکدا پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو روونبکرێتەوە. بەو مەبەستەی زێتر دەرکەوێت راگواستنی کوردان چ ئاکامێکی کۆمەڵایەتی لێ کەوتووتەوە.

لە خشتەکاندا دەردەکەوێت کەوا گەلێ پشتمان بە سێ گۆڕاوی ساڵی راگواستن، رەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون (پێش راگواستن) بەستووە. ئەم سێ گۆڕاوە لە زۆر لە خشتەکاندا و لەگەڵ زۆر لە گۆڕاوەکانی دیکە کۆکراونەتەوە. دەکرێ هۆیەکەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە.

١ـ رەگەز گۆڕاوێکی گرنگە. بۆچوونی دوو رەگەزەکە لەمەڕ زۆر بابەت و هەلوێست جیاوازە. زێتریش بۆ زانینی ئەم جیاوازیە لەنێوان بۆچوونی پیاو و ئافرەتی کورددا ئەم گۆڕاوە لەگەڵ یەکێك لە گۆڕاوەکانی دیکە لە زۆر خشتەدا کۆکراوەتەوە.

٢ـ راگوێزراوەکان بەو پێیەی هەر گروپێکیان لە ساڵێکدا یاخود ماوەیەکی زەمەنیدا راگوێزراون، میکانیزمی راگواستن و ئەو شوێنەی بۆی رادەگوێزران بەردەوام گۆڕانیان تێدەکەوت، ئەوا هەلومەرجی راگوێزراوەکانیش بەپێی ساڵەکانی راگواستن جیاواز بوو. بۆ زانینی جیاوازی بۆچوونی راگوێزراوەکانی هەر ماوەیەکی زەمەنی لە بۆچوونی راگوێزراوەکانی ماوەکانی دیکە، گۆڕاوی ساڵی راگواستن لەگەڵ گۆڕاوی دیکە لە هەندێ خشتەدا کۆکراوەتەوە.

٣ـ بەو پێیەی پێش راگواستن ناوچەکانی کوردستان زێتر بەسەر خۆیاندا داخراو بوون و هەر ناوچەیەك تارادەیەك وردە کولتوورێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، ئەوا دانیشتووانی هەر ناوچەیەك روانینیان بۆ دیاردە و مەسەلە جیاوازەکان هەندێ جیاواز بوو. بۆ زانینی ئەو جیاوازیە لە بیربۆچوونی دانیشتووانی ناوچە جیاوازەکان، گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون (پێش راگواستن) لەگەڵ هەندێ لە گۆڕاوەکانی

دیکەدا بەکارهاتووە.

لەخوارەوە بەجیا و لە هەر خشتەیەکدا پەیوەندی نێوان دوو گـــۆڕاو روونده‌کرێتەوە:

١ـ گۆڕانی دابونەریتەکان لەگەڵ رادەی گۆڕانیان

خشـــتەی ژمـــارە (١٩) وەڵامـــی دوو پرســـیاری تایبـــەت بـــە دابونەریتەکان دەداتەوە: پرسیاری یەکەم سەبارەت بـە رێـژەی گۆڕانـی دابونەریتەکان، پرسیاری دوەمیش بۆچوونی نموونەی باسەکە سـەبارەت بە باشی و خراپی ئەو گۆڕانە دەخاتەڕوو.

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ١٥٣ کەس بە رێـژەی ٥١٪ دەڵێـن: زۆربـەی دابونەریتـەکانیان لـە ئـەنجامی راگواسـتندا گـــۆڕاون. ٧٣ کەسـیش لـە نموونـەی باسـەکە بـە رێـژەی ٢٤,٣٣٪ پێیـــان وایـــە ژمارەیەکی کەمی دابونەریتەکانیان گۆڕاون و زۆربـەیان وەکـو خۆیـان ماونەتەوە. بەڵام ٤٠ کەسی دیکە بە رێژەی ١٣,٣٣٪ وای بۆ دەچن کە هەموو دابونەریتەکانیان کەم تا زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و هیـــچ کامێکیان وەك خۆی نەماوەتـــەوە. ٣٤ کەسـیش بـە رێـژەی ١١,٣٣٪ نموونەی باسەکە بە هیچ جۆرێك وەڵامی ئـــەم پرســـیارەیان نەداوەتـــەوە، رەنگە هۆیەکەشی بۆ یەکێك لەم دوو بۆچوونە بگەڕێتەوە: یـان پێیـان وایە هیچ گۆڕانێك بەسەر دابونەریتەکانیاندا نەهاتووە کە ئەمەش لـە راسـتیەوە دوورە، یـان نـەیانتوانیوە بێننـە بـەرچاوی خۆیـان کـــە چ دابونەریتێکیان گۆڕاوە و کامەیان وەکو جاران ماوەتەوە هـەر بۆیەشـە بێ وەڵام لێی گەڕاون.

لە وەڵامی ئەوەی کە ئایا گۆڕانەکەیان پێ باشـە یـاخود پـێ بـاش نییـە، دەردەکـەوێت زیـاتر لـەنیوەی نموونـەی باسـەکە رێـژەی ٥٢٪ گۆڕانەکەیان پێ باشە و لەگەڵ گۆڕانەکەدان، بەڵام رێـژەی ٣٠,٦٧٪ی

نموونەکە ئەو گۆڕانەیان پێ باش نییە و حەزیان لەوە بووە نەگۆڕێن. ئەوانەی دەمێننەوە ڕێژەی ١٧,٣٣٪ نموونەی باسەکە پێکدەهێنن هیچ وەڵامێکی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە و رای خۆیان دەرنەبڕیوە، دەکرێ هەندێك لەمانە ئەوانەبن کە گۆڕانی هەندێك لە دابونەریتەکانیان پێ باش بێت و گۆڕانی هەندێکی دیکەیان پێ باش نەبێت، بەڵام چونکە هیچ گۆڕاوێکمان بۆ ئەوە دانەنابوو، هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١٩) گۆڕانی دابونەریتەکان لەگەڵ ڕادەی گۆڕانیان

دابونەریتەکانتان گۆڕاون؟ / گۆڕانی دابونەریتەکانم	وەکو خۆیانن	هەموویان گۆڕاون	زۆربەیان گۆڕاون	کەمیان گۆڕاون	کۆی گشتی
پێ باشە	0 0.00%	26 8.67%	90 30.00%	40 13.33%	156 52.33%
پێ باش نییە	0 0.00%	12 4.00%	59 19.67%	21 7.00%	92 30.67%
بێ وەڵام	34 11.33%	2 0.67%	4 1.33%	12 4.00%	52 17.33%
کۆی گشتی	34 11.33%	40 13.33%	153 51.00%	73 24.33%	300 100.00%

٢- گۆڕانی دابونەریتەکان لەگەڵ تێکەڵاوی دانیشتووان

لە خشتەی ژمارە (٢٠)دا، وەڵامی دوو پرسیار بەرچاو دەکەون، یەکەم، ئایا دوای ڕاگواستن دابونەریتەکان گۆڕاون. دووەم، ئایا خەڵکە

راگوێزراوەکە لە دوای راگواستنیان زێتر تێکەڵاوی خەڵکی ناوچەکانی دیکە بوون و زیاتر شارەزای ناوچەکانی دیکە بوون.

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، نموونەی تۆژینەوەکە بە رێژەی ٨٥,٣٣٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و پێیان وایە لە ئەنجامی راگواستنندا دابونەریتەکانیان گۆڕاون. لە بەرامبەر ئەمانەشدا ئەوانەی بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە و پێیان وایە دوای راگواستن دابونەریتەکانیان نەگۆڕاون رێژەکەیان تەنیا ١٣,٦٧٪ نموونەکە پێکدێنن، ئەمەش رێژەیەکی کەم نییە.

خشتەی ژمارە (٢٠) گۆڕانی دابونەریتەکان لەگەڵ تێکەڵاوی دانیشتووان

دوای راگواستن زێتر لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی دی / دابونەریتەکانتان پێش راگواستن گۆڕاون	تێکەڵاو بوین	تێکەڵاو نەبوین	کۆی گشتی
بەڵێ	245 81.67%	11 3.67%	256 85.33%
نەخێر	28 9.33%	13 4.33%	41 13.67%
نازانم	3 1.00%	0 0.00%	3 1.00%
کۆی گشتی	276	24	300

سەبارەت بە پرسیاری دووەم، ئایا راگواستن هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی تێکەڵاویان لەگەڵ خەڵکی دیکە زێتر ببێت و شارەزای ناوچەی زێتر بن؟ رێژەی ٩٢٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و تەنیا ٨٪ بە نەخێر

وەڵامیان داوەتەوە و پێیان وایە راگواستن هیچ کاریگەریەکی لەم بوارەدا نەبووە.

ئەوەی گرنگە رێژە زۆرەکەیە (٩٢٪)، ئەم رێژە بەرزە راگواستن بە هۆکاری تێکەڵاوی زێتر و شارەزایی زیاتر لەقەڵەم دەدەن و ئەم رێژەیە چونکە بەرزە ئەوا پێویستە بە هێند وەربگیرێت. هەر وەکو هەمووشمان ئاگادارین خەڵکی کوردستان تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردووش لەبەر چەند هۆکارێك تێکەڵاویەکی کەمیان لە نێواندا هەبوو، هەروەها خەڵکێکی کەم لە کوردستان سەفەریان دەکرد نەك تەنیا بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵکو بۆ ئەو شار و شارۆچکانەش کە نزیکیان بوون، بەڵام راگواستن واقعێك بوو هەموو راگوێزراوەکانی ناچار کرد تێکەڵاوی خەڵکی ناوچەکانی دیکە ببن و لە نزیکەوە بە خەڵکی ناوچەکانی دیکە ئاشنا بن.

٢ـ گۆڕانی دابونەریتەکان لەگەڵ ساڵی راگواستنی نموونەکە

داتاکانی خشتەی ژمارە (٢١) وەڵامی ئەو پرسیارەی دەڵێت ئایا لە دوای راگواستن دابونەریتەکانتان گۆڕاون، بەپێی ساڵەکانی راگواستنی راگوێزراوەکان، روونده‌کەنەوە.

بەگشتی ٢٥٦ کەس بە رێژەی ٨٥,٣٣٪ نموونەی باسەکەمان پێیان وایە لەدوای راگواستن دابونەریتەکانیان گۆڕاون. ئەوانەی پێیان وایە دابونەریتەکانیان نەگۆڕاون ١٣,٦٧٪ نموونەکە پێکدێنن، ئەمەش رێژەیەکی کەم نییە.

لە کۆی ئەوانەی پێشساڵی ١٩٧٦ راگوێزراون و رێژەیان ٨,٣٣٪ نموونەکەیە بە رێژەی ٦,٦٧٪ نموونەکە پێیان وایە دابونەریتەکانیان گۆڕاون. راگوێزراوەکانی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ کە ٣٠,٦٧٪ ی نموونەکە پێکدەهێنن، رێژەی ٢٧,٣٣٪ پێیان وایە

دابونەریتەکانیان گۆڕاون. سەبارەت بە راگوێزراوەکانی ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦ ڕێژەی ١٠,٦٧٪ لە کۆی ١٣,٦٧٪ هەمان رای دوو کۆمەڵەکەی دیکەیان هەیە. راگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ کە زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن، زۆرترین ڕێژەشیان کە دەکاتە ٣٤٪ لە کۆی ٣٩,٦٧٪ دەڵێن لە ئەنجامی راگواستنەوە دابونەریتەکانیان گۆڕاون. لەبارەی راگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ کە ڕێژەیان ٣,٦٧٪ نموونەکەیە ٣٪ هەمان رای ئەوانەی پێش خۆیانیان هەیە. دوا کۆمەڵەش ئەو راگوێزراوانەن کە لە ناوچە بەعەرەبکراوەکانەوە لە ماوەی نێوان ١٩٩١ـ٢٠٠١ راگوێزراون و تەنیا ٤٪ نموونەکە پێکدێنن. ئەمانەش بە ڕێژەی ٣,٦٧٪ پێیان وایە دابونەریتەکانیان لەدوای راگواستن گۆڕاون.

خشتەی ژمارە (٢١) گۆڕانی دابونەریتەکان لەگەڵ ساڵی راگواستنی نموونەکە

ئایا دابونەریتەکانتان گۆڕان / ساڵی راگواستن	بێ وەڵام	بەڵێ	نەخێر	کۆی گشتی
1969-1976	0 0.00%	20 6.67%	5 1.67%	25 8.33%
1977-1979	0 0.00%	82 27.33%	10 3.33%	92 30.67%
1980-1986	1 0.33%	32 10.67%	8 2.67%	41 13.67%

1987-1988	2 0.67%	102 34.00%	15 5.00%	119 39.67%
1989-1990	0 0.00%	9 3.00%	2 0.67%	11 3.67%
1991-2001	0 0.00%	11 3.67%	1 0.33%	12 4.00%
کۆی گشتی	3 1.00%	256 85.33%	41 13.67%	300 100.00%

٤- گۆڕانی بیروبۆچوونی نموونەکە لەگەڵ ئاراستەی گۆڕانەکەدا

داتاکانی ناو خشتەی ژمارە(٢٢) رای نموونەکە پیشاندەدەن سەبارەت بەوەی ئایا دوای راگواستن کە تێکەڵاو بوون لەگەڵ خێڵ و عەشرەتەکانی دیکە، ئەو تەسەور و بۆچوونەی بۆ خێڵ و عەشرەتەکانی دیکە هەیانبوو گۆڕا یاخود وەکو خۆی مایەوە و ئەگەر گۆڕاوە باشتر بووە یان خراپتر؟

زۆربەی هەرە زۆری نموونەکە بە رێژەی ٨٩,٣٣٪ لەو بڕوایەدان کە ئەو تەسەور و وێنەیەی بۆ خێڵ و عەشرەتەکانی دیکە هەیانبوو، دوای ئەوەی راگوێزران و تێکەڵاوی خەڵکی ناوچەکانی دیکە بوون گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە بەرانبەر ئەمەشدا رێژەیەکی کەم کە دەکاتە ١٠,٦٧٪ پێیان وایە تەسەور و بۆچوونیان لە سەر خێڵ و خەڵکی ناوچەکانی دیکە نەگۆڕاوە و وەکو خۆی ماوەتەوە. لێرەدا دەکرێ بڵێین لەبەر ئەوەی خێڵە کوردەکان تاڕادەیەك داخراون و خۆیان لە تێکەڵاوی لەگەڵ خێڵەکانی دیکە و یان هەر کەسێکی دەرەوەی عەشرەتەکەیان

دەپارێزن، هەروەها چونکە سروشتی خێڵ وایە هەمیشە ئەویتر بۆ خۆی دروست دەکات، ئەوا بۆچوونێکی ناڕاستیان لەسەر ئەوانی دیکە هەبووە کە دواجار لە دوای راگواستن بە گوتەی زۆربەی هەرە زۆری نموونەکە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەمیشە ئەویتر وێنەیەکی نێگەتیڤی هەیە لە زەینی ئێمەدا، بەڵام دوای ئەوەی خێڵەکان و خەڵکی ناوچە جیاوازەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن، ناچار دەبن پێکەوە بژین و مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتردا بکەن، لە ئەنجامی ئەم تێکەڵاویە بۆیان دەردەکەوێت کە پێشتر وێنەیەکی جوانیان لەسەر ئەوانی دیکە هەبووە، کەچی دوای تێکەڵاوبوونیان بۆیان دەردەکەوێت کە بە هەڵە دا چووبوون.

خشتەی ژمارە (٢٢) گۆڕانی بیروبۆچوونی نموونەکە لەگەڵ ئاراستەی گۆڕانەکە

بیروبۆچوونەکان / بیروبۆچوونتان سەبارەت بە خەڵکی دیکە گۆڕا	نەگۆڕا	گۆڕا و باشتر بوو	گۆڕا و خراپتر بوو	کۆی گشتی
بەڵێ	0 0.00%	218 72.67%	50 16.33%	268 89.33%
نەخێر	32 10.67%	0 0.00%	0 0.00%	32 10.67%
کۆی گشتی	32 10.67%	218 72.67%	50 16.67%	300 100.00%

لەو ٢٦٨ کەسەی کە رێژەیان دەکاتە ٨٩,٣٣٪ نموونەکە و بۆچوونیان لەسەر خەڵکی ناوچەکانی دیکە گۆڕانی تێکەوتووە، ٧٢,٣٣٪ یان پێیان وایە بۆچوونیان گۆڕاوە و بەرەو باشی چووە، واتە

پێشتر بۆچوونێکی خراپیان لەسەر خەڵکی دیکە هەبووە و بەرەو باشی چووە. لە بەرامبەر ئەمانیش ڕێژەیەکی زۆر کەمتر کە دەکاتە ١٦,٦٧٪ وای بۆ دەچن کە پێشتر وێنەیەکی جوانیان لەسەر خێڵ و خەڵکانی دیکە هەبووە و دوای ڕاگواستن و تێکەڵاوبوونیان بە خەڵکی ناوچەکانی دیکە ئەم وێنەیە ناشیرین بووە و بۆچوونیان بەرەو خراپی چووە. بەگشتی ئەو دوو ڕێژەیەی کە تەسەور و بۆچوونیان گۆڕانی تێکەوتووە، ڕێژەیەکی زۆر بەرز پێکدێنن.

٥ ـ تەمەنی نموونەکەمان لەگەڵ گۆڕانی چەمکەکان دا

خشتەی ژمارە (٢٣) بەپێی تەمەنی نموونەی باسەکە ڕای ئەوان سەبارەت بەوەی ئایا چەمکەکانی وەك خزمایەتی، برادەرایەتی، میوانداری، پیاوەتی، مەردایەتی و ... تد لەدوای ڕاگواستن گۆڕاون، ڕووندەکاتەوە.

٤ کەس بە ڕێژەی ١,٣٣٪ هیچ وەڵامێکی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە و لەبەر ئەوەی ڕێژەکەش کەمە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر وەڵامەکان نابێت. بەڵام زۆرترین ڕێژەی نموونەکەمان کە دەکاتە ٨٣,٦٧٪ پێیان وایە لەدوای ڕاگواستن چەمکەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەم شێوەیە: ١٤,٦٧٪ ئەوانەن کە تەمەنیان لەنێوان ١٩ـ٢٩ ساڵیدایە، ٢٢٪ ئەوانەن کە تەمەنیان ٣٠ـ٤٠ ساڵیدایە، ١٨,٣٣٪ ئەوانەن تەمەنیان لەنێوان ٤١ـ٥١ ساڵیدایە، ١٥,٦٧٪ ئەوانەن تەمەنیان لەنێوان ٥٢ـ٦٢ ساڵیدایە، ٨,٦٧٪ ئەوانەن تەمەنیان لە نێوان ٦٣ـ٧٣ ساڵیدایە و ٤,٣٣٥ ئەوانەن کە لەنێوان ٧٤ـ٨٤ ساڵیدان.

بەوەی کە ڕێژەی ئەوانەی پێیان وایە چەمکەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لەلایەك و ئەوەش کە ڕێژەی هەموو کۆمەڵە تەمەنییەکان

ئەوانەی لەو بڕوایەدان لەگەڵ ڕێژە گشتییەکانیان زۆر لە یەکتر نزیکن و جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەو کۆمەڵە تەمەنیانەدا نییە کە شیاوی باس بێت، دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە چەمکە ناوبراوەکان لەدوای ڕاگواستن گۆڕاون و ڕاگواستن وەك زۆربەی بوارەکانی دیکە کاریگەری لەسەر ئەم بوارەش هەبووە. ئەوانەی پێیان وایە چەمکەکان نەگۆڕاون ١٥٪ نموونەکە پێکدێنن، هەڵبەت ئەمە ڕێژەیەکی کەم نییە، بەڵام ڕەنگە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەمانە ئەوانە بن کە لە شار و شارۆچکەکانەوە ڕاگوێزراون و بەوەی کە پێشتر لە شاردا ژیاون و ژیانی شار جیاوازە لە ژیانی لادێ و ئەم چەمکانە پێویستە لە شار بەجۆرێکی دیکە بن و زووتر گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت.

خشتەی ژمارە(٢٣) تەمەن لەگەڵ گۆڕانی چەمکەکان

چەمکە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕاون؟ / ساڵی ڕاگواستن	بەلێ	نازانم	نەخێر	کۆی گشتی
19-29	44 14.67%	1 0.33%	5 1.67%	50 16.67%
30-40	66 22.00%	1 0.33%	10 3.33%	77 25.67%
41-51	55 18.33%	1 0.33%	18 6.00%	74 24.67%

52-62	47 15.67%	1 0.33%	7 2.33%	55 18.33%
63-73	26 8.67%	0 0.00%	3 1.00%	29 9.67%
74-84	13 4.33%	0 0.00%	2 0.67%	15 5.00%
کۆی گشتی	251 83.67%	4 1.33%	45 15.00%	300 100.00%

٦ـ گۆڕانی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ڕەگەز

خشتەی ژمارە (٢٤) تایبەتە بە گۆڕانی چەمکەکانی وەك خزمایەتی، برادەرایەتی، پیاوەتی و...تد لەدوای ڕاگواستن لە پەیوەندیدا لەگەڵ ڕەگەزی نموونەکە. ئەگەرچی خشتەی پێشتریش تایبەت بوو بە چەمکەکان، بەڵام ئەویان تایبەت بوو بە چەمکەکان لە پەیوەندیدا بە تەمەنی نموونەکە. لەم خشتەیەدا دەمانەوێت بزانین ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان بیرۆڕای ڕەگەزەکان لەبارەی گۆڕانی ئەم چەمکانە لەدوای ڕاگواستن؟

٢٩٪ ڕەگەزی مێ کە کۆی گشتیی ئەو ڕەگەزەیە لەنێو نموونەی باسەکەدا، بە ڕێژەی ٢٤,٦٧٪ پێی وایە لەدوای ڕاگواستن گۆڕان بەسەر چەمکە ناوبراوەکاندا هاتووە. هەروەها بە ڕێژەی ٣,٦٧٪ پێیان وایە ئەم چەمکانە هەمان دەلالەتی پێش ڕاگواستنیان هەیە و ڕووبەڕووی گۆڕان نەبۆنەتەوە.

سەبارەت بە ڕەگەزی نێریش کە زۆرینەی نموونەکەمان ڕێژەی ٧١٪

پێکدێنێت، زۆربەیان بە ڕێژەی ٥٩٪ پێیــان وایــە لــەدوای ڕاگواســتن چەمکەکان گۆڕاون و وەکو جاران نین، بەڵام بــە ڕێژەیــەکی زۆر کــەمتر ١١,٣٣٪ لەو بڕوایەدان هیچ گۆڕانێك بەسەر چەمکەکاندا نــەهاتووە. لەم خشتەیەشدا وەکو خشتەی پێشوو (تەمــەن و چەمکــەکان) هیــچ جیاوازیەکی وا کە شیاوی باس بێت، نییە. واتە هەردوو ڕەگەزەکــە بــە ڕێژەی لەیەك نزیك هەمان بیروبۆچوونیان هەیە.

خشتەی ژمارە (٢٤) گۆڕانی چەمکە کۆمەڵایەتیەکان

لەگەڵ ڕەگەز

ڕەگــەز / ئایا چەمــکە کــۆمەڵایەتــیەکان گۆڕاون	نــێر	مــێ	کــۆی گشــتی
بــەڵێ	177 59.00%	74 24.67%	251 83.67%
نەخــێر	34 11.33%	11 3.67%	45 15.00%
بــێ وەڵام	2 0.67%	2 0.67%	4 1.33%
کــۆی گشــتی	213 71.00%	87 29.00%	300 100.00%

٧- بــیروبۆچوونی نموونەکــە ســەبارەت بــە خــەڵکی ناوچــەکانی دیکەو سەردانی خزم و کەسوکار

خشتەی ژمارە (٢٥) وەڵامی دوو پرســیار دەداتــەوە: یەکــەم، ئایــا ئێستا یان پێش ڕاگواستن زیاتر سەردانی خزم و برادەران دەکەن. دووەم،

لەدوای راگواستن بۆچوونیان لەمەڕ عەشـــرەت و خـەڵکی ناوچـەکانی دیکەی کوردستان گۆڕاوە یان نەگۆڕاوە؟

لە خشتەکەدا دەخوێنینەوە کـــە ٢٥٧ کـەس بـە ڕێـژەی ٨٥,٦٧٪ پێیـــان وایـــە دوای راگواســـتن بیروبۆچوونیـــان لەســـەر خـــەڵك و عەشرەتەکانی دیکە گۆڕاوە، واتە ئەوان پێشتر وێنەیەکیان لـــە زەینـــی خۆیـاندا هـەبووە، دوای ئـەوەی رادەگوێزرێـن و تێکـەڵاوی خـــەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەبن، ئەو وێنەیە دەگۆڕێت. کـەچی ٤٣ کەس بە ڕێژەی ١٤,٣٣٪ی نموونەی باسەکە پێیان وایە دوای راگواســتن هیچ گۆڕانێك بەسەر وێنەی ئەوان بۆ خێـــڵ و عەشـرەتەکانی دیکـەدا نەهاتووە، بەڵام ئەم ڕێژەیـــە بـــە بـەراورد لەگـەڵ ڕێژەکـەی پێشـتر زۆر کەمە.

لەوانەی کە بۆچوونیـــان گـۆڕاوە و ڕێژەیـــان ٨٥,٦٧٪ بـــوو، ڕێــژەی ٤٢.٦٧٪ پێیـــان وایـــە کـــەمتر لـــە پێش راگواسـتن سـەردانی خـزم و برادەرانیـــان دەکـــەن، ڕێـــژەی ٢٨٪یـــش دەڵێـــن دوای راگواســـتن زیـــاتر سەردانی خزم و برادەران دەکەن، تەنیا ٤٥ کەسیشیان بە ڕێــژەی ١٥٪ پێیان وایە وەکو جاران سەردانی خـــزم و بـــرادەران دەکـــەن و راگواســـتن کاریگەریەکی بەسەر ئەم بوارەوە نەبووە.

بەڵام لـــەو ڕێژەیـــەی (١٤,٣٣٪) کـــە پێیـــان وایـــە بیروبۆچوونیـــان سەبارەت بە خەڵکانی دیکە نەگۆڕاوە، لـــە نیـــوە زیاتریـــان بـــە ڕێـــژەی ٧,٦٧٪ دەڵێن کەمتر سەردانی خزم و برادەرانیـــان دەکـــەن. بـــە ڕێـــژەی ٤,٣٣٪یش پێیان وایە دوای راگواستن ســـەردانەکانیان زێـترن. ئـــەوانی دیکە کە ڕێژەیان ٢,٣٣٪ی نموونەکەیە وای بۆ دەچن کە وەکـــو پێـــش راگواستن سەردانیان دەکەن.

بە گشتی، ئەوانەی پێیان وایـە کـەمتر سـەردانی خـزم و بـرادەران دەکەن، ڕێژەیان ٥٠,٣٣٪یە واتەزیاتر لە نیوەی نموونەی تۆژینەوەکە.

خشتەی ژمارە (٢٥) بیروبۆچوونی نموونەکە سەبارەت بە خەڵکی ناوچەکانی دیکەو سەردانی خزم و کەسوکار

سەردانی خزم و برادەران / بیروبۆچوونمان لەمەڕ خەڵکی ناوچەکانی تر	دوای راگواستن زیاتر سەردانیان دەکەین	پێشتراگواستن زیتر سەردانمان دەکردن	وەکو پێشتراگواستن سەردانیان دەکەین	کۆی گشتی
گـــۆڕا	84 28.00%	128 42.67%	45 15.00%	257 85.67%
نــەگـۆڕا	13 4.33%	23 7.67%	7 2.33%	43 14.33%
کـۆی گشـتی	97 32.33%	151 50.33%	52 17.33%	300 100.00%

٨ ـ رەگەز لەگەڵ هەستکردن بە خۆشویستن یان خۆشنەویستن

خشتەی ژمارە (٢٦) کـە تایبەتـە بـە رەگـەزی نموونەکـە لەگـەڵ هەستکردنی نموونەکە بە هاوسۆزی یاخود خۆشنەویستنی خەڵکی ئەو ناوچەیەی بۆی راگوێزراون، دەردەکەوێت کەوا رێژەی ٤٥,٨٢٪ لە دوای راگواستنیان هەستیان کردوە خەڵکی رەسەنی ئەو ناوچەیـەی ئـەمانی بۆ راگوێزراون، ئەوانیان خۆشناوێن، واتە لە تازە هاتووەکان. لەوانـەی دەڵێن هەستمان بەوە کردووە رەگـەزی نـێر ٣٢,١١٪ و رەگـەزی مـێ رێژەی ١٣,٧١٪ پێکدێنن. رەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ترس لە ئـەوانی

دیکە بەتایبەتی ئەوەی کە پێش ڕاگواستن کوردی ناوچە جیاوازەکان زۆر کەم تێکەڵاوی یەکتر بوون، یان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕاگوێزراوەکان لەسەر زەوی و زاریان نیشتەجێ کراون یاخود ڕاگوێزڕاوەکان لە دەرفەتەکانی کاریان کەم دەکەنەوە.

خشتەی ژمارە (٢٦) ڕەگەز لەگەڵ هەستکردن بە خۆشویستن یان خۆشنەویستن.

خەڵکی ئەو ناوچەیەی بۆی ڕاگوێزران / *ڕەگەز*	کۆی گشتی	هەستمان بە هیچ نەکرد	پێمان خۆشدەویست	پێمان خۆشنەدەویست
نێر	212 70.90%	355 18.39%	61 20.40%	96 32.11%
مێ	87 29.10%	26 8.70%	20 6.69%	41 13.71%
کۆی گشتی	299 100.00%	81 27.09%	81 27.09%	137 45.82%

لە بەرامبەر ئەمانیش ڕێژەی ٢٠,٤٠٪ ی ڕەگەزی نێر و ٦.٦٩٪ی ڕەگەزی مێ کە تێکڕا ٢٧,٠٩٪ی نموونەی باسەکە پێکدێنن، هەستیان کردووە خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچەیەی کە ئەوانی بو ڕاگوێزراون، ئەوانیان خۆشدەوێت. پێمان وایە ڕەنگە زۆربەی ئەوانەی

ئەم هەستەیان هەبێت خەڵکە ئەنفال کراو و لێقەوماوەکان بن، چونکە ئەوان ڕەوشێکی زۆر ناڵەباریان هەبوو و خەڵکی دیکە بەزەیی‌یان پێدا دەهاتەوە و یارمەتیان دەدان.

جگە لەم دوو دەستەیەی سەرەوە، دەستەیەکی دیکەمان هەیە کە دەڵێن لەدوای ڕاگواستنیان هەستیان بە هیچ نەکردووە، نە ڕق لێبوونەوە و نە خۆشەویستی. بەگشتی ئەمانە ٢٧,٠٩٪ نموونەکە پێکدەهێنن، واتە هەمان ڕێژەی ئەوانەی پێش خۆیان. لەم ڕێژەیەش ڕەگەزی نێر ١٨,٢٧٪ و ڕەگەزی مێ ٨,٧٠٪ پێکدێنن.

٩- ڕەگەز لەگەڵ خواستی خەڵك بۆ گەڕانەوە

خشتەی ژمارە (٢٧) پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوی ڕەگەز و بیروڕای نموونەکە سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ زێدەکەیان یاخود شوێنی پێش ڕاگواستنیان ڕووندەکاتەوە.

بەپێی خشتەکە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان بیروڕای دوو ڕەگەزەکە سەبارەت بە گەڕانەوە. سەبارەت بە ڕەگەزی مێ، ئەوانەی پێیان وایە دەگەڕێنەوە یاخود حەزیان لە گەڕانەوەیە ڕێژەکەیان کەمە بەرامبەر بە دوو گۆڕاوەکەی دیکە (نزیکەی نیوەی دوو گۆڕاوەکەی تر)، تەنیا ٦,٣٣٪ نموونەی باسەکە پێکدێنن، واتە نزیکەی ١\٥. هەروەها دوو ڕێژەکەی دیکە لە ڕەگەزی مێ، ئەوانەی پێیان وایە ناگەڕێنەوە و ئەوانەی مەرجیان هەیە بۆ گەڕانەوە زۆر لە یەکەوە نزیکن (یەکەم ١١٪ و دووەم ١١,٣٣٪). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ڕەوشی ئافرەتی کورد پێش ڕاگواستن ناڵەبار بووە.

خشتەی ژمارە (٢٧) ڕەگەز لەگەڵ خواستی خەڵك بۆ گەڕانەوە

بۆ ناوچەکەتان دەگەڕێنەوە / ڕەگەز	دەگەڕێینەوە	ناگەڕێینەوە	مەرجیان هەیە	نازانم	کۆی گشتی
نێر	63 21.00%	52 17.33%	89 29.67%	9 3.00%	213 71.00%
مێ	19 6.33%	33 11.00%	34 11.33%	1 0.33%	87 28.99%
کۆی گشتی	82 27.33%	85 28.33%	123 41.00%	10 3.33%	300 99.99%

بەڵام لە وەڵامی ڕەگەزی نێردا دەردەکەوێت ئەوانەی پێیان وایە دەگەڕێنەوە ڕێژەیان ٢١٪ و زێترە لە ڕێژەی ئەوانەی دەڵێن ناگەڕێینەوە یاخود حەزیان لە گەڕانەوە نییە کە ڕێژەکەیان ١٧,٣٣ ٪یە. هەروەها بەپێچەوانەی ڕەگەزی مێ ئەو ڕێژەیەی لە ڕەگەزی نێر مەرجیان بۆ گەڕانەوە هەیە تاڕادەیەکی بەرچاو بەرزترە لە ڕێژەکانی دیکە کە دەکاتە ٢٩,٦٧٪. هەروەها ٣٪ ڕەگەزی نێر بڕیاریان نەداوە و نازانن دەگەڕێنەوە یاخود ناگەڕێنەوە.

بەگشتی، ئەوانەی مەرجیان هەیە بۆ گەڕانەوە لە هەردوو ڕەگەزەکە زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن (٤١٪)، مەرجەکانیش بەزۆری گەیاندنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانە بۆ گوندەکانیان

(ئـاوی بـۆڕی، جـادەی قیرتـاو، قوتابخانـەکان و بنکـەی تەندروسـتی ...تد)، چونکە زۆر ناوچەی کوردستان بەتایبەتی ناوچە سنووریەکان کـە تاڕادەیـەك ئـاوەدانیش کراونەتـەوە بێبەشـن لـە زۆربـەی ئـەم خزمەتگوزاریانە. هەروەها ئەو دوو ڕێژەیەی پێیان وایـە دەگەڕێنـەوە و ئەوانەی پێیان وایە ناگەڕێنەوە زۆر لێك نزیکن. ئەوانـەی دەگەڕێنـەوە ٢٧,٣٣٪ و ئەوانەی ناگەڕێنەوە ٢٨,٣٣٪ نموونەکە پێکدێنن.

١٠- ڕەگەز لەگەڵ زانینی هۆی ڕاگواستن

لە خشـتەی ژمـارە (٢٨)دا کـە پـەیوەندی دوو گـۆڕاوی ڕەگـەز و هوشـیاری نموونـەی تۆژینەوەکـە سـەبارەت بـەوەی ئایـا دەزانـن بـۆ ڕاگوێزران، دەردەخات. دەردەکەوێت کەوا جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لـە نێوان هوشیاری دوو ڕەگەزەکە.

ڕەگەزی مـێ ٢٠٪ دەڵێـت: بـەڵێ دەزانم بـۆ حکومـەت ئێمـەیان ڕاگواست، بەڵام ٩٪ی نموونەی باسەکە لە ڕەگەزی مێ دەڵێت نازانم بـۆ حکومەت ئێمەی ڕاگواست، واتە نزیکەی یەك لە سـێی ڕەگـەزی مـێ ئاگادار نییە لەوەی بۆچی ڕاگوێزراون. ئەمەش بێ باکی ڕەگـەزی مـێ سەبارەت بە مەسەلە سیاسیەکانی کۆمەڵگاکەمان دەردەخات، ئافرەت لەو کۆمەڵگایانەی وەك کۆمـەڵگای ئێمـەن زۆر بایـەخ بـە مەسـەلە سیاسیەکان نادەن.

٦١٪ی نموونەکە لە ڕەگەزی نێر وای بۆ دەچن کە ئاگادارن و دەزانن بـۆ حکومـەت ئـەوانی لـە زێدەکـەیان ڕاگواسـتووە، لـە بەرامبـەر ئەمانەشدا ١٠٪ ڕەگەزی نێر دەڵێن نازانین بۆچـی ڕاگوێزراویـن. واتـە ٦\١ ڕەگـەزی نـێر هوشـیار نـین بەرامبـەر بـەو پرۆسـەیەی ژیـانی ئەوانی گۆڕی.

خشتەی ژمارە (٢٨) رەگەز لەگەڵ زانینی هۆی راگواستن

رەگەز \ دەزانی بۆ ئێوەیان راگواست	نەخێر	بەڵێ	کۆی گشتی
نێر	30 10.00%	183 61.00%	213 71.00%
مێ	27 9.00%	60 20.00%	87 29.00%
کۆی گشتی	57 19.00%	243 81.00%	300 100.00%

بەگشتی ٨١٪ی نموونەی باسەکە لە هەردوو رەگەز دەڵێن دەزانین بۆچی حکومەت ئێمەی راگواست. ئەوانی دیکە کە ١٩٪ نموونەکە پێکدێنن بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. ١٩٪ ریژەیەکی بەرزە، ئەمە جگە لەوەی نیشانەی بێباکی راگوێزراوەکانە، نیشانەی کەمتەرخەمی هۆکارەکانی راگەیاندن و حزب و رێکخراوە جیاجیاکانیشە کە نەیانتوانیوە نە راگواستن و نە ئەنفال و نە هەڵەبجە بکەن بە یادەوەری تاکەکانی کۆمەڵگا و زۆر کەم بایەخیان بەم مەسەلانە داوە. ئەمە جگە لەوەی شەڕی ناوخۆ لە بایەخی ئەو کارەساتانەی کەم کردووتەوە.

١١ـ رەگەز لەگەڵ بۆچی راگوێزران

خشتەی ژمارە (٢٩) بیروڕای راگوێزراوەکان، بەپێی رەگەز لەبارەی هۆی راگواستنیان روون دەکاتەوە.

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کەوا نزیکەی سێیەکی رەگەزی مێ واتە

١٠٪ له كۆی ٢٩٪، وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتــەوە و هۆیەكـەش ئەوەیە كە نازانن بۆ راگوێزراون. ئەمەش جگە لەوەی بێباكی رەگـەزی مـێ لـە كوردســتانی باشـور سـەبارەت بـە مەسـەلە سیاســیەكان پیشـاندەدات، نیشـانەی ئەوەشـە كـە ئاسـتی هوشـیاری سیاســی میللەتەكەمان نزمە، وێــرای كەمتەرخـەمی رێكخـراو و حزبـەكان و دەزگاكانی راگەیاندن چونكە ٩٪ رەگەزی نێریش نازانن بۆ حكومـەت ئەوانی لە شوێنی خۆیـان راگواسـتوون. بەگشـتی لـە ١٩٪ نموونـەی باسەكەمان نازانن حكومەتی بۆچی بەعس ئەوانی راگواستوون. بـەڵام زۆرترین رێژەی نموونەكەمان كە دەكاتە ٣٦٪ وای بـۆ دەچـن هۆكـاری راگواستنیـان كوردبوونیان بووە. واتە ئـەوان كوردبـوون بـە فاكتـەری راگواستن دەزانن و پێیان وایە ئەگەر نەتەوەیـەكی دیكـە بوونایـە بـە تایبـەتی عەرەب ئـەوا رانـەدەگوێزران. رێژەیـەكی دیكـە كـە دیسـان رێژەیەكی بەرزە (٢٢,٣٣٪) پێیان وایە حكومەت بۆیە ئەوانی لەسەر موڵك و ماڵەكانیان راگواستووە، چونكە پێشمەرگەیان لە ناودا بـوون یـاخود بەشـەوان و بـەدزی هاتونەتـە ناویانـەوە. ئەگـەرچی هــاتنی پێشمەرگە بۆ ناو دێ بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی هەشتاكانی سـەدەی رابردوو پاساوێكی بەهێز بوو بـۆ حكومـەت تـاكو خـەڵكی دێیەكـە راگوێزێت و دێیـەكـە كـاوڵ بكـات، بـەڵام ئـەم رێـژە زۆرە كـە ئـەوە بـەهۆكاری راگواسـتنیان لەقەڵـەم دەدەن، هـەمان رای بەعسـیەكان دووبارە دەكەنەوە، ئەمە پاســاوی بـەعس بـوو نـەك شـتێكی دیكـە، چونكـە بـەو پێیـە بوایـە خـەڵكێكی كـەمی كوردسـتانی باشــور رادەگوێزران و شارەكانی وەكو كەركوك و مووسڵ كە قەت پێشــمەرگە نـەدەچووە ناویـان دانیشـتووانە كوردەكانیـان رووبـەڕووی راگواســتن نەدەبوونەوە. رێژەی دوای ئەم رێژەیە كە ١٢,٦٧٪ نموونەكەیـە وای بـۆ دەچن مەبەستی حكومەت لە راگواستنی كوردەكان لەناوبردنی كـورد

و دامرکاندنـەوەی شۆڕشـەکەی بـوو. ئەمانــە پێیـــان وایــە هــۆی ڕاگواستنیان ئەوە بووە کە حکومەتی بەعس ویستویەتی کــورد وەکــو نەتەوە لەناوبەرێ یاخود بەلای کەمەوە شۆڕشی کــوردی کــە دەمێکــی درێــژ بــوو بــەردەوام بــوو دامرکێنێتــەوە، چونکــە ڕاگواســتنی گوندنشینەکان، گورزێك دەبێت بــەر شــۆڕش دەکــەوێت، بــەو پێیــەی گوندنشینەکان پاڵپشتێکی گەورەی (مادی و مەعنەوی) پێشمەرگە و شۆڕش بوون. هــەروەها ڕێژەیــەکی کــەمی دیکــە کــە تــەنیا ٢,٦٧% نموونەکەیە وای بۆ دەچن مەبەستی حکومەت لە ڕاگواستنی گوندەکان هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان بوو.

خشتەی ژمارە (٢٩) ڕەگەز لەگەڵ بۆچی ڕاگوێزران

ڕەگــــەز / بــۆ ئــێوەیـان ڕاگــواســت	نـێـر	مـێ	کــۆی گشــتی
نــازانــم	27 9.00%	30 10.00%.	57 19.00%
ئـێـمـە کـورد بـوویـن	86 28.67%	22 7.33%	108 36.00%
پـێـشـمـەرگـەمـان لـەنـاو بـوو	47 15.67%	20 6.67%	67 22.33%
لـەنـاوبـردنـی کـورد و بـزوتـنـەوەکـەی	29 9.67%	9 3.00%	38 12.67%

هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری	6 2.00%	2 0.67%	8 2.67%
سەرسنوور بووین	2 0.67%	2 0.67%	4 1.33%
بۆ ئەوەی کۆنترۆڵمان بکەن	15 5.00%	1 0.33%	16 5.33%
بۆ ئەوەی ژیانمان خوش بکەن	1 0.33%	1 0.33%	2 0.67%
کۆی گشتی	213 71.00%	87 29.00%	300 100.00%

ڕێژەیەکی لەویش کەمتر واتە ١,٣٣٪ پێیان وایە لەبەر ئەوەی ناوچەکەیان ناوچەیەکی سەرسنووری (عێراق ـ ئێران) بووە ڕاگوێزراون. بەڵام ڕێژەیەکی تاڕادەیەك بەرچاوی دیکە کە دەکاتە ٥.٣٣٪ نموونەکە وای بۆ دەچن کە ئەو کاتەی ئەوان لە گوندەکان دەژیان ئازادبوون و حکومەت دەسەڵاتی بەسەریاندا نەدەشکا، بۆیە ئەوانیان ڕاگواست تاکو بەتەواوی کۆنترۆڵیان بکات. تەنیا دوو کەسیش بە ڕێژەی ٠,٦٧٪ پێیان وایە حکومەت بە مەبەستی خوشکردنی ژیانیان ئەوانی ڕاگواستووە، ئەگەرچی ڕێژەکە هێندە کەمە کە بەتەواوی دەکرێ پشتگوێ بخرێت، بەڵام ئەم ڕایە بەتەواوی ڕەنگدانەوەی بیروڕای بەعسە و کاریگەری بەعس لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان دوای دوازدە ساڵ ڕزگاربوونی لە دەسەڵاتی بەعس دەردەخات.

١٢ـ ئازادیی ئافرەت لەگەڵ رەگەز

خشتەی ژمارە (٣٠) وەڵامـی دوو پرسـیار روونده‌کاتـەوە. یەکـەم، رەگەزی نموونەکەمان، دووەم، ئایا ئافرەت لە گوند یاخود لە ئوردووگـا و شار ئازادتر بوو لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستن؟

بەگشتی دەردەکەوێت کەوا ١٦٥ کەس بە رێژەی ٥٥٪ واتە زێتر لە نیوەی نموونەکەمان بەم شێوەیە ٣٩,٣٣٪ لە رەگەزی نـێر و ١٥,٦٧٪ لە رەگەزی مێ پێیان وایە ئافرەت لە گوند ئازادتر بووە وەك لە شـار و ئوردووگا لەدوای راگواستن. ئەگەرچی ئێمە لەلایەنە تیۆریەکەدا باسی ئەوەمان کـرد کـە ئـافرەت لـە شـاری کـوردی دا پێشـان رەوشـێکی پەشێوتری هەبوو بەتایبەتیش بەهۆی پێچەوە، بەڵام لەدوای راگواسـتن وێرای ئەوەی کە ئافرەت پەچەی نامێنێت و سەرباری ئەوەی دەخوێنێـت و ئەرکەکانی ماڵەوەی سوکتر دەبن، هێشتاش بە رێژەیەکی گەلێ زۆرتر پێی وایە جاران ئازادیەکی زێتری هەبووە لە ئێسـتا. ئەمـەش گومـان دەخاتـە سـەر هـەموو ئـەو پێشـکەوتنەی کـە بانگەشـە دەکرێـت کوردستانی باشور بەخۆیەوە بینیویەتی.

ئەو رێژەیەی پێی وایە لەدوای راگواستن ئـافرەت ئـازادترە لـەپێش راگواستن دیسان رێژەیەکی بەرچاوە، بەم شێوەیە: ٢٢٪ رەگەزی نـێر و ٩,٦٧٪ رەگەزی مێ کە پێکەوە ٣١,٦٧٪ نموونەکە پێکدێنێت، وێرای ئەو پرسیارەی ئایا دەکرێ رای پیاو سەبارەت بە ئازادی ئـافرەت چـەند بە هێند وەربگیرێت.

دوا رێژەش کە پێی وایە لەگەڵ راگواستندا گۆڕان بەسـەر ئـازادیی ئافرەتی کورددا نەهاتووە دەکاتە ٩,٦٧٪ نموونەکـە. ٧,٣٣٪ رەگـەزی نێر و ٢,٣٣٪ رەگەزی مێ لەگەڵ ئەم رایەدان.

ئەو رێژەیەش کە پێی وایە ئافرەت نە لـە گونـد و نـە لـە شـار و ئوردووگا واتە نـە پێـش راگواسـتن و نـەدوای راگواسـتن ئـازاد بـووە،

کەمترین ڕێژەی نموونەکەمان پێکدێنێت کە تێکڕا ٣,٦٧٪ نموونەکەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئافرەتی کورد لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی خۆی رازییە و هەست ناکات دەچەوسێنرێتەوە یاخود پیاوەکان پانتایی ئازادی ئەویان زۆر بچووك کردووتەوە. ئەمەش بۆ ئێمە چاوەڕوان نەکراو بوو بەتایبەتی لەمڕۆی کۆمەڵگاکەماندا کە ڕۆژانە گوێبیستی مافەکانی ئافرەت و ئازادیەکانی دەبین لە کەناڵی جیا و لەلایەن توێژ و کەسایەتیە جیاجیاکانەوە. ئەم هەست نەکردنەش بەوەی ئافرەتان ئازاد نین، ڕەنگە گەورەترین هۆکارێك بێت لە سەرهەڵنەدانی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی راستەقینەی ئافرەتان. تەنانەت هیچ کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی ئافرەتانیش کە ئازاد بێت و لەلایەن ئافرەتانی کوردەوە پشتگیری بکرێت و داوای ئازادی ئافرەت بکات لە کوردستانی باشوردا سەریهەڵنەداوە.

زۆربەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکان، کۆمەڵە و ڕێکخراوە حزبیەکانن کە خزمەت بە بەرژەوەندی حزبەکان زیاتر دەکەن و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان ئافرەتانی کوردستان وەك بوونەوەری ئازاد و خاوەن ماف بخەنەڕوو. هەڵبەت ئەمانەش بەوەی کە ڕێکخراوی بەهێزن و پشتگیریی مادی و مەعنەویان هەیە، کاریگەریان لەسەر گەڵاڵە کردن و داڕشتنی بیروڕای ئافرەتان کەم نەبووە.

خشتەی ژمارە (٣٠) ئازادی ئافرەت لەگەڵ ڕەگەز

ڕەگەز ئافرەت ئازادتر بوو	نێر	مێ	کۆی گشتی
لە گوند	118 39.33 %	47 15.67%	165 55.00%

لـە ئـۆردووگـا	66 22.00%	29 9.67%	95 31.67%
لـە هیـچ کـامـێـکیـان	7 2.33%	4 1.33%	11 3.67%
لـە هـەردوو لا وەك یـەك بـوو	22 7.33%	7 2.33%	29 9.67%
کـۆی گشـتی	213 71.00%	87 29.00%	300 100.00%

١٣ـ مامەڵەی پیاو لە بەرامبەر ئافرەت

داتاکانی ناو خشتەی ژمارە(٣١) بـیروڕای دوو رەگەزەکـە لـەبارەی مامەڵەی پیاو لەگەڵ ئافرەت لە کوردستانی باشور لـە دوو قۆنـاغی پێش راگواستن و دوای راگواستن روون دەکەنەوە، ئایا ئەم مامەڵەیە لە کام لەم دوو قۆناغە باشتر بووە؟

لە راستیدا بە چاوخشـاندن بـە داتاکـاندا هیـچ پەیوەندیـەك کـە شـیاوی بـاس بێـت دەرناکـەوێت (هـەروەك لـە خشـتەی پێشـوودا ـ پـەیوەندیی رەگـەز و ئـازادیی ئـافرەت ـ پەیوەندیـەکی ئـەوتۆ دەرنەکەوت)، چونکە بەپێی رەگەزەکان جیاوازیـەکی ئـەوتۆ لـەنێوان بۆچوونەکاندا نابینین.

ئەوانەی پێیان وایە پێش راگواستن مامەڵەی پیاو لەگەڵ ئـافرەتدا باشتر بووە رێژەیان ٣٧,٣٣% یە، بەم جۆرە: ١٠,٦٧% لـە کـۆی ٢٩% لە رەگەزی مێ و ٢٦,٦٧% لەکۆی ٧١% لـە رەگـەزی نـێر. هـەروەها رێژەیـەکی زۆر نزیکیـش لەمـە، واتـە ٣٨,٦٧% لەوبڕوایـەدان دوای راگواستن مامەڵـەی پیـاو لەگـەڵ ئـافرەت باشـتر بـووە، بـەم جـۆرە:

١٠,٦٧٪ له رەگەزی مێ و ٢٨٪ له رەگەزی نێر. ئەوانەش که پێیان وایه مامەڵەکه وەکو جاران وایه رێژەکەیان بەگشتی ٢٤٪ ە، ٧,٦٧٪ له رەگەزی مێ و ١٦,٣٣٪ له رەگەزی نێر.

هەروەك له سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد بەبەراوردکردنی رێژەی گشتی‌ی دوو رەگەزەکه لەگەڵ رێژەی هەر یەك له رەگەزەکه بەجیا پەیوەندیەکی ئەوتۆ که ئێمه چاوەرێمان دەکرد، نابینرێت. ئێمه لەو بڕوایەدا بوین که جیاوازیەك دەبێت لەنێوان بۆچوونی دوو رەگەزەکەدا. ئەمەش دوو ئەگەرمان دەخاته پێش: یەکەم، یان مامەڵەی پیاوەکان سەرەڕای گۆڕانی شوێن و کاتەکه و ئەو گۆڕانەی بەسەر ژیانیاندا هاتووه نەگۆڕاوه یاخود به ئەگەرێکی کەمتر ئافرەتانی کورد ناتوانن به باشی جۆری ئەو پەیوەندیه دیار بکەن.

خشتەی ژماره (٣١) مامەڵەی پیاو له بەرامبەر ئافرەت لەگەڵ رەگەز

رەگەز / مامەڵەی پیاو لەگەڵ ئافرەت	نێر	مێ	کۆی گشتی
پێش راگواستن باشتر بوو	80 26.67%	32 10.67%	112 37.33%
دوای راگواستن باشتره	84 28.00%	32 10.67%	116 38.67%
وەکو جارانه	49 16.33%	23 7.67%	72 24.00%
کۆی گشتی	213 71.00%	87 29.00%	300 100.00%

١٤- شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش ڕاگواستن لەگەڵ ڕێژەی خۆکوشتن

خشتەی ژمارە (٣٢)، داتاکانی تایبەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی ڕاگوێزراوەکان هاوشان بە بیروڕایان سەبارەت بە زۆری خۆکوشتن لە ناوچەکەیان لە دوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن دەخاتە ڕوو.

زۆربەی هەرە زۆری نموونەی تۆژینەوەکە بە ڕێژەی ٨٧,٣٣٪ پێیان وایە دیاردەی خۆکوشتن لەو ناوچانەی کە ئەوانیان لێ نیشتەجێ بووین دوای ڕاگواستن زێتر بووە وەك پێش ڕاگواستن. خۆکوشتن وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هاوشان بە ئاڵۆزبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان زێدەدەکات و گومانیشی تێدا نییە کۆمەڵگای کوردی لەدوای ڕاگواستن وەك جاران سادە نییە و ئاڵۆز بووە. بەڵام ئەوانەی پێیان وایە پێش ڕاگواستن خۆکوشتن زێتر بووە، ڕێژەیەکی زۆر کەمی نموونەکە پێکدێنن و تەنیا ٤,٦٧٪ نموونەکەن. بەڵام ئەوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەکەیان بەرزترە و دەکاتە ٨٪ نموونەکە. ڕەنگە هۆی ئەم وەڵامە ئەوەبێت کە تا ئەمڕۆش خۆکوشتن نەبۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە هەندێ ناوچە ئەوانەی خۆیان کوشتوە بۆ ماوەیەکی تاڕادەیەك درێژ ڕەنگە ژمارەکان لە پەنجەی دەست زێتر نەبن.

خشتەی ژمارە (٣٢) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش ڕاگواستن لەگەڵ ڕێژەی خۆکوشتن

خۆکوشتن / *قەزا*	پێش ڕاگواستن زێتر بوو	دوای ڕاگواستن زۆرترە	نازانم	کۆی گشتی
هەڵەبجە	0 0.00%	36 12.00%	1 0.33%	37 12.33%

پێنجوین	0 0.00%	3 1.00%	1 0.33%	4 1.33%
سلێمانی	0 0.00%	7 2.33%	0 0.00%	7 2.33%
شارباژێر	0 0.00%	7 2.33%	1 0.33%	8 2.67%
دوکان	1 0.33%	5 1.67%	0 0.00%	6 2.00%
رانیە	2 0.67%	9 3.00%	1 0.33%	12 4.00%
چۆمان	0 0.00%	14 4.67%	1 0.33%	15 5.00%
شەقلاوە	0 0.00%	3 1.00%	0 0.00%	3 1.00%
مێرگەسوور	4 1.33%	30 10.00%	2 0.67%	36 12.00%
مەخموور	0 0.00%	8 2.67%	2 0.67%	10 3.33%
هەولێر	1 0.33%	7 2.33%	0 0.00%	8 2.67%
کۆیە	0 0.00%	1 0.33%	1 0.33%	2 0.67%
کفری	0 0.00%	26 8.67%	1 0.33%	27 9.00%

خـانـەقـین	0 0.00%	8 2.67%	0 0.00%	8 2.67%
کـەرکـوك	3 1.00%	30 10.00%	7 2.33%	40 13.33%
تـووزخـورمـاتـوو	0 0.00%	10 3.33%	2 0.67%	12 4.00%
زاخـــۆ	0 0.00%	6 2.00%	1 0.33%	7 2.33%
ئـامـێـدی	2 0.67%	30 10.00%	1 0.33%	33 11.00%
دهـــۆك	0 0.00%	18 6.00%	1 0.33%	19 6.33%
شـنـگار	1 0.33%	4 1.33%	1 0.33%	6 2.00%
کـۆی گشـتی	14 4.67%	262 87.33%	24 8.00%	300 100.00%

ئەوەی جێی تێبینییە، زۆرترین ڕێژەی ئەوانەی لەو بڕوایەدان پێش ڕاگواستن خۆکوشتن زێتر بووە، ڕاگوێزراوەکانی دوو قەزای کەرکوك و مێرگەسوورن، بەجۆرێك کە ئەم دوو قەزایە نیوەی ئەوانەی ئەم وەڵامەیان داوەتەوە پێکدێنن و ڕاگوێزراوەکانی ١٨ قەزاکەی دیکەش نیوەکەی تر. بەڵام ئەوانەی بە نازانم وەڵامیان داوەتەوە زۆرترین ڕێژەیان لەنێو ڕاگوێزراوەکانی قەزای کەرکوکدان واتە ٢,٣٣٪ لەکۆی ٨٪.

١٥ـ شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ مەسەلەکانی شەرەف

سێکس و مەسەلە سێکسیەکان لە ناو کورداندا تا ئەمڕۆش حیسابێکی تایبەتیان بۆ دەکرێت. ئەم مەسەلانە پەیرەوی لە چەند یاسا و پرەنسیپێکی تا رادەیەکی بەرچاو جێگیر و چەسپیو دەکەن. سێکس بەوەی کە بە مانایەك لە ماناکان شەرەف و نامووسە لە ناو کورداندا لەسەر ئاستی تاکەکەس، خێزان، بنەماڵە و تەنانەت هەندێ کات عەشرەت. لادان لەو یاسا و بنەمایانەی ئەم مەسەلانە لە سەریان رێکخراون گران دەکەوێتەوە لە هەمان ئەو ئاستانەدا کە لە سەرەوە ناویان هات.

خشتەی ژمارە (٣٣) تیشك دەخاتە سەر زۆری ئەو کێشە کۆمەڵایەتیە (مەسەلەکانی شەرەف) لە پێش راگواستن و دوای راگواستن، ئایا ئەم کێشانە پێش راگواستن یان دوای راگواستن زێترن ئەویش بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی باسەکە. هۆی ئەوەش کە لە پەیوەندیدا بە شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە دەیخەینەڕوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم مەسەلەیە (سێکس) سەرەڕای ئەوەی لە هەموو کوردستانی باشوردا حەساسە، لە هەندێك ناوچە و لە ناو هەندێك عەشرەتدا هەستیارترە وەك لە هەندێ دەڤەر و لەنێو هەندێ خێڵدا.

بەگشتی، ٥٪ی نموونەکەمان وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە، زۆرترینی ئەمانەش دەکەونە نێو ئەو نموونانەی کە دانیشتووی قەزای کەرکوك بوون و ژمارەیان ٤ کەسە. کەچی ئەوانەی پێیان وایە دوای راگواستن ئەم کێشانە زێترن، زۆربەی هەرە زۆری نموونەکەمانن بە رێژەی ٨١٪، ئەمەش جێگەی تێڕامانە و دەکرێ ئێمە لێرەدا لە

خۆمان بپرسین ئایا کۆمەڵگاکەمان لەم دوو دەیەی کۆتاییدا بەرامبەر بە سێکس هەستیارتر بووە یاخود هۆکارێکی دیکە لە پشت مەسەلەکەوەیە؟ ئایا هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جاران خەڵك کەمتر بایەخیان بەم مەسەلانە دەدا یاخود خەڵکی لەو کاتدا زێتر چاویان لەم مەسەلانە دەپۆشی؟ یان دوای ئەوەی تێکەڵاوی یەکتر بوون و دوای ئەوەی ئافرەت زێتر چووە نێو فەرمانگەکان و خەڵکی لادێی جیاواز یان ناوچەی جیاوازیان لە گەرەکێکدا کۆکردنەوە ئەم مەسەلانە پەرەیان سەند؟ یان هۆکارێکی دیکەی نادیار هەیە؟ چونکە ئەوانەی پێیان وایە جاران ئەم کێشانە زێتر بوون تەنیا ١٤٪ نموونەی باسەکە پێکدێنن. ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە ژمارەیەکی زۆریان یاخود بەدەستەواژەیەکی دیکە نزیکەی نیوەیان واتە ٢٠ کەس لە کۆی ٤٢ کەس دانیشتووی سێ قەزای کەرکوك، مێرگەسوور و ئامێدین.

خشتەی ژمارە (٣٣) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی تۆژینەوە لەگەڵ مەسەلەکانی شەرەف

کێشەکانی شەرەف زۆرتر بوون / *قەزا*	پێش ڕاگواستن	لەدوای ڕاگواستن	نازانم	کۆی گشتی
هەڵەبجە	2 0.67%	35 11.67%	0 0.00%	37 12.33%
پێنجوین	0 0.00%	3 1.00%	1 0.33%	4 1.33%
سلێمانی	0 0.00%	7 2.33%	0 0.00%	7 2.33%

شـاربـاژێـر	1 0.33%	6 2.00%	1 0.33%	8 2.67%
دوكـــان	2 0.67%	4 1.33%	0 0.00%	6 2.00%
رانيه	4 1.33%	8 2.67%	0 0.00%	12 4.00%
چـۆمـــان	1 0.33%	14 4.67%	0 0.00%	15 5.00%
شـەقـلاوە	0 0.00%	3 1.00%	0 0.00%	3 1.00%
مێـرگـەسـوور	6 2.00%	28 9.33%	2 0.67%	36 12.00%
مـــەخمـوور	3 1.00%	6 2.00%	1 0.33%	10 3.33%
هـەولـــێر	2 0.67%	6 2.00%	0 0.00%	8 2.67%
كـۆيـە	1 0.33%	1 0.33%	0 0.00%	2 0.67%
كـفـری	2 0.67%	24 8.00%	1 0.33%	27 9.00%
خـانەقـين	0 0.00%	8 2.67%	0 0.00%	8 2.67%
كـەركـوك	5 1.67%	31 10.33%	4 1.33%	40 13.33%

تـووزخـورمـاتوو	1 0.33%	10 3.33%	1 0.33%	12 4.00%
زاخـــۆ	1 0.33%	5 1.67%	1 0.33%	7 2.33%
ئـامێـدی	9 3.00%	23 7.67%	1 0.33%	33 11.00%
دهـــۆك	1 0.33%	17 5.67%	1 0.33%	19 6.33%
شنـــگار	1 0.33%	4 1.33%	1 0.33%	6 2.00%
کـۆی گشـتی	42 14.00%	243 81.00%	15 5.00%	300 100.00%

١٦ـ شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش ڕاگواستن لەگـەڵ ڕێژەی منداڵبوون

لـە خشـتەی ژمـارە (٣٤)دا کـە داتاکـانی تایبـەت بـە شـوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی باسەکە بەپێی قەزا و چەندێتی لـەدایکبوونی منداڵان لەدوای ڕاگواستن و پێش ڕاگواستن دەخاتـە ڕوو، دەردەکـەوێت ٢٪ی نموونەی باسەکەمان ئەم پرسیارەیان فەراموش کـردووە و هیـچ وەڵامێکیـان سـەبارەت بـە ڕێـژەی لـەدایکبوونی منـداڵان لـە پێـش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن نەداوەتەوە. کەچی ٤٤٪ی نموونەکـە پێیان

خشتەی ژمارە (٣٤) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش راگواستن لەگەڵ رێژەی منداڵبوون

منداڵ / قەزا	لەدوای راگواستن زیتر لە دایك دەبن	لەدوای راگواستن کەمتر لەدایك دەبن	وەکو جاران لەدایك دەبن	بێ وەڵام	کۆی گشتی
هەڵەبجە	26 8.67%	3 1.00%	8 2.67%	0 0.00%	37 12.34%
پێنجوین	1 0.33%	2 0.67%	1 0.33%	0 0.00%	4 1.33%
سلێمانی	1 0.33%	4 1.33%	2 0.67%	0 0.00%	7 2.33%
شارباژێر	5 1.67%	2 0.67%	0 0.00%	1 0.33%	8 2.67%
دوکان	0 0.00%	5 1.67%	1 0.33%	0 0.00%	6 2.00%
رانیە	2 0.67%	5 1.67%	5 1.67%	0 0.00%	12 4.01%
چۆمان	9 3.00%	4 1.33%	2 0.67%	0 0.00%	15 5.00%
شەقڵاوە	0 0.00%	1 0.33%	2 0.67%	0 0.00%	3 1.00%
مێرگەسوور	7 2.33%	20 6.67%	8 2.67%	1 0.33%	36 12.00%

مەخموور	2 0.67%	4 1.33%	4 1.33%	0 0.00%	10 3.33%
هەولێر	3 1.00%	1 0.33%	4 1.33%	0 0.00%	8 2.66%
کۆیە	0 0.00%	1 0.33%	1 0.33%	0 0.00%	2 0.66%
کفری	13 4.33%	9 3.00%	5 1.67%	0 0.00%	27 18.00%
خانەقین	7 2.33%	0 0.00%	1 0.33%	0 0.00%	8 2.66%
کەرکوك	13 4.33%	15 5.00%	10 3.33%	2 0.67%	38 13.33%
تووزخورماتوو	5 1.67%	5 1.67%	1 0.33%	1 0.33%	12 4.00%
زاخۆ	6 2.00%	0 0.00%	1 0.33%	0 0.00%	7 2.33%
ئامێدی	17 5.67%	5 1.67%	10 3.33%	1 0.33%	33 11.00%
دهۆك	14 4.67%	1 0.33%	4 1.33%	0 0.00%	19 6.33%
شنگار	1 0.33%	1 0.33%	4 1.33%	0 0.00%	6 1.99%
کۆی گشتی	132 44.00%	88 29.33%	74 24.67%	6 2.00%	300 100.00%

وایه لەدوای راگواستن منداڵ زێتر لەدایك دەبن، رەنگە هــۆی ئەمــەش بگەڕێتەوە بۆ ئــەوەی کــە ئافرەتــان لــەدوای راگواســتن کــەمتر کــاری قورسیان کردووە و کەمتر بەدەست بەدخۆراکیــەوە دەنــاڵێنن. هــەروەها نەخۆشخانە و داوودەرمانیش کاریگــەریان هــەبووە. ژمارەیــەکی زۆری نموونەی وەرگیراوی قــەزاکانی هەڵەبجــە، شــارباژێر، کــەلار، خانــەقین، زاخۆ، ئامێدی، دهۆك و چۆمان نیشانەیان لەبەردەم ئەم گۆڕاوە داناوە.

هەروەها ئەوانەی پێیان وایــە لــەدوای راگواســتن ژمــارەی منداڵــە لەدایکبووەکان کەمترە ۹,۳۳٪ی نموونــەی باســەکەمان پێکدەهێنــن، زۆربەشیان دانیشتووی قەزاکانی کەرکوك، سلێمانی، پێنجوین، دوکان و مێرگەسوور بوون پێش راگواستنیان.

کــەچی ئەوانــەی جیاوازیــەکی ئــەوتۆ نــابینن لــە نێــوان رێــژەی لــەدایکبوونی منــداڵان لــەو دوو قۆناغــەدا ۲٤,٦۷٪ی نموونــەی تۆژینەوەکــە پێکدێنــن، ئەوانــەی ئــەم بۆچوونەشــیان هەیــە زۆربــەی نموونــەی قــەزاکانی رانیــە، شــەقلاوە، مــەخموور، هــەولێر و شــنگار پێکدەهێنن.

لێرەشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وەڵامی نموونەکە پەیوەندیــەکی پتەوی هەیە بە شوێنی نیشــتەجێبوونەوە، چونکــە هــەروەکو بینیمــان هەر ژمارەیەك قەزا وەڵامێکی تایبەتیان بەسەردا زاڵ بوو.

۱۷- شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش راگواستن لەگــەڵ رێژەی تەڵاق

لــە خشــتەی ژمــارە (۳٥)دا کــە وەڵامــی دوو گــۆڕاوی شــــوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە لە پێش راگواستن لەگەڵ رێژەی تەڵاق لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستن دەداتــەوە، دیــارە ۸۷,۳۳٪ی نموونەی باسەکەمان لەو بڕوایە دان دوای راگواســتن رێژەی تــەڵاقدانی

ئافرەتان لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاد بووە. لێرەشدا بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو ٧ نموونەیەی قەزای سلێمانی، ١٥ نموونەی قەزای چۆمان و ٨ نموونەکەی قەزای خانەقین بکەین کە بە ڕێژەی ١٠٠٪ پێیان وایە لەدوای ڕاگواستن ڕێژەی تەڵاقدان رووی لە زیادیە. هەڵبەت هۆی ئەم کێشەیەش جگە لە کاریگەری ڕاگواستن دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزبوونی ژیان، گۆڕانی بەها و دابونەریتەکان و کرانەوەی زێتر بەڕووی جیهاندا.

بەڵام ئەوانەی پێیان وایە تەلاق پێشراگواستن زێتر بووە تەنیا ٦,٦٧٪ی نموونەی باسەکە پێکدێنن. لەنێو ئەو نموونانەی نیشانەیان لەبەردەم ئەم گۆڕاوە داناوە، هیچ یەکێك لە نموونە وەرگیراوەکانی قەزاکانی پێنجوین، سلێمانی، شارباژێر، چۆمان، شەقلاوە، مەخموور، کۆیە، خانەقین، تووزخورماتوو و زاخۆی تیا نییە. زۆرترین ئەوانەی ئاماژەیان بە زۆری ئەم دیاردەیە کردووە لەپێش ڕاگواستن دانیشتووی سێ قەزای کەرکوك، ئامێدی و کفرین.

هەروەها ئەوانەی پێیان وایە جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە لە ڕێژەی تەلاق لە پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن تەنیا ٦٪ی نموونەی باسەکەمان پێکدێنن. زۆرترینی ئەمانەش دانیشتووی ئەم قەزایانەن، بەم شێوەیە:

کەرکوك ٥ کەس، بۆ هەر یەك لە دوو قەزای مێرگەسوور و ڕانیە ٢ کەس. هیچ یەکێك لە نموونەی قەزاکانی هەڵەبجە، سلێمانی، دوکان، چۆمان، شەقلاوە، هەولێر، کۆیە و خانەقین نیشانەیان لەبەردەم ئەم گۆڕاوە دانەناوە.

خشتەی ژمارە (٣٥) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش ڕاگواستن لەگەڵ ڕێژەی تەڵاق.

قەزا / تەلاق	وەکو پێش ڕاگواستنە	پێش ڕاگواستن زێتر بوو	دوای ڕاگواستن زێترە	کۆی گشتی
هەڵەبجە	0 0.00%	1 0.33%	36 12.00%	37 12.33%
پێنجوین	1 0.33%	0 0.00%	3 1.00%	4 1.33%
سلێمانی	0 0.00%	0 0.00%	7 2.33%	7 2.33%
شارباژێر	1 0.33%	0 0.00%	7 2.33%	8 2.67%
دوکان	0 0.00%	1 0.33%	5 1.67%	6 2.00%
ڕانیە	2 0.67%	2 0.67%	8 2.67%	12 4.00%
چۆمان	0 0.00%	0 0.00%	15 5.00%	15 5.00%
شەقڵاوە	0 0.00%	0 0.00%	3 1.00%	3 1.00%
مێرگەسوور	2 0.67%	1 0.33%	33 11.00%	36 12.00%

مەخموور	1 0.33%	0 0.00%	9 3.00%	10 3.33%
هەولێر	0 0.00%	1 0.33%	7 2.33%	8 2.67%
کۆیە	0 0.00%	0 0.00%	2 0.67%	2 0.67%
کفری	1 0.33%	3 1.00%	23 7.67%	27 9.00%
خانەقین	0 0.00%	0 0.00%	8 2.67%	8 2.67%
کەرکوك	5 1.67%	4 1.33%	31 10.33%	40 13.33%
تووزخورماتوو	1 0.33%	0 0.00%	11 3.67%	12 4.00%
زاخۆ	1 0.33%	0 0.00%	6 2.00%	7 2.33%
ئامێدی	1 0.33%	4 1.33%	28 9.33%	33 11.00%
دهۆك	1 0.33%	2 0.67%	16 5.33%	19 6.33%
شنگار	1 0.33%	1 0.33%	4 1.33%	6 2.00%
کۆی گشتی	18 6.00%	20 6.67%	262 87.33%	300 100.00%

١٧ـ شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش ڕاگواستن لەگەڵ ڕێژەی هاوسەرێتی

لە خشتەی ژمارە(٣٦)دا کە داتاکانی تایبەت بەو دوو پرسیارەی کە نموونەکەمان پێشڕاگواستن لە سنووری چ قەزایەك دادەنیشتن؟ و ئایا پێیان وایە شووکردن و ژنهێنان پێش ڕاگواستن یان دوای ڕاگواستن ئاسانترە؟

خشتەی ژمارە (٣٦) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە پێش ڕاگواستن لەگەڵ ڕێژەی هاوسەرێتی

هاوسەرگیری / قەزا	پێش ڕاگواستن ئاسانتر بوو	دوای ڕاگواستن ئاسانتر بوو	وەکو یەك وابوو	کۆی گشتی
کەرکوك	29 9.67%	10 3.33%	1 0.33%	40 13.33%
هەڵەبجە	26 8.67%	10 3.33%	1 0.33%	37 12.33%
پێنجوین	4 1.33%	0 0.00%	0 0.00%	4 1.33%
سلێمانی	2 0.67%	5 1.67%	0 0.00%	7 2.33%
شارباژێر	5 1.67%	0 0.00%	3 1.00%	8 2.67%

دوکـان	3 1.00%	2 0.67%	1 0.33%	6 2.00%
رانیه	10 3.33%	1 0.33%	1 0.33%	12 4.00%
چـۆمـان	9 3.00%	3 1.00%	3 1.00%	15 5.00%
شـەقـڵاوە	2 0.67%	1 0.33%	0 0.00%	3 1.00%
مـێرگەسوور	20 6.67%	13 4.33%	3 1.00%	36 12.00%
مەخمـوور	9 3.00%	0 0.00%	1 0.33%	10 3.33%
هـەولێر	6 2.00%	2 0.67%	0 0.00%	8 2.67%
کـۆیـە	2 0.67%	0 0.00%	0 0.00%	2 0.67%
کـفـری	7 2.33%	18 6.00%	2 0.67%	27 9.00%
خـانەقین	6 2.00%	2 0.67%	0 0.00%	8 2.67%
تووزخورماتوو	4 1.33%	8 2.67%	0 0.00%	12 4.00%
زاخـۆ	5 1.67%	1 0.33%	1 0.33%	7 2.33%

ئـامێدی	21 7.00%	7 2.33%	5 1.67%	33 11.00%
دهـــۆك	11 3.67%	7 2.33%	1 0.33%	19 6.33%
شـــنگار	5 1.67%	1 0.33%	0 0.00%	6 2.00%
کـۆی گـشتی	186 62.00%	91 30.33%	23 7.67%	300 100.00%

دەبینین زۆرینەی نموونەی باسەکەمان بە ڕێـــژەی ٦٢٪ پێیـــان وایـــە پێش ڕاگواستن ئـــەم کارانـــە ئاســـانتر پێکدەهـــاتن. بـــەڵام ئـــەوەی لـــەم وەڵامەدا جێگەی سەرنجدانە ئەوەیە کە لە کۆی ئەو ٢٧ نموونەیـــەی لـــە قەزای کەلار وەرگیراون تەنیا ٧ کەسیان ئەم بۆچوونـــەیان هەیـــە، واتـــە نزیکـــەی ٤\١، هـــەروەها لـــەو ١٢ کەســـەی وەك نموونـــە لـــە قـــەزای تووزخورماتوو وەرگیراون تەنیا ٤ کەســـیان واتـــە بـــە ڕێـــژەی ٣\١ ئـــەم بۆچوونـــەیان هەیـــە. دەشـــێ بڵێـــین یـــان پێشراگواســـتن مەرجـــەکانی هاوســـەرێتی لـــەو دوو ناوچەیـــە زۆر قـــورس بوونـــە یـــاخود ئێســـتا زۆر سوکن.

بەڵام ئەوانـــەی پێیـــان وایـــە دوای ڕاگواســـتن ژنـــهێنان و شـــووکردن ئاسانترن، ڕێژەکەیان گەیشتووتە ٣٠,٣٣٪ ، پێشتر ئاماژەمـان پێکـــرد کە دانیشتووی دوو قەزای کەلار و تووزخورماتوو ژمارەیـــەکی زۆریـــان لەگـــەڵ بۆچوونـــی پێشـــتردا نـــەبوون، ئـــەوا زۆرینـــەیان لەگـــەڵ ئـــەم بۆچوونەدان. ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەکانی قەزای دهۆك، مێرگەسوور و سلێمانیش هەمان ئەم بۆچوونەیان هەیە.

کەمترین ڕێژەی نموونەکەش ئەوانەن کە پێیـــان وایـــە جیاوازیـــەکی

ئەوتۆ نییە لەمەڕ ژنهێنان و شووکردن لە پێش راگواستن و دوای راگواستن، تێکڕا ژمارەیان ۲۳ کەسە بە رێژەی ٧,٦٧٪ی نموونەکە. هیچ یەکێکیش لە نموونە وەرگیراوکانی ئەم قەزایانە: پێنجوین، سلێمانی، شەقلاوە، هەولێر، کۆیە، خانەقین، تووزخورماتوو و شنگار لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین.

١٨ـ جلوبەرگی پیاوان لەگەڵ ساڵی راگواستن

سەبارەت بە گۆڕانی جلوبەرگی پیاوان لە ئەنجامی راگواستنی کوردەکاندا، بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (٣٧) دەکرێ بڵێین گۆڕانێکی گەورە بەسەر جلوبەرگی پیاودا هاتووە. لە کۆی ئەو ٣٠٠ کەسەی وەك نموونە وەرگیراون تەنیا ٢ کەس بەرێژەی ٠,٦٧٪ی نموونەکە پێیان وایە هیچ گۆڕانێك بەسەر جلوبەرگی پیاواندا لە دوای راگواستن نەهاتووە. یەکێك لەو دوو نموونەیە لە ساڵی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ راگوێزراوە و ئەویتریان لەماوەی نێوان ١٩٩١ـ٢٠٠١ دەکرێ هەردووکیان خەڵکی شارێکی گەورە و کۆنی وەك کەرکوك بن و دەمێك بێت ئەو گۆڕانە بەسەر جلوبەرگیاندا هاتبێت. هەروەها لەبەرئەوەی رێژەکە زۆر کەمە دەکرێ فەراموش بکرێت.

ئەوانەی کە پێیان وایە جلوبەرگی پیاوان گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، رێژەیان دەکاتە ٤٦,٤٧٪ی نموونەی باسەکە. زۆرترینی ئەمانەش ئەوانەن لە دوو ساڵی ١٩٨٧ـ ١٩٨٨ راگوێزراون. ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: یەکەم، ئەم کۆمەڵەیە زۆرترین رێژەی نموونەکە پێکدەهێنن و دووەم، لەبەرئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە ئەنفال کراوەکان بوون و کەوتنە نێو هەژاریەکی رەهاوە، گۆڕانی زۆر گەورەیان لە هەندێ بواردا بە خۆوە بینی. ئەوانەی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ راگوێزراون و پێیان وایە گۆڕانێکی زۆر بەسەر جلوبەرگەکانیاندا هاتووە رێژەیان دەکاتە ١٥٪ی نموونەکە. ئەمەش

ڕێژەیەکی بەرزترە لە ڕێژەی کۆمەڵەی ١٩٨٧ـ ١٩٨٨ بەلەبەرچاو گرتنی ڕێژەی گشتیی هەردووکیان. لەدوای ئەمانەش ڕاگوێزراوەکانی ساڵەکانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦ دێن، ئەوانەی هەمان ڕای ئەوانەی پێش خۆیانیان هەیە ڕێژەکەیان ٥,٣٣٪ نموونەی باسەکەیە. هەریەکە لە ڕاگوێزراوەکانی دوو کۆمەڵەی ساڵانی ١٩٦٩ـ١٩٧٦ و ١٩٩١ـ٢٠٠١، بە ڕێژەی ٣,٣٣ ٪ پێیان وایە جلوبەرگی پیاوان گۆڕانێکی زۆری بەخۆوە بینیوە.

هەڵبەت بەبینینیش دەتوانین تێبینیی کەمبوونەوەی هەندێك جۆری جلوبەرگی پیاوان یان هەندێك پارچە لە جلوبەرگ لە کوردستانی باشووردا بکەین، بۆ نموونە شالوشەپکی ناوچەی بادینان، کەواو سەڵتەی گەرمیان، یاخود ئەوەی لە بادینان پێی دەڵێن چۆخ و لە هەولێر و سلێمانیش پێی دەڵێن پەستەك، هەروەها جامانە زۆر کەم بۆتەوە بەتایبەتی بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە تا ماوەیەکی درەنگ لە زۆر ناوچەی کوردستان سەرکۆتی مایەی شەرم بووە.

لەبەرامبەر ئەمانەی سەرەوەشدا، زۆرینەی ژمارەی نموونەکەمان پێیان وایە گۆڕانێکی کەم بەسەر جلوبەرگی پیاواندا هاتووە. تێکڕا ٥٢,٦٧٪ ی نموونەی باسەکە لەسەر ئەم بڕوایەن. زۆرترین ڕێژە کە دەکاتە ٢١٪ لەوانەی لەسەر ئەم بڕوایەن دەکەونە نێو گرووپی ڕاگوێزراوەکانی ساڵانی ١٩٨٧ـ١٩٨٨، لەدوای ئەمانیش بە ڕێژەی ١٥,٦٧٪ لە کۆمەڵەی ڕاگوێزراوەکانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ پێیان وایە جلوبەرگی پیاو لەدوای ڕاگواستن کەم گۆڕاوە. ئینجا ڕاگوێزراوەکانی ساڵەکانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦ بە ڕێژەی ٨,٣٣٪ لەسەر ئەم بڕوایەی سەرەوەن. ڕاگوێزراوەکانی ماوەی نێوان١٩٦٩ـ١٩٧٦ بە ڕێژەی ٥٪ لەگەڵ ئەم بۆچوونەی سەرەوە کوکن. ڕێژەی ٢,٣٣٪ ی ڕاگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٩ـ١٩٩٠ یش هەمان ڕایان هەیە.

خشتەی ژمارە (٣٧) جلوبەرگی پیاوان لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

کۆی گشتی	کەم گۆڕاون	زۆر گۆڕاون	نەگۆڕاون	جلوبەرگی پیاوان دوای ڕاگواستن / ساڵی ڕاگواستن
25 8.33%	15 5.00%	10 3.33%	0 0.00%	1969-1976
92 30.67%	47 15.67%	45 15.00%	0 0.00%	1977-1979
41 13.67%	25 8.33%	16 5.33%	0 0.00%	1980-1986
119 39.67%	63 21.00%	55 18.33%	1 0.33%	1987-1988
11 3.67%	7 2.33%	4 1.33%	0 0.00%	1989-1990
12 4.00%	1 0.33%	10 3.33%	1 0:33%	1991-2001
300 100.00%	158 52.67%	140 46.67%	2 0.67%	کۆی گشتی

١٩ـ جلوبەرگی ئافرەتان لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

لە خشتەی ژمارە (٣٨)دا بە پێچەوانەی خشتەی ژمارە (٢٩) کە تایبەت بوو بە گۆڕانی جلوبەرگی پیاوان، نموونەی باسەکەمان زێتر پێیان وایە کە جلوبەرگی ئافرەتان گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. هەروەها هیچ کەسێك نییە پێی وابێت جلوبەرگی ئافرەتان نەگۆڕاوە. بە چاودێریکردنێکی سەرپێیانەش دەردەکەوێ کە جلوبەرگی ئافرەتان زۆر گۆڕاوە، جلوبەرگی مۆدە کە جاران تەنیا لە شارەکان و زیاتر لە لای توێژی گەنج دەبینرا، ئەمڕۆ بەشێوەیەکی زۆر زێتر بڵاوبوتەوە و ئەو گوندانەش زۆر کەمن کە ئەم جلوبەرگەی پێ نەگەیشتبێت تەنانەت ئەگەر لەڕێی مامۆستای قوتابخانەکانیشەوە بێت. پەچە لە چەند شوێنێکی زۆر کەم بەدەگمەن ماوە. هەروەها عەبای ڕەشی ئافرەتان کە لە زۆربەی ناوچە لادێنشینەکاندا نەبوو، ئێستا لە هەموو شوێنێك هەیە، جگە لەوەی کە مۆدێل و جۆری قوماشی ئافرەتان ڕۆژانە گۆڕانیان تێدەکەوێت.

تێکڕا ژمارەی ئەوانەی پێیان وایە جلوبەرگی ئافرەتە کوردەکان لەدوای ڕاگواستن زۆر گۆڕاوە، ڕێژەیان ٥٨٪، زۆرترین ژمارەش دەکەوێتە ناو گروپی ڕاگوێزراوەکانی ساڵەکانی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ (لەبەر هەمان ئەو هۆیەی لە ڕاڤەی خشتەی پێشتردا باسکرا) لەدوای ئەوان هەروەك خشتەی پێشوو ڕاگوێزراوەکانی ساڵەکانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ دێن، ڕێژەی ئەمانیش ٢٠٪ کە نزیکەی دوو هێندەی ئەوانەن کە لە هەمان ئەو ساڵانەدا وەڵامی گۆڕاوەکەی دیکەیان داوەتەوە. دوای ئەوانیش کۆمەڵەی ڕاگوێزراوەکانی ساڵەکانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦، بە ڕێژەی ٧,٣٣٪ پشتگیری لە بۆچوونی سەرەوە دەکەن. ئەوانەی لەماوەی نێوان ١٩٩١ـ٢٠٠١یش ڕاگوێزراون بە ڕێژەی ٣,٣٣٪ پێیان وایە جلوبەرگی ئافرەتان زۆر گۆڕاوە. ٨ کەسیش بە ڕێژەی ٢,٦٧٪ کە دەکەونە نێو

راگوێزراوەکانی ماوەی نێوان ١٩٦٩ـ١٩٧٦، و لە راگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٩ـ١٩٩٠یش بە رێژەی ١,٦٧٪ هەمان بۆچوونیان هەیە.

خشتەی ژمارە (٣٨) جلوبەرگی ئافرەتان لەگەڵ ساڵی راگواستن

جلوبەرگی ئافرەتان / ساڵی راگواستن	زۆر گۆڕاون	کەم گۆڕاون	**کۆی گشتی**
1969-1976	8 2.67%	17 5.67%	25 8.33%
1977-1979	60 20.00%	32 10.67%	92 30.67%
1980-1986	22 7.33%	19 6.33%	41 13.67%
1987-1988	69 23.00%	50 16.67%	119 39.67%
1989-1990	5 1.67%	6 2.00%	11 3.67%
1991-2001	10 3.33%	2 0.67%	12 4.00%
کۆی گشتی	174 58.00%	126 42.00%	300 100.00%

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوانەی پێیان وایە جلوبەرگی ئافرەتان کەم گۆڕاوە رێژەیان ٤٢٪ـە، رێژەی ١٦,٦٧٪ی راگوێزراوەکانی دوو ساڵی

١٩٨٧ـ ١٩٨٨ لەم بڕوایـەدان. هـەروەها ١٠,٦٧٪ی راگوێزراوەکـانی سالآنی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ لەسەر هەمان بڕوان. لەدوای ئـەوانیش ئەوانـە دێن کە لە مـاوەی نێـوان ١٩٨٠ـ١٩٨٦ راگوێـزراون. ٢٢ کـەس بـە رێژەی ١٠,٦٧٪ پێیان وایە جلوبەرگی ئافرەتـان کـەم گـۆڕاوە. ئینجـا ئەوانەی لە سالآنی١٩٦٩ـ١٩٧٦ راگوێزراون بە رێژەی ٥,٦٧٪ پێیـان وایە جلوبەرگی ئافرەتان کەم گۆڕاوە لە ژمارەی ئەوانە زۆرترە یان گەلێ زۆرترە کە پێیان وایە جلوبەرگی ئافرەتان زۆر گۆڕاوە. ئـەم کۆمەڵەیـە لەم بارەیەوە تەواو بەپێچەوانەی ئەو راگوێزراوانە بیردەکەنـەوە کـە لـە سـاڵەکانی١٩٧٧ـ١٩٧٩ راگوێـزراون، ئەمـەش جێگـەی تێڕامانـە بەتایبەتیش کاتێك دەبینین ماوە زەمەنییەکەیان زۆر لەیـەکتر نزیکـە، بۆیە رەنگە جیاوازیەکە بگەڕێتەوە بـۆ شـێوازی راگواسـتنی ئـەم دوو کۆمەڵەیـە و ئـەو ژینگەیـەی ئـەمانی بـۆ راگوێـزراون یـان لێـی راگوێزراون و بارە ئابووریەکەیان. هەردوو کۆمەڵەی دیکەش بە رێـژەی ٢٪ لە راگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٨ـ١٩٨٩ هـەروەها بـە رێـژەی ٠,٦٧٪ لە کۆمەڵەی راگوێزراوەکـانی سـالآنی ١٩٩١ـ٢٠٠١ پێیـان وایە جلوبەرگی ئافرەتان زۆر گۆڕاوە.

٢٠ـ جلوبەرگی گەنجان لەگەڵ ساڵی راگواستن

خشتەی ژمارە (٣٩) تایبەتـە بـە گۆڕانـی جلوبـەرگی گەنجـەکان لەگەڵ گۆڕاوی ساڵی راگواستنی نموونەکە، جیاوازیەکەی لەگـەڵ دوو خشتەکەی پێشوو ئەوەیـە، زۆربـەی هـەرە زۆری نموونەکـە پێـی وایـە جلوبـەرگی گـەنجان زۆر گـۆڕاوە، هەڵبـەت هۆکارەکـانی گۆڕانـی جلوبەرگی گەنجان کەم نین، بەڵام قوتابخانە رۆڵێکـی زۆری بینیـوە لـە گۆڕینی جلوبەرگی قوتابییاندا و گەنجـەکانیش زۆرینـەی رەهایـان ئـەو قۆناغەیان بڕیوە، لە گشت قوتابخانەکان یاخود لە گشت قۆناغـەکانی

خوێندندا مەرج نییە قوتابی چ جلوبەرگێك لەبەر بكات، بەڵام وەكو نەریتێكی لێ هاتووە بەتایبەتی لەلای كچان و تەنانەت لە گوندەكانیش جلی ڕەسمی دەپۆشن و ئەمەش بەرەبەرە ڕێگەی خۆشكرد بۆ گۆڕانی جلوبەرگی گەنجەكان.

خشتەی ژمارە (٣٩) جلوبەرگی گەنجان لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

جلوبەرگی گەنجان / ساڵی ڕاگواستن	زۆر گۆڕاون	كەم گۆڕاون	كۆی گشتی
1969-1976	20 6.67%	5 1.67%	25 8.33%
1977-1979	80 26.67%	12 4.00%	92 30.67%
1980-1986	32 10.67%	9 3.00%	41 13.67%
1987-1988	110 36.67%	9 3.00%	119 39.67%
1989-1990	11 3.67%	0 0.00%	11 3.67%
1991-2001	9 3.00%	3 1.00%	12 4.00%
كۆی گشتی	262 87.33%	38 12.67%	300 100.00%

بەگشتی، لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بە ڕێـژەی ٨٧,٣٣٪ نموونـەی باسەکە پێیان وایـە جلوبـەرگی لاوەکـان زۆر گـۆڕاوە. لـەم ڕێژەیـەش ٣٦,٦٧٪ لـەو ڕاگوێزراوانـەن کـە لـە سـاڵەکانی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ ڕاگوێـزراون. هـەروەها بـە ڕێـژەی ٢٦,٦٧٪ لـەو ڕاگوێزراوانـەن کـە دانیشتووی پشتێنەی سنووری بـوون و لـە مـاوەی نێـوان سـاڵەکانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩دا ڕاگوێـزراون. ئەوانـەی لـە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦دا ڕاگوێـزراون و پێیـان وایـە جلوبـەرگی گـەنجان زۆر گۆڕاوە ڕێژەیان ١٠,٦٧٪ی نموونەی باسـەکەیە. ٦,٦٧٪ی نموونەکـەش لە ڕاگوێزراوەکانی پێش ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ئـەو بۆچوونـەی سـەرەوە کۆك و تەبان. ئەوەی دەمێنێتەوە بە ڕێژەی ٣,٦٧٪ کە کـۆی نموونـەی وەرگیراوی ڕاگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٩ـ١٩٩٠ پێکدێنـن و ٣٪ی ڕاگوێزراوەکانی ماوەی نێوان ١٩٩١ـ٢٠٠١ پێیان وایە دوای ڕاگواسـتن جلوبەرگی گەنجەکان زۆر گۆڕاوە.

لە بەرامبەر ئەمانیشدا تـەنیا ١٢,٦٧٪ی نموونەکـە پێیـان وایـە جلوبەرگی گەنجەکان کەم گۆڕاوە. زۆرترین ژمارەی ئەوانەی بەم جۆرەش بیردەکەنەوە لە ڕاگوێزراوە لادێنشـینە سـەر سـنووریەکانن، واتـە لـە ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩، ڕێژەی ئەمانە دەکاتە ٤٪، دوای ئـەوانیش دوو کۆمەڵەی ڕاگوێزراوەکانی مـاوەی نێـوان سـاڵەکانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦ و ڕاگوێزراوەکـانی دوو سـاڵی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ دێـن بـەڕێژەی ٣٪ بـۆ هەریەکەیان. هەروەها ئەوانەی لە ساڵانی ١٩٦٩ـ١٩٧٦ ڕاگوێـزراون بـەڕێژەی ١,٦٧٪ هـەمان ڕای ئەوانـەی سـەرەوەیان هەیـە، واتـە جلوبەرگی لاوان کەم گۆڕاوە.

٢١ـ ئاژەڵـەکانی نموونەکـە لـە دوو قۆنـاغی پێـش راگواسـتن و دوای راگواستن

لە خشتەی ژمارە(٤١)دا دەردەکەوێت نموونـەی باسـەکەمان پێـش راگواستن و دوای راگواستن چ جۆرە ئاژەڵێکیان بەخێو کردووە. دەبینـین پێشراگواستن زۆرترین رێژەی نموونەکە کە دەکاتە ٣٠٪ مـەڕ و بـزن و مانگایان بەخێو کردووە، بەڵام ئەوانەی هەمان ئەو ئاژەڵانەیان بـەخێو کردوون لە دوای راگواستن رێژەیان تەنیا ٢٪ە، جیاوازیەکە هێنـدە زۆرە بەراورد ناکرێت. لە دوای ئەوان دەبینـین ٢٢٪ی نموونـەی باسـەکەمان پێشراگواستن تـەنیا مـەڕ و بزنیـان بـەخێو کـردوون، ئەمانـەش بـە رێژەیەکی بەرچاو لە دوای راگواستن ژمارەیان کەم بۆتەوە و تـەنیا ٦٪ نموونەکە پێکدێنن. و ئەو نموونەیەی پێشراگواستن مەڕ، بـزن، چێـل و وڵاخ (بە هەموو جۆرەکانییەوە) یان بەخێو کردووە رێژەیـان ١٦٪یـە، بەڵام هیچ کەسێك لە نموونەی باسەکەماندا ئاماژەی بەوە نەکردووە کـە لەدوای راگواستن ئەم چـوار جـۆر ئاژەڵـەیان پێکـەوە بـەخێو کـردووە. تەنانەت هیچ کەسێکیش ئامـاژەی بـەوە نـەداوە کـە وڵاخـی لەگـەڵ ئاژەڵـەکانی دیکـە یـاخود بەتـەنیا بـەخێو کردبێـت، ئەمـەش ئـەوە دەردەخات کە راگواسـتن رێـژەی وڵاخـەکانی لـە وڵاتەکـەماندا بـەرەو ئەوپەڕی کەمبوونەوە بردووە. لە لێکۆڵینەوەیـەکی ئامـاریدا لـەبارەی ئەنفالی بادینان لە ساڵی ١٩٨٨ کە ٥٥٣ خێزان لە پارێزگای دهۆك و ٥٤٠ خێزان لە قەزای مێرگەسوور وەکو نموونە وەرگیراون، دەردەکەوێت برێکـی زۆر ئاژەڵیـان لەدەسـت چـووە وەك لـە خشـتەی خـوارەوەدا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٤٠) لەدەست چوونی سامانی ئاژەڵی هەندێ لە ئەنفالکراوەکان پیشان دەدات[٢]

شوێن	پەلەوەر	ژمارەی مانگا و گامێش	ژمارەی مەڕو بزن	ژمارەی وڵاغ	ژمارەی خێزان
پارێزگای دهۆك	8762	960	4826	984	553
قەزای مێرگەسوور	12304	1868	13221	1261	540

ڕێژەی ١١,٦٧٪ی نموونەی باسەکەمان ئاماژەیان بەوە کردووە کە پێشڕاگواستن تەنیا مانگایان بەخێو کردووە. ئەم دەستەیە لە دوای ڕاگواستنیش گۆڕانێکی هێندەی بەخۆیەوە نەبینیوە و ڕێژەکەیان ١٠,٦٧٪یە، بەڵام ئەوەی لە هەموویان زێتر گۆڕاوە و ئەوە دەهێنێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین ئەوانەن کە هیچ ئاژەڵێکیان بەخێو نەکردووە، ئەمانە پێشڕاگواستن ١٩,٦٧٪ی ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن و دەکرێ زۆربەی زۆریشیان دانیشتووی شار و شارۆچکەکان بن، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە دوای ڕاگواستن خۆی لە قەرەی ٨١,٦٧٪ دەدات، واتە زیاتر لە چوار هێندەی پێش ڕاگواستنیان کە هەڵبەت هەموویان دانیشتووی شار و شارۆچکەکان نین. ڕاستە ئێمە ئەو خەڵکەمان کە بۆ گوندەکانیان گەڕاونەتەوە وەرنەگرتوون، بەڵام زۆربەی زۆری

---

[٢] رؤوف عقراوي، حملة على البادينان واحوال اللاجئين، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠٢، ص ٨٨-٨٩.

نموونەکەمان خەڵکی ئۆردووگـا زۆرەملێکـانن، بەمـەش دەردەکـەوێت ئێستا لە ئوردووگاکانیشدا خەڵکێکی زۆر هەیە ئاژەڵ بەخێو ناکـەن، هەموومانیش ئاگادارین لـە وڵاتەکـەماندا کێلگـەی بـەخێو کردنـی ئاژەڵەکان بۆ سامانی ئاژەڵی نە لە لایەن کەرتی گشتی و نـە کـەرتی تایبەتی بایەخێکی زۆریان پێ نەدراوە، لە کاتێکدا باشترین ئەتمۆسفێر و ژینگەمان بۆ ئـاژەڵداری مۆدێـرن و کێلگـەی لـەوەڕاندنی ئـاژەڵان هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت ئێمە پێویستیمان بە زیادکردنی ژمارەی ئاژەڵەکان هەیە لە کوردستاندا بۆ زۆربوونی سامانی ئاژەڵی.

خشتەی ژمارە (٤١) ئاژەڵەکانی نموونەکە لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستن

ئاژەڵەکان پێش راگواستن ئاژەڵەکان دوای راگواستن	هیچ	مەڕ و بزن	مەڕ، بزن و مانگا	مانگا	کۆی گشتی
هیچ	53 17.67%	3 1.00%	0 0.00%	3 1.00%	59 19.67%
مەڕ و بزن	55 18.33%	9 3.00%	1 0.33%	1 0.33%	66 22.00%
مەڕ، بزن و مانگا	69 23.00%	6 2.00%	4 1.33%	11 3.67%	90 30.00%
مەڕ، بزن، مانگا و وڵاخەکان	39 13.00%	0 0.00%	0 0.00%	11 3.67%	50 16.67%
مانگا	29 9.67%	0 0.00%	1 0.33%	5 1.67%	35 11.67%
کۆی گشتی	245 81.67%	18 6.00%	6 2.00%	31 10.33%	300 100.00%

٢٢ـ لـه خواترسـی لــه دوو قۆنــاغی پێــش راگواســتن و دوای راگواستن لەگەڵ هۆی لەخواترسی

له خشتەی ژمارە (٤٢) دا کــه تایبەتــه بــه وەڵامــی دوو پرسـیار لــەبارەی ئــەوەی خــەڵکی کوردســـتان ئێســـتا یـــان پێشراگواســـتن لەخواترسترن؟ لەگەڵ هۆیەکەی، دەردەکەوێت کە ١٩١ کەس بە رێـژەی ٦٣,٦٧٪ نموونــەی باســەکە پێیــان وایــە خــەڵکی کوردســتان پێــش راگواستنیان واتە ئەو کاتەی لەسەر رێوشونی خۆیان بوون، دیندارتر و له خواترستر بوون. بە رێـژەی ٩,٦٧٪ نـازانن هۆیەکـەی چیـە، بـەڵام زۆرترین رێژە کە دەکاتە ٢٠,٦٧٪ کـەس پێیـان وایـە هۆیەکـەی بـۆ دڵپـاکی و نـــەبوونی فرتوفێــل لای لادێنشـــینان دەگەڕێتـــەوە. ٤٣ کەسیشیان بە رێژەی ١٤,٣٣٪ پێیان وایە ئەوەی وای دەکــرد خــەڵکی له کاتی خۆیدا لەخواترستر بن هۆکاری کۆمەڵایەتیە (تێکەڵاوی کـەم، سەرقاڵی رۆژانە، سەردان و پەیوەندیــە خزمایەتییــەکان و کاریگــەری باوان). لە دوای ئەوانیش بە رێژەی ٨٪ پێیان وایــە خــەڵکی لــە لادێ هوشیاری ئایینیان زێتر بووە و لەدوای راگواستن خەڵکی کەمتر ئاوڕ لە خوێندنی ئایینی دەدەنەوە و کەمتر بایەخ بە مـەعریفەی ئـایینی دەدەن. بە رێژەی ٦٪ی نموونەکەش هۆیەکـەی بـۆ کاریگــەری مزگەوتــەکان و رۆڵی مـامۆستای ئـایینی لــە لادێکـاندا دەگێڕنــەوە، هــەروەك روون و دیاریشە جاران مامۆســتای ئـایینی رۆڵێکــی زۆر بــەرچاوی لــە لادێ گێڕاوە و ئەم رۆڵەی ئەو تەنیا لە کایــەی ئـاییندا کــورت ناکرێتــەوە، بەڵکو رۆڵێکــی بــەرچاوی لــە ژیــانی کۆمەڵایــەتیی لادێــدا دەگــێڕا. کەمترین ژمارەی ئەوانەش کە پێیان وایە جاران خــەڵك لــە خواترســتر بوون، دەکاتە ١٥ کەس بــە رێـژەی ٥٪، ئــەوان بۆیــە وای بــۆ دەچــن، چونکــە ئــەو کــات راگــەیاندن بەتایبــــەتیش تەلەڤزیونــەکان لـــە کۆمـەڵگادا بوونێکی ئەوتۆیان نەبوو، واتە ئــەم کەسـانە پێیــان وایـە

راگەیاندن رۆڵێکی سلبی هەبووە لە کەم کردنەوەی دینداری و لە خواترسی بۆیە کەمی تەلەڤزیون رۆڵی هەبووە لە سەر دینداری تاکەکانی کۆمەڵگا لە پێش راگواستن.

لە بەرامبەر ئەمانەی سەرەوەشدا ١٠٩ کەس بە رێژەی ٣٦,٦٧٪ پێیان وایە دوای ئەوەی خەڵکی لە زێدی خۆیان راگوێزران، دیندارتر و لەخواترسترن. ٦,٦٧٪ لە رێژەی سەرەوە نازانن هۆیەکەی چییە، زۆرترین رێژەشیان کە دەکاتە ٢١,٣٣٪ پێیان وایە هۆیەکەی بۆ هۆشیاری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، واتە ئەو بێداربوونەوەیەی بەتایبەتی لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کوردستانی باشوری گرتەوە.[٣] هەروەها بە رێژەی ٥,٦٧٪یش پێیان وایە زۆربونی ژمارەی مزگەوت و دەرکەوتنی مامۆستای ئایینی شارەزا و وتاربێژی بەتوانا و راگەیاندنی ئیسلامی وایکردووە دینداری لە کوردستاندا زێدە ببێت. لە ساڵی ١٩٩٢وە تا ساڵی ٢٠٠٠ (٣٢) مزگەوت لەناو شاری هەولێر دروستکراون، ژمارەیەکی زۆری مزگەوتەکانی دیکەش نۆژەنکردنەوە و گەورەکردنیان بەخۆوە بینیوە.٤ بە رێژەی ٢,٦٧٪ نموونەی باسەکەش زیاتر ئاماژە بە ململانێکانی ناو دێ و رۆڵی هۆکارەکانی راگەیاندن دەکەن و پێیان وایە بە کەمبوونەوەی یەکەم و زۆربوونی دووەم (رۆڵی راگەیاندن) لەدوای راگواستن خەڵك دیندارتر بووە.

---

[٣] لە بارەی ئەم بێداربوونەوەیە بگەڕێوە بۆ: ئایین و ناسیۆنالیزم: موسلح عەبدولقەهار ئیروانی، رۆڵ و کاریگەری و پەیوەندی نێوانیان لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامە، ل ٨٦ـ٩٤

٤ هەمان سەرچاوە، ل ٨٨. هەروەها لە لاپەرە ٨٩ باس لە کاریگەریی مامۆستا ئایینییەکان کراوە.

خشتەی ژمارە (٤٢) لە خواترسی لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستن لەگەڵ هۆی لەخواترسی.

خەڵك لە خواترستر بوو / هۆیەکەی	پێش راگواستن	دوای راگواستن	کۆی گشتی
مزگەوت و مەلاکان زۆرتر بوون	18 6.00%	17 5.67%	35 11.67%
هۆشیاری ئایینی بەرزتر بوو	19 6.33%	61 20.33%	80 26.67%
دڵەکان پاکتر بوون	62 20.67%	3 1.00%	65 21.67%
رۆڵی راگەیاندن	15 5.00%	2 0.67%	17 5.67%
هۆکاری کۆمەڵایەتی	43 14.33%	3 1.00%	46 15.30%
هۆشیاری و خوێندەواری	5 1.67%	3 1.00%	8 2.67%
بێ وەڵام	29 9.67%	20 6.67%	49 16.33%
کۆی گشتی	191 63.67%	109 36.33%	300 100.00%

٢٢- پیشەی نموونەی باسەکە لەدوای راگواستن لەگەڵ گەڕانەوە

لە خشتەی ژمارە (٤٣)دا پرسیار لە دوو گۆڕاو کراوە، یەکێکیان پیشەی نموونەکە لە دوای راگواستن و ئەویتر ئایا کێ (پیر، لاو، هەردووکیان، هیچ کامێکیان) حەزی لە گەڕانەوەیە بۆ زێدەکەی؟ سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، دەبینین فەرمانبەرەکان زۆرترین رێژەی نموونەکەمان پێکدێنن کە دەکاتە ١٩,٦٧٪، لەم گروپە ١٣,٣٣٪ پێیان وایە پیرەکان حەزیان لە گەڕانەوەیە بۆ شوێنی جارانیان، ئەمەش رێژەیەکی بەرزە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی کابانن یاخود کاری ماڵەوە دەکەن ١٨,٣٣٪ی نموونەی باسەکە پێکدێنن، ١٤٪ ئەم ئافرەتانەش دەڵێن بەتەمەنەکان حەزیان لە گەڕانەوەیە بۆ زێدەکەیان. لەدوای ئەوان کاسبکارەکان (دوکاندار، ئەوانەی کاری سەرپێیی دەکەن، بارهەڵگر، ئەوانەی کاری جیاجیا دەکەن) سێیەمین دەستەی نموونەکەمان پێکدێنن بە رێژەی ١٦,٦٧٪، لەم دەستەیەشدا رێژەی ١٠,٣٣٪ هەمان رایان بەرامبەر بە گەڕانەوەی بەتەمەنەکان هەیە. بەڵام رێژەی ئەوانەی قوتابین دەکاتە ١٣٪، رێژەیەکی بەرزی ئەمانەش واتە ٩٪ پێیان وایە بەتەمەنەکان حەزیان لە گەڕانەوەیە بۆ شوێنی جارانیان و ژینگەی نوێیان پێ خۆش نییە. لەدوای ئەم گروپە پیشەکارەکان دێن بە رێژەی ١٠,٣٣٪، زۆرینەی ئەمانەش بە رێژەی ٧,٦٧٪ هەمان بۆچوونیان سەبارەت بە بەتەمەنەکان هەیە. بێکارەکانیش چ ئەوانەی لەبەر پیری و پەککەوتەیی کاریان پێ ناکرێت یان ئەوانەی هیچ کارێکیان دەست ناکەوێت رێژەیەکی زۆر نزیک لە رێژەی پێشتر (پیشەکارەکان) پێکدێنن، واتە ١٠٪، نزیکەی نیوەی ئەمانیش بە رێژەی ٥,٣٣٪ پێیان وایە بەتەمەنەکان بە تەمای گەڕانەوەن بۆ شوێنی پێش راگواستنیان، رێژەی دواتر کە دەکاتە ٦,٦٧٪ پێشمەرگەکانن، نیوەی ئەمانیش رای ئەوانەی پێش خۆیان

هەیە. دوا ڕێژەش کە کەمترین ڕێژەی نموونەکەیە (٥,٣٣٪) ئەوانەن کە خەریکی کاری کشتوکاڵین. کەمتر لە نیوەی ئەم ڕێژەیە، واتە تەنیا ٢,٣٣٪ پێیان وایە بەتەمەنەکان حەزیان لە گەڕانەوەیە بۆ شوێنی جارانیان.

هەروەکو باسمان کرد زۆرینەی نموونەی باسەکەمان بە ڕێژەی ٦٥,٣٣٪ لەگەڵ ئەوەدان بەتەمەنەکان بەتەمای گەڕانەوەن ، ئەمەش شتێکی ئاساییە. ئەوانەی زۆربەی تەمەنیان لە شوێنێك بەسەربردووە، زۆربەی یادگاریەکانیان لەوێن و ئەوێ زۆرترین پانتایی خەیاڵی ئەوانی داگیرکردووە و خوویان بە دار و بەردی ئەوێوە گرتووە. حەزیان لە گەڕانەوە دەبێت بۆ ئەوێ.

خشتەی ژمارە (٤٣) پیشەی نموونەی تۆژینەوەکە لەدوای ڕاگواستن لەگەڵ گەڕانەوە

کێ دەگەڕێتەوە / پیشەی نموونەکە لەدوای ڕاگواستن	بەتەمەنەکان	گەنجەکان	هەردووکیان	هیچ کامیان	کۆی گشتی
بێکار	16 5.33%	3 1.00%	7 2.33%	4 1.33%	30 10.00%
کاسبکار	31 10.33%	5 1.67%	12 4.00%	2 0.67%	50 16.67%
کاری ماڵەوە	42 14.00%	3 1.00%	4 1.33%	6 2.00%	55 18.33%

جووتیار	7 2.33%	3 1.00%	5 1.67%	1 0.33%	16 5.33%
قوتابی	27 9.00%	2 0.67%	6 2.00%	4 1.33%	39 13.00%
پێشمەرگە	10 3.33%	0 0.00%	8 2.67%	2 0.67%	20 6.67%
فەرمانبەر	40 13.33%	1 0.33%	12 4.00%	6 2.00%	59 19.67%
پیشەکار	23 7.67%	3 1.00%	4 1.33%	1 0.33%	31 10.33%
کۆی گشتی	196 65.33%	20 6.67%	58 19.33%	26 8.67%	300 100.00%

لە بەرامبەر ڕێژە زۆرەکەی سەرەوەدا تەنیا ٦,٦٧%ی نموونەکەمان پێیان وایە لاوەکان حەزیان لە گەڕانەوەیە هۆیەکەش ئەوەیە لەگەڵ ژینگەی نوێ ڕاهاتوون و زەحمەتە بتوانن وەکو دایک و باوکەکانیان لەگەڵ ژینگەی کۆن ڕابێن، چونکە ژینگەی کۆن (لادێ) ژینگەیەکی دیکەی جیاوازە و هەلومەرج و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە. دوای ئەمانە ڕێژەیەکی بەرزتر کە دەکاتە ١٩,٣٣%ی نموونەکە پێیان وایە هەردوولا پیر و لاوەکان پێکەوە حەزیان لە گەڕانەوەیە بۆ شوێنی جارانیان. ڕێژەیەکی بەرچاویش کە دەکاتە ٨,٦٧% بە پێچەوانەی دەستەی پێشوو پێیان وایە هیچ یەکێکیان نە پیرەکان و نە لاوەکان نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی جارانیان و ژینگەی نوێیان پێ خۆشترە.

٢٤ـ بەراوردی ژیانی نموونەکە لەنێوان دوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

لە خشتەی ژمارە (٤٤)، پەیوندی نێوان ساڵی ڕاگواستن و بەراوردی ژیانی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن دەردەکەوێت. واتە ئایا ڕاگوێزراوەکان چ جیاوازیەك لە نێوان ئەو دوو قۆناغەی ژیانیاندا دبینن. بەر لەوەی داتاکان بخەینە ڕوو پێویست دەکات ئاماژە بەوە بکەین کە لەکاتی تاوتوێ کردنی داتاکان هەستمان کرد خەڵکی ئێمە زۆر کەم دەتوانن بەدەنگ بێن و باسی ژیانیان بکەن، هەر ئەوەشە بۆ نموونە وایکرد ١٤,٦٧٪ی نموونەکەمان تەنیا وشەیەکیشیان پێ نەگوترا و ئەو پرسارەیان بەگشتی فەراموش کرد، ئەوانی دیکەش تەنیا لە سەر یەك دوو شت دەوەستان و بەلای زۆربەی شتەکاندا نەدەچوون.

ڕێژەیەکی بەرزی نموونەی تۆژینەوەکە بە ڕێژەی ٢٥,٣٣٪ پێیان وایە ژیانیان پێشراگواستن خوشتر و ئارامتر بوو، لەمانەش زۆرترینیان بە ڕێژەی ١١,٣٣٪ی ڕاگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بوون، هۆیەکەشی ڕەنگە زیاتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەمانە بەزۆری ئەنفالکراوەکان بوون، ئەنفالکراوەکانیش دوای نیشتەجێ کردنیان لە ئوردووگا زۆرەملێکاندا دووچاری خراپترین ڕەوشی ژیان هاتن. هەروەها لە کۆی ئەوانەی ساڵانی ١٩٦٩ـ١٩٧٦ ڕاگوێزراون، زۆریان واتە ١٠ کەس بە ڕێژەی ٣,٣٣٪ جەخت لەسەر هەمان بۆچوون دەکەنەوە. کەچی لەو ١٢ کەسەی لە دوو ساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ ڕاگوێزراون و خەڵکی ناوچەی قەلادزێ و مێرگەسوورن، تەنیا یەك کەس بە ڕێژەی ٠,٣٣٪ لە کۆی ٤٪ پێی وایە جاران ژیانیان خوشتر و ئارامتر بووە. دوای ئەمانیش بە ڕێژەی ١٤٪ نموونەی تۆژینەوەکە پێیان وایە ژیانیان دوای ڕاگواستن ئارامترە وەك پێش ڕاگواستن، زۆربەی ئەوانەی ئەم

وەڵامەیان داوەتەوە لەو راگوێزراوانەن کە لە دوو ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ راگوێزراون و رێژەیان ٦,٣٣٪ یە. هەروەها نیوەی ئەوانەی لە دەستەی راگوێزراوەکانی دوای ساڵی ١٩٩١، بە رێژەی ٢٪ پێیان وایە دوای راگواستن ژیانیان خۆشتر و ئارامترە. دەکرێ ئەوەش بەوە لێکبدەینەوە کە ئەوان پێش راگواستن لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا ژیانیان دەگوزەراند، بە زەحمەتیش خەڵکێك دەدۆزرێتەوە بەتایبەتی لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو و ئەگەر کوردیش بێت لەژێر سایەی ئەو رژێمەدا هەستی بە ئارامی کردبێت. کەمترین رێژەش کە ئاماژەیان بەم جیاوازیە کردبێت رێژەیان ٦٧,٠٪ە لەو راگوێزراوانەی لە دوو ساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ راگوێزراون.

رێژەی ١٤٪ی نموونەی باسەکەمان باس لەوە دەکەن کە ئێستا، واتە دوای ئەوەی راگوێزراون شارەزاییان لە بوارەکانی ژیاندا زێتر و شارستانیترن بە بەراورد لەگەڵ پێش راگواستن. زۆرترین رێژەی ئەمانەش کە دەکاتە ٣٣,٥٪ ئەوانەن کە خەڵکی سەرسنوورەکانن و لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٧٧-١٩٧٩ راگوێزراون، رەنگە هۆیەکەشی بۆئەوە بگەڕێتەوە کە ئەمان پێش راگواستن بەتەواوی فەراموشکرابوون لەڕووی خزمتگوزاریەکانەوە و حکومەت بایەخی پێنەدەدان. هەروەها ئەوانەی لە ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠یش بە نموونەی باسەکە وەرگیراون زۆرترینیان واتە ١,٦٧٪ ئاماژەیان بەم خاڵە کردوە، دەبێت ئەوەش لەبیرنەکەین کە خەڵکی راگوێزراوی ئەم دوو ساڵەش دیسان دانیشتووی سەرسنوورەکانی عێراق - ئێران و عێراق - تورکیان، بەڵام تەنیا یەك کەس بە رێژەی ٣٣,٠٪ لە کۆی ٢٥ کەس لەوانەی لەماوەی نێوان ١٩٦٩-١٩٧٦ راگوێزراون ئاماژەیان بەم خاڵە کردووە، ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەر لەو ساڵە زیاتر خەڵکی شارەکان و ناوچە بەعەرەبکراوەکان رادەگوێزران هەروەها

ئەوانـەی دەکەوتنـە نـاو قووڵاییـەکانی خـاکی عـێراق وەکـو ناوچـە سەرسنووریەکان بێبەش نـەبوون لـە خزمەتگوزاریـەکانی وەك جـادە، کارەبا، هەردوو بواری پەروەردە و تەندروستی. لە لایەکی دیکەشەوە بە ڕێژەی ٩,٣٣٪ نموونەکە پێیان وایە لـەدوای ڕاگواسـتن بـەهاکانی وەك ڕاسـتگۆیی، برادەرایـەتی، خزمایـەتی، وەفـاداری و... کەوتونەتـە قەیرانەوە و لەم بارەشەوە بێزاری خۆیان پیشان دەدەن. نیوەی ئەمانە بە ڕێژەی ٤,٦٧٪ نموونەکە لەو ڕاگوێزراوانەن کـە لـە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٧٧ ـ ١٩٧٩ ڕاگوێزراون، بەڵام هیچ یەکێك لە ڕاگوێزراوەکانی دوو کۆمەڵەی ساڵەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ و ئەوانەی ساڵانی ١٩٩١ـ٢٠٠١ ئاماژەیان بەم خاڵە نەکردوە.

خشتەی ژمارە (٤٤) بەراوردی نێوان پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

ساڵی ڕاگواستن / بەراوردی نێوان پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن	1969-1976	1977-1979	1980-1986	1987-1988	1989-1990	1991-2001	کۆی گشتی
بێ وەڵام	6 2.00%	17 5.67%	7 2.33%	12 4.00%	1 0.33%	1 0.33%	44 14.67%
دوای ڕاگواستن خەڵك ئارامترە	1 0.33%	9 3.00%	5 1.67%	19 6.33%	2 0.67%	6 2.00%	42 14.00%

دوای راگواستن مادده بەسەر خەڵکدا زاڵ بووە	5 1.67%	7 2.33%	3 1.00%	11 3.67%	1 0.33%	0 0.00%	27 9.00%
دوای راگواستن کێشەکان زیاترن، خەڵکیش هۆشیارتر و خوێندەوارترن	0 0.00%	12 4.00%	4 1.33%	8 2.67%	0 0.00%	1 0.33%	25 8.33%
دوای راگواستن کێشەکان زۆرن	1 0.33%	2 0.67%	1 0.33%	12 4.00%	1 0.33%	0 0.00%	17 5.67%
جاران خەڵك راستگوتر بوون، بە وەفاتر بۆ خزم و ناسیاوەکان بوون	1 0.33%	14 4.67%	3 1.00%	10 3.33%	0 0.00%	0 0.00%	28 9.33%
جاران ژیان خۆشتر بوو، ئێمەش ئارامتر	10 3.33%	15 5.00%	11 3.67%	34 11.33%	1 0.33%	4 1.33%	75 25.00%
دوای راگواستن بەهۆی تێکەڵاوی شارەزاترو شارستانیترین	1 0.33%	16 5.33%	7 2.33%	13 4.33%	5 1.67%	0 0.00%	42 14.00%
کۆی گشتی	25 8.33%	92 30.67%	41 13.67%	119 39.67%	11 3.67%	12 4.00%	300 100.00%

هەروەها ڕێژەی ٩٪ی نموونەکە باس لەوە دەکەن کە دوای ڕاگواستن وێڕای ئەوەی خەڵکی هۆشیارترن، بەڵام پارەوپوول بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵ بووە. لەم بارەیشەوە دیسان دوو کۆمەڵەی ڕاگوێزراوەکانی ساڵانی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ و ١٩٧٧ـ١٩٧٩ زۆرترین ئاماژەیان بەم خاڵە کردووە، یەکەمیان بە ڕێژەی ٣,٦٧٪ و دووەمیان بە ڕێژەی ٢,٣٣٪ . ڕێژەی ٨,٣٣٪ی نموونەکەش دەڵێن وێڕای ئەوەی خەڵکی ئێستا خوێندەوارتر و زیاتر ئاگاداری جیهانن هوشیاریشیان زێتره کێشە و گێروگرفتەکانیش لە جاران زێترن. لەمانەش بە ڕێژەی ٤٪، نزیکەی نیوەی کۆی ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە لەوانەن لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩دا ڕاگوێزراون و هیچ کەسێکیش لەوانەی ساڵەکانی ١٩٨٩ـ١٩٩٠ ڕاگوێزراون ئاماژەیان بەم خاڵە نەکردووە. کەمترین ڕێژەی نموونەکەش بە ڕێژەی ٥,٣٣٪ هەر ئەوەندەیان گوتووە کە ئێستا بەپێچەوانەی پێش ڕاگواستن گیروگرفت زۆرن، زۆربەی ئەمانەش بە ڕێژەی ٤٪ لەوانەن لە دوو ساڵی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ ڕاگوێزراون.

٢٥ـ جیاوازیی ژیانی نموونەکە لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

خشتەی ژمارە (٤٥) پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو دەردەخات: یەکەم، ساڵی ڕاگواستن. دووەم، جیاوازی ژیانی ڕاگوێزراوەکان لە دوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن.

ڕێژەیەکی زۆر بەرزی نموونەکەمان کە دەکاتە ٨٤,٣٣٪ پێیان وایە ژیانیان دوای ڕاگواستن جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ژیانیان لەو کاتەی هێشتا ڕانەگوێزرابوون. هەروەها ژمارەیەکی دیکە بە ڕێژەی ١٢,٣٣٪ پێیان وایە ژیانیان دوای ڕاگواستن جیاوازیەکی کەمی هەیە لەگەڵ ژیانیان لە قۆناغی پێش ڕاگواستن. ئەوانەی پێیانوایە ژیانیان وەك پێش ڕاگواستنە یان هیچ جیاوازیەك نییە و هیچ گۆڕانێك ڕووی نەداوە تەنیا ٣,٣٣٪ نموونەی باسەکە پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە (٤٥) جیاوازیی ژیانی نموونەکە لەگەڵ ساڵی راگواستن

ژیانی ئێستامان / ساڵی راگواستن	زۆر جیاوازە لەگەڵ پێش راگواستن	جیاوازیەکەی لەگەڵ پێش راگواستن کەمە	وەکو پێش راگواستن	کۆی گشتی
1969-1976	19 6.33%	5 1.67%	1 0.33%	25 8.33%
1977-1979	77 25.67%	11 3.67%	4 1.33%	92 30.67%
1980-1986	34 11.33%	4 1.33%	3 1.00%	41 13.67%
1987-1988	104 34.67%	14 4.67%	1 0.33%	119 39.67%
1989-1990	11 3.67%	0 0.00%	0 0.00%	11 3.67%
1991-2001	8 2.67%	3 1.00%	1 0.33%	12 4.00%
کۆی گشتی	253 84.33%	37 12.33%	10 3.33%	300 100.00%

ئەوانـەی سـالآنی ١٩٦٩ـ١٩٧٦ راگوێـزراون و ڕێژەیـان ٨,٣٣٪ی نموونەکەیە، ٦,٣٣٪ پێیان وایە ژیانیـان لەگـەڵ پێـش راگواسـتن زۆر جیـاوازە. بـەڵام ئەوانـەی لـە مـاوەی نێـوان سـالآنی ١٩٧٧ـ١٩٧٩دا راگوێزراون لـە کـۆی ٣٠,٦٧٪ نموونەکـە ٢٥,٦٧٪یـان پێیـان وایـە ژیانیان جیاوازیـەکی زۆری هەیـە لەگـەڵ قۆنـاغی پێـش راگواسـتن. سەبارەت بەو نموونەیـەی لـە سـاڵەکانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦ راگوێـزراون و ١٣,٦٧٪ی نموونەکە پێکدێنن ١١,٣٣٪یان دەڵێـن جیاوازیەکـە زۆرە. راگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ بـەرزترین رێـژە (٣٩,٦٧٪) پێکدێنن، نزیکەی ٣٥٪ لەمانەش دەڵێن ژیانی ئێستایان زۆر جیـاوازە لەگـەڵ پێـش راگواسـتن. تێکـڕای راگوێزراوەکـانی دوو سـاڵی ١٩٨٩ـ١٩٩٠ کە ڕێژەیان ٣,٦٧٪ نموونەکەیە، هەموویان ئامـاژە بـە جیاوازیـەکی زۆری ژیانیـان دەکـەن لـەو دوو قۆناغـە جیـاوازەدا. دوا کۆمەڵەش ئەوانەن کە لـەماوەی نێـوان ١٩٩١ـ٢٠٠١ راگوێـزراون و ٤٪ نموونەکە پێکدێنن، ڕێژەی ٢,٦٧٪ی ئەمانەش باس لەو جیاوازیـە زۆرە دەکەن.

٢٦ـ خۆشـی ژیـان لـە دوو قۆنـاغی پێـش راگواسـتن و دوای راگواستن لەگەڵ هۆی خۆشیەکە

لە خشتەی ژمارە (٤٦)دا وەڵامی دوو پرسـیار بـەرچاو دەکـەوێت. یەکەم، ئایا پێـش راگواسـتن یـان دوای راگواسـتن ژیانتـان خوشـتر و ئارامتر بوو، دووەم، پرسیار لە هۆی ئەو خوشی و ئارامیە کراوە.

سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ڕێژەیەکی بەرزی نموونەی تۆژینەوەکـە کە دەکاتە ٨٤,٣٣٪ پێیان وایە بەر لەوەی راگوێزرێن ژیانیان خوشتر و ئارامتر بووە. ئەم ڕێژەیە لە بەرامبـەر ئـەو ڕێژەیـەی پێـی وایـە دوای راگواستن ژیانیـان خوشـتر و ئارامـتر بـووە تـەنیا ١٥,٦٧٪ نموونەکـە پێکدێنێت ڕێژەیەکی زۆر بەرزە، لێرەدا بۆمان دەردەکـەوێت راگواسـتن

یاخود رژێمی بەعس بە پیادەکردنی ئەم سیاسەتەی راگوێزراوەکانی رووبەڕووی چ بارۆدوخێك کردووە یان لە چ ئارامی و خوشیەکی بێبەش کردوون.

لەو رێژە بەرزەی کە پێی وایە پێش راگواستنیان ژیانیان خوشتر بووە، زیاتر لە نیوەیان بە رێژەی ٥٥,٣٣٪ هۆیەکەی بەوە دیار دەکەن کە جاران لەسەر خاك و رێ وشوێنی خۆیان بوون. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە ئەوان شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان کە هەندێکیان تەمەنی وەچەیەکە لەوێ دەژین بە شوێن و خاکی خۆیان نازانن و ئینتمایان بۆ شوێنی پێشوویان هەیە، واتە ئەو گوند یاخود شارەی لێی راگوێزراوە. ١٤٪شیان پێیان وایە پێش راگواستن خەم و خەفەتیان کەمتر بووە. کەمی خەم و خەفەتیش نیشانەی ئارامی دەروونییە و دواجار خۆشی ژیانە. بەڵام بە رێژەی ١٠٪ هۆی خۆشی ژیان لەو کاتەدا دەگەڕێننەوە بۆ باری ئابووری، ئەمانە پێیان وایە پێش راگواستن ژیانیان باشتر دەگوزەرا و وەك ئێستا هەژار نەبوون، ئەم گروپە پەیوەندی لە نێوان باری ئابووری و خوشی و ئارامیی ژیاندا دروست دەکەن.

لەو رێژە کەمەش (١٥,٦٧٪) پێیان وایە دوای ئەوەی راگوێزراون ژیانیان بەرەو ئارامی و خۆشی چووە، رێژەیەکی بەرزیان کە دەکاتە ٥,٣٣٪ هۆیەکەی بۆ باشبوونی باری ئابووری دەگەڕێننەوە، ئەمانە پێیان وایە ئێستا ژیانیان باشتر دەگوزەرێ و لە هەژاری رزگاریان بووە. رێژەیەکی نزیك لەمەش کە دەکاتە ٤,٣٣٪ پێیان وایە دوای راگواستن پانتایی ئازادی تاکەکەسی فرەوانتر بووە و توانیویانە خۆیان پێ بگەینن و زێتر ئاگاداری رەوشی جیهان بن. هەر بۆیە دوای راگواستن بە خۆشتر و ئارامتر لەقەڵەم دەدەن. رێژەیەکی دیکە کە دەکاتە ٣,٦٧٪ وای بۆ دەچن دوای ئەوەی راگوێزراون خەم و خەفەتیان کەمترە، واتە پێش راگواستن خەمیان زێتر خواردووە.

خشتەی ژمارە (٤٦) خۆشیی ژیان لە دوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن لەگەڵ هۆی خۆشیەکە

ژیانمان خۆشتر بوو / هۆیەکەی	پێش ڕاگواستن	دوای ڕاگواستن	کۆی گشتی
شوێنی خۆمان بوو	166 55.33%	1 0.33%	167 55.67%
خەم و خەفەت کەمتر بوون	42 14.00%	11 3.67%	52 17.67%
ژیان ئاسانتر دەگوزەرا	30 10.00%	16 5.33%	46 15.33%
ئازادیی تاك زیاترە و خۆمان پێگەیاندووە و لە جاران شارەزاترین	0 0.00%	13 4.33%	13 4.33%
ئارامی زیاتر بوو هەروەها میهرەبانی	3 1.00%	0 0.00%	2 1.00%
بێ وەڵام	12 4.00%	6 2.00%	18 6.00%
کۆی گشتی	253 84.33%	47 15.67%	300 100.00%

٢٧- گۆڕانی هەستی کوردایەتی لەگەڵ ئاراستەی گۆڕانەکە

خشتەی ژمـــارە (٤٧) داتاکـانی تایبـەت بـە دوو پرسـیار لـەخۆ دەگرێت، یەکەم ئایا دوای ئەوەی حکومەت ئێوەیان راگواست هەسـتی کوردایەتیتان گۆڕا یاخود نەخێر؟ دووەم، ئەگەر گۆڕاوە بەهێز بووە یان بەرەو لاوازی چوو؟

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری یەکەم، ڕێژەی ٧٢٪ی نموونەکە پێیان وایە لە دوای ئەوەی راگوێزران، هەستی نەتەوەییان گۆڕا. لە بەرامبـەر ئەم ڕێژەیەشدا ئەوانەی ماونەتەوە ڕێژەیان ٢٨٪ی نموونەکەیـە هـەموو ڕێژەکە وای بۆ چووە کە راگواستن هیچ کاریگەریەکی لەسـەر هەستی نەتەوەیی ئەوان نـەبووە. بێگومـان ٢٨٪ی نموونەکـە ڕێژەیـەکی زۆرە، بـەڵام لـە خشـتەی ژمـارە (٣٨)دا دەردەکـەوێت کـە ١٩٪ نموونـەی باسەکەمان نازانن حکومەت بۆ ئەوانی راگواستووە. کاتێك تۆ هەسـت بەوە نەکەی بۆیە تۆیان راگواستووە چونکـە کـورد بـووی، ئـەوا ئـەو هەستە نەتەوەییەی هەتە راگواستن چۆن دەیگۆڕێت.

بەڵام سەبارەت بـەو نموونەیـەی کـە ڕێـژەی ٧٢٪ پێـی وایـە لـە ئەنجامی راگواستنەوە گۆڕان بەسەر هەستی نەتەوەییاندا هاتووە، ئـەوا ٥٧,٦٧٪ پێی وایە هەستی نەتەوەییان لەدوای ڕاگواستنیان بـەهێزتر بـووە، ئەمـەش بـارێکی ئاسـاییە، چونکـە ئەوانـە هەسـت دەکـەن ستەمێکی زیاتریان لێ کراوە. کەچی ڕێژەی ١٢,٣٣٪ نموونەکە پێیـان وایە راگواستن وای کرد هەستی نەتەوەییان بەرەو لاوازی بچێت، دەشـێ ژمارەیـەك لەمانـە ئەوانـە بـن کـە لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتی هەرێم ژێر دەسەڵاتی حکومەت لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ بۆ ناوچە کوردنشینەکان راگوێزرابن، چونکە پێمـان وایـە لـە ئـەنجامی زیاتر لە دە ساڵ حوکمرانی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، خـەڵکی بەجۆرێك لە جۆرەکان هەستی نەتەوەییان لاواز بووە.

خشتەی ژمارە (٤٧) گۆڕانی هەستی کوردایەتی لەگەڵ ئاراستەی گۆڕانەکە

لەدوای راگواستن هەستی نەتەوەییمان / لەدوای راگواستن هەستی نەتەوەییمان	نەگۆڕاوە	بەهێزتر بووە	بێهێزتر بووە	کۆی گشتی
گۆڕاوە	6 2.00%	173 57.67%	37 12.33%	216 72.00%
نەگۆڕاوە	84 28.00%	0 0.00%	0 0.00%	84 28.00%
کۆی گشتی	90 30.00%	173 57.67%	37 12.33%	300 100.00%

٢٨ـ ئاوەدانیی گوند لەگەڵ خواستی خەڵك بۆ گەڕانەوە

لە خشتەی ژمارە (٤٨)دا و لە میانەی ئەو داتایانەی کە لە خشتەکەدا خراونەتەڕوو پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوی، یەکەم، ئایا گوندی نموونەکە ئاوەدانە یاخود هێشتا ئاوەدان نەکراوەتەوە؟ دووەم، ئایا دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی؟ دەردەکەوێت. رێژەی ٥٧,٦٧٪ی نموونەی باسەکە گوندەکەیان ئاوەدانە و رێژەی ٤٢,٣٣٪ هێشتا گوندەکانیان ئاوەدان نەکراونەتەوە.

سەبارەت بەوانەی گوندەکانیان ئاوەدانن و ڕێژەکەیان ٥٧,٦٧% ە، دەبینین تەنیا ١١,٦٧% پێیان وایە دەگەڕێنەوە. بەڵام نزیکەی دوو هێندەی ئەوان بە ڕێژەی ٢٢,٦٧% پێیان وایە ناگەڕێنەوە، ڕێژەیەکی نزیکیش لەم ڕێژەیەی سەرەوە کە دەکاتە ٢٠,٦٧% مەرجیان هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گوندەکەیان.

کەچی ئەو ڕێژەیەی (٤٢,٣٣%) کە گوندەکانیان ئاوەدان نین، بە ڕێژەی ١٥,٦٧% دەڵێن ئەگەر گوندەکەیان ئاوەدان کرا دەگەڕێنەوە بۆی، بەڵام بە ڕێژەی ٥,٦٧% نموونەکە پێیان وایە ناگەڕێنەوە بۆ گوندەکەیان، سەبارەت بەوانەی کە مەرجیشیان هەیە بۆ گەڕانەوە ڕێژەیان لە دوو کۆمەڵەکەی دیکە زیاترە و دەگاتە ٢٠,٣٣%.

خشتەی ژمارە (٤٨) ئاوەدانیی گوند لەگەڵ خواستی خەڵک بۆ گەڕانەوە

بۆ ناوچەکەتان دەگەڕێنەوە؟ / ئایا دەگەڕێنەوە	نازانم	دەگەڕێمەوە	ناگەڕێمەوە	مەرجم هەیە	کۆی گشتی
بەڵێ	8 2.67%	35 11.67%	68 22.67%	62 20.67%	173 57.67%
نەخێر	2 0.67%	47 15.67%	17 5.67%	61 20.3	127 42.33%
کۆی گشتی	10 3.33%	82 27.33%	85 28.33%	123 41.00%	300 100.00%

٢٩ـ رادەی کار لەگەڵ خۆشیی ژیان لە پێش راگواستن و دوای راگواستن

خشتەی ژمارە (٤٩) وەڵامی دوو پرسیاری دیکە دەداتەوە: یەکەم، پێش راگواستن زێتر کارت دەکرد یان دوای راگواستن؟ دووەم، ئایا پێش راگواستن یان دوای راگواستن ژیانت خوشتر و ئارامتر بوو؟

٦٨٪ی نموونەی توژینەوەکە پێیان وایە پێش راگواستن پڕ ئیش و کارتر بوون وەك دوای راگواستن، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی نموونەکە پڕکارتر بوون ژیانیشیان خۆشتر و ئارامتر بوو. واتە پڕ ئیش و کاری کە ماندووبوونی جەستەیشی لەگەڵە نابێتە رێگر لەبەردەم خۆشی و ئارامیی ژیان چونکە ئەگەر رێگر بوایە ئەوا زۆربەیان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ژیانتان پێش راگواستن خۆشتر و ئارامتر بوو؟ بە بەڵێ وەڵامیان نەدەدایەوە، چونکە لەو ٦٨٪ بەوە وەڵامیان داوەتەوە کە جاران پڕ ئیش و کارتر بوون، ٦٠٪ ئەوانەن کە پێیان وایە ژیانیان پێشراگواستن خوشتر و ئارامتر بوو.

خشتەی ژمارە (٤٩) رادەی کار لەگەڵ خوشیی ژیان لە پێش راگواستن یان دوای راگواستن.

زێتر کارت دەکرد ژیانتان خۆشتر بوو	پێش راگواستن	دوای راگواستن	کۆی گشتی
پێش راگواستن	182 60.67%	22 7.33%	204 68.00%

دوای راگـــــــواســـــتن	47 15.67%	18 6.00%	65 21.67%
جیـــــــاوازیـەکـی وا نەبوو	24 8.00%	7 2.33%	31 10.33%
کــــــۆی گشـــــــتی	253 84.33%	47 15.67%	300 100.00%

ئەوانـەی پێیـان وایـە دوای راگواسـتن پڕکـارتر بـوون ڕێژەیـان ٢١,٦٧٪ی نموونەکەیـە. ١٥,٦٧٪ ئەوانـەن کـە پێیـان وایـە پێـش راگواستن ژیانیان خۆشتر و ئارامتر بوو، ٦٪ ئەوانـەن کـە پێیـان وایـە پێش راگواستن ژیانێکی خوشتر و ئارامتریان دەگوزەرانـد. لـەو لاشـەوە تەنیا ١٠٪ی نموونەی تۆژینەوەکە پێی وایە جیاوازیەکی ئـەوتۆ نـەبووە لەنێوان ڕێـژەی کـاری نموونـەی باسـەکە لـە پێـش راگواسـتن و دوای راگواستن، ٨٪ ئەم گرووپــە ئەوانـەن کـە پێیـان وایـە پێشراگواسـتن ژیانیان خۆشتر و ئارامتر بووە و ٢,٣٣٪ شیان ئەوانەن کە دەڵێـن دوای راگواستن ژیانیان خوشتر و ئارامترە.

٣٠- باری ئابووریی نموونەکە لەگەڵ خواستی خەڵك بۆ گەڕانەوە

خشتەی ژمارە (٥٠) پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوی بـاری ئـابووریی نموونەکە و مـەیلی گەڕانـەوەیان بـۆ گونـد پیشـاندەدات. لەمیانـەی داتاکانەوە دەردەکـەوێت ئەوانـەی بـاری ئابوورییـان باشـە ڕێژەکـەیان ١٦٪یـە، لـەم ڕێژەیـەش ئـەو دوو گرووپـەی دەڵێـن دەگەڕێینـەوە و ناگەڕێینەوە، هەر یەکەیان ٤٪ی نموونەکە پێکدێنن. کـەچی ئەوانـەی

باری ئابووریـــان مامناوەندیـە زۆرتریـن ڕێـژە پێکدێنـن کـە دەکاتـە ٦٤,٦٧٪ی نموونـەی تۆژینەوەکـە بـــەم جـۆرە: ١٧٪ دەگەڕێنـــەوە، ٢٠,٣٣٪ ناگەڕێنەوە و ٢٥,٦٧٪ مەرجیان بۆ گەڕانـەوە هەیـە. واتـە ئەوانەی دەگەڕێنەوە ڕێژەیان لە هــەموویان کـەمترە. گرووپـی سـێیەم ئەوانەی باری ئابووریـــان خراپـە ١٩,٣٣٪ی نموونەکـەن. ڕێـژەی ٤٪ ناگەڕێنەوە، ٦٪ دەگەڕێنەوە و ٨٪ مەرجیان هەیە بۆ گەڕانـــەوە. واتـە ئەوانەی ناگەڕێنەوە ڕێژەیان لە هەموویان کـەمترە. واتـە چـەند بـاری ئابووری خراپتر بێت ئەگەری گەڕانەوە بۆ گوند زێترە.

خشتەی ژمارە (٥٠) باری ئابووریی نموونەکە لەگەڵ خواستی خەڵك بۆ گەڕانەوە

بۆ ناوچەکەتان دەگەڕێنەوە؟ / باری ئابووریتان	نازانم	دەگەڕێنەوە	ناگەڕێنەوە	مەرجمان هەیە	کۆی گشتی
باشە	2 0.67%	12 4.00%	12 4.00%	23 7.67%	49 16.33%
مامناوەندی	5 1.67%	51 17.00%	61 20.33%	76 25.33%	193 64.33%
خراپە	3 1.00%	19 6.33%	12 4.00%	24 8.00%	58 19.33%
کۆی گشتی	10 3.33%	82 27.33%	85 28.33%	123 41.00%	300 100.00%

٣١ـ گۆڕانی باری خوێندەواری لەگەڵ ئاراستەی گۆڕانەکە

داتاکانی ناو خشتەی ژمارە (٥١) وەڵامی دوو پرسیار دەخەنە ڕوو: یەکەم، ئایا لەئەنجامی ڕاگواستنندا باری خوێندەواری منداڵەکانتان گۆڕانی تێکەوت. دووەم، ئەگەر گۆڕانی تێکەوتووە، گۆڕانەکە بە کام ئاراستە بووە، بەرەو باشی یاخود بەرەو خراپی؟

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا نموونەکەمان ڕێژەی ٩٣٪ پێی وایە ڕاگواستن کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانی باری خوێندەواری منداڵەکانیان. لەبەرانبەر ئەمەشدا تەنیا ٧٪ی نموونەکەمان پێیان وایە ڕاگواستن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر باری خوێندن نەبووە و منداڵەکانیان وەکو پێش ڕاگواستن بەردەوامیان بە خوێندنی خۆیان داوە، ئەگەر گۆڕانیش ڕووی دابێت هۆیەکەی ڕاگواستن نەبووە.

لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا، دەبینین لەو ٩٣٪ پێیان وایە باری خوێندنی منداڵەکانیان گۆڕانی تێکەوتووە، بە ڕێژەی ٨١,٣٣٪ نموونەی تۆژینەوەکەمان پێی وایە گۆڕانەکە بە ئاراستەی باشتر بووە. هەڵبەت ئەمە تارادەیەکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو، چونکە زۆر لەم ڕاگوێزراوانە خەڵکی ئەو گوندانە بوون کە دوور بوون لە شار و شارۆچکەکان و حکومەت بایەخێکی ئەوتۆی بە خزمەتگوزارییەکانی وەك پەروەردە و تەندروستی نەدەدا لەو ناوچانەدا. هەروەها بەشێکی زۆری ڕاگوێزراوەکانیش بۆ شار و شارۆچکەکان هاتن لەدوای ڕاگواستن و لەوێ پێویستی دەکرد زیاتر بایەخ بە خوێندن بدەن و هەلومەرجی خوێندن لە شارەکان لەبارتر بوو و دەرفەتەکانیش زێتر بوون، سەرەڕای ئەوەی کە منداڵ لە لادێ هەمیشە دەکرێ بە کاروبارەکانی ماڵەوە و پارمەتیدانی گەورەکانەوە سەرقاڵ بێت، بەڵام لە شار یاخود ئوردووگا ئەو کارانەی نییە و دەبێت بخوێنێت، جگە لەمەش ڕاگوێزراوەکان هەستیان بە گرنگیی خوێندن کردبوو.

خشتەی ژمارە (٥١) گۆڕانی باری خوێندەواری لەگەڵ جۆری گۆڕانەکە

باری خوێندەواری منداڵەکانتان لە دوای ڕاگواستن / لە دوای ڕاگواستن	وەکو خۆی مایەوە	بەرەو باشی چوو	بەرەو خراپی چوو	کۆی گشتی
باری خوێندەواری منداڵەکانمان گۆڕا	0 0.00%	244 81.33%	35 11.67%	279 93.00%
باری خوێندەواری منداڵەکانمان نەگۆڕا	21 7.00%	0 0.00%	0 0.00%	21 7.00%
کۆی گشتی	21 7.00%	244 81.33%	34 11.33%	300 100.00%

هەروەها ١١,٦٧٪ی نموونەکە پێیان وایە دوای ڕاگواستن باری خوێندەواریی منداڵەکانیان بەرەو خراپی چووە، ئەگەرچی بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەکەی پێشوو ڕێژەیەکی کەمە بەڵام هێشتاش زۆرە، و ئەمانە ئەوانەن کە ڕاگواستن بارودۆخێکی تایبەتی بۆیان هێناوەتە ئاراوە و لە ئەنجامدا لە خوێندن دابڕاون. هەندێك لەمانە ڕەنگە خەڵکی ئەو ناوچانەبن کە پێشتر بە عەرەبی خوێندویانە و کاتێ ڕاگوێزراون بۆ ئەو ناوچانەی خوێندن بە کوردیە تووشی گرفت هاتوون.

ئەو ڕێژەیەی دیکەش کە دەمێنێتەوە واتە ٧٪ ئەوانەبوون کە دەڵێن هیچ گۆڕانێك سەبارەت بە باری خوێندنی منداڵەکانیان ڕوی نەداوە.

٣٢ـ باری دارایی‌ی نموونەکە لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

لە خشتەی ژمارە (٥٢)دا کە تایبەتە بەوەی ئایا لەدوای ڕاگواستن باری داراییتان باشتربوو یاخود پێش ڕاگواستن؟ ئەویش بەپێی ساڵەکانی ڕاگواستن. دەبینین زۆرترین ڕێژەی ڕاگوێزراوەکان کە دەکاتە ٦٦,٦٧٪ پێیان وایە پێش ڕاگواستن لەڕووی داراییەوە ژیانیان باشتر دەگوزەرا. واتە بەوەی کە ڕاگوێزراوەکان لەسەر ڕێوشونیان ڕاگوێزراون لەڕووی داراییەوە زیانیان پێکەوتووە. دەشێ زۆربەی ڕاگوێزراوەکان لەبەر ئەوە لەڕووی داراییەوە پێشڕاگواستن ژیانیان باشتر بوو بێت، چونکە ئەوکات خاوەنی خانووی خۆیان بوون و بەزۆری بە کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵەکانەوە خەریك بوون، بەڵام دوای ئەوەی ڕادەگوێزرێن جگە لەوەی پیشەکەیان و مەڕ و ماڵاتیان لە دەست دەدەن، بەشێکی ئەو پارەیەی کە هەشیانە لە خانووی نوێی خەرج دەکەن هەروەها دەبنە کەسی بەکاربەر زیاتر لەوەی بەرهەمهێن وەك لە لادێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ٢٣,٦٧٪ نموونەی تۆژینەوەکەمان پێیان وایە لەدوای ڕاگواستن باری داراییان بەرەو باشتر چووە. زیاتر لە نیوەی ئەمانە واتە ١٢,٦٧٪ لەو ڕاگوێزراوانەن کە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ ڕاگوێزراون و بەجۆرێك قەرەبووکرانەوە کە هیچ ڕاگوێزراوێکی دیکە بەختی ئەمانەیان نەبوو ئەوانیش بەزۆری پێشبینی ئەو جۆرە قەرەبووکردنەوەیەیان نەکردبوو، وێڕای ئەوەی کە حکومەت لە ئوردووگاگەلێکدا خانووی بۆ دروست کردبوون کە بەزۆری باشتر بوون لە خانووە کۆنەکانیان.

ڕێژەی سێیەمیش، واتە ئەوانەی پێیان وایە لەو دوو قۆناغەدا (پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن) جیاوازیەکی ئەوتۆ نەبووە سەبارەت بە باری داراییان، دەکاتە ٩,٦٧٪.

ئەوانەی پێش ساڵی ١٩٧٦ ڕاگوێزراون زۆربەیان پێیان وایە پێش ڕاگواستن ژیانیان لەڕووی داراییەوە باشتر بووە، واتە بە ڕێژەی ٦,٣٣%ی کۆی ٨,٣٣%ی ئەو ڕاگوێزراوانە. بەڵام سەبارەت بە ڕاگوێزراوەکانی ساڵەکانی ١٩٧٧ـ١٩٧٩، ئەگەرچی ڕێژەیەکی بەرچاویان کە دەکاتە ١٤,٦٧% نموونەکە هەمان ڕای گرووپی سەرەوەیان هەیە، بەڵام ئەمانە کەمترن لە نیوەی ئەو ڕاگوێزراوانەی بە نموونەی ئەم ماوەیە وەرگیراون. لەلایەکی دیکەشەوە لە کۆی ١٣,٦٧% نموونەکە کە لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ـ١٩٨٦ وەرگیراون، ١٠% ئەوانە پێیان وایە پێش ڕاگواستن ژیانیان لەڕووی داراییەوە باشتر بووە نەك دوای ڕاگواستن. ڕاگوێزراوەکانی دوو ساڵی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ کە زۆرترین ڕێژەی نموونەی باسەکەمان پێکدەهێنن بە ڕێژەی ٣٩,٦٧%، ڕێژەیەکی بەرز، واتە ٣٠% ئەو نموونەیەش لەگەڵ ڕای ئەوانەی پێش خۆیان کۆك و تەبان. سەبارەت بە ڕاگوێزراوەکانی دو گرووپی ساڵەکانی ١٩٨٩ـ ١٩٩٠ و دوای ساڵی ١٩٩١، لە نیوە زێتری هەر یەکێك لەم دوو کۆمەڵەیەش پێیان وایە پێش ڕاگواستن ژیانیان لەڕووی داراییەوە باشتر بووە.

خشتەی ژمارە (٥٢) باری دارایی‌ی نموونەکە لەگەڵ ساڵی ڕاگواستن

کۆی گشتی	جیاوازیەکی وا نەبوو	دوای ڕاگواستن باشتر بوو	پێش ڕاگواستن باشتر بوو	باری داراییمان / ساڵی ڕاگواستن
25 8.33%	2 0.67%	4 1.33%	19 6.33%	1969-1976

1977-1979	44 14.67%	38 12.67%	10 3.33%	92 30.67%
1980-1986	30 10.00%	6 2.00%	5 1.67%	41 13.67%
1987-1988	90 30.00%	18 6.00%	11 3.67%	119 39.67%
1989-1990	8 2.67%	3 1.00%	0 0.00%	11 3.67%
1991-2001	9 3.00%	2 0.67%	1 0.33%	12 4.00%
کۆی گشتی	200 66.67%	71 23.67%	29 9.67%	300 100.00%

٣٣ـ زۆریی نەخۆشی لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستن لەگەڵ هۆی زۆریان

خشتەی ژمارە (٥٣) بۆمان روونده‌كاته‌وه كه ئایا پێش راگواستن یان دوای راگواستن نەخۆشیەکان زیاتر بوون، هەروەها هۆی زۆری ئەم نەخۆشیانە لە هەر یەکێك لەم دوو قۆناغەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

لەمیانەی داتاکاندا دەردەکەوێت کە ٨٢٪ی نموونەی باسەکە لەو بڕوایەدایە کە دوای راگواستن نەخۆشیەکان لەڕووی چەندێتییەوە لە کۆمەڵگادا زیادیان کردووە. تەنیا ١٨٪ی نموونەکەش پێیان وایە جاران واتە پێش راگواستن نەخۆشیەکان زێتر بوون.

سەبارەت بەوەی کە هۆی زۆربونی نەخۆشیەکان چییە لە هەر یەکێك لەو دوو قۆناغەدا بە پێی رای راگوێزراوان، (٩) وەڵامی

جیاجیامان لە نموونەکە دەستکەوتووە، بەم شێوەیە: ١١٪ی نموونەکە هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە و گوتویانە ئێمە هۆیەکەی نازانین. کەچی ١٣,٦٧٪ی نموونەکە کە پێیان وایە دوای راگواستن نەخۆشیەکان زیاترن، هۆیەکەی دەگەڕێننەوە بۆ بەدخوراکی. ئەوان پێیان وایە دوای ئەوەی لە چیاکان یان لە سروشت دوور کەوتوونەتەوە و کەمتر گژوگیا دەخۆن نەخۆشیەکان زیادیان کردووە. هەروەها ١٨,٣٪ نموونەکەش هۆیەکەی بۆ پیسی ژینگە دەگەڕێننەوە لەدوای راگواستن، ئەوان پێیان وایە ژینگە لە لادێ زۆر خاوێن بووە، بۆیە کەمتر تووشی نەخۆشی هاتوون. رێژەیەکی دیکە کە دەکاتە ١٠.٦٧٪ پێیان وایە زۆربوونی ژمارەی خەڵك و چڕی دانیشتووان هۆی زێدەبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانن لەدوای راگواستن، چونکە دوای ئەوەی لادێکان چۆل کران، رووبەرێکی زۆری خاکی کوردستانی باشور بێ مرۆڤ مایەوە و چڕی دانیشتووانیش لە ناوچەگەلێکی دیکە زیادی کرد. ٦٪ی نموونەکەش زۆربوونی نەخۆشیەکان بۆ دوو هۆکاری بەدخوراکی و پیسبوونی ژینگە دەگەڕێننەوە. رێژەیەکی بەرزی دیکەی نموونەکەشمان کە ١٤,٣٣٪ یە زێدەبوونی خەم و خەفەت لەدوای راگواستن و جێهێشتنی زەوی و زاریان بە هۆی زێدەبوونی نەخۆشیەکان لەقەڵەم دەدەن. ئەمان پێیان وایە خەم و خەفەت کە پەیوەندیی بەباری دەروونیی مرۆڤەوە هەیە دەتوانێ مرۆڤ تووشی نەخۆشی جەستەیی بکا. ئەو رێژەیەی دەمێنیتەوە بەشێکی هۆیەکەی دەگەڕێننەوە بۆ کەمیی هوشیاریی تەندروستی و بەشێکی دیکەی بۆ بەکارهێنانی گازە ژەهراویەکان لەلایەن رژێمی بەعسەوە .

خشتەی ژمارە (٥٣) زۆری نەخۆشی لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستن لەگەڵ هۆی زۆریان.

کۆی گشتی	پێش راگواستن زیاترن	دوای راگواستن زیاتر بوون	نەخۆشیەکان / هۆی زیندبوونیان
44 14.67%	3 1.00%	41 13.67%	خواردەمەنی یاك نییە
57 19.00%	2 0.67%	55 18.33%	پیسی ژینگە
32 10.67%	0 0.00%	32 10.67%	زۆربوونی دانیشتووان
19 6.33%	1 0.33%	18 6.00%	پیسی ژینگە و بەدخۆراکی
49 16.33%	37 12.33%	12 4.00%	کەمی هوشیاریی تەندروستی
9 3.00%	2 0.67%	7 2.33%	زۆریی خەم و خەفەت و پیسی ژینگە
48 16.00%	5 1.67%	43 14.33%	زۆریی خەم و خەفەت
5 1.67%	0 0.00%	5 1.67%	بەهۆی گازە ژەهراویەکانەوە
37 12.33%	4 1.33%	33 11.00%	نازانم
300 100.00%	54 18.00%	246 82.00%	کۆی گشتی

٢٤ـ باری ئابووریی نموونەکە پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستن

لە خشتەی ژمارە (٥٤)دا کە پەیوەندیی دوو گۆڕاوی باری ئابووریی ئێستای نموونەکە و ڕەوشی ئابوورییان لە دوو قۆناغی پێش ڕاگواستن و دوای ڕاگواستندا ڕوندەکاتەوە، دەردەکەوێت کە ٤٨ کەس بە ڕێژەی ١٦٪ دەڵێن باری ئابووریان باشە. زۆرترین ڕێژەی نموونەکە (٦٤,٦٧٪) دەڵێن باری ئابووریان مامناوەندیە. ٥٨ کەسیش بە ڕێژەی ١٩,٣٣٪ پێیان وایە باری ئابووریان خراپە. بەگشتی ئەوانەی پێیان وایە باری ئابووریان مامناوەندیە زۆرترین ڕێژەی نموونەکە پێکدێنن، ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگاکەمان کە چینی ناوەندی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا پێکدێنن. بەڵام سەبارەت بە گۆڕاوەکەی تر کە ئایا پێش ڕاگواستن یان دوای ڕاگواستن باری ئابووریان باشتر بووە، دەردەکەوێت دوو لەسەر سێی نموونەکە، واتە ٢٠٠ کەس بە ڕێژەی ٦٦,٦٧٪ پێیان وایە پێش ڕاگواستن باری ئابووریان باشتر بووە نەك دوای ڕاگواستن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دوای ڕاگواستنی لادێنشینان و دوای ئەوەی کەمتر پشت بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبەستن، لە جیاتی ئەوە ڕوویان لە پیشەکانی تر کردووە یاخود ژمارەیەکیان بێکار ماونەتەوە، زیتر بەکاربەرن تاکو بەرهەمهێن، چونکە لادێ بەپێچەوانەی ئوردووگا ژینگەی کار و بەرهەمە.

خشتەی ژمارە (٥٤) باری ئابووریی نموونەکە لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستن

باری ئابووریمان / باری دارایی ئێستامان	پێش راگواستن باشتر بوو	دوای راگواستن باشتر بوو	جیاوازیەکی وا نیە	کۆی گشتی
باشە	28 9.33%	16 5.33%	4 1.33%	48 16.00%
مامناوەندیە	126 42.00%	48 16.00%	20 6.67%	194 64.67%
خراپە	46 15.33%	7 2.33%	5 1.67%	58 19.33%
کۆی گشتی	200 66.67%	71 23.67%	29 9.67%	300 100.00%

٧١ کەسیش بە رێژەی ٢٣,٦٧٪ی نموونەی تۆژینەوەکە لەو بڕوایەدان لەگەڵ راگواستن باری ئابووریان بەرەو باشتر چووە، واتە لەڕووی داراییەوە لەدوای راگواستن باشترن وەك پێش راگواستن. رەنگە زۆربەی ئەمانە لەو راگوێزراوانە بن کە سالآنی ١٩٧٧ـ١٩٧٩ لە

ناوچە شاخاویە سەختەکان راگوێـزران و قـەرەبووی دارایـش کرانـەوە. خەڵکی ئەم ناوچانە لەبەر چەند هۆکارێك زۆربەیان هەژار بوون، بەڵام دوای راگواستن و نیشتەجێ کردنیان لە نزیك شارەکان لـە هەمووشـی بـەرچاوتر ئـەو بـڕە پارەیـەی وەك قـەرەبووی بەروبوومـەکانیان پێیـان بەخشرا، کەم نەبوو هەروەها رەوشێکی بەرەو باشتری لەڕووی ئابووریەوە باڵی بەسەر عێراقدا کێشا. هەموو ئەمانە وایانکردووە باری ئـابووری ئەم گرووپەی نموونەکەمان دوای راگواستن باشتر بێت. دواجاریش تـەنیا ٩,٦٧٪ لـەو بڕوایـەدان لـە هـەردوو قۆناغەکـەدا بـاری ئابووریـان جیاوازیەکی وای نەبووە.

٣٥ـ سیخوری لەگەڵ ترس لە رژێمی بەعس

خشتەی ژمارە (٥٥) کە لێرەدا خراوەتەڕوو، پەیوەندیی نێـوان دوو گۆڕاومـان بـوو ڕوونەکاتـەوە یـاخود وەڵامـی دوو پرسـیار دەداتـەوە: یەکەم، ئایا سیخوری لە کوێ (لادێ، ئوردووگا ـ شارـ) زێـتر بـووە؟ دووەم، ئایا لە سەردەمی رژێمی بەعس هەستت بە ترس دەکرد.

سەبارەت بە وەڵامـی پرسیاری یەکـەم، زۆرتریـن رێـژە ٧٣,٦٧٪ نموونەی باسەکەمان پێیان وایە لە ئوردووگا و شارەکان سیخوری زێـتر بـووە وەك لـە لادێکـان. لێرەشـدا دەکـرێ بڵێـین لەگـەڵ راگواسـتنی لادێنشینان، حکومەت هەوڵی دەدا خەڵکانێك بکڕێت و لەدژی خزم و ناسیاوەکانیان بیانخاتە کار. حکومەت بەڕادەیەك بایەخی بەم کارە دەدا و هێندە کاری لەسەر ئەم بنەمایە دەکرد کە خەلك بەگشتی هەراسـان دەبوون.* تەنانەت هەندێ کات بەدگومانی و نادڵنیاییەکی بـەردەوام

* ترس و سیخوری دەکرێ لەوێدا راڤەیان بۆ بکرێت کە لە شاشـەی تەلەڤزیونەکانـەوە بینیمان هاوڵاتیەکی عێراقی بۆ ماوەی بیست و یـەك سـاڵ لـە ژوورێکـی زۆر بچوکـی ماڵەکەیدا خۆی حەشار دەدات و جگە لە دایك و باوکی هیچ کەسێکی دیکە هەست بە بوونی ئەو کەسە لە ماڵەکەیدا ناکەن. هـەروەها دوای تێپـەڕبوونی زێـتر لـە مـانگێك بەسەر رووخانی رژێمی بەعسدا ئەوجا لەو ژوورە هاتە دەر و خۆی ئاشکرا کرد.

بەرامبەر کەسە نزیکەکانیشیان تەنگی بە هاوولاتیان هەڵدەچنی.

لەلایەکی دیکەوە ١٠٪ نموونەکە وای بۆ دەچن جیاوازیەکی وەها نەبووە لەنێوان ئۆردووگا و لادێ لەڕووی بوونی سیخۆڕەکانەوە. ٤٢ کەسیش بە ڕێژەی ١٤٪ پێیان وایە پێش ڕاگواستن واتە ئەو کاتەی لەسەر ڕێوشونی جارانیان بوون سیخۆڕی لەلادێ زێتر بووە نەك لە ئۆردووگا، دەکرێ ژمارەیەکی ئەمانە ئەو ڕاگوێزراوانە بن کە لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس ڕەوانەی ناوچە ڕزگارکراوەکان کرابن. هەروەها ڕەنگە ئەم دوو گرووپەی سەرەوە دانیشتووانی ئەو گوندانە بن کە بەردەوام بنکەی پۆلیس لەوێ هەبووە و لەبەر ئەوەی سنوورەکە بچووك بووە هیچ شتێکیان لەبەر چاو ون نەبووە یاخود گوندەکانیان نزیك بوونە لە شار و شارۆچکەکان و حکومەت توانیویەتی زووتر خۆی بخزێنێتە ناویانەوە. ١,٦٧٪ی نموونەکەش هیچ وەڵامێکی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە.

سەبارەت بە گۆڕاوی دووەم، واتە ترس، دەبینین ڕێژەیەکی زۆر بەرز کە دەکاتە ٧٨٪ی نموونەکە دەڵێن دوای ڕاگواستنیان و لە ئۆردووگا یاخود شارەکان هەمیشە هەستیان بە ترس کردووە. هەروەها ٥٤ کەس بە ڕێژەی ١٨٪ دەڵێن هەندێ کات هەستیان بە ترس کردووە. تەنیا ٤٪ی نموونەی باسەکەش پێیان وایە لە سەردەمی بەعس هەستیان بە ترس نەکردووە. وێڕای کەمیی ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەکانی پێش خۆی، جێگەی تێڕامانە، چونکە ترس لە سەردەمی حکومەتی بەعس هێندە سەرتاپاگیر بوو کە تەنانەت بەعسیەکانیش زۆر کات لە خۆیان دڵنیا نەبوون.

خشتەی ژمارە (٥٥) سیخوری لەگەڵ ترس لە رژێمی بەعس

لە سەردەمی بەعس / سیخوری زۆرتر بوو	بەردەوام دەترساین	هەندێ کات دەترساین	هەستمان بە ترس نەدەکرد	کۆی گشتی
لە گوند	34 11.33%	4 1.33%	4 1.33%	42 14.00%
لە ئوردووگا ـ شارـ	176 58.67%	41 13.67%	4 1.33%	221 73.67%
وەك یەك وابوو	21 7.00%	7 2.33%	4 1.33%	32 10.67%
بێ وەڵام	3 1.00%	2 0.67%	0 0.00%	5 1.67%
کۆی گشتی	234 78.00%	54 18.00%	12 4.00%	300 100.00%

٣٦ـ تەمەنی نموونەی باسەکە لەگەڵ هاوسەرێتی

لە خشتەیژمارە (٥٦)دا، کە پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو دەخاتەڕوو: یەکەم، هاوسەرێتی پێش راگواستن یان دوای راگواستن ئاسانتر بووە یاخود هیچ جیاوازیەك نەبووە، هەروەها وەڵامی ئەم گۆڕاوە بەپێی تەمەنی نموونەکە روونکراوەتەوە.

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کەوا ئەوانەی پێیان وایە پێش راگواستن هاوسەریێتی ئاسانتر بووە ڕێژەکەیان دەکاتە ٦٢٪ی نموونەی باسەکە، ڕێژەیەکی بەرزی ئەوانەی لەسەر ئەم باوەڕەن کە ١٥٪ی نموونەکەن تەمەنیان لەنێوان ٤٠ـ٤٩ ساڵیدایە. هەروەها هەر یەکێك لە دوو کۆمەڵەی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ٣٠ـ٤٠ ساڵی و ٥١ـ٦١ ساڵیدایە، ١٣٪ ئەوانەن کە پێیان وایە پێش راگواستن هاوسەریێتی ئاسانتر بووە وەك لەدوای راگواستن. ئەوانەش کە تەمەنیان لەنێوان ١٩ـ٢٩ ساڵیدایە و بەگشتی ١٦٪ نموونەکەن ١٠٪یان هەمان رای ئەوانەی پێشە خۆیانیان هەیە. سەبارەت بە بەتەمەنەکانیش واتە ئەوانەی لە ٦٠ بەسەرەوەن و بەگشتی ١٥٪ نموونەکە پێکدێنن ٩٪یان لەگەڵ رای ئەوانەی پێشوو کوکن.لێرەشدا بە پشت بەستن بەوەی زۆرینەی هەموو کۆمەڵە تەمەنییەکان پێیان وایە پێشراگواستن هاوسەریێتی ئاسانتر بووە، دەکرێ هۆیەکەش بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ئاڵۆزی و گۆڕانەی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هاتووە. جاران واتە پێش راگواستن کە هاوسەریێتی تەواو کاری خێزان بوو نەك ئەوانەی دەبوون بە هاوسەر و زۆر جار کوڕ و کچەکە تا کارەکە پێك نەدەهات یەکتریان نەدەبینی. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری هاوسەرەکان خزم بوون و داواکاریەکانی ماڵی کچەش دەکرێ بڵێین کەمتر بوون و نەریتەکانی وەکو ژن بە ژنێ و گەورە بە گچکەو شیربایی زێتر رەواجیان هەبوو، هاوسەریێتی ئاسانتر بوو. کەچی ئەمڕۆ ئەوانەی دەبن بە هاوسەر کە زێتر دەرفەتی بینین و هەڵبژاردنی یەکتریان هەیە و ئەو نەریتانەی لەسەرەوە ناویان هات بەرەو پاش دەچن و ژیان ئاڵۆزتر دەبێت، هاوسەریێتیش قورستر دەبێت.

خشتەی ژمارە (٥٦)

تەمەنی نموونەی باسەکە لەگەڵ هاوسەرێتی

هاوسەرێتی تەمەن	پێش راگواستن ئاسانتر بوو	دوای راگواستن ئاسانتر بوو	وەکو یەك وایە	کۆی گشتی
19-29	31 10.33%	15 5.00%	4 1.33%	50 16.67%
30-40	40 13.33%	30 10.00%	7 2.33%	77 25.67%
41-51	46 15.33%	23 7.67%	5 1.67%	74 24.67%
52-62	39 13.00%	13 4.33%	3 1.00%	55 18.33%
63-73	20 6.67%	6 2.00%	3 1.00%	29 9.67%
74-84	10 3.33%	4 1.33%	1 0.33%	15 5.00%
کۆی گشتی	186 62.00%	91 30.33%	23 7.67%	300 100.00%

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوانەی پێیان وایە دوای راگواستن ژنهێنان و شووکردن (هاوسەرێتی) ئاسانترە رێژەیان کەم نییە، بەڵکو ٣٣,٣٠٪ی نموونەکە پێکدێنن. زۆربەی ئەم رێژەیەش کە دەکاتە سێیەکی، واتە ١٠٪ لەو کۆمەڵەیەن کە تەمەنیان لەنێوان ٣٠ـ٤٠ ساڵیدایە، رێژەی دوای ئەمەش کە دەکاتە ٧,٦٧٪ ئەوانەن کە تەمەنیان لەنێوان ٤١ـ٥١ ساڵیدایە، لە کۆمەڵەی تەمەنی ١٩ـ٢٩ ئەوانەی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدان رێژەکەیان ٥٪ ە، بەڵام گروپەکانی دیکەی تەمەن واتە ئەوانەی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان ٥٢ـ٦٢، ٦٣ـ٧٣، ٧٤ـ٨٤ رێژەی زۆر کەمتر، واتە کەمتر لە ١\٤یان لەگەڵ ئەم رایەدا کوك و تەبان، واتە تا نموونەکەمان بەتەمەنتر دەبێت کەمتر پێی وایە دوای راگواستن هاوسەرێتی ئاسانترە. ئەوان بەراوردی پرۆسەی بە هاوسەربوونی خۆیان کە زۆر سادە بووە لەگەڵ بەهاوسەربوونی ئێستا دەکەن کە نەك تەنیا بەهاوسەربوون بەڵکو هەڵبژاردنەکەش زۆر زەحمەتە.

رێژەیەکی دیکەی نموونەکەمان کە ٧,٦٧٪ی نموونەکە پێکدێنێ، جیاوازیەکی ئەوتۆ نابینن لە نێوان ئاسانیی هاوسەرگیری لە هەردوو قۆناغەکەدا.

٣٧ـ تەمەنی نموونەکە لەگەڵ خواستی خەڵك بۆ گەڕانەوە

لە خشتەی ژمارە(٥٧)دا پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاوی گەڕانەوە بۆ شوێنی پێش راگواستن و تەمەنی نموونەکە روونەدەکاتەوە، تیایدا دەردەکەوێت کە رێژەیەکی بەرچاوی نموونەکە مەرجیان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی جارانیان (بەتایبەتی لادێکان). بەبەراوردکردنی

ڕێژەکــان بــەپێی تەمــەنیان لەگــەڵ ئــەو ڕێژەیــەی مــەرجیان هەیــە، دەردەکەوێت کەوا نزیکەی نیوەی ئــەو نموونەیــەی تەمــەنیان لــەنێوان ٦٣ـ٧٣ ساڵیدایە، واتە ٩٪ لە کــۆی ١٨,٣٣٪ مــەرجیان هەیە بــۆ گەڕانــەوە. هــەروەها ١٠.٣٣٪ نموونەکــە لــە هــەر یــەکێك لـــــە دوو کۆمەڵەی ئەوانەی تەمەنیان لــە نێــوان ٣٠ـ٤٠ و ٤١ـ٥١ ســاڵیدایە مەرجیان بۆ گەڕانەوە هەیــە. کۆمەڵــە تەمەنییــەکانی دیکــەش بــەم جــۆرەی خـــــوارەوە لەســـــەر هـــــەمان بـــیروڕای ئەوانـــەی پێشـــوون: ٦,٦٧٪ئەوانەی تەمەنیان لە نێــوان ١٩ـ٢٩ ســاڵ، ٣,٦٧٪ ئەوانــەی تەمەنیان لەنێوان ٦٠ـ٦٩ســاڵ و ١٪ ئەوانــەی تەمــەنیان لــە نێــوان ٧٤ـ٨٤ ساڵیدایە.

هەروەها ٢٨,٣٣٪ی نموونەی باسەکەش پێیــان وایــە ناگەڕێنــەوە، بــەم شێوەیە: ٣,٣٣٪ی ئەوانـــەی تەمــەنیان لــەنێوان ١٩ـ٢٩ ســاڵ، ٧,٣٣٪ی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ٣٠ـ٤٠ ساڵ، ٧,٦٧٪ی ئەوانەی تەمــەنیان لــە نێوان ٤١ـ٥١ ســاڵ، ٤,٦٧٪ ئەوانــەی تەمــەنیان لــەنێوان ٥٢ـ٦٢ ســاڵ، ٢,٣٣٪ی ئەوانــەی تەمــەنیان لــەنێوان ٦٣ـ٧٣ ســاڵدایە، بــەڵام ئەوانــەی لەسەروو ٧٠ ساڵیەوەن ٣٪یان لەکۆی ٥٪یــان کــە نموونــەی باســەکەمانن پێیان وایە ناگەڕێنەوە بۆ شوێنی جارانیان، ئەمەش جێگــای تێڕامانــە کــە بۆچــی بەتەمەنــەکان نایانــەوێ بگەڕێنــەوە بــۆ شــوێنی جارانیــان، ئایـــا هۆیەکەی ئەوەیە کە پێیان وایە ژیانی ئەوێ سەختە و چیدی ناتوانن لـــەوێ کاربکەن و خۆیان بژێنن هۆیەکی دیکەی لە پشتەوەیە. ئەوانـــەی بەتـــەمای گەڕانەوەشن بەگشتی ٢٧,٣٣٪ی نموونەکەن و تەنیا دوو گرووپـــی ئەوانـــەی تەمـــەنیان لـــەنێوان ١٩ـ٢٩ ســـاڵی و ئەوانـــەی تەمـــەنیان لـــەنێوان

٧٤ـ٨٤سـالێدایه نـەبێت، ئـەوانیتر لـە هـەموو کۆمەڵـە تەمەنییـەکان ڕێژەکانیان زۆر نزیکن لەگەڵ ئەوانەی لەهەمان کۆمەڵـەی تەمـەنیاندان و بەتەمای گەڕانەوە نەبوون (کە پێشتر خرانە ڕوو)، بەڵام ئەوانـەی تەمـەنیان لە نێوان ١٩ـ٢٩ ساڵێدایە بە ڕێژەی ٥,٦٧٪ پێیان وایە دەگەڕێنەوە، واتـە نزیکەی ٣\١ و ئەوانەی تەمەنیشیان لەنێوان ٧٤ـ٨٤سـالێدایە بـە ڕێـژەی ١٪ لەگـەڵ گەڕانـەوە دان، واتـە ٥\١. هـەردوو بارەکـەش پێچەوانـەی پێشبینی ئێمە بوون.

دوا ڕێژەش کە دەکاتە ٣,٣٣٪ بڕیـاری گەڕانـەوەیان نـەداوە و بـە نازانم وەڵامیان داوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٥٧) تەمەنی نمونەکە لەگەڵ خواستی خەڵك بۆ گەڕانەوە.

بۆ شوێنی جاران تەمەن	نـــازانم	دەگەڕێنەوە	ناگـەڕێنەوە	مـەرجمان هەیە	کـۆی گشـتی
19-29	3 1.00%	17 5.67%	10 3.33%	20 6.67%	50 16.67%
30-40	2 0.67%	22 7.33%	22 7.33%	31 10.33%	77 25.67%
41-51	0 0.00%	20 6.67%	23 7.67%	31 10.33%	74 24.67%
52-62	2 0.67%	12 4.00%	14 4.67%	27 9.00%	55 18.33%

63-73	3 1.00%	8 2.67%	7 2.33%	11 3.67%	29 9.67%
74-84	0 0.00%	3 1.00%	9 3.00%	3 1.00%	15 5.00%
کــــۆی گشـــــتی	10 3.33%	82 27.33%	85 28.33%	123 41.00%	300 100.00%

بەشی حەوتەم

ئەنجام و راسپاردەکان

باسی یەکەم: ئەنجامەکان

راگواستنی کوردان سیاسەتێکی دوژمنکارانە و لەهەمان کاتیشدا درێژخایەن و سەرتاپاگیر بوو. ئەم سەرتاپاگیری و درێژخایەنییەی کە تیایدا دانیشتووانی نزیکەی ٤٥٠٠ گوندی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتووانی شار و شارۆچکە کوردی و عێراقییەکان راگوێزران، ئاکامگەلێکی کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافی، دەروونی، سیاسی و کولتووری ... تد بەدوادا هاتن. هەڵبەت رژێمی بەعس بۆ کۆمەڵێك ئامانج کە لە بەشەکانی سەرەتادا ئاماژەمان پێکردن ئەم سیاسەتەی لە کوردستانی باشور و عێراقدا پیادە کرد. ئامانجەکانیش ستەمکارانە و دوژمنکارانەبوون. کەچی ئەو ئاکامانەی لەو سیاسەتە کەوتنەوە مەرج نیە هەموویان سلبی بن، بەڵکو دەشێ ئاکامی پۆزەتیڤی جیاجیاشی بەدوادا هاتبن بە پێچەوانەی ویستی ئەنجامدەرانی. لە خوارەوە هەوڵدەدەین ئەو ئەنجامانەی لە میانەی پرسیارنامەکەدا یاخود لە رێگەی چاودێریکردنەوە پێیان گەیشتووین و پێمان وایە شیاوی ئەوەن ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، دەخەینە ڕوو:

١ـ ئوردووگای زۆرەملێ ئەمڕۆ شێوەیەکی نیشتەجێبوونی دانیشتووانی کوردستانی خواروەوە. ئوردووگا دەرهاوێشتەی سیاسەتی

راگواستن و شوێنگۆڕکێی دانیشتووانه. لەبەر ئەوەی ژیانی ناو ئوردووگا جیاوازی زۆره لە شێوازی ژیانی گوند، راگوێزراوەکان رەنجی زۆریان کێشا تاکو لەگەڵ ئەو جۆره ژیانه راهاتن. ئوردووگا تاماوەیەك بۆ راگوێزراوان نیمچه گرتووخانەیەك بوو و کاریگەریەکی نێگەتیڤی کرده سەر دەروونی تاکەکەسان.

ئەمڕۆ ئوردووگاکان بوون بە واقعێك و نەمانی راگواستن نەبووه هۆی لەناوچوونی ئەوان. ئوردووگاکان گەوره بوویین و زۆریان لە ستاتووسی گوندەوه گۆڕاون بۆ ناحیه یاخود قەزا. کێشه و گیروگرفت لە ئوردووگاکان زۆرن. وێڕای کێشه کۆمەڵایەتیەکان، کەمی خزمەتگوزاریەکان و بایەخپێنەدانیان لەلایەن دەسەڵاتی کوردی و کێشەی کەمی خانوو و چڕی دانیشتووان (بەتایبەتی لەو ئوردووگایانەی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو دروست کران) ئەو کێشه سەرەکیانەن کە دانیشتووانی ئوردووگاکان بەدەستیانەوه دەناڵێنن.

٢ـ زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی خواروو لە ئەنجامی کۆچی راگوێزراوەکانەوه ژمارەی دانیشتووانیان بەشێوەیەکی نائاسایی و ناسروشتی زیادی کرد، بەجۆرێك کە بووه هۆی ئەوەی شێوازی ژیانی لادێییانه لە زۆربەی شارەکاندا زاڵ ببێت و پرۆسەی شارنشینی لە کوردستانی خواروو دوابکەوێت. هەر لەمیانەی ئەم کۆچە بەربلاوەوه چەندین کێشەی جۆراوجۆر لە شارەکان سەریانهەڵدا. هیچ پلانێك لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوه دانەرێژرابوو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ تازەهاتووەکان، لە ئەنجامدا چەندین کێشەی وەك کەمی خانوو، زۆربوونی چڕی دانیشتووان، لاساریی کۆمەڵایەتی، گەڕەکە دواکەوتووەکان... هتد پەرەیان سەند. هەروەها لەدوای نەمانی رژێمی بەعسیش، دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی ئەم

کێشانە چارەسەر بکات، بەڵکو کێشەکان بەبەردەوامی مانەوە، تەنانەت ئەو پارچە زەویانەی لە گەڕەکەکانیشدا بۆ باخچەی گشتی و خزمەتگوزاری دیکە دەستنیشانکرابوون، بەرپرسە حکومیەکان لە زۆر شاردا یان بەسەر خۆیاندا دابەشیان کردن یاخود بە دەوڵەمەندەکانیان فرۆشتن.

٣ـ لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەرە بەرە خەڵکی راگوێزراو گەڕانەوە شوێنی جاران. گەڕاوەکان هەوڵیاندا گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە. لەئەنجامدا بەشێکی زۆری گوندەکان ئاوەدانکرانەوە. بەڵام رێژەی ئاوەدانی گوندەکان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، هەروەها گوندە سەر لەنوێ ئاوەدانکراوەکان ریتمێکی یەکدەستیان نییە و جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا. ئەم جیاوازیەش زێتر دەگەڕێتەوە بۆ بایەخپێدانی دەسەڵاتی کوردی بە هەندێ ناوچە و کەمتر بایەخدان بەهەندێ ناوچەی دیکە، هەروەها هەڵکەوتی جوگرافی ناوچەکەش لەم بارەیەوە رۆڵی خۆی بینیوە.

بەگشتی ژیان لە گوندی سەرلەنوێ ئاوەدانکراودا وەکو جاران سەخت نییە. هەڵسوکەوت و رەفتاری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان لادێنشینەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. گوندی سەرلەنوێ ئاوەدانکراوە جیاوازە لە گوندی کۆن.

٤ـ ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەکان بەر لە چارەگە سەدەیەك هەروەك پێشتر باسمان کرد (بگەڕێوە بەشی سێیەمی باسەکە) زۆر سادە و ساکار بوو، بەتایبەتی لە لادێ ـ خانووی سادە و بچووك، ناومالێکی کەم و هەژارانە، جلوبەرگی زۆرجار نارێك ... بەڵام دوای راگواستن و تێکەڵاوبوونیان کە هاوکات بوو بە باشتربوونی باری ئابووری عێراق، هاتنی ئوتومبێل و کەرەستەی کارەبایی بە رێژەیەکی بەرچاو... ژیانی کۆمەڵایەتیش گۆڕانی تێکەوت. زۆربەی هەرە زۆری

نموونەکەمان بە ڕێژەی ٨٤,٣٣٪ پێیان وایە ژیانی کۆمەڵایەتیان لەو دوو قۆناغەدا زۆر لێك جیاواز بووە.

٥- پیشەی ڕاگوێزراوەکان لە دوای ڕاگواستن گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە. پیشەکانی ئاژەڵداری و جووتیاری کە پێش ڕاگواستن لە زۆرترین و باوترین پیشەکانی کۆمەڵگاکەمان بوون، دوای ڕاگواستن لەو پیشانە لەقەڵەم دەدرێن کە ڕاگوێزراوان زۆر کەم لەسەری ماونەتەوە. لەجیاتی ئەوە ڕوویان لە فەرمانبەری حکومی، کاسبکاری و پیشەکاری کردووە. ئەو پیشانەی جاران خەڵکی کوردستان خەریکیان بوون، خەڵکێکی زۆر کەم ئێستا مژوولیانن. ئەمەش ئەنجامی ویستی بارودۆخ و ڕەوشی بابەتی بوو نەك ویستی خۆیی ڕاگوێزراوان.

٦- پێشتر باسمان کرد لەگەڵ ڕاگواستن ڕێژەی جووتیارە ڕاگوێزراوەکان بەرەو کەمبوونەوەیەکی توند دەچێت، بەوەی کە جووتیاران چیتر زەویەکیان نییە بیکێڵن یاخود ڕەزێکیان نییە بیڕیننەوە. ڕاگواستن هەمان بارودۆخی بۆ ئاژەڵدارەکانیش هێنایە پێش. ڕێژەی ئەوانەی لەدوای ڕاگواستن هیچ ئاژەڵێکیان بەخێونەکردووە چوار هێندەی ڕێژەی ئەوانەیە کە پێش ڕاگواستن هیچ ئاژەڵێکیان بەخێو نەکردووە. لەلایەکی ترەوە ڕاگوێزراوان لەدوای ڕاگواستن بەبەراورد لەگەڵ پێش ڕاگواستن زۆر کەم لە جۆرە ئاژەڵێك زیتر بەخێو دەکەن، وێڕای ئەوەش ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی هەر خێزانێك پێش ڕاگواستن بەخێویان کردوون لەگەڵ ئەوانەی دوای ڕاگواستن بەخێویان دەکەن بەراورد ناکرێت ، چونکە هێندە لە کەمیان داوە. بەکورتی سامانی ئاژەڵی لە کوردستانی باشوردا لەدوای ڕاگواستن بە توندی ڕووی لە کەمی کردووە.

٧ـ ئایین و سرۆتە ئایینیەکان بەوەی پەیوەندیەکی راستەوخۆیان بە تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، دەکرێ بە دیاردەی کۆمەڵایەتی لەقەڵەمیان بدەین. ئایین یاخود ئایینداری و لەخواترسی وەك دیاردەی کۆمەڵایەتی هەمیشە پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێت بەهێز بن و رەواجیان هەبێت یاخود بەپێچەوانەوە. ئەو رووداو و بارودۆخانەی کۆمەڵگا پێیاندا تێدەپەڕێت هەر وەك چۆن کار لە دابونەریت، بەها و چەمکە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن، بەهەمان شێوەش کاریگەریان لەسەر بۆچوونی تاکەکان لەمەڕ ئایین و دینداری هەیە و ئایین یاخود بۆچوونی تاکەکان بۆ ئایین بە تێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا دێت.

راگواستن وەك هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر دینداری و لەخواترسی تاکەکان هەبووە. ئەو راگوێزراوانەی بەبەر چاوانیانەوە گوندەکانیان خاپوور کران و مزگەوتەکان تەقێنرانەوە یاخود تا سنووری مەرگ چوون، بیروبۆچوونیان سەبارەت بە زۆر شت گۆڕا، یەکێك لەو شتانەش ئایین بوو. بەگشتی رێژەی ئەوانەی پێیان وایە خەڵك پێش راگواستن لەخواترستر بووە گەلێك زێترە لەوانەی پێیان وایە دوای راگواستن خەڵکی لەخواترسترن، وێڕای ئەو رابوونە ئیسلامیەی کوردستانی باشور لە دەیەی رابردوودا بەخۆیەوە بینی.

٨ـ راگواستنی کوردەکان لە عێراقدا بەوەی کە زێتر لە شێوازێك و لە جۆرێکی هەبوو، بەشێوەی جۆراو جۆریش دانیشتووانی کوردستانی باشوری تێکەڵ بەیەکتر کرد. واتە هەندێك لە راگوێزراوەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی پێشوویان زۆر دوور خرانەوە، هەندێکیشیان لە شوێنی نزیك لە ناوچەکەیان نیشتەجێکرانەوە، بەڵام ئەم دوور و نزیك بردنەیان هیچی لەو راستیە نەگۆڕی کە کوردەکانی باشور زۆر کەم تێکەڵاوی یەکترن و کەمیش یەکتر دەناسن. دەکرێ بڵێین راگواستن

توانی زۆرترین خەڵکی کوردستانی باشوور بەیەکتر ئاشنا و تێکەڵیان بکات.

بەگشتی، ٨٩,٣٣٪ی نموونەکەمان پێیان وایە دوای ڕاگواستن ئەو وێنەیەی ئەوان بۆ خێڵ و خەڵکی ناوچەکانی دیکە لە زەینیاندا کێشابوو گۆڕانی تێکەوت و ٧٢,٦٧٪ ی ڕێژەی سەرەوە پێیان وایە وێنەکە جوان بووە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کوردەکان بەزۆری بۆچوونێکی نێگەتیڤیان بەرامبەر یەکتر هەبووە. دەکرێ بڵێین گۆڕانی ئەم وێنە ناشیرین و بۆچوونە نێگەتیڤە لەدوای ڕاگواستن یەکێکە لەو خاڵە ئیجابییانەی لە ڕاگواستن کەوتوونەتەوە. گریمانەی دووەمی توێژینەوەکەش جەخت لەو بارە دەکات کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا.

لەلایەکی دیکەوە، ڕێژەیەکی زۆری ڕاگوێزراوەکان (٤٥,٨٢٪) دان بەوەدا دەنێن کەوا هەستیان کردووە خەڵکی ئەو ناوچەیەی ئەوانی بۆ ڕاگوێزراون خۆشیان نەویستوون، دەکرێ بەشێکی زۆری ئەمەش بۆ ئەو وێنەیە بگێڕینەوە کە لە زەینیاندا بوو. لەبەرامبەر ئەمانەشدا تەنیا ٢٧,٩٪ ڕاگوێزراوەکان پێیانوایە خەڵکی ئەو ناوچەیەی بۆی ڕاگوێزراون ئەوانیان خۆشویستووە. ئەمە ڕێژەیەکی زۆر کەمە ئەگەر دوو خاڵ لەبەر چاو بگرین: یەکەم، بەشێکی ڕاگوێزراوەکان لە هەمان ناوچەی خۆیان و لە ئوردووگایەکدا کۆکرانەوە کە هەر خەڵکی ناوچەکەی خۆیان و خەڵکی خێڵەکەیان بوون. دووەم، بەشێکی بەرچاوی ڕاگوێزراوەکان ئەنفالکراوەکان بوون و لە سەفەری مەرگ گەڕابوونەوە و خراپترین ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و دەروونیان هەبوو، ئەمەش سۆزی خەڵکی بۆ لای ئەوان ڕادەکێشا.

دواجاریش ٩٥,٣٣٪ی نموونەکەمان پێیان وایە راگواستن هۆکارێك بوو ئەوانی زێتر تێکەڵاوی خەڵکی ناوچە و خێڵەکانی دیکە کرد و لەدوای راگواستن ئەوان زێتر شارەزای کوردستان و خەڵکەکەی بوون.

٩ـ جلوبەرگ، وەك رەگەزێکی گرنگی ناو کولتووری هەرکۆمەڵگایەك، پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەیە بە ژینگەی سروشتیی کۆمەڵگا و باری دەروونیی تاکەکان. جلوبەرگ لە کوردستانی باشور لەدوای راگواستنی کوردان لە عێراقدا بەتایبەتیش راگواستنی خەڵکی لادێنشین، رووبەڕووی گۆڕانێکی گەورە هات. ئەم گۆڕانەش سەبارەت بە پیاو، ئافرەت و توێژی لاو جیاوازیی هەیە بەم شێوەیە: ٨٧٪ی نموونەکەمان پێیان وایە جلوبەرگی لاوان و ٥٨٪جلوبەرگی ئافرەتان و ٤٦٪ جلوبەرگی پیاوان زۆر گۆڕاوە. ئەوانی دیکەش پێیان وایە گۆڕانێکی کەم بەسەر جلوبەرگ دا هاتووە. ئەوەشیان کە جلوبەرگی گەنجان ئینجا ئافرەتان و دواجار هی پیاوان زێتر گۆڕاوە شتێکی پێشبینی کراوە و هەمیشە گەنج و دواتریش ئافرەت ئەگەری گۆڕانیان زێترە لە پیاو.

١٠ـ منداڵبوون وەك بابەتێکی دیمۆگرافی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە. لەدایکبوونی منداڵان ئەگەرچی مەسەلەیەکی فیسیۆلۆجیە، بەڵام دابونەریت و بەها و پێودانگە کۆمەڵایەتیەکان وێڕای باری تەندروستی رۆڵێکی زۆر دەبینن لە زۆربوونی رێژەی لەدایکبوون یاخود سنووردارکردنی رێژەکەیان. کۆمەڵگای کوردی بەوەی کۆمەڵگایەکی تارادەیەکی زۆر نەریتخواز و ئایینیە سنووردارکردنی رێژەی لەدایکبوونی منداڵان لەدوای راگواستن بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رێژەیەکی زۆرتری نموونەکەمان (٤٤٪) پێیان وایە دوای راگوستن منداڵ زێتر لەدایك دەبن لە بەرامبەر ٢٩٪ کە پێیان وایە پێش راگواستن زێتر منداڵ لەدایك دەبوون. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باری تەندروستیی

دایکان، کەمبوونەوەی کاری قــورس و کەمبوونــەوەی ڕێــژەی مردنــی منــداڵان لەلایــەك و کــەمی هوشــیاریی کۆمەڵایــەتی و پــەروەردەیی لەلایەکی ترەوە کاریگەریان هەبووە لەسەر زێدەبوونی ئەو ڕێژەیە.

١١ـ هاوســـەرێتی وەك دیاردەیـــەکی کۆمەڵایـــەتی لـــە هـــەر کۆمەڵگایەکدا ڕێسا و پرەنسیپی تایبەت بەخۆی هەیە و کــەم تــا زۆر لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە جیــاوازی هەیــە. هاوســەرێتی ئەگــەرچی ئەمڕۆ لە جیهاندا لــە شــێوەی فۆرمــی جیــاوازدا خــۆی دەردەخــات و گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، بەڵام لە کوردستانی باشوردا وێــڕای چــەند گۆڕانکاریــەکی کــەم کــە بەسەر میکانیزمی بەهاوسەربووندا هاتوون، هاوسەرێتی وەکــو خــۆی ماوەتەوە.

بەگشتی ٦٢٪ی نموونەی باســەکەمان پێیــان وایــە ئــەم پرۆســەیە (بەهاوسەربوون) پێش ڕاگواستن ئاسانتر پێکدەهات. لە بەرامبەریشــدا کەمتر لە نیوەی ڕێــژەی ســەرەوە، واتــە ٣٣,٣٠٪ی نموونەکــەمان لــەو بڕوایەدان لەدوای ڕاگواستن ژنهێنان و مێردکردن ئاسانترن.

١٢ـ کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەك تەڵاق، خۆکوشتن، مەسەلەکانی شەرەف هتد لەدوای ڕاگواستن بەپێی گوتەی زۆرینەی نموونەکە (تــەڵاق ٨٧,٣٣٪، خۆکوشتن ٨٧,٣٣٪، مەسەلەکانی شەرەف ٨١٪) زیادیــان کــردووە. ئــەم خاڵــەش ڕاســتی گریمانــــەی پێنجــــەمی توێژینەوەکـــە دەســـەلمێنێت. هــۆی زۆربوونــی ئــەم کێشــە کۆمەڵایەتیانــە بـــەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوبوونی خــەڵك، ئــاڵۆزتربوونی ژیــان، نــەبوونی پرۆگرامێکی چاکسازی کۆمەڵایــەتی، ســتــەمی سیاســی وڵات، ئــەو شەڕانەی عێراق و کوردستانی باشــور بــە خۆیانــەوە بینیــان و خــراپ بوونی باری ئابووری لە دەیەی ڕابردوو.

١٣ـ کــارکردن دیاردەیــەکی کۆمەڵایەتیــە. مــرۆڤ لــە هـــەموو سەردەمێك و لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بۆ ئەوەی بژیت پێویســتی بــە

کارکردنە. کەچی ڕێژەی کارکردنی تاکەکان نەك لە نێو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، بەڵکو لەنێو کۆمەڵەیەکی چەند کەسیشدا (وەك خێزان) جیاوازی هەیە. زۆرینەی نموونەکەمان بە ڕێژەی ٨٤,٣٣٪ پێی وایە پێش ڕاگواستن زێتر کاریان کردووە. بەشێکی ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی تایبەتی لادێنشینی، بەوەی لادێنشینان خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارین و ئەم دوو بوارەش هەم دەستی کاری زێتر و هەم ڕێژەی کاری زێتریان پێویستە. بەشێکی دیکەی بەتایبەتیی سەبارەت بە ڕاگوێزراوەکانی بەر لە ساڵی ١٩٨٠، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو بارە ئابووریەی عێراق کە هێشتا گەشەیەکی بەرچاوی نەکردوون کە تێکڕای تاکەکانی وڵاتی عێراقی لێ سوودمەند بن. بەشێکی دیکەشی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو بێکاریە زۆرەی لە دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا.

١٤ـ یەکێك لە ئامانجەکانی ڕاگواستن لاوازکردنی هوشیاریی نەتەوەییی کوردەکان و لەناوبردنی شۆڕشی کورد بوو. ڕەنگە لە لاوازکردنی شۆڕشدا هەندێك سەرکەوتووبێت، بەڵام سەبارەت بە هەستی نەتەوەیی وەك لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت ڕاگواستن کاریگەریەکی ئیجابی هەبووە، چونکە ٥٧,٦٧٪ نموونەی باسەکەمان پێیان وایە لەدوای ڕاگواستن هەستی نەتەوەییان بەهێز بووە، لە بەرامبەردا تەنیا ١٢,٣٣٪ نموونەکە پێیان وایە دوای ڕاگواستن هەستی نەتەوییان بەرەو لاوازی چووە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو تێکەڵاویەی لە ئەنجامی ڕاگواستندا ڕوویدا سایکۆلۆژیەت و هەست و خولیای نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی لێك نزیك خستنەوە. جگە لەوەش وردە کولتووورە جیاوازەکان بەیەکتر کاریگەر بوون و زۆرترین خەڵك توانیان ئاشنای دیالێکت و شێوەزارەکانی دیکە ببن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا لە بەرژەوەندی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی کورد دا بوو.

١٥ـ خوێندن و خوێندەواری وەك چالاكیی كۆمەڵایەتی پەیوەندیەكی توندیان هەیە بە سستەمی سیاسی وڵات، دامەزراوە پەروەردەییەكان، باری ئابووری و هوشیاری كۆمەڵایەتیەوە. هەر وەك روون و دیاریشە هەموو ئەو رەگەزانەی سەرەوە لە كۆمەڵگای كوردی بەتایبەتیش لە لادێكاندا یارمەتیدەر نەبوون لە بەرزكردنی ئاستی خوێندەواری ، بەڵام وەكو راگوێزراوەكان دانیپێدادەنێن راگواستن كاریگەریی لەسەر ئەم بوارەش هەبووە وەك زۆر لە بوارەكانی دیكە، ٩٣٪ نموونەكەمان پێیان وایە راگواستن كاری لە خوێندنی منداڵەكانیان كردووە. رێژەیەكی بەرچاوی ئەمانە، واتە ٨١,٣٣٪ پێیان وایە كاریگەریەكە ئیجابی بووە و باری خوێندنیان بەرەو باشی چووە.

١٦ـ باری تەندروستی لە ئۆردووگا و شارەكان لەرووی بوونی پزیشك و داوودەرمانەوە بەراورد ناكرێ لەگەڵ لادێ یاخود لەگەڵ دەیەی حەفتاكان. لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی باسەكەمان بە رێژەی ٨٢٪ پێی وایە دوای راگواستن نەخۆشیەكان (جەستەیی، دەروونی) لە كۆمەڵگای كوردیدا زیادیان كردووە.

ئەو هۆكارانەی ئەوان دەستنیشانیان كردوون، ئەوانەن كە راگواستن رۆڵی هەبووە لە دروستكردنیاندا. واتە زۆربەی راگوێزراوەكان ئەو هۆكارانە بە هۆی نەخۆشیەكان دەزانن كە لە ئاكامی راگواستنەوە سەریانهەڵداوە وەك پیسبوونی ژینگە، زۆربوونی چڕی دانیشتووان، بەدخۆراكی و خەم و خەفەت ... لێرەشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە راگواستن كاریگەریەكی سلبی لەم بوارەدا هەبووە.

١٧ـ نموونەی باسەكەمان بە رێژەی ٦٦,٦٧٪ پێیان وایە پێش راگواستن باری ئابووریان باشتر بووە، لە بەرامبەر ٢٣,٦٧٪ كە پێیان وایە دوای راگواستن باری ئابووریان باشترە. رێژەیەكی كەمی راگوێزراوە كوردەكان لەلایەن حكومەتەوە قەرەبوو كرانەوە، ئەوانی تر جگە لە

ماڵوێرانی و هەندێ جار سەرگەردانیەکی زۆر شتێکی دیکەیان لە ڕاگواستن چنگ نەکەوت. ڕاگوێزراوەکان زۆربەی زۆریان نەخوێندەواربوون و تەنیا پیشەیەك کە تیایدا شارەزاییان هەبوو کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، ئەو پیشانەش بە کەلکی ژیانی ئوردووگا و شار نەهاتن.

١٨ـ دیاردەیەکی دیکە کە بەهۆی ڕاگواستنەوە بە شیوەیەکی سەرسورهێنەر پەرەی سەند، سیخوڕی و دەست تێکەڵکردن بوو لەگەڵ بەعسیەکان. نموونەکەمان بە ڕێژەی ٧٣,٦٧٪ پێیان وایە ئەم دیاردەیە لە ئوردووگا ـ شار ـ زێتر بوو، لە بەرامبەردا تەنیا ١٤٪ پێیان وایە لە گوند زێتر بوو. ئەم دیاردەیە لەدوای ڕزگاربوونی بەشێکی زۆری کوردستانی باشور لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ نەك هەر بنەبڕ نەبوو، بەڵکو لەناو دامودەزگا حزبی و حکومیەکاندا پەرەی سەند و وەکو خوویەك کە پێشتر فێری ببوون وازیان لێ نەهێنا، چونکە پاڵنەرەکانی فێربوون و بەردەوامبونی لەدوای ڕاپەڕین زێتر بوون.

١٩ـ ئازادیی ئافرەت یەکێکە لەو چەمکانەی ماوەیەکی درێژە جێگەی باس و پرسی کۆمەڵناس، فەیلەسوف و بیریارانە. ئازادیی ئافرەت لەم سەردەمەدا بەزۆری وەك نیشانەیەکی پێشکەوتنی میللەتان سەیر دەکرێت. لەم بارەیەوە ڕاگواستن لێدانێك بوو بەر ئازادیی ئافرەتە ڕاگوێزراوەکان کەوت. نموونەکەمان بە ڕێژەی ٥٥٪ پێی وایە پێش ڕاگواستن ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا ئازادتر بوو. تەنیا ٣١,٦٧٪ نموونەکە لەو بڕوایەدان لەدوای ڕاگواستن ئافرەت ئازادترە. ئەمە لە کاتێکدایە کە دانیشتووانی کوردستان خوێندەوارتر و هۆشیارترن لە پێش ڕاگواستن و حکومەتی هەرێم و حزبەکان پێیانوایە دەرفەتی گەورەیان بۆ ئافرەت ڕەخساندووە، هەروەها ئافرەت زێتر لە جاران بۆی ڕێدەکەوێ بچێتە نێو فەرمانگە جیاجیاکانەوە، بەڵام دیارە هەموو ئەمانەی لەسەرەوە باسکران ڕێگەیەك نین بۆ ئازادیی ئافرەت.

سەبارەت بە مامەڵەی پیاویش لەگەڵ ئافرەت بەپێی رای نموونەکە گۆڕانێکی وای بەخۆوە نەبینیوە کە شایانی باسکردن بێت. دەکرێ ئاماژە بەوەش بکەین کە لەمەڕ دوو خاڵی سەرەوە (ئازادی ئافرەت و مامەڵەی پیاو لەگەڵ ئافرەت) بۆچوونی دوو رەگەزەکە زۆر لە یەکتر نزیکە و ناتوانین هەست بە جیاوازیەك کە شیاوی باسکردن بێت، بکەین.

٢٠ـ دابونەریتەکانی کۆمەڵگای کوردی لە دوو قۆناغی پێش راگواستن و دوای راگواستندا گۆڕانێکی زۆریان بەخۆوە بینیوە. ئەمەش راستی گریمانەی چوارەمی تۆژینەوەکەمان دەردەخات. ئێمە ناتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە راگواستن تاکە فاکتەری ئەو گۆڕانەیە، یاخود بەدەر لە هۆکاری راگواستن دابونەریتەکان ئەو گۆڕانەیان بەخۆوە نەدەبینی، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەکرێ جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە راگواستن رۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە گۆڕان و خێراکردنی ئەو پرۆسەیە. هەروەها ئەو گۆڕانەی بەسەر دابونەریتەکاندا هاتووە ئەگەرچی لەگەڵ حەز و ویستی رێژەیەکی بەرچاوی راگوێزراوەکاندا رێك نایەتەوە، بەڵام زۆرینەی راگوێزراوەکان پێیان باشە، بەڕای ئێمە هەر ئەو بۆچوونەی دووەمیشە وای کردووە رادەی خێراییی گۆڕانەکە زیاتر بێ.

٢١ـ نموونەکەمان بە رێژەی ٨٣,٦٧٪ پێیان وایە دوای ئەوەی رادەگوێزرێن و تێکەڵاوی خەڵکانی دیکە دەبن و دابونەریتەکانیان دەکەونە بەر هەڕەشەی گۆڕان و بە شێوازێکی تارادەیەك جیاواز لە شێوازی پێش راگواستن دەژین، چەمکەکانی وەك مەردایەتی، پیاوەتی، برادەرایەتی، وەفاداری، مەردایەتی... هتد دەگۆڕێن و دەلالەتێکی نوێیان دەبێت. ئەمەش تارِدەیەکی زۆر لەگەڵ گریمانەی سێیەمی تۆژینەوەکەمان یەکدەگرێتەوە.

باسی دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیار

ڕاگواستن کردەیەکی سیاسیی ڕووت نەبوو، بۆیە لەگەڵ نەمانی ڕژێمی بەعس، ناکرێ دۆسیەی ڕاگواستن و کۆچپێکردن دابخرێت. ڕاگواستن سیاسەتێکی فرە ڕەهەندی فرە مەبەست بوو، هەروەها سەرتاپاگیر و درێژخایەن. لەئەنجامی ئەم سیاسەتەدا گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژینگەیی بەسەر کوردستانی خوارووا هاتووە. دیمۆگرافیای کوردستانی باشور، بونیادی کۆمەڵایەتی، شار و لادێکان، ژێرخانی ئابووری، پێکهاتەی کولتووری و و زۆر لایەنی دیکە ڕووبەڕووی گۆڕان بوونەتەوە.

لەمیانەی تۆژینەوەکە (بەتایبەتی ئەنجامەکان)دا، هەندێ لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم سیاسەتە بەرچاوخران. بەشێکی ئەو لایەنە سلبیانە هێشتا ئامادەییەکی بەردەوامیان هەیە. بۆکەمکردنەوەی ئەم لایەنانە و گێڕانەوەی ئەو بارانەی پێشتر باسکران بۆ حاڵەتی سروشتیان، بەپێویست دەزانین هەندێك پێشنیار بخەینەڕوو بەو هیوایەی سوودمەندبن:

١ـ لەئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستندا دیمۆگرافیای کوردستانی باشور گۆڕاوە، گۆڕانەکەش لەدژی بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردە. سنوورەکانی کوردستانی باشور سەرەتا لە ئەنجامی بەیاننامەی ١١ی ئادار و دواتریش بە کردەوە بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستنی کوردان و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان و گرتنەبەری ڕێوشونە جیاجیاکانی بەعەرەبکردن تەسك کراونەتەوە. یەکێك لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش دەرکردنی عەرەبە هاوردەکانە بۆ بەخشینەوەی ناسنامەی کوردی بەو ناوچانە. هەرچەند جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لەم بارۆدوخەی ئێستادا هەندێك قورسە، بەڵام زۆر گرنگە و تا زووە دەبێت بکرێت. بۆیە پێویستە لەسەر دەسەڵاتی

کوردی بەوردی بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە و هەر چۆنێك بێت بارەکە ئاسایی بکرێتەوە و کوردەکان بۆ شوێنەکانیان بگەڕێنرێنەوە.

٢ـ راگواستن وەکو ئەنفال و کیمیاباران تاوانێکە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، واتە سەرەڕای نەمانی بەعس لە دەسەڵاتدا، یاخود سزادانی ئەنجامدەران، تاوانەکە لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقدا هەر دەمێنێتەوە. پێویستە دەوڵەت ناچار بکرێت قەرەبووی مادی و مەعنەوی راگوێزراوەکان بکاتەوە.

٣ـ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا، دەکومێنت و نووسراوی تایبەت بە راگواستن لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجامدانی ئامارێکی وردو تایبەت بە راگوێزراوەکان و گوندە خاپوورکراوەکان، هەروەها هاندانی توێژەران بۆ لێکۆڵینەوە لە راگواستن و رەهەندەکانی لە بوارە جیاجیاکاندا، چونکە راگواستن بەشێکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی ئێمە پێکدێنێت، لەسەرێکی دیکەشەوە هەست بە کەمتەرخەمی تەواو دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە.

٤ـ لە ئەنجامی کۆچی زۆرەملێی خێرا و بەلێشاوی لادێنشینان بۆ شارەکان، شار و شارۆچکەکان تەنیا گەورە نەبوون و چڕی دانیشتووانیان زیادی نەکرد، بەڵکو کۆمەڵە کێشە و گرفتێکی کۆمەڵایەتی لێ کەوتنەوە. هۆی سەرەکی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم کێشانەش بێ توانایی و کەمی خزمەتگوزاریەکان بوو لە شارەکاندا. بۆیە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە جیاجیاکان بۆ دانیشتووی شارەکان و کاراکردنی دامەزراوە و رێکخراو و سەندیکاکان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو کێشەو گرفتانە.

٥ـ ئۆردووگا زۆرەملێکان زۆرترین خەڵکی راگوێزراو لەخۆدەگرن، ئەم ئۆردووگایانە نەلەلایەن رژێمی بەعسەوە و نە لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە، بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە. بۆیە کێشە و گرفت لەم ئۆردووگایانەدا زۆرن. پێویستە دەسەڵاتی کوردی بایەخێکی تایبەتی

بە ئۆردووگاکان بــدات و خزمــەتگوزاری جیاجیــا بــۆ دانیشــتووانیان دەستەبەر بکات. وێڕای دابەشکردنی پارچەزەوی بەســەر دانیشــتووانی ئــەم ئوردووگایانــە، چونکــە کێشــەی خانووبــەرە بــە ئاشــکرایی لــە ئوردووگاکاندا هەستی پێدەکرێت.

٦ـ لەدوای ڕاگواستن ژمارەیەکی بەرچاو گوند ســەرلەنوێ ئــاوەدان کرانــەوە. ئــەم گونــدە ئاوەدانکراوانــە لــەڕووی بایەخپێدانــەوە لــە ناوچەیەکــەوە بــۆ ناوچەیــەکی دیکــە جیــاوازن، پێویســـتە لەســـەر حکومــەتی هەرێم بەچاوێکی یەکســـان ســەیری لادێنشــینان بکــات ، بەچاوپۆشــیکردن لــە ئینتیمــای حزبییــان. هــەروەها کــاربکرێت بــۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی دیکەش بەشێوەیەکی مۆدێــرن کــە تــا ئێستا ئاوەدان نەکراونەتەوە.

٧ـ لەسەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکــان، زۆر گرنگــە ڕەچــاوی جۆر و شێوەی سروشت و ژینگەکانیان بکرێ و کەلوپــەل و کەرســتەی بیناکردنی لەبار و گونجاو دابین بکرێ.

٨ـ بــۆ چاکــتر کــردن و بــەرەو پێشــەوەبردنی شـــێوازی ژیـــان، بەتایبــەتیش لــە گونــد و شـــارۆچکە و ئوردووگاکـــان، پێویســـتە پرۆگرامێکی زانستیانەی کۆمەڵایەتیی چڕ و بەتێن پیــادەبکرێت بــۆ فــێرکردن و هوشــیارکردنەوەی خــەڵك ... بــۆ نموونــە: چەســـپاندنی کولتووری دارچــاندن، پــاك و خــاوێنی، کــارکردن بــەپێی پلانێکــی زانستیانەی بیناکردن.

پێرست

پێشەکی ٣
دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری ٨
بەشی یەکەم: میتۆدو رەهەندەکانی تۆژینەوە......... ١١
بەشی دووەم: چەمکەکانی تۆژینەوە............... ١٩
بەشی سێیەم: کۆمەڵگای کورد پێش راگواستن........ ٥٧
بەشی چوارەم: قۆناغەکانی راگواستنی کوردان لە عیراقدا ١٠١
دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی ١٦٣
پێشەکییەکی میتۆدی بۆ کاری مەیدانی ١٦٥
بەشی پێنجەم: دوای راگواستن، ئۆردوگا زۆرەملێکان،
شارو لادێ.......................... ١٧٢
بەشی شەشەم: خستنە روو و خەسڵەتە گشتییەکانی
تۆژینەوە.......................... ٢٢٩
بەشی حەوتەم: ئەنجام و راسپاردەکان............. ٣٣٥